# مەلاڕەژوو

کۆمەڵە هەقایەتێکی فۆلکلۆری کوردی

شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی ناوچەی شەقڵاوە

ناوی کتێب: مەلاڕەژوو

بابەت: هەقایەتی فۆلکلۆری

ئامادەکردنی: سەرباز مەجید خۆشناو

پێداچوونەوە و دانانی فەرهەنگۆك: سەربەست مەجید خۆشناو

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: سەرباز خۆشناو

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆرەی چاپ : یەکەم

چاپخانە: وەزارەتی رۆشنبیری ـ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارە سپاردنی (٢٧٣٩) ساڵی ٢٠١٣ ی دراوەتێ.

پێشکەشە بە:

- **بەگیانی ( هەمین رەشید کامەلا ) ی داکم**

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانی هەولێر**

**بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری شەقڵاوە**

# پێشەکی

هەقایـــەت یـــان چـــیرۆك، پانتاییـــەکی فراوانـــی لـــە ئـــەدەبی فۆلکلـــۆری کوردیـــدا هەیـــە، کەســـانێکی زۆر هـــەوڵی نووســـینەوەو بڵاوکردنـــەوەی هەقایـــەتی کوردییـــان داوە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هێشـــتا زۆرێـــك لـــەو چـــیرۆکانە هـــەر لـــەهزر و لەســـەرزاری کەســـانێك ماونەتەوەو تۆمارنەکراون.

بێگومـــان گێڕانـــەوەی پشتاوپشـــتی ئـــەو هەقایەتانـــە، بـــەردەوام کەرســـتەی زمانـــەوانی و نـــاوەرۆکی هەقایەتەکـــە بـــەرەو گۆڕانکـــاری دەبـــات و لەگـــەڵ ســـەردەم ســـازانێك پەیـــدا دەکـــەن، ئەمـــەش وەنییـــە کـــارێکی بـــاش بێـــت، چـــونکە لەچـــەندین ڕووەوە ئـــەو گۆڕانکارییانـــە دەبنـــە هـــۆی بزربـــوون و لەناوچـــوونی وشـــە و بـــەهای مێـــژوویی هەقایەتـــەکان، بۆیـــە پێمانوایـــە مەترســـییەکی ڕاســـتەقینە لەســـەر لەناوچوونیان هەیە.

ئـــەم هەوڵـــەی ئێمـــەش جگـــە لـــە بڵاوکردنـــەوەی چـــەند هەقایـــەتێك، پێمانوایـــە نووســـینەوەیان بـــە شـــێوەئاخاوتنی خۆشـــناوەتیی ناوچـــەی شەقڵاوە بایەخێکی دیکەی لەخۆ گرتبێت.

دڵنییـــاین هەنـــدێك لـــەو هەقایەتانـــەی لێـــرەدا کۆمانکردوونەتـــەوە، لـــە ناوچەکانی دیکەو بەشێوەزاری دیکە گێڕدراونەتەوە.

رەنگــە لـــەکاتی گێڕانەوەشـــیاندا نـــاوەرۆکی دووهەقایـــەت یـــان زیـــاتر تێکـــەڵ بەیەکـــدی بـــووبن، گومـــانی تێدانییـــە بـــەپێی ســـەلیقە و بیرکردنەوەی هەقایەتخوان، زیادە و کەمییشیان بەخۆوە بینیوە.

ئـــەم هەقایەتـــەی لێـــرەدا تۆمارمـــان کـــردوون، هـــەر هـــەموویانمان لـــە کـــاتی منـــداڵی لـــە دایکـــی رەحمـــەتیمان یـــان لەکەســـانی زۆر نزیکـــی خێزانەکەمانـــەوە بـــۆ گێڕدراونەتـــەوە، کـــە شـــەوانە لـــەدەوری ئـــاگردانێکی زۆر هەژارانـــە لەیەکـــدی کـــۆ دەبووینـــەوە و لـــەناو خـــەیاڵ نوقمی ڕوداو و بەسەرهاتەکان دەبووین.

ئێســـتاش شـــێوەی دێـــو و عـــەزیای حەوتســـەر و ســـۆرێ چاوشـــین و کارەکتـــەرەکانی دی و دیمـــەنی شـــوێن و کەرســـتەکان، لـــە زەینمانـــدا بە زیندوویی ماونەتەوە.

پێمانوایـــە لـــە گێڕانـــەوەی هەقایەتەکانـــدا، ڕەچـــاوی پێگـــەی منـــداڵیی ئێمـــە کرابـــێ، لەوانەیـــە زۆر وشـــەو دەســـتەواژەی ناشـــیاویان لـــە چـــیڕۆکەکان فـــڕێ دابـــن، یـــان ئێمـــە ئـــەوکات تێیـــان نەگەیشـــتووین. بێگومـــان ئـــەو چیڕۆکانەشـــیان بـــۆ نەگێڕاوینەتـــەوە کـــە بـــۆ ئێمـــە شایســـتەی گێڕانـــەوە نـــەبووبن، ئێمـــەش ئـــەمڕۆ چـــۆنمان لـــە بـــیر مـــاون، ئەوها تۆماریان دەکەینەوە.

لـــەنێو بازنـــەی شـــێوەزاری کرمـــانجی خـــواروو (ســـۆرانی)، شـــێوەئاخاوتنی جیاجیـــا هـــەن، تایبەتمەنـــدیی ســـەربەخۆیان هەیـــە،

لەوانـــەش شـــێوەئاخاوتنی خۆشـــناوەتی، لەبـــەر ئـــەوەی ســـنووری ناوچـــەی خۆشـــناوەتیش بەرفراوانـــە، شـــێوە ئاخـــاوتنی جیـــاوازی تێـــدا دەردەکـــەوێ، هەوڵمانـــداوە بـــۆ ئـــەوەی گێڕانـــەوەی هەقایەتـــەکان بـــە شـــێوەئاخاوتنێکی ڕەســـەنی خۆشـــناوەتیی ناوچـــەی شـــەقڵاوە بێـــت، بـــە سوپاســـەوە (سەربەســـت مەجیـــد خۆشـــناو) ئـــەرکی پێداچـــوونەوەی هەقایەتـــەکانی گرتـــە ئەســـتۆ و لـــە کۆتاییشـــدا فەرهـــەنگۆکێکی بـــۆ وشـــە نـــامۆ و تایبەتیـــەکان ڕێکخســـتووە. بـــەو هیوایـــەی توانیبێتمـــان خزمـــەتێکی بچـــووکمان بـــەفۆلکلۆری کـــوردی و بە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی کردبێت.

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

بـــۆ بەرچـــاو ڕوونیـــی ئـــەو خوێنـــەرە بەڕێزانـــەی ئاشـــنایەتیان لەگـــەڵ شـــێوە ئاخـــاوتنی خۆشـــناواندا نییـــە، چـــەند دیاردەیـــەکی زەقـــی زمانـــەوانی (فۆنـــەتیکی و سینتاکســـی) دەخەینـــە ڕوو بـــۆ ئـــەوەی لـــە کـــاتی خوێندنـــەوەی هەقایەتـــەکان بەرچـــاویان ڕونـــتر بێـــت و بـــە مەبەستی دەربڕینەکان بگەن.

١ – لامـــی قەڵـــەو (ڵ) لـــە شـــێوەئاخاوتنی خۆشـــناوەتیدا بـــوونی نییـــە، ئـــەم پیتـــە بـــۆ پیتـــی (ر) ی ســـووك دەگۆڕێـــت، بـــۆ نموونـــە: گوڵ: گور، پاڵەوان: پارەوان، پۆڵا: پۆرا.

تـــەنها لـــە وشـــەی (ئـــەڵڵا) نـــەبێت بـــۆ (ڵ) بـــۆ (ل) لامـــی ســـووك دەگۆڕێت، بۆنموونە: وەللا، نا وەللا، هاوەللا، ئەرێ وەللا.

٢ – (ەوە)، لـــە شـــێوەئاخاوتنی خۆشـــناوەتی دەگۆڕێـــت بـــۆ (ۆ) بۆ نموونە: هاتەوە: هاتۆ ، گەڕایەوە: گەڕاوۆ ، ئەوە: ئۆ.

٣ – ڕانـــاوی لکـــاوی کەســـی ســـێیەمی تـــاك، (ی) نێـــر و (ێ) مـــێ لـــە ڕســـتەدا بـــە زۆری دەچـــێتە ســـەر (نـــاو) نـــەك (فرمـــان) بـــۆ نموونـــە: ئەحمەد وتی: ئەحمەدی گۆ، فاتم وتی: فاتمێ گۆ.

٤ – پیتـــی (ر) لـــە کۆتـــایی هەنـــدێك وشـــە و ئـــامرازدا دەرناکـــەوێ بۆ نموونە: هەر: هە ، لەسەر: لەسە، لەگەڵ: دەگە..

٥ – (دە) ی بــــەردوامی گۆڕانکـــاریی جیـــاوازی بەســـەر دا دێـــت، لـــە هەنـــدێك بەکارهێنانـــدا بـــۆ (وا) دەگۆڕێـــت، بـــۆ نموونـــە: دەڵـــێم: وارێـــم، بۆکـــویێ دەچـــی؟: کێواچـــی؟ لەهەنـــدێك بەکارهێنانـــدا تـــەنها (ا) دەمێنێتـــەوە، بـــۆ نموونـــە: چ دەخـــۆی؟: چـــاخۆی؟ لـــە هەنـــدێك شـــوێندا تـــەنها(ە) دەمێنێتـــەوە، بـــۆ نموونـــە: ئـــەوە نـــان دەخـــوات: ئـــۆ نانیەخوا، لێرە (ی) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە.

٦ – زۆربـــەی جـــار لـــەو وشـــانەی کۆتاییـــان بـــە (ـــ ایـــە)، هەنـــدێك جـــاریش لـــەو وشـــانەی کۆتاییـــان بـــە (ـــ اوە) دێـــت، شـــێوەی گۆکردنەکـــەی دەبێتـــە (ـــێیا) بـــۆ نموونـــە (ســـەرمایە: ســـەرمێیا)، (نەماوە، نەمێیا).

٧ – ئـــامرازی نیشـــانە (ئـــەو) لـــە شـــێوەئاخاوتنی خۆشـــناوەتی بـــۆ (نزیکـــە) بەرامبـــەر (ئـــەم)ە، بۆنموونـــە: ئـــەم پیـــاوە: ئـــەو پیـــاوە. بـــۆ نیشـــانەی دوور (هـــێ) دەخرێتـــە ســـەر نیشـــانەی نزیـــك (ئـــەو) : ئـــەوێهێ. بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی بـــۆ نیشـــاندانی شـــتی دوور (هـــێ ) بـــەکاردێت بـــۆ نموونـــە: ئـــۆتێهێ، لێرێهـــێ، ئـــەم پاشـــگرەش دەچـــێتە کۆتـــایی دەســـتەواژەکە، بـــۆ نموونـــە: ئـــەو پیـــاوە: ئـــەو پیـــاوێهێ. ئەگـــەر کەســـی بەرامبـــەر پرســـیار لـــە کامـــەیان بکـــات، لـــە شـــێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی دەڵێ: کیهە؟ واتا کامەیان؟.

٨ – نیشـــانەی ناســـراوی (ەکـــە، کـــان، کـــە) لەگـــەڵ هەنـــدێك کاتـــدا دەرناکـــەوێ، بـــۆ نموونـــە: بـــە حەرەســـەکەی وت: بـــە حەرســـی گـــۆ، بانگی برایەکانی کرد: بانگی برێیانی کرد.

٩ – بـــە شـــێوەیەکی فـــراوان کورتکردنـــەوە لـــە شـــێوە ئاخـــاوتنی خۆشـــناوەتیدا هەیـــە، لـــە نووســـینەوەیاندا ناچـــار دەبـــین وشـــەکان بـــە لێکدراوی بنووسین. بۆ نموونە:

(ئازاد نان دەخوات = ئازاد نانیەخوا).

١٠ – چـــەندین وشـــە و دەســـتەواژەی تایبـــەت بـــە شـــێوەئاخاوتنی خۆشـــناوەتی هـــەن، ئەوانـــەی هاوواتـــان لەگـــەڵ وشـــەی ناوچـــەکانی دیکـــە، ئەوانـــەی وەك ئیـــدیۆم لـــەم ناوچـــەیە ســـەریان هەڵـــداوە، مـــەرج نیـــە تـــەنها پەیوەنـــدییان بـــە فۆنۆلۆجییـــەوە هـــەبێ، بۆیـــە لـــە فەرهەنگۆکدا ڕوون کراونەتەوە.

| ناوی هەقایەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پەری | ١٧ |
| چاكی كلۆرەدارێ | ٣١ |
| قەدەر | ٤٧ |
| سێ حوشكی فسەزمان | ٥١ |
| چلكەزی | ٥٣ |
| خۆخێ | ٦٥ |
| گێلە پیاو | ٧٩ |
| خێری تێدا | ٨٧ |
| گرێمژ | ٩١ |
| عاجباتی | ١٠٧ |
| عەزۆ ترسنۆك | ١١١ |
| ڕەزیل | ١٢١ |
| گورگ و ڕیوی | ١٢٥ |
| شەرتێ پاشای | ١٣١ |
| پشێمانی | ١٣٥ |
| شێتۆكە و ئاقرۆكە | ١٥١ |
| حەفت براو خوشكەك | ١٦٣ |
| خدری زەمانی | ١٧٣ |
| مەحمود پاشا | ١٧٧ |
| ئەحمەد پارەوان | ١٩١ |
| بلبلێ خۆشاواز | ٢٠٥ |
| كەچەر و شلە و چرمن | ٢٤٥ |
| حەیشێ مەدۆی | ٢٤٧ |
| سۆرێ چاوشین | ٢٥٧ |
| مەلا ڕەژوو | ٢٦٥ |
| جوانە ماین | ٢٧٥ |

# پەری

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

جارەکی پیاوەکی زۆر دەورەمەند هەبوو، وکی ژنی مرد، کیژەکی شەش حەفت ساری لەپاش بەجێما، پیاوەکەی ئیشێ تیجارەتێیەکرد، بەمانگ و دوو مانگ لەمارێ وەدوورەکەتۆ، گۆتی ئەمن زوو ژنەکی بینمۆ باشە، هەم ئاگای لە مرك وماری و هەم ئاگای لە کیژێ منەبی.

خوای کردە قسمەت، بێوەژنەك هەبوو کیژەکی هەندی کیژێ کابرای هەبوو، پیاوەکەی گۆ ئەوە سەری دێشی لۆمن.

ژنەی هینا سەمارێ .

ژنەکەی لەپێش چاوێ مێردی، خۆی هەند باش کردبوو، چ فەرقی بەکیژێ خۆ و بەکیژێ کابرای ناکرد، ئەگە کەسەکی گۆتبێیا ژنت دەگە کیژێ خراپە، قەتی باوڕ ناکرد، لۆیێ بێخەم بەجێی هێشتن و چۆوە دوو ئیشێ تیجارەتێ.

زڕداك ئیشێ خۆ هەرەکەن.

وکی کابرا ڕۆیی، بەخۆو بەکیژێ، پێیان هاویتنە سەپێی.

کیژێ کابرای ناوی پەری بوو، کیژێ ژنەکەش ناوی نەرمێ بوو

زڕداك و نـــەرمێ، داریـــان لەســـە بـــەردی دانانـــا، پـــەری بـــەو منداریـــەی وكـــی كێركـــەران خزمـــەتێ هەردووكانیـــەكرد و ئیشـــێ مارێیـــەكردن.
پـــاش دوو مانگـــان بـــابی هـــاتۆ دیتـــی پـــەری گەلـــەك لاواز و بێخێـــر بـــووە، بویتـــە ســـیرمە، ژن و كیژیشـــی قـــەرەو و جـــوان بووینـــە، بـــەرا وكـــی دیتـــی ژن و نـــەرمێ بـــە هـــەردووكان خزمـــەتێ پەرییێكـــەن، چ فكرێ خراپی بە سەریدا نەهاتن.

لە ژنێی پرسی: ئۆلۆ پەری ئەوهە بێخێر بوە؟

ژنـــێ گـــۆ: ســـەبیلۆكەی نـــەخۆش بـــوو، بـــەرا هـــەنكوە چـــێتربووە.
پـــەریێ قوڕوەســـەریش نـــاوێرا چ دەنگـــان لـــەكن بـــابێخۆ بكـــا، ئەترســـا وكـــی بابیـــەڕواتۆ زڕداك و نـــەرمێی هەنـــدەی دی دەگـــە خـــرابن.
چـــەندی دەر و جیرانـــان گۆتـــە بابەكـــەی ژنـــت بـــەخۆ و بەكیـــژێ خـــۆ گەلـــەك خـــراپن دەگـــە پـــەریێ، گۆتیـــان ئـــەو بەســـتەزمانە وكـــی كێركـــەران هەرەبـــەزی ئـــەو داك و كیـــژە خزمـــەتێ خـــۆی پێكـــەن، ئەوی پێ باوڕ ناكردن.

ئـــەو دە پـــازدە رۆژانـــەی بـــابی لـــەمارێ بـــوو، پـــەری بـــڕەك قـــەرەو ببۆوە.

دیســـا وكـــی بـــابی رۆیـــی، هـــە لێـــدان و كێركـــەراتی لـــۆ پـــەریێ مـــاوە، ڕۆژ هـــاتن ســـار رۆیشـــتن، پـــەری و نـــەرمێ جـــوان و جحێـــر بـــوون

نـــەرمێ هـــەموو دەمـــێ لەبـــە نـــەینۆکێ لـــە خـــۆ خـــەفتی، ســـۆر و ســـپی قەرەو و جوان، بەرا هەتا برێی شەلۆل بوو.

پـــەریش لەبـــە ئـــیش و کـــاران و لەبـــە هـــەتاوێ ڕەشـــداگەڕابوو، دەســـت و پێی هەموو قەرشتی بوون و تیسماریان لێ هەرببوون.

ڕۆژەکـــی زڕداکەکـــەی تێلەگـــە خوریـــەکی وێـــدا گـــۆتی هـــەڕو لەســـە روبـــاریی بشـــۆوە، پـــەرییش خوریەکـــە بـــرد، لـــە ســـە ڕوبـــاری ئەیشوشـــتۆ، هەرهەنـــدەی زانـــی تۆپـــە خوریـــەکی گـــەورەی لێ بەئاوێداچـــوو، لـــە ترســـێ زڕداکـــێ بـــە غـــاردان بـــەدوو خوریێـــدا چـــوو، هـــە غاریـــدا غاریـــدا، دیتـــی ئێکـــەك لەســـە روبـــاری دانیشـــتیە هـــاواری کـــردێ گـــۆتی ئـــەو خوریـــەم لـــۆ بگـــرۆ خێرتـــەگاتێ، وەلـــلا ئـــەوی ســـە روبـــاری گێ لێ بوو خوریەکەی لۆ گرتۆ.

وکـــی پـــەری لێـــی چـــووە پـــێش، دیتـــی ئـــۆ داکـــە دێـــوە، پـــەری لەخۆشـــیێ خـــوریێ بـــەری وەترســـێ دێـــوێ نـــەما، ئـــەو زێـــتر لـــە زڕداکـــێ خـــۆ ئەترسا.

دێوێ گۆ لێرە چاکەی، نزانی ئۆ ڕوبارێمنە؟

گـــۆتی نـــا بـــەخوای نـــەمزانی، داکـــێمن گـــۆ بـــڕۆ خـــوریێ لەســـە ڕوبـــاری بشۆوە، نەمزانی ئەگەناچوومە سە ڕوبارەکی دی.

دێـــوێ گـــۆ قەیـــدی نیـــە، بـــەس قســـێم لۆبکـــە کـــادێ ئـــەمن جـــوانترم یـــا داکێ توو؟

پەریێ گۆ: وەللا ئەتوو.

گۆتی دەوەرە پرچم لۆ دابینە.

پــەریێ شــە لــە داکــەدێویێ وەگــرت، پرچــی لــۆ دادەینــا، پرچــەکە هەنــد پیس و بە قرێژ بوو و پڕی رشك و ئەسپێ بوو.

پەریێ گۆ دایۆ ئەگە حەزت لێیە سەرتەشۆم.

دێویێ گۆ دەباشە.

گــۆتی جــاریێ ئەمنــە نــووم، ئاگــات لیێ بــی لــە جــیێ ئــەو ئــاوەی ئــاوەکی شــیرتێن بەڕوباریــدا دیێ، هــەرم مەســتینە، پاشــی ئــاویێ کــورای دیێ، هەنگیم هەستینە.

پەریێ گۆ باشە.

پــەری هــە دانیشــت دیتــی بــەرە بــەرە ڕوبــار شــیرتێنە بــوو، دێــوی واگــا نــەینا، دوایــیێ ڕوبــار بــەرە بــەرە گــەرم بــوو هــەتا برقیــەدان، دێــوی هەستاند، گۆتی دایۆ هەستە ئۆ ڕوبار برقانەکا هەند کورێیا.

دێــو هەســتا و هەنــدەك ئەســتریی وە پــەریێ دان، گــۆتی دەجــە بەوانەم بشۆ.

پــەریێ بەســتەزمان، هــەموو دەســتی بــە ئەســتریان برینــدار بــوون، بــە ئــاویێ کوراشــی دەســت و پــل هــەموو ســۆتان، بــەرا قــەت برێــی ئاخــەك ئۆفــەکی لێــوە نــەهات، دێــویێ، زانــی ئــۆ بــەدر ئــەو ئیشــانەی لۆکا، وکی لەخۆ بۆ، پرچی لۆ کردنە کەزی.

پـــەریێ گـــۆ دایـــۆ ئەگـــە چیشـــت بـــەمن نـــەمێیا بـــا خـــوریێ خـــۆ ببـــەمۆ و بگەڕێمۆ.

دێویێ گۆ بڕەکی دیش ڕاوەستە ئیشم پێی.

پەریێ گۆ، چیشت لۆ بکەم.

دێـــویێ گـــۆ ئـــەمن وا نـــووم، ئـــەتووش لاقـــانم بشـــێلە، وکـــی ئـــەو ڕوبـــارە شیری پێداهات هەرمستینە.

پەریێ گۆ باشە.

ســـەبر ســـەبری لاقـــە شـــێلان، پـــاش نێبـــەکی دیتـــی ڕوبارەکـــە شـــیری پێدا هات، دێوی هەستاند گۆتی دایۆ هەستە ئۆ شیری پێداهات.

دێوەکـــە هەســـتا ســـێ جـــاری پـــەری دەو شـــیرەی هـــەرینا، گـــۆتی ئەمنـــە نوومـــۆ ئـــەتوو دەســـتانم بشـــێلە، وکـــی ڕوبـــارەکی ســـۆر هـــات هەرمستینە.

گۆتی باشە.

پـــاش دەمـــەکی ڕوبارەکـــە ســـۆر هەرگـــەڕا عـــەینی خـــین، پـــەریێ دێـــو هەســـتاندۆ.. دایـــۆ.. دایـــۆ هەســـتە ئـــەو خینـــە چـــییە بـــە ڕوبـــاری دادێ!؟.

دێـــو هەســـتاوە، ســـێ جـــاری پـــەری دە ڕوبـــاری هـــەرینا، گـــۆتی ئەمنەنوومۆ، سەرم بشێلە، وکی ڕوبارەکە زەردبوو هەرمستینە.

گۆتی: باشە.

پـــەریێ ســـەرێ دێویـــە شـــێلا وکـــی دیتـــی ڕوبـــار زەرد بـــوو، زێـــڕ کـــوە ئەوهە، گۆتیە دێوێ دایۆ دایۆ هەستە ڕوبارەکە بوە زێڕ.

دێوەکـــە هەســـتاو ســـێ جـــاری پـــەری دە ڕوبـــاری هـــەرینا، گـــۆتی کیـــژم ئۆ خوریێ تو، دەجە برۆ دوو ئیشێ خۆ.

پـــەری لـــە ترســـێ زڕداکـــێ خـــوریی هـــەگرت، هـــە بەغاردانـــەڕۆیی، ئاگـــای لە دەستو پلێ خۆ نەبوو.

وکـــی پـــەری لـــە ڕێیـــەڕۆیی هـــەموو عالـــەمێ تەماشـــێ کـــردێ، بـــەرا ئـــەوی نێیەزانی مەسەلە چییە.

وکـــی گەیشـــۆ مـــارێ، زڕداك و نـــەرمێ وەخـــت بـــوو شـــێت بـــن، گۆتیانـــە پەریێ ئۆتو لەکێ بووی؟

پەریێ گۆ لەسە ڕوباری بووم.

زڕداکـــێ کـــەوگیرەك لەســـەریدا، گـــۆتی چـــەتیم ڕاســـتیێ بـــرێ دەنـــا لێکت هەرەزڕینم.

پـــەریێ گـــۆ بـــەخوای دایـــۆ لەســـە ڕوبـــاری خوریمـــە شووشـــتۆ و هەنـــدەك خـــوریم لێ بەئاوێـــدا چـــوو، بـــەدوو خورێیداچـــووم داکـــە دێـــوەکی خـــوری لـــۆ گرتمـــۆ، گـــۆتی ســـەرم دابینـــە و قـــالبم بشـــێلە ئەجـــە دە ڕوبـــاری هەرکێشام.

هێشـــتا پـــەریێ نەیـــەزانی مەســـەلە چـــییە، داك و کیـــژان بـــەر وە پـــەریێ نـــەما، زڕداك چـــوو چـــەنگە خوریـــەکی وەکیـــژێ خـــۆدا و ناردیـــە ســـە

ڕوبـــاری، پـــەری چـــوو لـــە نـــەینۆکێ چـــاوداتە ســـەرێ خـــۆ جـــێ کەوگیران، چ ببینی؟! هە بەڕاستی ببوە پەری.

بـــابێنۆ کـــن نـــەرمێ، وەلا نـــەرمێ چـــووە ســـە ڕوبـــاری و چـــەنگە خوریەکەی بە ئاوێ داهێشت، بەکاوەخۆ بە دوو خوریێ داچوو.

هـــەتا گەیشـــتە کـــن دێـــوێ, حـــەفت زەمـــان بـــوو خـــوری بـــە ئاوێـــدا چـــوو بوو، نەرمێ گۆتە دێوێ کا ئەو خوریەم لۆ بگرۆ.

دێوێ چاو گێڕان، گۆ کا کیهە خوری!

نـــەرمێ گـــۆ داکـــێ مـــن خـــوری وێـــدابووم لەســـە روبـــاری بشـــۆمۆ لـــێم بەئاوێداچوو.

دێوێ گۆ چ خوریم نەدیتینە.

نـــەرمێ بـــە تـــوڕەیی گـــۆ: ئـــەدی ئـــەتوو لەســـەو روبـــارەی بـــەرت وەچییە؟

دێوی گۆ: ئۆخەی، ئەمنت هەندەك خوریەدەمێ.

نـــەرمێ گـــۆ ئـــەمن خـــوریێ تـــووم لۆچـــیە؟! هـــەنکوە بچـــمۆ چ برێمـــە داکێ خۆ؟!

دێوێ گۆ ئەمن جوانترم یا داکێ توو؟

نەرمێ گۆ داکێ من سەت هەندی توو جوانە.

دێوێ گۆ لۆ خۆ بەدوو خوریێخۆدا بڕۆ.

نەرمێ گۆ ئەدی دەڕوبارم هەرنایینی؟!

دێــوێ گــۆ باشــە دەڕوبــارت هــەردینم بــەرا جــارێ وەرە پرچــم دابینــە، با وکی داکێ توو جوان بم.

شــەی لــە دێــوێ وەگــرت پرچــی دابینــی، هــەرێنجی هــاتنێ، شــەی فــڕەدا وەخــت بــوو برشــێتۆ، گــۆتی ئــەو پرچــە پیســە چــییە، پــڕی رشك و ئەسپێیە.

دێــوێ گــۆ قەیــدی نیــە واز لێبینــە، ئــەمن برەکیــەنووم، ئــەتو دەســتانم بشــێلە و ئاگــات لــە ڕوبــاری بــی ، وکــی رەش داگــەڕا هەرمســتینە.

نــەرمێ دانیشــت وەیزانــی دێــو نوســتییە، دەبەخۆیــدا گــۆ ئــۆ چ بــوو ئــەو ڕوبــارە هــە نــەهات، لەبــە بــۆنێ بنکەوشــێ ئــەو پــیرە دێــوەی وەختە بڕ شێمۆ.

ئۆ دێوێش گێ لێیە.

ڕوبار ڕەش بوو، نەرمێ دێو واگا هینا.

دێــوێ ســێجار نــەرمێ دەڕوبــاری هــەرینا، گــۆتی دەجــە هــەڕۆ مــارێ.

نــەرمێ گــەڕاوە، لــەڕێی هەرکێیەیــدیت چــاویەدایێ، وکــی گەیشــتۆ مــارێ داکــی وەخــت بــوو شــێت بــی، لــە تــاوانی تێــر لــە خــۆ و لــە پــەریێ دا.

نــەرمێ وکــی چــوە بــە نــەینۆکێ، ســەت خۆزگــەت بــە سەکســاری.

هــەموو دموچــاوێ خــۆی ڕنیــۆ، تیتکــی بەســەرێ خۆوەنەهێشــتن.

ئەجــە داك و کیــژان بــەدوان هەنــدەی دیــان لــە پەرێیــدا،

ئـــەو بەســـتەزمانێیان شـــین و مـــۆرکرد، لـــە مارێشـــیان دەرکـــرد، پـــەری کەســـەکی نـــەبوو بیچـــتە کنـــیٚ، لـــە هـــەموو عالـــەمێی لەپێشـــتر داکـــە دێـــو بـــوو، چـــوە کـــن داکـــە دێـــویٚ، گـــۆتی دایـــۆ لێگـــەڕێی ببمـــە کیـــژیٚ تـــو؟ دێویٚ گۆ پەری ئۆ لۆ وەهەت لێهاتیە ! ؟

پەرییێش حارو مەسەلیٚ زڕداك و نەرمێی هەموو لۆ گێڕاوە.

داکە دێویٚ گۆ خەمت نەبی، بردیە ژۆریٚ، هەموو قالبی بە زەنجەفیلی لۆ چەورکرد و دەبن جێیانی نا.

پەرییٚ خەو لێکەت، چەند سار بوو ئەوهە بە ئیسراحەت نەنووستبوو. وکی هەستا دیتی دێویٚ سیٚ مەنجەری گەورەی وەسەنایە.

پەرییٚ گۆ ئەو مەنجەرانە چنە دایۆ؟!

گۆتی ئۆلۆتوونە وەرە دانیشە.

پـــەری دانیشـــت، داکـــە دێـــویٚ لـــە هـــەر مەنجـــەرەکی نەوعـــە دەرمانـــەکی دروســـتکردبوو، پـــەریی بـــە هـــەمان شووشـــت، ئـــەوجا دیســـان دە روبـــاریٚ شـــیر و هـــەنگوین و ســـۆری هـــەرینا، پـــەری ســـەت هەنـــدی پێشـــی جـــوان بـــوو، وکـــی پـــەری چـــوە بـــەر نـــەینۆکیٚ لـــە خۆشـــیان نەیەزانی چاوداتە کێندەری خۆ.

داکـــە دێـــویٚ گـــۆ پـــەری ئـــەوڕۆ چارشـــەمە، کـــوڕیٚ پاشـــای دێتـــە ســـە روبـــاری، کـــوڕەکی گەلـــەك نـــازدارە، وەرە لێـــرە دانیشـــە ســـەبر ســـەبر تەشییٚ بڕێسە.

پـــەریێ بەقســـێ داکـــە دێـــویێ کـــرد، دەســـتی بـــە تەشـــی ڕێســـتنێ کـــرد. کـــوڕێ پاشـــای دەگـــە چـــەند کـــوڕە وزیرەکـــی لـــۆ مەلـــەوانییێ هاتنـــە دەو ڕوبـــاری، ویســـــتیان جلکـــان لەبەکـــەن، کـــوڕە وزیرەکـــی بـــە کـــوڕێ پاشـــای گـــۆ، شـــازادە ئۆچـــیە لـــەو بـــەری دانیشـــتیە؟ مەلایکەتـــە یـــان کیژێ شێیا ئەجندانە؟

کـــوڕێ پاشـــای هـــە چـــاوی وێکـــەت لـــۆی شـــێت بـــوو، داکـــە دێـــوێش ئـــۆ بـــەدزی زەینێخـــۆی دایـــتێ، بـــانگی پـــەرێی کـــرد، پـــەری هـــاتۆ ژۆرێ.

داکە دێویێ گۆ ئەوڕۆ ئۆندە بەسە.

کـــوڕێ پاشـــای ئاگـــا لـــەخۆ بـــڕا، بـــە چاردەســـتە بردیـــانۆ کۆشـــکێ، وکـــی وەخـــۆ هـــاتۆ، گـــۆتی بابچـــینۆ ســـە ڕوبـــاری، بـــەرا لـــە کۆشـــکێ بـــەس چارشەموانیان ڕێدا کوڕەپاشاو کوڕە وزیر لە کۆشکێ بچنەدەرێ.

گۆتیان شازادە وەلا دەبی هەتا چارشەمەکی دی ڕاوەستین.

شـــازادەی هۆشـــی لەســـەخۆ نـــەمابوو، وکـــی نەخۆشـــان کەتـــە نـــاوجێی، لەوســـــەریش پـــــەری لـــــەوی خراتـــــر، هـــــە ســـــعاتەکی بـــــەرۆژەکی بـــــوو، عـــــەجمانی نـــــەمابوو، ئـــــەتگۆ لەســـــە پەنگرانـــــە، هـــــە دەهاتـــــە دەرێ و ئەچـــۆ ژۆرێ، بزانـــی کـــوڕێ پاشـــای نـــەهاتیتۆ، وکـــی دوو ســـێ ڕۆژی پێچـــوون و کـــوڕێ پاشـــای نـــەهاتۆ، وەیزانـــی کـــوڕێ پاشـــای وکـــی وی بەســـە نەهاتیـــە، نەیـــەزانی مەســـەلە چـــییە، هـــەتا دێـــویێ پێگـــۆ دەبـــی هەتا چارشەمێ ڕاوەستی.

وکـــی چارشـــەم داهـــات، هـــەردوك کـــەتنۆ بەرامبـــەری ئێکـــدی، هـــیچ عـــەجمانیان نـــەمابوو، کـــوڕێ پاشـــای پـــەرێۆ ئـــەو بـــەری ڕوبـــاری، بـــەخۆ و بـــە پـــەریێ هێـــدم گرتـــی بـــوون، بـــە هـــەردوانیان دوو قســـە پـــێ دەگـــە ئێکـــدی نـــەکران، پـــەریێ هـــە ئۆنـــدە پێگـــۆترا دەبـــی لـــە بـــابیم بخوازی.

کـــوڕ چـــۆ مـــارێ، دەســـە داك و بـــابێ خـــۆی کـــرد، دەبـــی لـــۆی بنێرنـــە داخوازییێ.

پاشای دووسێ وزیر ناردنە مارێ بابێ پەرییێ.

وکی چوون بابی لەمارێ نەبوو، قسێیان دەگە زڕداکێ کردن.

ئەویش گۆ مێردم هەتا مانگەکی دی نێیاتۆ.

وزیرەکـــان لەبـــەینی خـــۆ گـــۆ مـــا ئەگـــە بێتـــۆ چـــاکا؟! قـــاتی ناشـــرێ کیژێ نادەمە کوڕێ پاشای!!

گۆتیان ئەمە پاش حەفتەکی دی کیژن دەوێ.

زڕداکـــێ دەدرێ خـــۆ گـــۆ باشـــتریش بـــا بـــابێ پـــەریێ لێـــرە نـــەبی، ئـــەمن نەرمێیانەدەمێ.

کـــوڕێ پاشـــای خەبـــەر دا پـــەریێ گـــۆتی پـــاش حەفتـــەکی دی دێـــین ئەتبەین.

پـــەرییش ئـــەو حەفتـــەی بـــە دەقـــەو ســـعاتە ژمـــارد، داکـــە دێـــوێش وکـــی کیژێ خۆ پەریی لۆ مار و مێردان حازرەکرد و نسحەتیەکردن.

حـــــەفت شـــــەو و حـــــەفت ڕۆژان حـــــەفت دۆر و زوڕنێیـــــان وێکڕانـــــەکوتا.

وکـــی چـــوونە دوو بـــووکێ، زڕداکـــێ جـــلکێ بووکـــێی دەبـــە نـــەرمێ کردن و نەرمێی بەبووکی لۆ کوڕێ پاشای نارد.

کـــوڕێ پاشـــای وکـــی هەمـــەتێ بـــوکێی دا، خـــڕو کورتیلـــە، دەدرێ خۆیدا گۆ کا ما پەری ئەوهە بوو؟!

وکـــی پاشـــای لـــە پـــێش مێوانـــان ئـــارا لەســـە بـــووکی هـــەرداوە، وەخـــت بوو شێت بی، کوڕەش مەدهۆش بوو.

پاشـــای لـــە پـــێش خـــەرکی هـــەزا جـــوون بـــە کـــوڕێ خـــۆ دا، گـــۆتی ئـــۆ چ کیژ نەمابوون، ئەتو ئەوەت لۆمە دیتیتۆ؟!

شـــازادەی لـــە ڕکـــان هەریکێشـــا خەنجـــەرێ، گۆتیـــە نـــەرمێ ئـــەتوو کێی؟!

نەرمێ زراو چوو، دەستی بەگریانێ کرد.

وکـــی زانیـــان ئـــۆ پـــەری نیـــە، هـــە بـــەو شـــەوەی لـــەدوو داکـــێ نـــەرمێیان نارد، گۆتیان ئۆچیە ئەتو لۆمەت ناردیە؟

زڕداکێ گۆ: ئەدی ئەنگۆ بە خۆ لۆ داخوازیێ کیژێ من نەهاتینە!

گۆتیان: ئەجە خۆ ئەمە لۆوەی نەهاتینە.

گۆتی: ئەمن هەرەو کیژەم هێیە.

گۆتیـــانێ پیرەژنـــێ ڕەزاگـــران بـــا جـــارێ بـــەخۆ و بەکیـــژێت دە زێرزەمینێ کەین، هەتا بە هەقێ خۆتەگەینین.

هەردووکیان بردن دە زێرزەمینێیانکردن.

ناردیان چوون پەریان لەکن داکە دێویٚ هیناوە.

وکی خەرکی چاو وەپەریێ کەت، گۆتیان ئەشەدوبیللا پەریە.

پەری و شازادە پێك شادبوون.

لەبـــە خـــاتری پـــەریێ، پاشـــا لـــە زڕداك و لـــە نـــەرمێ خـــۆش بـــوو و بەرەلێیان کردن.

مـــاوەکی پێچـــوو بابەکـــە هـــاتۆ، وکـــی دە حـــار و مەســـەلێ ژن و مـــاریێ خـــۆ گـــەیی، هەســـتا ژن و کیـــژی لـــەماریێ دەرکـــردن، گـــۆتی وکـــی عالـــەمێ گـــۆتمێ دەگـــە کیـــژێ تـــو خـــراپن، ئـــەمن باوڕنـــاکرد، دیـــارە ئەتوو ئەو نەوعە مارە بووی.

ئەجـــە بابەکـــە چـــوو ســـەرێ کیـــژێ خـــۆی مـــاچ کـــرد، ئێـــك باولـــە ئـــاقووت و زێڕی بە هەدیە لۆبردن.

لـــەو لاش نـــەرمێ چ تـــەمای بـــە مێردکردنـــێ نـــەما، زڕداکـــیش وکـــی داریێ هیشکۆر پشتی دولا بۆوە.

پـــەری کەتـــە خۆشـــیان و هـــەموو ڕۆژە نەخۆشـــەکانی لـــەبیر چـــونۆ، بەرا قەت داکە دێوی لەبیرنەکرد، بووە داکێ حەفت کوڕان.

ئەمیش هاتمۆوە، کارەکم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.

## چاکی کلۆرەداریٚ

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

جارەکی ژن و مێردەك هەبوون، زۆر فەقیربوون، چ ئیشیان نەبوو، نانیان وەنانی ڕاناگەیشت، فەقیر لە هەموو دەورو زەمانان سیبەری قوڕسە.

شەوەکی ژنەکەی بە مێردیٚ خۆ گۆ: با سەریٚ خۆ هەگرین و لەناو ئەو قەومەی بچینە دەریٚ، بەرکی خوا دەرکەکی بەخێرن لێکاتۆ.

پیاوەکەی چی لەوەی باشتر نەبوو، گۆتیە ژنیٚ خۆ: ما ئەمە چن زەرەرە ئەگە بڕۆین؟!

لۆ سبەینیٚ بڕوبوجگوڕیان تێکنان و بە پێخواستی و بە رووتو رەجاری کەتنە ڕێی، کەس هە نەگۆ ئۆ کێشواچن!.

هە ڕۆیشتن ڕۆیشتن، لە چ جێیان نەسانۆ.

پیاوەکەی گۆتەژنیٚ خۆ: حورمیٚ باشەون بەسەدانیٚ بڕەك خۆش برۆ بەرکی بگەینە ئاواییەکی.

وەلا ڕۆیشتن، ئاواییەکی زۆر گەورێیان لە پشت گردەکی لیٚ وەدەرکەت.

هەتا گەیشتنە ناو شاری دنیا تاریکداهات، لە دەرکیٚ مارەکیاندا گۆتیان خێروەگاتیٚ ئەگە بەسەوشۆن جێی بکەنۆ.

مارەکـــــەی گـــۆ یـــاخوە بـــەخێربێن کـــو جێوناکـــەینۆ، زۆریـــان خزمەتکردن و نان و شیوەکی باشیشیان دانێ.

شـــەوێ گۆتیـــان ئەمـــە لـــە فـــەقیریانن ســـەرێ خـــۆ هەگرتیـــە، لـــە گونـــدێ خـــۆن چ مـــرك و مـــار نـــەبوو، بـــێ ئـــیش و کـــار بـــوین، گۆتیـــان ئەگـــە لەوشارەی بمینێینۆ لێنەگەڕێن؟!

ساحێب ماری گۆ دەبی ئیزنێ لە ئاغەی وەگرن.

سبەینێ دەگە ساحێب ماری چوونە مارێ ئاغێ گوندی.

گۆتیان ئەمە فەقیرین، هاتینە لۆ خۆ لەگوندێ توو بژین.

ئاغـــەش گـــۆ: چ قەیدیـــە، ئـــەنگۆش حـــار و حـــارێ ئـــەو خەرکـــەی، لۆخۆ ئیشی بکەن.

ژنەکـــەی لـــۆ مـــارە دەورەمەنـــدان نـــان و کۆریـــەکرد، پیاوەکـــەش وکـــی بڕەك پارێیان هاتە دەستی، دەستی بە عەتاریێ کرد.

شـــەوان وکیەچـــوونە ســـەجێی، ژنەکـــەی بەحســـی ژنـــێ دەورەمەنـــدانی لـــۆ مێـــردێ خـــۆ گـــێڕاوە، هـــەموو ژیانیـــان موشـــکیلە بـــوو، پیاوەکـــەی فکـــر کـــردۆ، گـــۆتی پـــارەی ســـەرێ وانـــەی خواردییـــە، وەباشـــە لەهەقیان بێم.

پیاوەکـــەی بـــە ژنـــێ خـــۆ گـــۆ: ژنـــێ ئـــەتوو دارە کلۆرەکـــەی ســـەڕێت وەبیرە؟!

ژنێ بڕەك فکر کردۆ وەبیری هاتۆ، گۆتی ئەجە چییە؟!

گۆتی ژنێ ئەو دارەی ئەمن بە خڕ و خڕی تێواچم.

ژنێ گۆ: ئێی!!

گـۆتی: ئەگـە بچـمە نـاو ئـەودارەی خـۆ بشـێرمۆ، ئـەتووش بڕێـی ئـەو دارە پیـاو چـاکە، ئـەو ژنـێ ئـەتوو بەحسـیانەکەی بـە ئاسـانی دێنـە سەرێ.

ژنێ گۆ: ئۆچارێ ی؟! شێت بووی! ئۆ ژن کوو دێنە سەرێ؟

پیاوەکـەی گـۆ: ژنـێ لێـی ئاسـانتر نییـە، سـبەینێ وکـی چـوویە هـە مـارەکی بـرێ ئـەمن پیاوچـاکەکی گەلـەك بـاش پێـزانم نـاوی چـاکی کلۆرەدارێیـە، ئشـتێ وهـە نییـە، یێکـو یێکـە. ئەگـە گۆتیانەچـین، بـرێ دەبـی هەنـدەك پـارەی لـۆ دە قۆرتـەکی نـێن هـەتا دەنگـی لێوەدێ، ئەگە دەنگی لێوەنەهات دەبی پارەکەی لۆ زێترکەن.

ژنێ گۆ باشە.

سـبەی نـۆبێ مـارێ توجـاڕێ شـاری بـوو، ژنـێ توجـاڕی دەگـە ژنـێ جیرانـی، بەحسـی موشـکیلێ خۆیانـەکرد، وکـی ژنـێ توجـاڕی بەتـەنێ مـاوە، ژنـێ کـابرای فـەقیر لێـی چـووە پـێش، گـۆتی ئـەمن پیاوچاکەکی گەلەك باش پێزانم، هەچی پێ بڕێی لۆتەکا.

ژنەکـە خـەنی بـوو، گـۆتی: وەلـلا ئەگـە وەبـی پـارەکی باشیشـەدەمە توو.

ژنەکە مێردی کووی گۆتبوو، ئەوهەی پێ گۆت.

وكـــی چـــۆ مـــاریٚ، حـــارو مەســـەلەی لـــۆ مێـــردیٚ خـــۆ گێـــڕاوە، مێردەكـــە دە موشـــكیلەكەی گەیشـــت، ســـبەینیٚ پێشـــی ژنـــەكان بچـــن، ئـــەو چـــوو هەنـــدەك پارچـــە پـــەڕۆكیٚ كەســـك و ســـپی بـــەداریٚ وەكـــردن و خـــۆی لـــەناو كلـــۆراییٚ داریٚ شـــاردۆ، لـــە كونـــەكی چـــاویەدا دەریٚ، دیتـــی ئـــۆ ژنیٚ وی و ژنیٚ توجاڕی هاتن.

ژنـــیٚ توجـــاڕی هەنـــدەك پـــارەی لـــۆ دەنـــاو قۆرتـــەكی شـــاردۆ، گـــۆتی چاكی كلۆرەداریٚ ئۆ هانام هینایتە بەرەتوو.

پیاوەكەی لەناو داریٚ گۆ: ئمممممم

ژنەكەی گۆ ئەمن چەند سارە ......

چـــاكی كلـــۆرە داریٚ نەهێشـــت قســـیٚ خـــۆ تەواوكـــە، گـــۆتی: عیلاجـــیٚ دەردیٚ توو لەكنەمنە.

ژنەكـــەی گـــۆ بـــە قوربانـــت بم مـــا ئـــەمن چـــم گـــۆ؟! ئـــەتوو كێڕانـــت زانـــی عیلاجیٚ من چییە؟!

چـــاكی كلـــۆرە داریٚ گـــۆ: لەبـــەینیٚ تـــوو و مێـــردیٚ تـــوو ژنـــەك هێیـــە، ئـــەو ژنـــە دریٚ مێـــردیٚ تـــووی لـــە تـــوو كرمـــی كردیـــە، نوشـــتی لێكردیـــە وەبی هە نێزیكت نەبی.

ژنـــیٚ توجـــاڕی دەدریٚ خـــۆ گـــۆ، چـــم گـــۆ ؟! نـــەمگۆ ئـــەو پیـــاوەی در لەمن كرمی بووە؟!

چاكی كلۆرە داریٚ نەڕاندی : ئمممممم

ژنەکەی گۆ بە قوربانت بم هەنکوە چم لێکەی؟!

چــاکی کلــۆرەداریێ گــۆ گەلــەك درەنــگ هــاتی.. ئــەو ژنــەی هــەموو دریێ مێردی لێ داگیر کردی، هەر هەندی کونیێ دەرزییێ مێیا!.

گۆتی بە قوربانت بم کووم عیلاجەکی لێکەی؟!

چاکی کلۆرە داریێ چ جواب نەدانۆ.

دیسانی گۆ هاوارم هینایتەبەرەتوو، عیلاجم چییە دەبرێ؟

چ جوابی نەدانۆ.

ژنــێ کــابرای بــە دزی گــۆ پــارەی لــۆ دەقــۆرتێ نــێ. دیــاربوو ژنەکــەی لــەبیر چــووبوو، هەنــدی دەمــێ هەنــدەك پــارەی لــۆ دەقــۆرتێ نــا،

گۆتی بەقوربانت بم چاکی کلۆرەداریێ پێم بریێ تەکبیر چییە؟

چاکی کلۆرەداریێ چ جواب نەدانۆ.

ژنەکە زۆر تەنگاو بوو.

دیسان ژنێ کابرای پیێ گۆ، هەندەك پارەی دیشی لۆ دانیێ.

وەلــلا ژنــێ توجــاڕی گۆلمــە پــارەکی دیــی دەقــۆرتێ کــرد، گــۆتی چــاکی کلــۆرەداریێ ئــەوڕۆ چــی وەم پــارە هەرنەگرتییــە، بــەرا شــەرت بــی وکــی جــارەکی دی هــاتمۆ تــۆرەت لۆکــەمۆ، بەســەتوو بــە هانێییــام وەرە.

چــاکی کلــۆرەداریێ گــۆ : ئمممممــم .. گــۆتی ئــەمن پــارەم لۆچــییە، بــەرا دەبــی لــۆت بکەمــە وەســیلیێ عیلاجــی.ئەجــە گــۆتی ســێوەکی

بینــە ســێ جــاری لەســە بخینــە، بــڕێ چــاکی کلــۆرەدارێ بــا ئــەو ســێوە ســێوێ تــووبی، بــەدرێ مــن بــی لــۆ مێــردێ مــن بــی، ئەوشــۆ نــا، بــەرا شـــەوەکی دی، پێشـــی نووســـتنێ ســـێوەکەی بـــدێ، شـــەوێش پێشـــی نوســـتنێ کراســـەکی ســـۆرت هێیـــە ئـــەوی دەبەکـــە، ئەجـــە هـــەقت نـــەبی دەبی ئێکسەر بگۆڕێ.

ژنـــێ توجـــاڕی خـــەنی بـــوو، گـــۆتی شـــەرت بـــی ئەگـــە فـــەرقی کـــرد دووهەنـــدەت پـــارەی لـــۆ دیـــنم. بـــەرا دەدرێ خـــۆی گـــۆ ئۆکـــووی زانـــی کراسێ سۆرم هێیە؟!

چاکی کلۆرەدارێ نەڕاندی : ئمممم.

ژنـــەکان رۆیشـــتن، ژنـــێ کـــابرای گـــۆ هـــەتا لـــەگردی ئـــاوا نـــەبی ئـــاوڕان نـــەدەیۆ. وکـــی بزربـــوون کـــابرا لـــە کلـــۆرایێ دارێ هاتـــە دەرێ و پـــارێ قۆرتێی دەریناو هاویتیە دوڕ باغەرێ.

لـــۆ ســـبەینێ کـــابرا ئشـــتێ عـــەتارییی هـــەگرت و چـــووە تکـــانێ توجـــاڕی، توجاڕ بە عێدزی دانیشتبوو.

لێـــی چـــووە پـــێش و ســـەلامەکی لێکـــرد، بێـــوەی پێـــی بـــڕێ دانیشـــە، لـــە مەرزی دانیشت، گۆتی لۆ ئشتەکم لێناکڕی.؟

کـــابرای توجـــاڕ فشـــەی بـــەو ئشـــتانە دەهـــات، گۆتیـــە کـــابرای عـــەتار ئەمنەو شتە کەچانەم لۆ چنە؟

کابرای عەتار گۆ: ئەتوو کەست نییە هەدیەکی لۆبکڕی؟

توجارەکـەی گـۆ ئەگـە ئـەمن هەدیـەی بکـڕم لـۆ لـەتوەکڕم، لـۆ لـە چـین و ماچین و لە هیندیٚ ناکڕم.

عـەتاری گـۆ: خۆشـەرت نیـە هـە گـریٚ دوور دەرمـان بـی، گـۆتێی وەرە بەشەرت هەدیەکم لێبکڕە لە مارێت خۆشەویست کا.

توجاڕی گۆ کا چت وێیە؟

گـۆتی: بەگێمنەکـەی هەدیـەکی لـۆ ژنـیٚ خـۆ بکـڕە لـە هـەمووی چێترە.

توجـاڕی سـەرەك بـادا و لەبـەرەخۆ هەنـدەك پرتـەپرتی لێوەهـات و ئاخەکی هەرکێشا.

عـەتاری گـۆ ئـەمن مۆریـەکم هێیـە، بـڕۆ بـاویٚ نـاو بـاولیٚ جلکـیٚ ژنـیٚ خـۆ، ئێکسـەر کـاریٚ خـۆی لێکـە، ژنـت دەگـە چـابی، ئەگـە چ کراسـیٚ سۆری دەبەکردن، دیارە مۆریەکەی کاریٚ خۆ کردیە.

کابرای توجار مۆریەکەی لیٚ کڕی.

عـەتاری سـبەی ژنـیٚ خـۆ نـاردۆ مـاریٚ کـابرای توجـاڕ، ژنـیٚ توجـاڕی لـە خـەنی و خۆشـیان هێشـتا کراسـیٚ سـۆری هـە دەبـەدابوو، بـەحس و بـازاڕیٚ شـەوێی هـەموو لـۆ کێرکـەریٚ گێـڕاوە، پـارەکی باشیشـی دایێ، گۆتی پیاوچاکەکی گەلەك باش بوو.

وەلـلا ژنـە جیرانـیش بەسـەدا هـات گـۆتی دەبـی ئـەمیش ببـەی، هەموو موشکیلیٚ خۆی لۆ ژنیٚ کابرای بەحس کرد.

ژن وکـــی گـــەڕاوە مـــاریٚ گـــۆتی ســـبەی ژنـــیٚ جیرانـــیش دیٚ، حـــارو حسابی ئەوهەنە، هەمووی لۆ مێردیٚ خۆ گێڕاوە.

پیاوەکەی گۆ: لۆمنی لێگەڕیٚ.

ژن و مێـــرد بـــەو نەوعـــەی مـــانۆ، چـــاکی کلـــۆرەداریٚ ناوبـــانگی دەرکرد، زۆر دەورەمەند بوون.

رۆژەکـــی ژنەکـــەی بـــە مێـــردیٚ خـــۆ گـــۆ: بەســـە بـــا واز لـــەو ئیشـــەی بینین، گۆتی با لەو شارەی بڕۆین .

کابرای گۆ با برِەکی دیش وەبی.

وکـــی مـــارە دەورەمەنـــدەکانی دی ، موشـــکیلە کەتنـــە مـــاریٚ وانـــیش. هـــەموو دەمـــیٚ شـــەڕو هـــەرێیان بـــوو، ئیســـڕاحەتیان لیٚ تێـــك چـــوو، بـــەرا کـــابرای واز لـــەو ئیشـــەی هـــە ناینـــا، بـــە فـــرت و فێـــریٚ پیاوچـــاکی دەســـتی دەگـــە ژنـــیٚ ئاغـــەی تێکـــەر کـــردن، بـــە قســـیٚ ژنـــیٚ ئاغـــەی ژنـــیٚ خۆی تەراق دا.

ژنەکـــەش وکـــی زانـــی ئـــەوی لەبـــە ژنـــیٚ ئاغـــەی تـــەراق دێیـــا، چـــووە مـــاریٚ ئاغەی گۆتی کێرکەران ڕاناگرن؟

گۆتیان بەدی لۆ ڕات ناگرین.

وەلـــلا لـــەویٚ مـــاوەکی خزمـــەتی کـــردن، ژنـــیٚ ئاغـــەی نەیـــەزانی ئـــۆ کێرکـــەر ژنـــیٚ کابرێیـــا، هـــەموو قســـیٚ دریٚ خـــۆی لـــۆ ئـــەکردن، کـــابراش نەیەزانی ژنی لە ماریٚ ئاغەی بوویتە کێرکەر.

رۆژەکـــی ئاغـــەو ئاغـــەژنێ بـــووە گارەگـــار، بـــانگی کێرکـــەرێیان کـــرد گۆتیـــان، ئەمـــە قاســـێ زێـــڕن لێ دزرێیـــا، لـــەتووش زێـــتر کـــەس نێیاتـــە ئـــەو هـــۆدەی، ئاغـــەی گـــۆ مانـــدین مەکـــە پـــێن بـــرێ قاســـەت چ لێ کردیە؟

کێرکەرێ چەندی گۆ ئەمن قاسەم نەدیتیە.

ئاغەی گۆ هەنکوە پێنەرێی یا بتکوژم؟

کێرکەرێ گۆ: ئاغەم خۆش بی، لۆ ئشتەکی دی ناکەی؟

گۆتی: چ؟

کێرکـــەرێ گـــۆ ئاغـــەم خـــۆش بـــی، پیاوچـــاکەکی گەلـــەك بـــاش هێیـــە نـــاوی چـــاکی کلۆرەدارێیـــە، بـــا بچـــینە کنـــەوی ئـــەو هـــەموو ئشـــتی ئاشکراکە.

ئاغـــەژنێ ترســـەك هاتـــە درێ، بـــەرا هیچـــی لـــە مەســـەلێ پیاوچـــاکی نـــازانی، هـــە ئۆنـــدە نـــەبی پیاوچـــاکەکی گەلـــەك بـــەکارە و بەقســـێ پیاوچـــاکی دۆســـتەکی لـــۆ پێیـــابووە، بـــەرا لـــۆ مەســـەلێ قاســـەی، ئاغەژنێ چ لەخۆ شك نابرد.

ئاغـــەی بـــانگی هەنـــدەك پیـــاوێ خـــۆ کـــرد، بـــەخۆ و بـــە ئاغـــەژنێ و بـــە کێرکـــەرێ چـــوونە ســـە پیاوچـــاکی، پیـــاو چـــاکی هـــەموو دەمێـــی هـــەڕمێن هـــەبوو، لـــۆیێ ژنێویـــەزانی مێـــردی ئـــەو وەختانـــە لەوێیـــە، کـــابرای وکـــی لـــە کـــونێ چـــاو وە ئاغـــەو ئاغـــەژنێ کـــەت

ژنـــێ خۆشـــی ناســـیۆ، وەخـــت بـــوو بپسســـێ، گـــۆتی رۆژێ پێبچـــم ئەوڕۆیە.

ئاغەی بە کێرکەرێ گۆ دەی بزانم چاکی کلۆرە دارێ چن لۆکە؟

کێرکەرێ گۆ: ئاغەبڕەك پارەی بینە لۆی باوێینە قۆرتێ.

ئاغەی هەندەك پارە وێداوە.

کێرکەرێ گۆ: ئەو هەموو پارە لۆ چیە، درهەمەك بەسە.

ئاغـــەژنێ دەدرێ خـــۆ گـــۆ: هـــەو.. قـــوڕت وەســـەری ئـــەمن ســـەت دووسەت درهەمی دانێم ئەجە بەحار دوو قسانم لۆکا.

کێرکەرێ بانگکرد: چاکی کلۆرە دارێ.

چـــاکی کلـــۆرە دارێ لـــە ترســـان زمـــانی شـــکابوو، چ جـــوابی پـــێ نەدرانۆ.

کێرکـــەرێ گـــۆ: چـــاکی کلـــۆرەدارێ ئیشـــێ مـــە گەلـــەك زەحمـــەت نیـــە، درهەمەك بەسە ونییە؟!

شەقاوەکی لێچوە پێش، گۆتی بێمە پێشتر یا بەسسە؟

کـــابرا لـــە ژۆرێ لەترســـان چـــەقە چـــەقێ ددانـــی دەهـــات، بـــە لـــەرزە لەرزە گۆتی: ئمممممم

کێرکـــەرێ گـــۆتێ: لـــە هـــۆدێ ئاغـــەی قاســـێ زێـــڕی دزرێیـــا، بێجگـــە لـــە ئاغـــەو ئاغـــەژنێ، بەســـە منەچـــمە ئـــەو هـــۆدەی، ئەجـــە پـــێن بـــرێ کـــێ ئەو قاسەی دزیە؟

کـــابرا وکـــی زانـــی مەســـەلێ دۆســـتێ ئاغـــەژنێ نییـــە بـــڕەك هـــاتۆ ســـەرەخۆ، بـــەرا بـــەو تـــرس و لـــەرزەش چـــی لۆنـــەهات، هـــە منگـــە منگـــی بوو.

ئاغەی بەکێرکەرێ گۆ: کا ئۆ ئەتووی چ لێ تێگەی؟

کێرکـــەرێ گـــۆ: بـــەرێ ئاغـــەم خـــۆش بـــی ئـــۆ وارێ گرمتـــە خـــۆرەکی دەگـــەخۆ ببـــۆ لـــەبن بـــالیفێ دانـــێ، ئەوشـــۆ لـــە خـــەونێ هـــەموو ئشـــتت پێ رێم.

ئێ گۆتی دەباشە با وەبی هەتا سبەینێ.

ژنەکـــەی گـــۆ: بەســـەرێ دەبـــی لـــە هـــەنکوەوە هـــەتا ســـبەی دوو حەرەسان لێرە بەجێ بێری نەکو دزەکە بێتە ئێرە.

ئاغـــەی گـــۆ: ئـــەرێ وەلـــلا وێیـــە، بـــا لـــەباتی دووان چـــار لێـــرەبن، نـــەکو ریسن لێ ببتۆ خوری.

ئاغەو ئاغەژن و کێرکەر گەڕانۆ و حەرەسیان بەجێ هێشتن.

کابرا لەناو کلۆرە دارێ حاسێ بوو.

کێرکـــەر ســـبەینێ زوو چـــوە کـــن ئاغـــەی گـــۆتی ئاغـــەم خۆشـــبی، ئێزنە؟

ئاغەی گۆ: وەرە.

گۆتی: چاکی کلۆرە دارێ ئەوشۆی هەموو ئشت پێ گۆتیمە.

ئاغەی گۆ: دە برێ بزانم قاسە لە کێیە؟

کێرکەرێ گۆ: ئاخر دەموێ بەتەنێت پێبرێم.

ئاغەی گۆ: خۆ ئاغەژن غەریبە نییە، برێ.

چەندی خۆی هیناو برد، ئاغەژن نەچوە دەرێ.

کێرکەرێ گۆ: ئاغەم خۆش بی، ئۆ وارێ، قاسە، ئاغەژنێ دایتە دۆستێ خۆ.

ئاغەو ئاغەژنێ چاودا ئێکدی، ئاغەی قاسە لەبە مەسەلێ دۆستێ ژنێ هە وەبیرنەما، شێت و هاربوو.

ئاغەژنێش چونکی قاسەی نەدابووەکەس، هێدم گرتی بوو.

ئاغە ژنێ گۆ: بە هەندە سوندو بەهەندە قورعانان ئاگام لە قاسەی نییە، ئەو ژنە درۆیانەکا.

کێرکەرێش گۆتنێ: ئەمن برێم چ، ئەوشۆ پیاوچاکی ئەوهەی بەمن گۆتیە، خۆ ئەمن لە خۆوە وەنارێم.

ئاغە زۆر تووڕەبوو، بە ئاغەژنێ و کێرکەرێی گۆت : هەنکوە بە هەردووکان ئەو مەسەلەم لۆ ساغ نەکەنۆ، وکی بەرخێوەکوژمۆ.

ئاغەژنێ بەسەگۆ ئەو ژنەم بوختانان پێکا. بە هەردوو دەستانی لەسەرێ خۆ دا، ئەیگۆ عیلم و خەبەرم بەو قاسەی وەنینە.

کێرکەرێ گۆ: داکم ئەجە هەنکوە ئەو لەخۆدان و هاتوهاوارەی پێدەوێ؟! بابچین ئەگە قاسە لەو جێی بوو وکی لەخەونێ پیاوچاکی پێشاندایمە چ قسەوەمینێن!؟

وەگــەری کــەتن، کێرکــەریٚ ئاغــەو ئاغــەژنی بردنــە مــاریٚ مێــردیٚ خــۆ قاسەی لەبن دار تویٚ دەرینا.

ئاغەی گۆ: ئۆ ماریٚ کێیە، لۆ کەسی لێنیە؟

کێرکــەریٚ گــۆ: ئــۆ مــاریٚ دۆســتیٚ ژنــیٚ تــووە، لەوانێیــە ئاغــەژنیٚ خەبەر دابیتیٚ هەراتبی.

ئاغــەژنیٚ گــۆ: ئــەی هــاوار لــۆ بوختانــانم پێکــەی، ژنــیٚ ئــەتوو لــەخوای ناترسێی؟

کێرکــەری گــۆ: ئــەمن چ بکــەم ئــۆ چــاکی کلــۆرەداریٚ ئەوهــەی پێگۆتیمە.

ئاغــەژنیٚ گــۆ: ئاغــە ئەگــە ئــەمن خەبــەرم دابــا کــەس هــەربیٚ، قاسەشــی دەگەخۆبرد لۆ بەجێی دێشت؟!

ئاغــەی در بــڕەك لــە ژنــیٚ خــۆ نــەرم بــوو، دە کێرکــەرێی وەڕاخوڕیــۆ: دەبی لەسە ئەو بوختانانەت سەری بتراشم .

کێرکــەریٚ گــۆ: ئاغــە لــە قســیٚ خــۆ وابــی ئــەتوو پیــاوەکی دنیــا دیتــەی، لــۆ خــۆ لــە راســتییٚ درزیــۆ. وەرە دۆســتیٚ ژنــیٚ خــۆ ببینــۆ باشــترە، گــۆتی دوو حەرەســان لێــرە بــەجیٚ بێــرە ئەگــە کــابرا هەرنــەهاتبی هــە دێتۆ.

ئاغــەی پیــاوەك نــارد چــوو حەرەســەکانی لــەکن پیــاو چــاکی هینــانۆ، لە کن ماریٚ کابرای بەجێهێشتن، گۆتی هەکێی هات بیهینن.

کـــابرا وکـــی حەرەســـەکان رۆیشـــتن لـــە کلـــۆرایێ داری هاتـــەدەرێ، لـــە ترســـــان زەرد هەرگـــــەڕابوو و لـــــە برســـــان کەشـــــەنگ ببـــــوو، دە درێ خۆیـــدا گـــۆ هـــەتا زووە بابچـــم زێـــڕو پـــارێ خـــۆ لـــەمارێ هـــەگرم و لێـــرە بڕۆم.

وکـــی چـــۆ مـــارێ، حەرەســـان گـــرت و بردیانـــە کـــن ئاغـــەی، وکـــی ئاغـــەژنێ چـــاو وە کـــابرای کـــەت قـــەرەمی شـــکان، ئاغـــەی ئاغـــەژن و کێرکـــەری بـــانگ کـــردن، ئـــەوی بـــن بـــەڕێ هـــەموو هاتـــە ســـە بـــەڕێ. مـــا کـــابراو ئاغـــەژن بکەونـــە ســـە دەســـت و پێیـــان و بپـــاڕێنۆ. ئاغەی گۆ دەبی هە لێرە کابراو ئاغەژنێ بکوژن.

کێرکـــەرێ گـــۆ: ئاغـــەم خۆشـــبی، ئـــەو پیـــاوە مـــاوەکی مێـــردێ مـــن بووە، ئاغەژنیش ماوەکە ژنێ توە، ئەمن قسەکیەکەم.

ئاغـــەی بـــە زیرەکیـــێ، ئـــەو ژنـــە کـــەتبوە بـــە درێ، گـــۆتی: قســـێ بکـــە. گـــۆتی: ئاغـــە، بـــە قســـێمنەکەی دەســـتێ خـــۆ بـــە خینێوانـــە پـــیس ناکـــــەی، هـــــەردووکان بـــــە رووت و قـــــووتی شـــــاربەدەرکە، بـــــابڕۆن ئەسکوردێ خۆ بشکینن.

ئاغەی گۆ: وەللاهی ئەوەم پێ تەکبیرەکی باشە.

لەســە دەســتێ حازریــان ئاغــەژنی ســێ بەســێ تەراقــدا، ئەجــە گــۆتی وەرن جلکانیان لەبەکەن.

وکی جلکیان لەبە کردنۆ، هەردویان بە ڕوت و قوتی وەدەرێ نان.

سەروەت و سامانێ پیاوەکەشیان هەموو دا ژنەکەی.

ژنەکــــە چــــوە هــــۆدێ ئاغــــەژنێ، قــــەدە جلکــــەکی جــــوانی دەبــــەکرد، گوراوی بەخۆداکرد و خۆی لەسە یێك تێلی ڕازاندۆ.

ئاغــــەی وکــــی چــــاو وێکــــەت لــــۆی شــــێت بــــوو، بــــانگی کــــردێ گــــۆتی: دەبی مێردم پێ بکەی.

ژنەکەش پێی خۆش بوو، وەللا مێردی پێکرد.

لــــەولاش ژن و کــــابرا بــــەڕووتی هەنــــدی بــــەرد و داریــــان وێبکــــەون هەموو قالبیان بریندار ببوو.

ئاغــەژنێ تەراقــدرای بــە کــابرای گــۆ ڕەبــی خێــرێ لــە خــۆ نــەبینی وکــی مارێ خۆ و مارێ منت کاولکرد.

کــــابراش گــــۆ ڕەبــــی ژن ڕووت ڕەش بــــی وکــــی ڕەشــــبوە، ئەگــــە ئــــەتوو لەسە مار و حارێ خۆ دانیشتبای ئەمن چم پێ دەگەتوەکرا.

لێك جودا بوونۆ هەرییێکی بەرووتی بەڕێەکیدا ڕۆیشتن.

ئەمیش گەڕامۆ، کارەکم دڕاو هیچم پێ نەبڕا.

## قەدەر

هــەبوو نــەبوو، کــەس لــە خــوای گــەورەتر نــەبوو، کــەس لــە پێغەمبــەری خۆشەویســتر نــەبوو، کــەس لــە عەبــدی درۆزن ڕو ڕەشــتر نەبوو.

ئــەگێڕنۆ ئــەرێن، جــارەکی لــە جــاران پاشــێیاك هــەبوو، منــداری نــابوون، هــە چ حــەکیم و لوقمــانێ دنێیــا هــەبوون عیلاجیــان لــۆ پــێ نەکرا، پیر و پیاوچاك نەمان نەچنە سەرێ.

رۆژەکــی پیرەمێردەکــی نــوورانی رێــی کەتــە دیوەخــانێ پاشــای، بــە پاشــای گــۆ ئەمنــەتانم دوعــات لــۆ بکــەم خــوا کوڕەکــت داتــێ، بــەرا وکی بە دەقەو سعات بووە پازدە ساری ماری پێوادە و لێتەمری.

پاشــای گــۆ قەیدیناکــە بــا خــوا بمــداتێ، ئــەمن بــەخۆزانم کــووم ئاگــا لێ بی.

پیاوەکــەی ســێوەکی کــردە دوو کــەرتك بــە پاشــای گــۆ کەرتکــەکی بەخۆ بخۆ و کەرتکەکیش بدە ژنێ خۆ.

پاشاو ژنێ پاشای هەر یێکی کەرتکە سێوێ خۆی خوارد.

وکــی پیرەمێــردی گــۆت، خــوا کــوڕەکی دانــێ، ئشــتێ وهــە جــوان و نازدار نەبوو، ناویان لێنا ئەحمەد.

پاشــای فکــر کــردۆ گــۆتی بــا لــە هــەنکوەڕا مشــووری لــە کــوڕێ خــۆ بخۆم.

بـــانگی ڕاهێشـــت هـــەرکێی مـــارەکی بکـــوژی، لیرەکـــی زێـــڕ بـــە هەدیـــە لـــە پاشای وەرەگری.

هـــە بۆنـــدەش ڕانەوەســـتا، لـــە لێیـــاکی دی، قەســـرەکی گـــەورەی بـــە مەڕمـــەڕی لـــۆ کـــوڕێ خـــۆ دروســـتکرد. منـــارەکی برندیشـــی لەســـە کێـــل کردۆ، هەندی بەژنێ سەت زەلامی.

هەتا ئەحمەد گەورەترەبوو، پاشای زێتر ترس لێ غاربە بوو.

بـــەرە بـــەرە وکـــی کـــوڕ لـــە پـــازدە ســـاری نێزیـــك بـــۆ، پاشـــای وکـــی شـــێتان لێهـــاتبوو، بـــەرا بـــە فکـــرێ خـــۆ چ نـــەمابوو نـــەکا. قڕانـــی هێخســـتبووە مـــاران، قەســـر تـــەواو کرابـــوو. ئـــەو ڕۆژێ ئەحمـــەد بـــوە پـــازدە ســـاری، پاشـــای ئـــەمر کـــرد هـــەیێکی لـــە ڕاســـتەخۆ هەشـــیار بـــی، ئەگـــە مارەکیان دیت وەبی بیکوژن.

هـــەموو لەشـــکر خڕبـــۆ، جـــارەکی دی هـــەموو کـــون وقـــوژبنێ قەســـرێ ئەحمـــەدیان لـــەماران نـــۆڕی، چ نـــەبوو، ئەحمـــەدیان بـــردە نـــاو قەســـرێ وهـــــەموو دەرکـــــەو دەلاقێیـــــان قـــــەپاتکردن، پاشـــــای بۆنـــــدەش دری ئـــاوی نـــەخواردۆ، وکـــی چـــارێگەك مـــا بگاتـــە وەختـــێ خـــۆ، گـــۆتی ئەحمـــەدی ببەنـــە ســـە بـــورجی، بـــەفکرێ خـــۆ ئەگـــە مـــار پێیـــابوو، بـــە سعاتەکیش ناگاتە سەرێ.

وەللا ئەحمەدیان بردە سە بوڕجی.

ئەحمەدی لەوێڕا چاودا دنیێیا هەموو مەملەکەتی لێ دیار بوو.

دنیــا بــەهاربوو، هــەوا خــۆش بــوو، ئەحمــەدی دەدرێخۆیــەگۆ ماشــەڵلاّ خوێیــا دنیــا لــۆ ئەوهــە خــۆش و جوانــە! وکــی چــاویەدا خــوارێش ئەیــدیت ئــۆ هــەموو بــە کــەیفن ، پاشــاش دری خــۆش بــوو چــونکە زۆری نــەمابوو ئەحمــەد پــازدە ســاڕێ خــۆ تەواوکــە، ئەگــە هــەتا دە دەقەی دی ماری پێوەنەدا، نامری.

ئەی خالیقی گەورە..

هــەر ئۆنــدێیان زانــی لــە عاسمــانێ تــەیرەك لــە دووری ڕا دێ، وکــی نێزیــك بــۆ دیتیــان حــاجی لەقلەقــە، مــارەکی بــە پێیــان هەگرتیــە، فــەقیرەی لــۆ فــەرخۆکێ خــۆی ڕاوکردبــوو، بــوە هــاتو هــاوار لــەناو خــەرکی، هــەمان ســەر لێشــێوا، ئــێ لەهــەمان خراتــر پاشــا بــوو، هاواری کرد بیکوژن، بیکوژن..

وەلــلا پاســەوانەکان ئــەوی تــیرو کــەوانیان وێ بــوو، هــەرییێکی لــە راســتە خــۆ تــیری دە حــاجی لەقلەقیــەگرت، بــە ئــیرادێ خــوای وکــی حــاجی لەقلــەق گەیشــتە راســتی بــوڕجی، تیرەکــی وێکــەت و مارەکــەی لێ بــەربۆ، مــار کەتــە ســە ملــێ ئەحمــەدی و بەگــەردەنێی وەدا، دەمو دەست ئەحمەد تەواو بوو.

ما هاتوهاوارێ خەرکی..

مــەیتێ ئەحمــەدیان لەســە بــورجی هینــا خــوارێ، هینێیانــە کــن پاشــای.. کــو خــەوی لێکــەتبی ئەوهــەبوو، هــەموو عالەمەکــە لــە

گــەورەییێ خــوای هەشــیاربوونۆ، پاشــاش شــەهادەکی بەهــەقی هینــا، گــۆتی خوایــە هەربــەخۆ گــەورێ هــەمانی، ئــەمن هــەتا هــەنکوە وەمــەزانی زۆر بەدەســتەراتم، بــەرا لــۆم ڕۆن بــۆ کــەس بەرامبــەرە تــوو چی لەدەست نێیا.

پاشــا بــووە کەســەکی زۆر لــەخواترس و بوســرمان، عالەمەکــەی وکــی کــوڕو کیــژێ خــۆ تەماشــێ کردنــێ، حســابێ ئەحمــەدی لــۆ هەمانــەکرد، عالەمەکــەش پاشــێیان زۆر خۆشدەویســت، ئــەو بەســەرهاتە بــووە پەند لۆ خەرکی ئەو مەملەکەتەی.

## سێ خوشکی فسەزمان

هـــەبوو نـــەبوو، کـــەس لـــە خـــوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە شـــەیتانی ڕووڕەشـــتر نـــەبوو.. لـــە مـــارەکی ســـێ خوشـــك هـــەبوون، گەلـــەك جـــوان بـــوون، بـــەرا چشـــتاقان مێـــرد نـــەکردبوو، هەکێیەچـــوە داخوازییێ وکی ئەیزانی فسەزمانن لێیان پشێمانەبوونۆ.

ڕۆژەکـــی مـــارەکی غەریبـــە لـــۆ داخـــوازییێ هاتنـــە پـــێش، داکەکـــەی بەکیـــژەکان گـــۆ، لـــە پـــێش داخـــوازی کـــەری چ قســـان مەکـــەن، بـــەرکی خوا ڕوحمێ خۆ و پێکەو یێکەك لە هەرسێکانووەچتە ڕێ خۆ.

وکی مارێ کابرای هاتنە پێش، مەلاشیان دەگەخۆ هینابوو.

داکەکـــەی بـــانگی کیـــژەکان کـــرد گـــۆتی وەرن ڕوونیشـــن، کیـــژەکان هاتن هەرسێك لە تەنشت ئێك دانیشتن.

کوڕەکـــەی هەرســـێکی پـــێ جـــوان بـــوون، چـــەندی تەماشـــێیەکردن نەیـــەزانی بـــرێ کیهـــەم دەوێ، کیـــژەکانیش کـــوو داکـــێ پـــێ گۆتبـــوون ئەوهە بەبێ دەنگی دانیشتبوون.

لـــە هیکـــڕا مشـــکەك بەوێـــدا هـــات، کیـــژێ کچـــکە هـــاواری کـــرد: ئهـــێ مشـــت مشت (مشك).

کیژێ ناوەنجی گۆ: ئەرێ وەلا ئۆتێهێ چووە تونێ(کونێ).

مارەکـــە وکـــی دیتیـــان ئـــەو دوو کیـــژە فســـەزمانن، گۆتیـــان وەلـــلا ئەمـــە لـــۆ کیـــژێ گەورەهاتینـــە، وکـــی کیـــژێ گـــەورە گێـــی لێ بـــوو، لـــە خۆشـــیان

خـــۆی وەبیرنـــەما، گۆتیـــە دوو خوشـــکێ دی: ئهـــێ ئـــەمن بەقســـێ داتـــێ خـــۆم تـــرد، خـــۆم تـــڕ تـــرد، مێـــردێ خـــۆم تـــرد، یـــەعنی ئهـــێ ئـــەمن بەقسێ داکێ خۆم کرد، خۆم کڕ کرد، مێردێ خۆم کرد.

مـــارێ داخـــوازی کـــەرێ وکـــی دیتیـــان ئـــێ گـــەورە لـــەوان خراتـــرە، گۆتیـــان وەلـــلا ئەمـــە ئەچـــینۆ مشـــوورەتەکی لەبـــەینی خۆکـــەین، خەبەرێ و ئەدەینۆوێ.

کو رۆیشتن ئەوهە رۆیشتن، بوونە پارێ بەنانی.

# چلکەزی

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن روو رەشـــتر نـــەبوو، پاشـــێیاك هـــەبوو دوو کـــوڕی هەبوون، ئیٚ گەورە ناوی عەزیز بوو، ئیٚ کچکە ناوی ئەحمەد بوو.

پاشا ئەمریٚ حەقی بەجێهینا و عەزیز لە جیٚ بابیٚ خۆ بووە پاشا.

عـــەزیز هـــە لـــەدوو بـــەزم و کـــەیفیٚ بـــوو، هـــەموو دەمـــیٚ دیوەخـــانی جمەی دەهات.

جـــارەکی لـــە دیوەخـــانیٚ، بـــەحس بەحســـی ژن و کیـــژیٚ جـــوان بـــوو، هـــەئێکی بەحســـی مەملەکەتەکیـــەکرد ئـــەیگۆ کیـــژیٚ هەنـــدە هەنـــدە جـــوانی لێنـــە، عـــەزیز پاشـــا و ئەحمـــەدی بـــرای گێیـــان لـــە نـــاویٚ هـــەمان ببـــوو، بـــەرا ئـــەو شـــەوی مێوانـــەکی لیٚ بـــوو، گـــۆتی ئـــەنگۆ ناوبـــانگیٚ چـــلکەزییٚ گـــیٚ لیٚ نـــەبووە، هـــەر چ پاشـــێیا دنێیـــا هێیـــە چـــوویتە داخوازێی مێردی بە شتاقان نەکردیە.

ئەحمـــەدی دەدریٚ خـــۆی گـــۆ، ئـــەدی کـــوو هـــەتا هـــەنکوە ئەمـــە لـــە بـــابیٚ خـــۆن گـــیٚ لیٚ نـــەبووە چـــووبیتە داخـــوازییٚ ئـــەو کیـــژەی؟! بەســـە خـــۆی نـــەینا، ســـبەینیٚ بـــانگی مێـــوانی کـــرد گـــۆتی وەرە بەحســـی ئـــەو کیـــژەم لۆبکـــە، کـــابرای مێـــوان گـــۆ شـــازادەم خـــۆش بـــی، ئـــەمیش هـــە لـــە بـــەر و مەجریسانم گیٚ لیٚ بووە، نزانم چەندی ڕاستەو چەندی درۆیە.

گۆتی چت گیٚ لێبوە ئەوم لۆم بەحس کە.

کـابرای گـۆ وارێــن کیــژێ پاشــێیا هیندســتانێ یــە، چــوویتە ســە تــەختێ بــابێ خــۆ، خــۆ بەســـەت پاشــای نــادە. ئــەرێن خــوای کیــژێ ئەوهـــە نـــازدار خـــەلق نەکردیـــە، نەبکـــەی نـــەبخۆی بـــەس دەگـــەردەنێی وەڕامینی، چل کەزیانەکە، هە کەزیەکی گەزەکی لە دوەخشێ.

ئەحمەدی گۆ: چی دی؟!

گـۆتی: وارێــن لــە بــە ســحر و تەلیســمان کەســی ناگاتــە کۆشــکێ، ســەت لەشکری زەفەر پێ نابەن .

گۆتی چی دی؟

گـۆتی: وارێــن بــەخۆش لــە عــاردانێ هەنــد پارەوانــە کەســی لێ نابــاتۆ، شوورەکی بەس بە سەرێ ئینسانان دروستکردیە.

ئەحمەدی گۆ ئۆندە بەسسە، ئەتوو بڕۆ.

بــەدزی عــەزیزی، ئەحمــەدی بــانگی دنیــا دیتــە و ردێــن ســپیان کــرد، بــانگی جادوگـــەر و گەڕیـــدانی کـــرد، حـــارو مەســـەلێ چـــلکەزیێی لـــۆ بـــەحس کـــردن، هـــە یێکـــی تەکبیرەکیـــە کـــرد، ئـــاخیری تـــەکبیرێ ئێکـــەکی پـــێ بـــاش بـــوو. هـــە چ نـــەقاش و رەســـامێ مەملەکـــەتێ هەنـــە خـــڕی کردنـــۆ، هـــەمان ڕسمـــێ ئەحمـــەدیان دروســـتکرد، ئەحمـــەدیش هـــەتا برێـــی کـــوڕەکی قـــۆز بـــوو، هەرکیـــژەکی دیتبـــای لـــۆی حەیرانـــەبوو، لـــەناو هـــەمان رەســـامەکی راســـپارد ڕسمـــەکانی بردنـــە مەملەکەتێ چل کەزیێ.

رەسـامەکە بـە دزی چـوو لـە پـێش قەسـرێ چـلکەزیێ ڕسمـەکی ئەحمـەدیی بـەدیواری وەکـرد، پێشـی چـل کـەزی بێتـە کۆشـکێ، وزیرێ دەستە ڕاست رسمەکەی دیت.

گۆتیە خورامان بڕۆن ئەو رسمەی لێ بکەنۆ.

رەسـامەکە چـوو رسمـەکی دی لـە جـێ نـانخواردنێ بـە دیـواری وەکـرد، وەختـی نـان خـواردنێ وزیـری دەسـتە راسـت ڕسمەکـەی دیتۆ گۆتیە خورامان کێ ئەو ڕسمەی بێرە وەکردیە؟

بەتوڕەیی پێی گۆتن زوو لێی بکەنۆ.

وەللا لێیان کردۆ پێشی چلکەزی بێ نانی بخوا.

هـەتا گـەڕانۆ، ڕەسـامەکەی ڕسمـەکی دیشـی لەسـە ڕێـی بـەدارێ وەکرد.

دیسان وزیری پێشی چلکەزیێ دیت، ئەمری کرد لێیان کردۆ.

چـەند رۆژان بـەو نەوعـەی قاسـیدی هـە ڕسمـی بـەولا و بـەولای واکردن، وزیریش هە لێیەکردنۆ و لێناگەڕا چلکەزی بیان بینی.

رۆژەکـی کـابرای ڕەسـام سـێ چـار ڕسمـی بـە یێکجـار بـە دیـواری وەکـردن، وزیـر وێڕانەگەیشـت هـەمان لێکـاتۆ، چـل کـەزیێ چـاو وە ڕسمـەکی کـەت، کـوو تـیرەك لـە ڕسمەکـەی دەرپـەڕی، ئەوهـە وە درێ چـلکەزیێ کـەت، بـەرا بەسـە خـۆی نـەینا، بـەوتیرەی چـلکەزی عاشق بوو، رۆژ بەڕۆژ بێ تاقەت و خەمبار و کەشەنگەبوو.

حـــەكیم و لوقمانیـــان لـــۆ بـــانگ كـــردن، گۆتیـــان بـــا هەواگۆڕیـــەكی بكـــا، با بڕەكی لەناو باغ و باغاتان بگەڕێ.

رەســـــامەكە پێشــــی وان خـــــۆی گێیانــــدە نــــاو باغچـــەكەی، ڕسمـــــێ ئەحمـــەدی بـــە چـــەند دارەكـــی وەكـــردن، لـــەوێش چـــلكەزیێ چـــاو وە ڕسمەكەی كەت، هەندەی دی دری لۆ ڕسمەكەی شرار بوو.

ســـەبری نـــەما، بـــانگی وزیـــرێ دەستەڕاســـتی كـــرد، پێـــی گـــۆ دەبـــی هـــەر هەنكوە ئەو كەسەم لۆبینی ئەوی ئەو ڕسمانە بەدارێ واكا.

وەلـــلا وزیـــری بـــە پاســـەوانان گـــۆ و دەوری ئـــەوناوێیان گـــرت ، هـــەتا هێوارێ كابرای ڕەسامیان پەلبەست كرد، بردیانە كن چلكەزیێ.

چـــل كـــەزیێ گـــۆتێ، ئـــۆ ئـــەو ڕسمانـــە ئـــێ كێنـــە ئـــەتو هـــەمو تـــاق و دیوارت لێ پڕ كردینە ؟

ڕەسامی گۆ: ڕسمێ ئەحمەد پاشاینە.

زۆری پرســـیار لـــە رەســـامی كـــردن، ئـــەویش كوویـــان تێگەیانـــدبوو، ئەوهـــەی جوابـــەداوۆ، چـــلكەزی هـــە بەتـــەواوی لـــۆ ئەحمـــەدی شـــێت بوو.

هـــەموو تەلیســـم و ســـحری فێـــری رەســـامی كـــردن، گـــۆتی بـــە ئەحمـــەدی برێ با بێتە داخوازییێم.

وكـــی ڕەســـام گـــەڕاوە، هـــوورد و درشـــتی لـــۆ ئەحمـــەدی گێڕانـــۆ، ڕەسامی دەگە خۆ ڕسمەكی چلكەزیێشی لۆ ئەحمەدی هیانابۆ.

ئەحمەدیش هە ڕسمەکەی دیت ئاگری تێبەر بوو.

چـووه کـن عـەزیزی برێیـاخۆ گـۆتی ئەگـە ئیـزن بـی، ئـەمن لۆخۆچـمە داخوازیێ چلکەزییێ.

مەزانــە عــەزیزیش تــەمای چــلکەزیێی هــەبوو، دەدریێ خــۆی گــۆ فرســەتەکی باشــە، ئەگــە هینــای ئــەو بــرا گەورێیــە لێیەســتینی، ئەگــە فەوتاش ئۆ لەوەی باشترە بەخۆ بچی و بفەوتیێ، وەللا ئیزنی دا.

ئەحمــەد بــە خــۆ و بــە لەشــکری، بــاریێ حــەفت هێســـترانی دوڕ و یاقووت بەهەدیە دەگە خۆ بردن.

وکـی گەیینــە هیندســتانیێ ئێـك ئێـك سـحرو تەلیسـمیان بـەتار کردنـۆ، ئەحمــەد بــە خــۆو بــە لەشــکری گەیشــتە کۆشــکیێ چــلکەزییێ، هــەموو خــەرکی هیندســـتانیێ تەعــەجوب مــا، هــەتا هــەنکوە چ لەشــکران نتانیــە بێتــە نــاو مەملەکــەتیێ، خــەرك و لەشــکریێ هیندســـتانیێ دەســتیان پێداشــۆڕ بوونــۆ، ئــاخیر ئشــتیان مــابوو، ئــەویش ئــەوەبوو، دەبـا ئەحمــەد دەگــە چــلکەزییێ عــاردانیێ بکــا، ئەگــە بردیــۆ ئــەجاتانی چلکەزییێ مارەکا.

هــەموو عالــەمیان خڕکــردۆ، چــل کــەزی و ئەحمــەدی دەســت بــە عــاردانیێ کــرد، ئەحمــەد گەلــەك پــارەوان و بــە قــوەت بــوو، بـەرا ئەگــە چــل کــەزییێ خــۆ لــۆ شــل نــەکردبا، بــاری نــابرد، هــە بەکەزیانیەخنکاند.

ئـــاخیری ئەحمـــەدی چـــلکەزیی بەکـــەزیان بەســـتۆ و لـــە ســـە ئەســـپیێ خۆی سوارکرد و بردیێوە مەملەکەتیێ خۆ.

چـــلکەزییێ بـــە ئەحمـــەدی گـــۆ وەرە لێرەببـــە پاشـــا و مەچـــۆ مەملەکەتیێ خۆ، زۆرەترسێم عەزیزی برات بتفەوتینی!

ئەحمەدی گۆ برێیامن کو ئەوها کە دەگەرەمن.

وکـی خەبـەر گـەییۆ عـەزیزی، گۆتیـان ئـۆ ئەحمـەد بـە خـۆ و بـە چـل کەزییێ ئەگەڕێتۆ.

عـــەزیزی بـــانگی خورامـــەکی خـــۆ کـــرد گـــۆتی ژەهـــری لـــۆ ئەحمـــەدی دەشیویێ کەن.

وکی گەیشتنە جێی ئەحمەدی چلکەزی لە قەسریێ خۆ دانا.

هاتنـــە دوو ئەحمـــەدی گۆتیـــان پاشـــا واریێ بـــا بـــیێ نـــانی دەگـــەمن بخوە.

چـــلکەزییێ گـــۆتی ئەحمـــەد، ئەترســـێم ژەهریـــان لـــۆ دە شـــیویێ کربـــی، پشیلەکی دەگەخۆببە، پێشی نانی بخۆی هەندەکی بدەوی.

ئەحمەدی گۆ برێیا من وەنیە بەرا لەبە دریێ توو واکەم.

وەلـــلا وکـــی نانیـــان هینـــا ئەحمـــەدی هەنـــدەك گۆشـــت دا پشـــیلیێ، پشیلەی بەستەزمان یێکسەر سندانی گەیشتیێ و تۆپی.

ئەحمەدی دەست لۆ خواردنیێ نەبرد، گۆتی ئەمن ئەوڕۆ بەرۆژیمە.

عەزیزی گۆ مادام وێیە دەبی لۆ فتاریێ بە خۆ و بە چلکەزییێ بێی.

گۆتی باشە.

ئەحمـــەد بـــەخۆ و بـــە پشـــیلێ تـــۆپی گـــەڕاوە قەســـرێ خـــۆ، گۆتیـــە چـــلکەزیێ قســـێ تـــوو دەرچـــوو، برێیـــامن ویســـتی ژەهرخـــواردیم کـــا.

گۆتی ئەدی لۆ هێوارێ تەکبیرچنە؟!

چـــلکەزیێ گـــۆ بـــەخوای ئەحمـــەد بەقســـێ منەکـــەی بـــا بگـــەڕیینۆ هیندستانێ.

ئەحمەدی گۆ لۆمن عەیبە نەچمە دەعوەتێ برێیاخۆ.

چـلکەزیێ گـۆ مـادام هەرەچـی بەتـەنێ هـەڕو ئـەمن نێیـام، بـەس وکـی چـووی پێشـی بچـیە سـە هـە جێیـەکی پشـیلەی پێشـی خـۆ بنێـرە، هیچ ئشتەکیش نەخۆی هەتا پێشتر نەدەیە پشیلەی.

ئەحمـــەد لـــۆ هێـــوارێ چـــۆوە دەعـــوەتێ عـــەزیزی، لـــە ســـەرینگانێ کورســـــییەك دانـــدرابوو، گۆتیانـــە ئەحمـــەدی هەرکشـــێ، ئێرێهـــێ جـــێ تووە، برۆ دانیشە ئۆ پاشاش دێ.

ئەویش پشیلەی دەپێشە خۆدا نارد، چ لەگۆڕێ نەبوو.

بـــەرا وکـــی ئەحمـــەد لەســـە کورســـیێ دانیشـــت بـــە کورســـیۆوە کەتـــە قۆرتەکی گەلەك قۆر، مەزانە پشیلە سووك بوو.

وکـــی ئەحمـــەدیان دەرینـــا هـــەموو گـــێ لەشـــی لێـــك هەروەشـــابوونۆ، لیچماوی لە هێسکان دەهات.

عەزیزی گۆ چاوانی دەرینن و بیبەن لەسە گوفەکێی فڕەدەن.

وەلـــلا چـــاویان دەرینـــان، بـــەو شـــەوەی بردیـــان لـــە دووری شـــاری لەسە گوفەکێ لەبن دارەکیان فڕەدا، وێیانزانی مردیە.

پاشـــای نـــاردە دوو چـــلکەزیێ، چـــلکەزیێ گـــۆ ئـــەمن دەگـــە ئەحمـــەدی نەبی دەگە کەس نێیام.

خەبەریان داوە پاشای، گۆتیان چلکەزین دەگە نێیا.

ئـــەوجارەی عـــەزیز بـــەخۆ چـــوو، گۆتیـــە چـــلکەزیێ بـــەبێ دەنگـــی وەگەرم کەوە، چیدی بەتەمای ئەحمەدی مەبە.

گۆتی بێ ئەحمەدی یێك شەقاوی لێرە نابزووم.

عەزیزی گۆ ئەحمەدی لەبیرەخۆ ببۆ ئەحمەد مرد تەواو.

چـلکەزیێ گـۆ ئەگـە ئەحمـەد مردبـی هـەتا چـلەی نەچـی نـاموێ کـەس ببینم.

عـــەزیزی دەدرێ خـــۆ گـــۆ بـــەو چـــل ڕۆژەش چ نـــابی، گۆتیـــە چـــلکەزیێ باشـــە بـــا بـــەدرێ تـــوو بـــی، هەســـتاو گـــەڕاوە قەســـرێ خـــۆ، بـــەرا دەورو بەرێ قەسرێی هەموو کردنە حەرەس.

ئەحمـــەد لـــەبن دارێ وکـــی مردیـــان کـــەتبوە گـــۆڕێ، خـــۆی پـــێ نـــاجولا، بـــەرا واگـــا هـــاتبۆ، گێـــی لـــە تفتیلکـــەکی بـــوو ســـێ جـــاری بـــانگ کـــرد، تاقەتی نەبوو جوابی داتۆ.

تفتیلکـــێ گـــۆ ئەحمـــەد نـــزانم گێـــت لێیـــە یـــان نـــا، بـــەرا ئـــەمن قســـێ خۆت هە لۆکەم، ئەگە گێت لێیە وەبکە ئەگە مردیشی ئۆ چش.

تفتیلکـــــیَ گـــــۆ ئەحمـــــەد هـــــەردوو چـــــاویان دەرینـــــای، ئـــــەمن جیقنەکیەکـــەم، پەلکـــە دارەکیشـــت لـــەو دارەی لـــۆ بـــەرەدەمۆ، وکـــی جـــیقن و پەلکـــەدار هیشـــکۆر بـــوون بیـــان کوتـــە و تێکـــەریان کـــە، دە قـــۆرتیَ چـــاویَ خـــۆ کـــە ئەجـــە چـــاوەکان دەدوڕنێـــوە، بـــەرا ئاگـــات لێبـــی چـــاویَ ڕاســـتەت دەبـــەریێ چـــەپە و چـــاویَ چەپەشـــت دە بـــەریێ ڕاســـت دێیا، یێك جارە وکی داتنان نتانی جێیان بگۆڕیۆ.

کـــۆتریَ جیقنـــەك کـــردو کەتـــە ســـە نیوچـــاوانیَ ئەحمـــەدی و پەلکـــە دارەکەشی کەتە سە سینگی. کۆتر فڕی.

ئەحمەدی ئاگا لەخۆ بڕاوە.

بـــەس خـــوا زانـــی چـــەندی پێچـــوو، وکـــی ئـــەو جـــارەی واگـــا هـــات ئـــەیتانی بـــڕەك خـــۆ بجـــوولینی، قســـیَ کـــۆترێی وەبـــیر هـــاتنۆ، دە دریَ خـــۆی گـــۆ دەبی خەون نەبی؟!

دەســـتی لـــۆ ســـە ســـینگیَ خـــۆ بـــرد پەلکـــە دارەکـــی هیشـــکۆری کەتـــە بـــەر دەســـتی، دەســـتی لـــۆ نیوچـــاوانیَ خـــۆ بـــرد، جیقنـــەکی لەســـە نیوچاوانیَ هیشك ببوو، گۆتی دیارە بەڕاستی بووە.

جـــیقن و پـــەلکیَ دارێـــی دەنـــاو لـــەپیَ دەســـتیَ خـــۆ هـــوورد کـــرد وکـــی تـــۆزێی لێکـــرد، دە هـــەردوو چـــاویَ خـــۆی کـــرد، چـــاویَ بـــەریێ ڕاســـتەی دەرینـــا دەجـــیَ چـــاویَ ڕاســـتەی نـــا، وکـــی داینـــا وەبـــیری هـــاتۆ، چـــاویَ بـــەریێ ڕاســـتی ئـــیَ جـــیَ چـــەپێیە، بـــەرا داینـــابوو، مـــەجبوور بـــوو چـــاویَ

بــەریێ چەپەشــی دەجــێ چــاوێ چــەپە نــا، چــاوی چــابوونۆ بــەرا خێڵــە دەرچوون.

دنیـــای لـــە پـــێش چـــاوی ڕۆن بـــۆ، زۆر برســـی و تێنـــی و بێتاقـــەت ببـــوو، دەمـــەکی چـــاوی لـــەولاو لـــەولای گێـــڕا، دیتـــی ئـــۆ زەلامـــەك بـــارە دارەکـــی وێیـــە بەڕییـــدا دێ، وکـــی نێزیـــك بـــۆ دەســـتی بـــە نـــووزە نـــووزێ کـــرد، کـــابرای ڕێبـــوار گێـــی لـــە نـــووزە نووزەکـــەی بـــوو، لـــە دوو دەنگـــێ چـــوو، دیتـــی کەلەشـــەك لـــەوێ کەتیـــە، وکـــی نێـــزیکتر بـــۆ دیتـــی هێشـــتا زندیـــە، بـــارە داری فـــڕەداو ئەحمـــەدی لـــە کـــەریێ بـــارکرد، بردیـــۆ مـــاریێ هەندەك ئاوی بەسە دەوی وەکرد.

دەپیســـتێ گێیـــان وەرپێچـــا، حەفتـــەکی دە پیســـتێ گـــای مـــاوە، بـــڕەك چـــێتر بـــوو، لـــە پیســـتیان دەرینـــا، ئەحمـــەدی خـــۆ لـــە ســـاحێب مـــاری ئاشـــکرا کـــرد و بـــە قاســـید ناردیـــە کـــن چـــلکەزییێ، بـــەرا کـــابرا لەبـــە حەرەســـان نـــەیتانی بگاتـــە چـــل کـــەزییێ، ئۆنـــدە خەبـــەریێ لـــە خەرکیی گێ لێ ببو لۆ ئەحمەدیی هیناوە.

کـــــابرا زۆری خزمـــــەتێ ئەحمەدیـــــەکرد، خـــــواردن و خواردنـــــەوەکی باشـــیەداییێ، هـــەموو مـــرك و مـــاریێ خـــۆی لـــۆ فـــرۆت لـــۆی بـــە داو و دەرمان دا.

ئەحمـــەد بـــە مانگـــەکی بـــۆوە ئەحمـــەدێ جـــاران، خـــڕ و پـــڕ و بەتاقـــەت، هەر ئۆندە نەبی خێڵە ببوو، بەرا خێلاتیەکەشی هە لێدەهات.

گۆتیـــە کـــابرای کەونـــە جلکـــەکی خـــۆم وێـــدە، دەگـــە خەنجـــەرەکی دەبان، خۆی گۆڕی و خەنجەری دەبە پشتێ نا.

کـابراش بـەخۆ پیـاوەکی گەلـەك ئـازاو ڕەشـید بـوو، ئـەویش خـۆ تونـد کردۆ و خەنجەری دەبە پشتێ ناو وەگەڕی کەت.

وکـــی چـــوونۆ شـــاری دیتیـــان شـــایی و ڕەشـــبەرەکە، ئـــەوڕۆ چـــلێ ئەحمـــەدی تـــەواوەبوو، عـــەزیز پاشـــا بـــە تـــەمابوو ئـــەو ڕۆژەی چـــلکەزیێ لۆخـــۆ بگوازیتـــۆ، ئەحمـــەدی لـــەناو خـــەرکی خـــۆ شـــاردبۆ کەس ناناسیۆ.

چـــلکەزیێ لـــەبن جلکـــێ بـــوکێ خەنجـــەرەکی شـــاردبۆ. چـــل کـــەزیان بـــەجلکێ بـــوکێ لـــەناو خـــەرکی تێپەڕانـــد، عـــەزیز پاشـــاش بەرامبـــەر خـــەرکی لـــە ســـە کورســـیەکی زێـــڕ دانیشـــتبوو، کورسیەکیشـــی لـــۆ بـــوکێ لە تەنشتەخۆ دانابوو.

ئەحمـــەدی در تونـــد بـــوو، دەدرێ خۆیـــدا گـــۆ قـــەتم نـــازانی چـــلکەزی پاشی من مێردی بە عەزیزیەکا.

دری لەسە ساردبۆ.

وکـــی بـــووك گەیشـــتە ســـە ســـەکۆی، بەرامبـــەر خـــەرکی ڕاوەســـتا خەنجەرەکـەی لـــەبن جلکـــان دەرینـــا لەســـە ســـینگێ خـــۆی دانـــا، گـــۆتی هـــۆ خەریکینـــە پاشـــا برێیـــا خـــۆی کوشـــت، ئـــەمیش ســـوندم خواردیـــە مادام لۆئەحمەدی نەبووم دەبی لۆ بنگری بم.

ویســـتی خەنجـــەرێ لـــە ســـینگێ خـــۆ نقـــووم کـــا، ئەحمـــەدی لـــەناو خەرکی ئێك بەخۆ هاوارکرد: نەکەی چلکەزی ئەمن ئۆ لێرەمە.

عـــەزیز هەســـتا ویســـتی خەنجـــەرێ لـــە ســـینگێ چـــلکەزیێ نقـــووم کـــا، بـــەرا چـــل کـــەزی لـــەوی بـــە تێـــتر بـــوو، خەنجـــەری لەســـە ســـینگێ خـــۆ لابـــرد و دە هـــەوکێ پاشـــای وەرینـــا. خـــەرکی هـــاوارەکرد: بیکـــوژە، بیکوژە.

ئەحمـــەدی خـــۆ گێیانـــدێ، قرقرتـــارۆکێ عـــەزیزی گـــرت و هاویشـــتە بـــەر دەســـت و پـــێ خـــەرکی، هـــەرییێکی مســـتەك و پێلەقـــەکی تـــێ هـــەردا هەتا حەیاتی لەبەبڕا.

ئـــەوجا شـــاییەکە حـــەفت شـــەو و حـــەفت رۆژی دیکـــە گـــەڕاو چـــل کـــەزی و ئەحمـــەد پاشـــا پێـــك شـــادبوونۆ، ئەحمـــەد بـــووە پاشـــێیا هـــەردوو مەملەکەتان . برادەرێ خۆشی کردە وزیرێ دەستە راست.

ئەمیش کارەکم دڕاو چم پێنەبڕا.

# خۆخێ

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــە خـــوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن ڕوو ڕەشتر نەبوو.

جـــارەکی کیـــژەك هـــەبوو نـــاوی خـــۆخێ بـــوو، خـــۆخێ بـــەتاقی تـــەنێ لـــە کۆریتۆکەکیـــەژیا، داك و بـــابی نـــەمابوون. چ خـــار و مامیشـــی نـــەبوون بچتۆ کنەوان. نان و کۆری لۆ خەرکییەکرد، زۆر بەفەقیرییە ژیا.

شـــەوەکی خـــۆخێ واگـــا هـــات وەیزانـــی ســـبەینێیە، کونـــدەی هـــەگرت چـــوە ســـە کـــانیێ نوێـــژێ بکـــە و ئـــاوێش دەگـــە خـــۆ بینتـــۆ. وکـــی چـــوە دەرێ، پێی عەنتیکە بوو کەسی لە ڕێ کانیێ نادیت.

پێشـــی بگاتـــە ســـە کـــانیێ، لەســـە گـــردی چـــاوەکیدا خـــوارێ دیتـــی ئـــەو هـــەموو عالەمـــە لـــە دەورێ کانیێچـــن و دێـــن، هەنـــدەکی دیکـــە لـــەولای شـــاییان دابەســـتیە، هەنـــدەکی دی کـــۆرێ کـــەن، هەنـــدەکان مەنجـــەر وەســـەناینە شـــیوێ لێنـــێن، هەنـــدەك جـــۆلانێ کـــەن، لـــە لێیـــاکی دی منـــدارە هورتکـــان ســـەر دەدو ئێـــك نێیـــا، ئـــەتگۆ جێژنێیـــە، وەلحاســـر هە ئێکی بە ئشتەکی مەشغوول بوو.

دەدرێ خۆی گۆ دەبی خەون نەبی! ؟

لـــە گـــردی چـــووە خـــوارێ، وکـــی نێزیـــك بـــۆ، ئـــەو خەرکـــەی بـــەحیێیاتی خـــۆ نـــەدیتبوو، خـــۆی لـــە پـــەنێ چـــیلە بـــەردەکی شـــاردۆ و تەماشێیەکردن بزانی ئۆ کێنە ئەوانە! ؟

پــاش نێبــەکی، دیتــی ئــۆ پیرەژنــەك لــۆ لای چــیلە بــەردی دێ، خــۆخێ لــە ترســان چــوە نــاو دڕیــان، دیتــی پیرەژنــێ ئەنگوســتیلەك لــە پشــت چیلەبەردی دەبن عاردی نا.

وکــی پــیرەژن لــە خــۆ بــۆ، خــۆخێ ویســتی بێتــە دەرێ، بــەرا دڕیــەکی دە دەستی ڕاچوو و لە هاواری دا.

پیرەژنــێ گــێ لێ بــوو، گــەڕاوە.. خــۆخێ لــە ترســان هــەرات و پیرەژنــی کەتە دوێ.

خۆخێ پێی بەغارێ وەنا و پیرەژنیشی ئۆ هە لەدووە.

پیرەژنێ نتانی بگاتۆ خۆخێ، بانگی کرد: خۆخێ ڕاوەستە.

خۆخێ زیاتر پێ بەغارێ وەنا.

پیرەژنــێ نــاو بــەناو بــە هانکــە هانــك هــاوارەکرد: خــۆخێ .. خــۆخێ ڕاوەستە ئەمن داکێ توومە.

بەرا خۆخێ لە ترسان ناوێرا ئاوڕانیش داتۆ.

گەیشــتۆ ئــاوایی، بــەرا کــەس لــە دەرێ نــەبوو، بــەغاردان چــۆوە مــارێ خۆ و دەرکێ کۆریتێی لەسە خۆ گارە دا.

پیرەژنیشــی ئــۆ هــە لــەدووە و بانگییەکــە: خــۆخێ خــۆخێ ڕاوەســتە ئەمن داکێ توومە.

پیرەژن گەیشتە پشت دەرکەی گۆتی خۆخێ دەرکەم لێبکۆ.

خـــۆخێ لـــە ترســـان هەرچـــیی دە مـــارێ دابـــوو بـــە دەرکـــێ کـــۆریتێی وەنـــا، ئـــۆ پیرەژنـــیش لـــە دەرێ هـــە خـــۆ بـــەدەرکێ دادا، وەخـــت بـــوو دەرکەی بشکینی.

خۆخێش لە ترسان خۆی دە قوڕنیچکێ نابوو.

بانگێ سبەینێی بەسەدا هات و پیرەژن غەیب بوو.

بـــەرا خـــۆخێ لەترســـان هـــەتا دنیـــا بـــە تـــەواوی ڕۆن نـــەبۆ، نـــەوێرا دەرکەی بکاتۆ.

ئەو ڕۆژی لە ترسان زندەقی چووبوو، کەتە ناو جێی.

چـــەند ڕۆژەکـــی پێچـــوون خـــۆخێ بەرەبـــەرە هـــاتۆ ســـەرەخۆ، بـــەرا نـــاوێرا بـــە تـــاریکیێ بچـــیتۆ ســـە کـــانیێ، بـــە ڕۆژ لـــۆ خـــۆ ئەچـــوو ئـــاوی دەینا.

ڕۆژەکـــی وەبـــیری هـــاتۆ پیرەژنـــێ ئەنگوســـتیلەکی لـــە پشـــت چـــیلە بـــەردان شـــاردیتۆ، دەدرێ خـــۆی گـــۆ بـــا بچـــم بـــزانم ئەنگوســـتیلە لـــەوێ مێیا ! ؟

چـــۆ ئـــەوجێ پیرەژنـــێ ئەنگوســـتیلە لێ شـــاردبۆ، وکـــی بڕەکـــی عاردەکـــە هەرکۆری، ئەنگوستیلەی دیتۆ.

ئەنگوســـتیلەی دە دەســـتی کـــرد، بڕەکـــی دە ئەنگوســـتێ خـــۆ هینـــاو بـــرد، هـــەر هەنـــدەی زانـــی شـــینە دێـــوەکی لێ پێیـــا بـــوو، لـــە ترســـان لـــە خۆ چوو.

دێـــوێ خـــۆخێ هـــەگرت و بردیـــە ســـە کـــانیێ، هەنـــدەك ئـــاوی بـــە دموچاواندا کرد، خۆخێ وەخۆ هاتۆ.

دێوێ گۆ: خۆخێ درت چا خوازی لۆت بینمەجێ! ؟

خۆخێ هێشتا هە لێیەترسا، چی پێ نەگۆترا.

دیسان دێوی گۆ: بخوازە..

خۆخێ هە چ نەگۆ.

جـاریێ سـێیێ دێـوێ گـۆ: خـۆخێ بخـوازە، لـە مـاری دنیێیـا چـت حـەز لێیە لۆت بینم! ؟

خـــۆخێ کونـــدێ ئـــاوێی هـــەموو لێ کـــون کـــون ببـــوو، گـــۆتی: کونـــدەم هەموو کون کون بووە، ئەگە کوندەکی ساغم لۆ بینی.

دێـــوێ هەنـــدی گـــاوێ کونـــدەکی نـــوی وە خـــۆخێ داوە، ئەجـــە غـــەیب بوو.

خۆخێ کوندەی پڕی ئاو کرد و کوندێ قەدیمی فڕەدا.

ڕۆژ هاتن ڕۆژ ڕۆیشتن، خۆخێ ئەنگوستیلە باداوە، دێو پێیا بوو.

دێوێ گۆ: خۆخێ لە ماری دنیێیا چت دەوێ بخوازە!

خۆخێ گۆ: گەلەکم حەز چوویتە ترش و برنج و گۆشتی.

هـــەر هەنـــدی چـــاوان بقوچـــینی و هـــەرینی، دێـــوێ ســـنیەکی گـــەورەی بـــە ئەنواعی تەعام لەبەرێ خۆخێ دانا.

خۆخێ تێری لێ خوارد.

خـــۆخێ ترســـی لـــە دێـــوێ شـــکا، هـــەموو رۆژێ چـــی بویســـتبا، ئەنگوســـتیلەی بـــادا و هەرچـــی بگۆتبـــا، هەنـــدی دەمـــێ دێـــوێ لـــۆی دەینا، ئاخیری کۆر و نانێ خەرکیشی پێکرد.

ڕۆژەکی خۆخێ بە دێویی گۆ: ئەتو جێ خۆش پێزانی؟

دێوێ گۆ: ئەمن هەموو دنییێیا پێزانم.

خۆخێ گۆ بمبە خۆشترین مەملەکەتی.

هـــەر هەنـــدەی زانـــی ئـــۆ لـــە شـــارەکی هەنـــد گـــەورەو جوانـــە، ئـــەتگۆ بەهەشتە.

دیتـــی ئـــۆ خـــەرك هـــەموو بـــە جلکـــێ جـــوان ئەچـــنە نـــاو قەســـرەکی گەورە، نە سەری دیارە نەبن.

ئەنگوســـتیلەی بـــاداوە، گۆتیـــە دێـــوێ لـــە تـــۆقێ ســـەری هـــەتا بنـــی پێیانم جلك و پێراوێ لێ هەموو عالەمێم جوانتر لۆ بینە.

دێـــوێ جلـــك و پێـــراوی لـــۆ خـــۆخێ هینـــان هـــەموو بـــە ئاورپیشـــم و دوڕ و یاقووتـــان نەخشـــابوو، وکـــی دەبـــەری کـــردن ئـــەتگۆ کیـــژە پاشـــێیا، وەللا چ کیژە پاشا هەندە پۆشتە نەبوون.

وکـی خـۆخێ چـووە نـاو قەسـرێ، هـەموو عالەمەکـە ڕێیـان لـۆ کـردۆ، هـە ئێکـی قسـەکیەکرد، ئێکیـەگۆ ئـۆ کیـژێ پاشـێیا مێیـە ، ئێکیـەگۆ ئـــۆ خـــەرکی ئـــەو مەملەکەتـــەی نییـــە، دەبـــی کیـــژێ پاشـــێیا چ مەملەکەتەکی بی!

خۆخێش ئۆ گێ لێیە، دەدرێ خۆ پێکەنینی بەخۆ دەهات.

خۆخێیان هەرکێشا سەرینگانێ، لە ڕێزێ کیژە پاشێیان دانیشت.

ئـەو هـەموو کـوڕە پاشـێیانە لـەوێ بـوون، لەبـە خـۆخێ کـەس بـەر وە بێك کیژە پاشای دی نەمابوو.

مەزانـــە هـــەموو ســـارێ لـــەو رۆژەی پاشـــێیا هـــەموو دنیێیـــا لێـــرە خڕەبنۆ، ژن و ژن خوازیێ لۆ کوڕو کیژێ خۆ کەن.

کـــەس نزانـــی خـــۆخێ کیـــژێ کیهـــە پاشـــێیا، بـــەرا هـــەموو کـــوڕە پاشێیان خۆ لێخۆش کردبوو.

وەختـــی نـــان خـــواردنێ داهـــات، هـــەر پاشـــێیا دەگـــە ژن و کیـــژ و کـــوڕێ خـۆ چـوونە سـە مێزەکـی، هـەمانیش ئـۆ چـاو لـە خۆخێیـە بـزانن دەگـە کیهە پاشای دا.

وکـــی خـــۆخێ زانـــی مەســـەلە چـییە، خـــۆی لـــەناو خـــەرکی بـــزر کـــرد و چـــووە دەرێ، کـــوڕێ پاشـــێیا ئـــەو مەملەکەتـــەی ئاگـــا لێبـــوو وکـــی خـــۆخێ چـــووە دەرێ، ئـــەوانی دی هـــەمان چـــاوەدا ســـە مێـــزان بـــزانن خۆخێ لەسە کیهەی دانیشتیە.

کوڕەکەش خۆی دزیۆ و لە دوو خۆخێ چووە دەرێ.

وکـی دیتـی خـۆخێ ئـۆ بـەغار قەسـرێ بـە جێـدێری، هـەتا ئـەوی هـاوار کردە حەرەسان، خۆخێ قورتار ببوو.

بە عێدزی گەڕاوە سە مێزێ نان خواردنێ، بەرا هیچی پێ نەخورا.

پاش نان خواردنێ بووه بەزم و شایی و هەرا و بەزمەك، نە سەری دیار بوو نەبن. ئەوەلی کوڕە پاشێیاکان بڕەك چاویان لە خۆخێ گێڕا، بەرا وکی نێیانەدیتۆ، ئەچوونۆ کن کیژە پاشێیاکی دی و دە دەستێ ئێکدی هەرەپەڕین.

هەتا هێوارێ هەموو کوڕە پاشێیاکان کیژە پاشێیاکیان لۆ خۆ نیشانکرد.

پاشێیا ئەو مەملەکەتەی گۆتە کوڕێ خۆ، کا کوڕم ئەدی ئۆ لۆ ئەتووش کیژێ پاشێیاکی لۆ خۆ هەر نەبژارد! ؟

کوڕەکەی گۆ ئەوی ئەمن هەرم بژاردبوو، لێرە ڕۆییە.

پاشا زۆر تووڕە بوو، گۆتی کیهە پاشای کیژێ خۆی شاردیتۆ!

گۆتی شەرت بی دەبی لە پێش چاوێ ئەو خەرکەی هەتکی کەم.

بانگی راهێشت، کیژێ کیهە پاشای ئێرەی بەجێهێشتیەو رۆییە؟!

وکی چاویاندابیێ کیژێ هەموو پاشێیان لەوێ بوون.

بەرا هەمان خۆخێ وەبیر هاتۆ، گۆتیان ئەدی ئەو کیژە ئێ کیهە پاشای بوو؟!

هەمان گۆ وەللا ئێمە نەبوو.

بەرا هەمان گۆ پاشام خۆشبی ئەگە کوڕێ توو بە کیژێ مە رازییە، پێشکێش بی.

چەندی حەولیان دەگەدا، کوڕەکە بە چشتاقان رازی نەبوو.

کـــوڕ وکــــی شــــێتانی لێهـــات، ســــەرێ خــــۆی هـــەگرت و مەملەکـــەتی بەجێهێشت.

لـــەو شـــاری لـــۆ ئەوشـــاری، لـــەو مەملەکـــەتی لـــۆ ئـــەو مەملەکـــەتی. ســـەر و ڕدێنـــــی هـــــاتن، جلکوبـــــەرگی دەبـــــە ڕزیـــــن، وکـــــی دەروێشـــــانی لێهاتبوو، لاواز و بێخر ئەتەگۆ ڕەقیاوە.

رۆژەکی لەسە گردەکی قەسرەکی دیت، لە دووری ڕا ئەبریسکاوە.

کوڕەکـــەی گـــۆ ئـــەمن لـــە حێیـــاتی بـــابێ خـــۆ ناوبـــانگێ ئـــەو قەســـرەم گـــێ لێ نـــــەبووە، دەبـــــی قەســـــرێ کـــــێ لـــــە قەســـــرێ بـــــابێ مـــــن جـــــوانتر و گەورەتر بی! ؟

وکـــی لێ چـــووە پـــێش دیتـــی قەســـر چ قەســـر! هـــە لگبنـــەکی لـــە زێڕیـــەو لگبنەکی لە زیویە، هەمووی بە ئاقووت و مەرجانان رازایتۆوە.

وکــــی گەیشــــتە بــــن دیــــوارێ قەســــرێ، دوو زەلامــــی هاتنــــە بــــەراییێ ئـــەتگۆ نێـــرە هەیتەنـــە، گۆتیـــان هـــا مـــام دەروێـــش ئـــۆ چـــاکەی لـــەو ناوەی؟!

گۆتی وەللا گەڕیدێ شارو مەملەکەتانم.

گۆتیانێ لە چا گەڕێی؟!

گۆتی وەللا وە دوو بەختێ خۆ کەتیمە.

گۆتیـــان مـــام دەروێـــش ئـــۆ ئـــەتوو بەحســـی چـــاکەی! بـــەختێ چ و حارێ چ، گۆتیانێ برۆ لۆ خۆ بەرێخۆ دابرۆ.

مــام دەروێشــی گــۆ لــۆ لــێم ناگــەڕێن بابەکــەم، بــا بچــمە نــاو قەســرێ پیاسەکی دەناو داکەم، ئەجا ڕۆم.

گۆتیــان: ئــاخر مــام دەروێــش ئــەتوو نــە پاشــای نــە ســوڵتانی، نــە توجــاڕی، نــە ســنعەتکاری، نــە حــەکیمی ، نــە لوقمــانی. بــە چ ناوەکــت ئیزن دەین؟!

دەروێشــی گــۆ: ئــەمن لــە دوو بــەختێ خــۆ گــەڕیم، ئەگــە لێرەنــە بــوو، بە خۆ خۆ گیرناکەم.

گۆتیــانێ: هــەر چــییەکی بچــتە ئــەو قەســەرەی، هەرچــییەکی لێ بێتــە دەرێ، هەچــییەکی بەسەریشــدا بفــڕی، بــەبێ ئیزنــی مــە نییــە. ئەجــە پــێن بــرێ بــەختێ تــوو کــوە، شــەرت بــی ئەگــە دیــتبن پێتــەرێین، ئەگــە لە ژۆرێش بی ئیزنتەدەین.

دەروێشــی راســتی بەکــەس نــاگۆ، بــەرا قــەت درۆشــی نــاکردن، لــۆیێ هەندی حەولی دەگەدان لێنەگەڕان بچتە ژۆرێ.

خــۆخێش وکــی لــە کۆشــکێ پاشــای هــەرات، ئاگــای لێ بــوو کــوڕێ پاشــــای لــــە دووی هاتــــە دەرێ، زانیــــی وەدووی ڕادێ، لــــۆیێ بــــە دێوەکــەی گــۆ لەســە گردەکــی برنــد قەســەرەکم لــۆ بکــە لــە قەســرێ هــــەموو پاشــــێیان گــــەورەتر و جــــوانتربی، هــــەر چــــار دەورەی بــــە شوورەکی برند قەیم کە.

ئەو قەسرە کەتبوە سەڕێ هەموو مەملەکەتان.

لــە هــەموو لێیــاکی تــاجیر و ســنعەتکاران روو تێکــرد بــو و بــەرە بــەرە ئاوەدان ببۆوە.

هـــەموو رۆژێـــش پـــاش نوێـــژێ عەســـرێ، خـــۆخێ کربوویـــە عـــادەت دەهاتـــە ســـە بـــانێ قەســـرێ ســـێ چـــا ســـعاتان تـــە ماشـــێ ئـــەولاو ئەولایەکرد، بزانی کوڕێ پاشای وەدەر نەکەتیە؟!

ئـــەو رۆژیـــش وکـــی هاتـــە ســـە بـــانی چـــاوی دا ئـــەولا و ئـــەولای هـــیچ سوارچـــاکی نـــەدیتن. هـــەتا رۆیشـــتیش تـــەپوتۆزێ چ ســـوار و پیـــادانی نەدیت، وکی جاران بە درساردی چۆوە خوارێ.

چـــەند رۆژان بـــەو نەوعـــەی دەهاتـــە ســـەبانی و هیچـــی نادیـــت، بـــەس هەمـــەتی لـــە دەروێشـــی دابـــوو، هەنـــدەك جـــار دەگـــە حەڕەســـەکان قســـەیەکرد و دەیەویســـت بێتـــە ژۆرێ، حەرەســـەکان پاریـــان پێوانـــا، هەنـــدەك جـــاریش ئەچـــوە ســـە دووگـــردێ ســـی چـــل نوێـــژی لـــەدوو ئێکەکردن.

شـــەوێ فکـــری کـــردۆ گـــۆتی تـــۆبێ ئـــەو دەروێشـــەی لـــۆ بیهـــەوێ بێتـــە نـــاو قەســـرێ، گـــۆتی دەبـــی چ ئیشـــەکی هـــەبی ئەوهـــە ئێـــرە بـــەجێ نێیـــاری! فکریشـــی لـــۆ هەنـــدێ چـــوو ئـــەیگۆ دەبـــی کـــوڕێ پاشـــای ئـــەو دەروێشە نەناردبی!

سبەینێ وکی چۆ سەبانی دیتی چ دەروێش لەو ناوەی نەمێیا.

دری ترسـا، زووی ئێکـەك نـاردە کـن حەرەسـەکان، گـۆتی خـۆخیٚ ریٚ ئـەو دەروێشەی ئیزن دەن.

حەرەسان گۆ ما دەروێش تازێیە ڕۆییە.

وکی خەبەریان داوە خۆخیٚ، وەختبوو شێت بی، گـەتی بـڕۆن لـەبن عـاردیش بی دەروێشم لۆ ببینۆ.

هە ئێکی بەلێیاکیدا ڕۆیی، دەروێشیان دیتۆ.

وکی دەروێشیان بردە کن خۆخیٚ، خۆخیٚ گۆتیٚ: **ها** مام دەروێـش کـوە ڕێـت کەتیتە ئەو مەملەکەتەی؟

دەروێشـــی خـــۆخیٚ ناســـیۆ، بـــەرا بـــەخۆ هەنـــد بـــیٚ تاقـــەت و برســـی بوو، ئێکسەر سەری سوڕا و پێش چاوی تاری بو.

هەنـــدەك ئاویـــان بـــە دمـــو چـــاونداکرد، وکـــی دەروێشـــی چـــاو هـــەرینان خـــۆخیٚ لـــەویٚ نـــەمابوو، دەدریٚ خـــۆی گـــۆ یـــاڕەبی دەبـــی ئـــۆ خـــەون بـــی ئەمن دیتبم!؟

خواردنیـــان لـــۆ هینـــا، وکـــی نانەکـــەی خـــوارد، گۆتیـــان ئەجـــە بـــڕۆ خۆش بشۆ گەلەك دژوون دیاری، قەدە جلکەکیشیان وێدا.

کـــوڕیٚ پاشـــای وکـــی نـــانخوارد و خـــۆی شوشـــت و ســـەر و ڕدێنـــی تراشین، جلکیٚ خاوینی دەبەکردن، بردیانۆ کن خۆخیٚ.

خـــۆخێش وکـــی کـــوڕیٚ پاشـــای دیـــت ســـەر و ڕدێنـــی لیٚ تراشـــکردینە، هەســـت و خوســـتەکی کـــرد، بـــەرا لێـــی مـــەعلووم نـــەبوو. گۆتیـــە دەروێشی، قسێم لۆبکە، بزانم لەچاگەڕێی؟!

دەروێشـــی گـــۆ: پێـــت نـــاریێم هـــەتا وەعـــدم نـــەدەیێ لـــۆم جـــێ بـــەجێ کەی.

خۆخێ گۆ: شەرت بی ئەگە بەمن بکرێ لۆت جێبەجێ کەم.

دەروێشی گۆ: ئەمن وە دوو بەختێخۆدا هاتیمە..

خۆخێ گۆ: ئەجە بەختێتو لێرە چاکە؟

دەروێشـــی گـــۆ: ئـــەمن شـــار بەشـــار مەملەکـــەت بـــە مەملەکـــەت لـــە دوو بەختێ خۆ گەڕایمە.

خۆخێ گۆ: هە نەت دیتتۆ!؟

گۆتی لە هیچ شار و مەملەکەتانم نەدیتۆ.

خۆخێ گۆ ئۆ لە کەنگیوە لێ گەڕێی!؟

گۆتی ئۆ حەفت سارە

خۆخێ برەك دری بۆوە، گۆتی ئەدی لەکێ ڕا دێی!؟

گۆتی لە فلانە مەملەکەتی..

خۆخێش زانی ئۆ کوڕێ پاشێیا.

گۆتی بەختێتو چییە، بەرکی ئەگە لێرە بی وێتدەینۆ!

دەروێشـــی دەدرێ خـــۆ گـــۆ ئـــۆ ئـــەمن گەیشـــتمە بـــەختێ خـــۆ، چ پێویســـت بـــە پێچـــو پـــەنێیان ناکـــا، چـــەندی زووتـــر خـــۆ ئاشـــکراکەم باشترە.

گۆتی: چت لێ بشێرمۆ، ئەمن کوڕێ پاشێیا ئەو مەملەکەتەی بووم

رۆژەکی وکی هەموو ساران بابیٚ من پاشێیا هەموو

مەملەکـــەتانی بـــانگ کردبـــوو، عادەتـــە لـــەو حافلـــەی کـــوڕیٚ پاشـــێیان کیژیٚ پاشێیان لۆخۆ خوازن.

بەرا ئەو سارەی وکی چ ساران نەبوو، کیژە پاشێیاك هاتبوە حافلەکەی کەس نێیەزانی کیژیٚ چ پاشێیاکییە، وەختی نان خواردنیٚ دەگە کەس نەچووە سە مێزیٚ و خۆی بزر کرد. وکی وەختی هەربژاردنیٚ کیژە پاشێیان داهات، ئەمن لەبەوی کەسم نەکەتە بەدریٚ، ئۆ لە هنگینێوە ئەمن ئەو دەشت و زوورگ و و شاخ و داخەی بەپێیانەگەڕێم.

خۆخیٚ گۆ: ئەدی کیژەکەی چ لیٚ بەسەهات! ؟

دەروێشی گۆ: ئەتوو لۆم بگێڕۆ.

خـــۆخیٚ خـــۆی وەبـــیر نـــەما، ئـــەویش هـــەموو دەردیٚ دریٚ خـــۆی لـــۆ دەروێشی هەر ڕێشت.

کـوڕیٚ پاشـای بـە خـۆخیٚ گـۆ: ئەگـە لەسـە شـەرتیٚ خـۆ بـی ئـۆ ئـەمن بەختیٚ خۆم دیتۆ.

خۆخیٚ گۆ: ئەمن لەسە شەرتیٚ خۆمە.

کـــوڕیٚ پاشـــای ســـبەینیٚ زوو ئەســـپ و ئەســـپابیٚ ســـەفەرێی وەگـــرتن، خۆحـــافیزی لـــە خـــۆخیٚ کـــرد و گـــەڕاوە مەملەکـــەتیٚ خـــۆ، بـــە داك و بابیٚ خۆ شاد بۆ.

وکـــی کوڕەکـــەی حـــار و مەســـەلێ ئـــەو حەفتســـارەی لـــۆ بـــابێ خـــۆ گێـــڕاوە، پاشـــا بـــە خـــۆ و بـــە کۆمـــەرە وزیرەکـــی چـــوونە داخـــوازیێ خۆخێ. خۆخێیان لە کوڕێ پاشای مارەکرد.

لە سەرتاسەری هەردوو مەملەکەتان بووە بەزم و شایی.

خـــۆخێ لـــە فـــەقیریێ و قوڕبەســـەریێ و تـــەنیاییێ نـــەجاتی بـــوو و کـــوڕێ پاشاش بە خواستێ خۆ گەیی.

ئەمیش لەو سەری گەڕامۆ، کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# گێلە پیاو

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

جـــارەکی کابرێیـــاك هـــەبوو، زۆر لـــەڕ و لاواز و نەتەچـــاو بـــوو، بـــێ ئـــیش، بـــێ کـــار، ڕۆژ تـــا هێـــواریێ جـــرت و فرتـــی بـــوو، لەوســـەری لۆوســـــەری.. چـــــەندی خـــــەرکی نســـــحەت لێکـــــردن، لـــــەوگێی ناچوەوگێی.

رۆژەکـــی پیرەمێردەکـــی گـــۆتیێ: کـــوڕم ئەتوبەتـــەمای هـــەتا کـــەنگی وهە بەسەبیەی.

گۆتییێ: پیرەباب لۆ ئەمن چ عەیبیتم!؟

گۆتی لۆ خۆ فکرکۆ بزانە چ عەیبیت.

وەلا کـــابرای فکـــر ئـــارۆز بـــوو، شـــەو و ڕۆژی قســـێ پیرەمێـــردی لەپێش گێی ئەزرینگاوە.

زۆری پرســـیار لـــەو و لـــەوی کـــردن، ئـــاخیری چـــۆوە کـــن پیرەمێـــردی گۆتی: پیرەباب ئەمن بەختم بزر بووە.

پیرەمێردی گۆ: ئەدی لۆ لۆخۆی وەدوو ڕاناچی.

گۆتی: بچمە کێ.

گـــۆتی: لـــە مەشـــریقێ چـــیێیاکی وکـــی ســـەفینێ خـــۆن هێیـــە کانیـــەکی وکی کانی زیزنێی تێدا.

گۆتی: ئێی.

گۆتی ئێی ئێی، بەختێ توو دەوێدا.

کابرا وەدو بەختێخۆدا چوو..

ڕۆیـــی، ڕۆیـــی گەیشـــتە شـــێرەکی، بـــەس هێســـك و پیســـت، لـــە زەعیفیانی خۆ لەسە پێیان ڕاناگرت.

شێری گۆ: کابرا کوە بەتاقی تەنێ بەوڕێیەیدا ڕۆی!؟

گۆتی: وەلا مام شێر ئۆ وەدو بەختێ خۆ کەتیمە.

ئـــێ گـــۆتی دەبـــەرت مـــرم، ئـــەمن چ شـــەنگ و تاقـــەتم دەبەنـــەمێیا وەگـــەرت کـــەوم، داهـــێ لـــۆمنیش ســـوئال ناکـــەی بزانـــی لۆوهـــە بـــێ خێـــرم، چـــم وەگیـــانی ناکـــەوی، هـــە ئشـــتەکیەخۆم گۆشـــتی پـــێ بەرەدەم.

گۆتی: هە ئۆندە.

شێری گۆ: ئەریوەلا هە ئۆندەیە ئەگە لۆم بکەی.

گۆتی: وەی بەسەچاوی هەرەتوو و ئۆندە.

لێدا ڕۆیشت.

ماوەکیـــدی ڕۆیـــی گەییـــە ڕوبـــارەکی، دیتـــی ماســـیەکی گـــەورە لـــەتاو ژانێ قالبێ خۆ هە هەرەقۆزیتۆ، عەجمانی نەمێیا.

ماســـیێ وکـــی کـــابرای دیـــت، گـــۆتی ئـــەرێ ئـــۆ ئـــەتو کێواچـــی ئەوهـــەت ڕێ دایتە بەرێ!؟

گۆتی وەلا ماسی ئەمن وەدو بەختێ خۆ کەتیمە.

گـــۆتی مـــادام هـــە وێیـــە، خێرتـــەگاتێ دەگـــە دەســـتێ خـــۆش ســـوئالەکی لۆمن بکە کادێ ئەو ژانە چیە دەقالبم دا.

کابرای گۆ: هە ئۆندە.

گۆتی ئەرێ وەللا ئەگە زەحمەت نیە.

گۆتی: زەحمەتێ چ، بە سەچاوی، هەرەتو و ئۆندە.

لێیدا ڕۆیی.

هـــــەڕۆیی، هـــــەڕۆیی، گەیشـــــتە باخچـــــەکی گـــــەورە، پـــــڕی داروبـــــار، ئـــــەنواعی میوەجـــاتی تێـــدابوو، پیرەمێردەکـــی گـــاز کـــردێ: هـــۆوو کـــابرا ئەتو کێی! ؟

کـــابرا لـــە دو دەنگـــێ پیرەمێـــردی چـــوو، دیتـــی ئـــۆ خـــەریکی باخچـــە ئاودانییە، ماندی نەبوونی لێکرد.

پیرەمێـــردیش گەلـــەکی بـــەخێرهینا، هەنـــدەك گـــەراز و قازمانـــەو ئـــەو شتانەی لەبەرێ دانان، گۆتی ئۆ لەچاگەڕێی؟

گۆتی وەللا مام جۆتیار، لەبەختێ خۆ گەڕێم.

گـــۆتی وەلـــلا دەبـــی دەگـــە دەســـتێ خـــۆ ئشـــتەکیش لـــۆ مـــامێ خۆبکـــەی.

گۆتی وەی بەسەچاوی بەسە سەری، ئەتو بەس ئەمرکە.

گـــۆتی ئـــەمن ســـێ بنـــە مژمـــژەم هەنـــە چـــەند ســـارە حزمەتیانەکـــەم بـــەرا دنکە مژمژەکیش نادەن، بزانە سەبەب چییە.

گۆتی: هە ئۆندە.

گۆتی ئەریوەلا هە ئۆندە.

گۆتی خەمت نەبی..

هەنـــدەك گـــەراز و حەمەدەشـــینی دەبـــەریێ کـــردن، گـــۆتی مـــام ئختیـــار جاریێ ئەمن بە دوعا..

بەینـــەکی ڕۆیـــی، بەنـــدی دەبـــەخۆداگۆتن و نـــاو بونـــاو گـــەرازەکی داویشتە زاری، چ ئاگای لە دەورو پشتیێ خۆ نەبوو.

گازیان کردیێ: هۆووو کابرا.

وکـــی ئـــاوڕی داوە، دیتـــی کیـــژەکی جـــاحێر لەســـە ئەســـپەکیە، پێـــنج شەش کێرکەریشی دەگەدانە.

وکـــی لێیـــان چـــوە پـــێش، کیـــژێ ســـە ئەســـپیێ گـــۆ: ئۆچـــیە ئەوهـــە بەکەیفی و بەندان دەبەخۆدا ڕێی.

بڕەکـــی شـــەرم لـــە خـــۆ کێشـــاوە، گـــۆتی ئـــەدی ئـــەنگۆ بەتـــەنیێ لـــەو چـــۆل و هۆلەی لەچا گەڕێن.

کیژەکەی دەست بەگریانیێ کرد.

ئـــەویش هەنـــدەك گـــەرازی لەبـــەریێ دەرینـــان گـــۆتی هـــا مـــەگرییێ ئـــەو گەرازانە بخۆ.

کێرکـــەرەکان گۆتیـــان کاکـــە نۆبـــەتیێ تـــوو نیـــە، دەلاکـــۆ، لۆخـــۆ بـــە دو ئیشیێ خۆدابڕۆ.

کابرای گۆ: ئەنگۆ بەخۆو بانگی من کردیە.

کیژەکەی گۆ: ئۆ ئەتو کێواچی؟

گۆتی وەلا ئەمن ئەچم بەختێ خۆ دەینمۆ.

گـــۆتی مـــادام هـــە وێیـــە ســـۆئالەکیش لـــۆمن بکـــە بزانـــە لۆوهـــە وەڕزم، هەموو دەمێم در توندە.

گۆتی هە ئۆندە؟!

گۆتی ئەریوەلا مەمنونیشم.

کـــابرا ڕۆیـــی، چـــیای کەتـــە پـــێش، وکـــی ســـەفێنێ خـــۆن بـــەدار و بـــار، وە دۆرەکـــــی وکـــــی شێخســــورەحمانی هەرگــــەڕا، کــــانیی دیتــــۆ، چــــوە سەکانییێ گۆتی ئەمن لۆ بەختێ خۆ هاتیمە.

مەزانـــە پیرەمێـــرد خـــدری زینـــدە بـــووە، هـــاتبوو لەپشـــت بـــەردەکیی خۆ شاردبۆ، گۆتی قومە ئاوەکی بخۆ بەختت لۆ دێتۆ.

وەلا قومە ئاوی خواردۆ.

گۆتی دەجە برۆ ئۆ بەخت هاتۆ.

کـــابرا هەســـتا بـــڕوە، وەبـــیری هـــاتۆ، گـــۆتی ئـــەدی کیـــژەکی گـــۆتیمێ لۆی پرسیارکەم کاخوە لۆ هەمو دەمێی در توندە.

پیرەمێردی گۆ: بریێ با لۆ خۆ مێردەکی بکا.

ئـــێ گـــۆتی: ئـــەدی ئـــێ پـــیرە باغـــەوانی، ئـــەویش ســـێ بنـــە مژمـــژەی هەنە بەری نادەن؟

گــۆتی: حــەفت کوپــە زێــر لــەبن ئــەو دارانــە هەنــە بــا دەریــان بینــی، دار بەریەدەن.

ئێــی هێــی، ئــەدی گــۆتی ئــێ ماســیێ، ئــۆ چــەند ســارە قــالبی بەژانــە، عەجمانی نەمێیا؟

گــۆتی پێــی بــرێ ئاقوتــەکی گــەورەی دە گــەرووی حاســێ بــوە، بــا فرەدە چاکەبی.

گــۆتی ئــەدی ئــێ شــێری بەســتەزمان؟ بویتــە هێســك و پیســت، ئــەرێ هەچاخۆم وەگیانم ناکەوی.

گۆتی با ئێکەکی گێل بخو چاکەبی.

خەنی بوو گۆتی بەختێ خۆم دیتۆ.. رێ و رێ گەراوە.

لــەو ســەری گەیشــتۆ کیژەکــەی، دیتــی ئــۆ ســەری وەچــۆکێ کردینــە، دنیای لێ وێك هاتیتۆ.

وەلا کابرا چوو کۆتی خەنیت لەخۆ، برۆ مێردەکی بکە چاکەبی.

گۆتی برێ بە خوای؟

بەخوای گۆتی ئەو هێیە.

ئێ گۆتی دەوەرە با مێردی بەتوو بکەم.

گــۆتی بابــە ئەمنــەتووم لۆچــیە، ئــەمن تــازە بــەختێ خــۆم دیتــۆ، چیشم بەتوە، برۆ لۆ خۆ مێردەکی دی بکە.

کورە گۆتی وەرە ئەمن کیژە پاشامە.

گــۆتی پاشــاو ماشــا نــاخوە، ئــەمن بــەختێ خــۆم دیتیتــۆ.. چــەندی گازیان کرد فایدەی نەبوو.

رۆیــی ڕۆیــی هــەتا گەیشــتۆ باخچــێ پیرەمێــردی، هــاواریکردێ: مــام جۆتتیــار، مــام جۆتیــار، ئــۆ ئــەو مژمژانــە حــەفت کوپــە زێڕیــان لــەبنن، دەریان بینە، بەریەدەن.

گــۆتی کەســی مــامی وەرە بــا وێکڕانیــان بــە نیــوە دەریــنین، ئــەمن چ تاقەت دەبە نەمێیا.

گــۆتی ئــۆ چــارێیەتوو، ئــەمن کوپــە لــیرەم لۆچــنە، ئــەمن بــەختێ خــۆم دیتۆ، تەواو.

چەندی پیرەمێردی لەبە پاڕاوە فایدەی نەبوو.

هەڕۆیی ڕۆیی گەیشتۆ ماسیێ.

ماســی لەبــە ژانــێ قــالبی چ جێــی پــێ جــێ نــەبوون، وکــی کــابرای دیــت گۆتی ئەرێ لۆت سوئال کردم؟

هــە ڕێ و ڕێ گــۆتی: ئــا، ئــەتو ئاقووتــەکی گــەورەت دەگــەروێ گــیر بووە، فڕەیدە چاکەبی.

ئــێ گــۆتی زۆر مــەمنون، بــەرا ئــەمن ئــاقوتی هــە فــڕادەم، وەرە ئــەتو لۆخۆ هەگرۆ.

کــوڕە گــۆتی ئــۆ بەڕاســتتە! ئــەمن چیشــم بــە ئــاقوتێ فڕەدرێیــا، ئــەمن بەختێ خۆم دیتیتۆ.

چەندی ماسییَ بانگ کرد، هە ئاوڕیشی لێ نەدانۆ.. ڕۆیی.

وکــی گەیشــتۆ کــن شــێری زۆر مانــدی ببــو، گــۆتی مــام شــێر ئــەمن بەختێ خۆم دیتۆ؟

گۆتی: کو؟

گــۆتی دەباشــە گەلــەکیش مانــدیم بــا بڕەکــی لەکنــەتو بســێمۆ و قسێشــت لــۆ بکــەم. وەلا هــەموو ئشــتی وکــی خــۆ لــۆ شــێری گێــڕاوە، بەحسی کیژێ و بەحسی کوپە زێڕ و بەحسی ئاقوتێ ماسیی.

شێری گۆ ئەدی ئێمن چ بوو.

گۆتی وەلا ئەگە ئەتو کەسەکی گێل بخۆی بەرات وێ نامینێ.

گۆتی ئوهە؟!

ئەرێ وەلا گۆتی ئوهە.

ئــێ گــۆتی بەهــەقی خــوای ســەد ســاری دی بگــەڕێم لــەتووم گــێلتر ناکەویتە بە دەستان.

کوڕە گۆتی خێربرێ مام شێر.

گــۆتی بــەناوێ خــوای ئیزنــت نــادەم، قــاتی بەتــەما نــی خــۆ بــەقوربانی توبکەم.

کابرای گێل بە گێلاتییێ خۆ چوو..

ئەمیش هاتمۆ، کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# خێری تێدا

هەبوو نەبوو پیرەژنەك و پیرەمێردەك هەبوون، عومرەكی دوور و درێژیان پێكەوە بەسەربردبوو، گەلەك بەدین و بە تەقوا بوون، زۆر فەقیربوون بەرا لەسە موسیبەتان زۆر بەسەبر بوون. بە پشێ خۆ شوكر بوون. هە چ ببا و نەببا، پیرەژنێ ئەگۆ خێری تێدا.

چلێ جستانێ بوو، رۆژەكی پیرەژن و پیرەمێرد چوونە داران، بڕەك لە ئاوایێ وەدوور كەتبوونۆ، چونكە دارێ هیشك لە ئاقارێ گوندی نەمابوون.

پیرەمێردی دەست و پێل سڕ ببوون، وەختی داركەرینێ تەورداسەكی لە ئەنگوستێ خۆ دا و پەلی دا.

پیرەژنێ برینەكەی بە تیلمە چارۆگەكی لۆ بەستاوە، گۆتی خێری تێدا.

پیرەمێرد زۆر توورە بوو، دە پیرەژنێی وەڕاخوڕیۆ گۆتی، پیرەژنێ كسۆك ئاخر خێر دە چ دا، ئەمن ئۆ ئەنگوستێ خۆم پەلدا.

پیرەژنێ لەسەخۆ گۆ خێری تێدا .

پیرەمێرد لەتاو ژانێ ئەنگوستێ خۆ چ جێی پێ جێ نەبوون، بە قسێ پیرەژنێش هەندەی دی دری وێكهاتبۆ، گۆتیە پیرەژنێ:

شەرت بی لەرکێ توو سەرێ خۆ هەگرم، بە پیرەژنێشی گۆ ئەتو هەڕۆ مارێ ..

پیرەژنێ بە نەرم و حەلیمی دارەکان خڕکردنۆ و گۆتی: خێری تێدا.

پیرەمێرد هەندەی دی تووڕەبوو. دەستی بە بۆرەبۆرێ کرد.

پیرەژنێ بارەدار لەپشتێ کرد و گەڕاوە مارێ.

پیرەمێرد هێشتا لە جێخۆ نەبزفتبوو، هەر هەندەی زانی کۆمەرە کەسەکی لێ پێیابوون، پیرەمێردی بەحەیاتی ئەو نەوعە کەسانەی نەدیتبوون، نەیزانی قەرەجن، دۆمن.. بەشەرن.. ئەجندەنە !

وکی ئەوانیش چاویان وە پیرەمێردی کەت خەنی بوون، دەناو گوشەکیان ناو لە پشتێ خۆیان هەردا.

رۆژە ڕێیەکی بە پێیان رۆیشتن، وکی پیرەمێردیان لە گوشی دەرینا، دیتی ئەو هەموو خەرکە خڕبووینۆ، دۆر کوتان و هەرپەڕینەکە نەسەری دیارە نەبن. لەولاش مەنجەرێ گەورە گەورە لەسە ئاگری داندراینە برقە برقیان دێ.

پیرەمێردیان بردە کن سەرۆکێ خۆ، هەندەك پیاوی لێ خڕ بوونۆ. کێرد و چەقوویان هینان بەتەما بوون بیکوژنۆ، بیکەنە قوربانی، بەرا وکی چاویاندێیا ئەنگوستەکی بڕییا.

سەرۆکەکەی خۆ لێ توڕەکردن، گۆتی: ئەو بەشەرە بەکەلك نێیا.

چــونکە لــۆ قوربــانییێ دەبــا بەشــەرەکی بــێ عــەیب و بــێ نوقســانی بی. وەللا پیرەمێردیان بەرەلاکرد.

پیرەمێــرد خــەنی بــوو، گــۆتی وەلــلا پیرەژنــێ ڕاســت گــۆ، بزانــە خێــری تێدابوو، ئەگە ئەنگوستم پەل نەدرابا، هەنکوە سەریان پەلەدام.

ماندی و سەرمابردی، بەغاردان گەڕاوە ماڕێ.

وکــــی پیرەژنــــێ دەرکــــە لێکــــردۆ دیتــــی پیرەمێــــرد کەشــــەنگ و سەرمابردی بووە، زۆریش ترسابوو.

بــە هــەرەتاوان ســۆبەی گــەرمکرد و دەبــن جێــی نــا، ئەجــە هەســتا ماشەکیشی لۆ لێنا.

وکــی پیرەمێــرد گــەرم بــۆوە و تێــری خــوارد، گــۆتی یــاڕەبی خوێیــا زۆر شــوکر، گۆتیــە پیرەژنــێ: بــە خــوای پــیرەژن قســێ تــوو بــوو، خێری تێدابوو ئەنگوستێ خۆم پەلدابوو.

ئــەوجا بەســەهاتێ خــۆی بــە دوور و درێــژی لــۆ پیرەژنــۆکێ خــۆ گێڕاوە.

پیرەژنــێ گــۆ بزانــە پیرەمێــرد خــوا چــەند بــە روحمــە؟ بزانــە کــوو خێری تێدابوو.

پیرەمێــردی گــۆ ئامــەنتو بــیللا، بــەرا گۆتیــە پیرەژنــێ باشــە ئــەدی وکــی گۆتمــەتوو بگــەڕێوە مــاڕێ گۆتــت خێــری تێــدا، ئــێ تــوو خێــر دە چ دابوو! ؟

پـــیرەژن پێکـــەنی گـــۆتی پیرەمێـــرد ئەگـــە دەگـــەتوو مابـــام، ئـــەتوویان بەرەلائەکرد و ئەمیشیانەکردە قوربانی.

هەردووك کەتنە سە پشتێ هەندی پێبکەنن.

# گرێمژ

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

هـــەبوو نـــەبوو خوشـــك و برێیـــاك هـــەبوون، خوشـــکەکە نـــاوی فـــاتم بـــوو و برێیاکـــــەش نـــــاوی ســـــەلیم بـــــوو، بـــــە فـــــەقیری و بـــــە بێکەســـــی گەورەببوون.

خوشکەکەی مێرد کرد، کوڕەکی بوو، سەلیمی ناو لێنا گرێمژ.

گرێمژ تازە وەسە پێیان کەتبوو وکی فاتمێ ئەمرێ خوای کرد.

ســـــــەلیمی خوارزێیـــــــاخۆی زۆر خۆشدەویســـــــت هـــــــەموو دەمـــــــێ دەگەخۆیەگێڕا، فێرە شەڕیە کرد.

وکـــی گرێمـــژ گـــەورەبوو، لـــە خـــارێ خـــۆ بـــەتێن تـــر بـــوو، ڕۆژەکـــی خەنجـــەری دە بـــــەردەکی چـــــەقاند، گۆتیـــــە خـــــارێ خـــــۆ بـــــزانم ئـــــەو خەنجەرەت پێ دەردێ؟!

خـــار ڕووبـــوە خەنجـــەرێ، بـــەرا چـــەندی کـــردی پێـــی نەهاتـــەدەرێ، خـــاری هەنـــدی قـــوەت دانـــە بـــەرەخۆ هـــەتا بێیـــاکی لێ بـــەربوو، گرێمـــژ زۆری پێ پێکەنی ئەجە بەخۆی خەنجەر لەبەردی دەرینا.

ڕۆژ بـــەڕۆژ ناوبـــانگێ گرێمـــژی لـــە پارەوانـــەتیێ زێـــتر براوەبـــۆ، ڕۆژەکـــی پاشای لەدوو نارد.

گرێمژی گۆتە خارێ خۆ دەبی دەگەرم بێی.

خـــاری گــۆتیٚ هــەردووك نەچــین باشــە، ئەگــە پاشــای نیــەت خــراپ بــی و حەپست کا، ئەمن لەدەریٚ بم حەولەکت لۆبدەم باشترە.

گریٚمژ چووە کن پاشای، سەلامی کرد.

پاشای گۆ: وەرە پیٚش.

گریٚمژ چ ترسی دەقالبیدا نەبوو، لیٚی چووە پیٚش.

پاشای گۆ: ئەزانی لۆچم لەدوو ناردی؟!

گریٚمژی گۆ: ناوەللا پاشام خۆش بی نزانم.

پاشــای تــازە کۆشــکەکی گــەورە دروســتکردبوو، دیــاربوو ئیٚکــەکی پــیٚ گۆتبــوو، ئــەو قەســرەی بــەس چلچــرای کمــە، لــۆییٚ پاشــای گۆتــە گریٚمژی دەبی چلچرام لۆ پیٚیا کەی.

گریٚمــژی گــۆ: پاشــام خــۆش بــی، ئــەمن نــزانم چلچــرا چــییەو لــەکیٚ هیٚیە!..

پاشــای گــۆ کــەیفیٚ خۆیتــت ئــەمن ییٚــك مانگــت مۆرەتیــەدەمیٚ، لــۆم نەینی لەسەرتەدەم.

گریٚمــژ بــە عیٚــدزی گــەڕاوە ك خــاریٚ خــۆ، خــاری گــۆتیٚ لۆوهــە عیٚــدزی خوارزا.؟!

گریٚمژی حار و مەسەلیٚ چلچرای لۆ خاری گیٚڕاوە.

خــاری گــۆ خــەمت نــەبی، ئــەمن بــرادەرەکم هیٚیــە ســەری لــەو ئشــتانە دەرەچی.

وێکــڕا چــوونە کــن بــرادەرێ خــاری، پیرەمێردەکــی ڕزی و تــوری، لــە کۆریتــەکی تاریــك و بــۆن دووکــەر بــەتاقی تــەنێ ئــەژیا، ســەلامیان لێکرد، سەلیمی جێ چلچرای لە پیرەمێردی پرسی.

پیرەمێردی گۆ ئەنگۆ چلچراو لۆچییە؟!

گرێمژی گۆ: پاشای لێ خواستیمە، ئەگە لۆی نەبەم لەسەرمەدا.

پیرەمێــردی گــۆ: کــوڕە لاو چلچــرا بــەتوو نێیــا، ســەرێ خــۆ هــەگرەو برۆ.

گرێمژی گۆ ئەتوو جێیەکەم پێشاندە هەقت نەبی..

پیرەمێــردی گــۆ: ئەگــە پێــت بــرێم یــەعنی ئەتنێرمــە رێ مردنــێ، گــۆتی بەقسێ مامێ خۆ کەی لۆخۆ برۆ ئێرە بەجێ بێرە.

گرێمژی ئێقێ پیرەمێردی بەرنەدا هەتا جێیەکەی پێشاندا.

گۆتیە خارێ خۆ ئەمنە ڕۆم.

خاری گۆ ڕاوەستە با ئەمیشت دەگە بێم.

گرێمــژی گــۆ بــا کەســم دەگــە نــێ، ئــەمن بەتــەنێ چــم (دەدرێ خۆیەگۆ با کەس دەگەمن بە فەتارەت نەچی).

چــەندی خــاری لەبــە پــاڕاوە، گرێمــژ لێنەگــەڕا وەگــەری کــەوی.

بەتەنێ ڕێی هات و نەهاتێی گرتەبەر.

لــە ڕێیــەکی لادا و لــەکن تــانۆکێ باخچــەکی لــەبن ســیبەرێ دار تووەکی پارداوە و خەوی لێکەت.

مەزانــە ئــەو ڕێیــە ڕێ کــانییَ ژنــان بــوو، وکــی ژن لەســە کــانییَ گــەڕانۆ، دیتیــان کــوڕەکی هەنــد نــازدار لــەبن دار تــویَ خــەوی لێکەتیــە، گرێمــژ زۆر مانــدی ببــو لــۆییَ خــەوەکی قــۆری لێکــەتبوو، ئاگــای لــە ژنــەکان نەبوو.

وکــی ژنــەکان لــە دیــاری راوەســتان، دیتیــان کوڕەکــەی چ هەســت و خوســت دەبەدانیــە، گۆتیــان دەبــی نووســتبی یــان مردبــی، هــەرگێڕو وەرگێریــانکرد، گۆتیــان ئــۆ زندیــە، بــەری و باغــەریان کۆرینــۆ بــەس پارچــە قاقــەزەکیان دیتــۆ هەنــدەك خــەت و مــەتی لێ کرابــوون. ژنــەکی زۆرزانیــان تێــدا بــوو، پارچــە قاقەزەکــەی لێ شــاردۆ، دە دریَ خــۆی گۆ ئەگە ئەو پارچە قاقەزە موهیم بی، ئۆ لەدوەگەڕێ.

وکــی گرێمــژی خــۆ جولانــدۆ ژنــەکان چــوونە پــەنیَ تــانۆکی خۆیــان شــاردۆ. گرێمــژ هەســتاوە خــۆی تونــد کــردۆ، دەســتی دەبــەرییَ ڕاکــرد خەریتــەی دەرینــی، دیتــی چ خەریتــەی دەبــەرییَ نــەمێیا، زۆر تــەنگاو بــوو، هــەموو بــەری و باغــەریَ خــۆ گــەڕا چــی نــەدیتۆ، ژنەکــە لــە پــەنیَ تــانۆکی زانــی ئــەو قاقــەزە زۆر موهیمــە، فکــری لــۆ هەنــدیَ چــوو خــەریتیَ کوپــە زێــڕان بــی، دە فکــریَ خــۆی گــۆ لــۆ مێــردیَ خــۆ بــەمۆ، با ئەو بچیتە سە خەزێنیَ.

گرێمــژ بــە درســاردی کــەتۆ ڕێــی، وکــی گەیشــتە ئــاواییَ، گەلــەکی برسی ببو، لایدا ماریَ پیرەژنەکی لۆ نانی.

کیــــژێ مارەکــــەی گرێمــــژ ناســــیۆ، دیــــاربوو ئــــەویش دەگــــەرەو ژنانــــە دابوو وکی لەڕێ کانیێ گرێمژیان دیتبوو.

کیــــژ چ کیــــژ، نــــە بکــــەی نــــەبخۆی بــــەس تەماشــــێ گــــەردەنێی کــــەی، کیژێ ئەوهە نازدار، بەس ئەگە لە هەقێیاتان هەبن.

پیرەژنێ کەشکەك لێنابوو، گۆتی بەخوای ڕۆرە کەشکەکەی هیشك و بریشکن هێیە، نزانم پیێ ڕازی یا دوو هێلکۆکانت لۆ دەڕوونی کەم!؟

گرێمژی گۆ هەر چ هێیە بەزیاد بی، لە کەشکەکێ خۆشتر، گۆتی بەس بـڕەکم بنکرِی لۆ دەگە دانێ.

گرێمژی لەگەنە کەشکەکەك خوارد و رۆیی، بەرا دری هە لەکن کیژەکەی بوو، کیژەکەش لۆ گرێمژی شێت ببوو.

لــــەولاش ژنەکــــەی خەریتــــە دابــــوە مێــــردێ خــــۆ، ئەویشــــی ئەوهــــە تێگێیاندبوو لەو قاقەزەی جێ کوپە زێران دیارکرێیا.

پیاوەکــــەی لــــە تــــەماعیان کــــەس دەگــــەخۆ نــــەبرد و بەکەسیشــــی نــــەگۆ ئۆ کێواچم، رێ و ڕێ بە دوو خەریتەکەیدا چوو.

گرێمــــژی ئۆنــــدە وەبــــیر مــــابوو، چــــیێیاکی دێتــــە پــــێش وکــــی پشــــتێ حوشترێ، چیێیاکەی لە دووری دیت.

خــــەنی بــــوو، بــــەرا وکــــی هەمــــەتی لێ کــــرد جــــێ پێیەکیــــەدیت بــــە عــــەینی ڕێیدا رۆییە، جێ پێیەکەش تازێیە.

دەدرێ خۆیدا گۆ دەبی ئەو کەسەی خەریتێ من نەدیتبیتۆ؟

دری ترسا گۆتی بەخوای ئەگە پێشی من بگاتێ چلچرایەبا، گۆتی ئەدی ئەمن کو بگەڕێمۆ ك پاشای؟!

شەقاوێ خۆی گورجکردن. وەدو شوون پێکەی کەت.

هەڕۆیی ڕۆیی زانی لەمێژنیە تێپەڕیە.

کابرای مێردێ ژنەش، ئەیزانی ساحێبێ خەریتەی لەدوو دێ، لۆیێ بە عەجەلا ڕۆیی وەبی پێشی وی بگاتێ و کوپە زێڕەکان دەرینی.

گرێمژ وکی دیتی دێوەکی هەندی کەرتکە شاخەکی دەگە پیاوەکی بەشەڕدێ، هەتا گەیشتێ پیاوەکەی کەلوکۆم کردبوو، بە عاستەمی روح دەبەمابوو، گرێمژی گەیشتێ و شەڕی دەگە دێوێ سۆر کرد، دێوێ وکی دەستی راوەشاند لاشاخەکیەرووخاند.

بەرا گرێمژ زۆر بە فەندو فێر بوو، خۆی لێ لائەدا و خەنجەرەکی ئەخێوراندێ، دێوی بەخەنجەران شل و کوت کرد.

دێو کەتە گۆڕێ، کەپوو و لێوێ دێوێی بڕین و دە دەسرۆکەکی وەرپێچان، چوو چلچرای هەگرت ، کەلەشێ کابرای برینداریشی لە پشتێ کرد و بەڕێ خۆدا گەڕاوە.

وکی گەیشتۆ ئاواییێ دیسا چۆ ماریێ پیرەژنێ، کەلەشێ کابراشی لەوێ دانا، وکی پیرەژنێ چاو وە کابرای بریندار کەت، دەستی بە هات و هاوارێ کرد گۆتی وەی کۆرەبم برازا.

هـــەموو خـــەرکی ئـــاواییێی وەســـە خـــۆ گێـــڕا، وەیزانـــی گرێمـــژی وەلێکردیە.

گرێمـــژی گـــۆ داکـــیٚ مـــن ئـــەتوو ئۆلـــۆ وهـــە لەخۆکـــەی؟ نـــەکردی و نـــەخواردی لـــەسمێرانم مـــەیی.. گۆتیـــە خـــەرکی راوەســـتن بـــا مەسەلەکەو لۆبگێڕمۆ

وکـــی گـــۆتی دێـــویٚ ســـۆرم کوشـــتیە، کـــەس بـــاوڕ پـــیٚ نـــەکرد، هـــەتا کەپو و لێویٚ دێوێی پێشان دان.

کیژەکـــە خـــەنی بـــوو، گـــۆتی ئـــەمن حـــەفت بـــرام هەنـــە ئـــۆ حـــەفت ســـارە لەو چیاو چۆلەیەگەڕێن هەتا تۆریٚ بابیٚ خۆ لە دێویٚ سۆربکەنۆ.

خەبـــەریان دا برێیاکـــان، وکـــی برێیاکـــان گـــەڕانۆ و چـــاویان وە کـــەپوو و لێـــویٚ دێـــوی کـــەت، گۆتیـــان ئەمـــە وەعـــدن بـــەداکیٚ خـــۆ دابـــوو هـــەتا تـــۆریٚ بـــابیٚ خـــۆ لـــە دێـــویٚ ســـۆر نەکـــەینۆ نێینـــۆ، بـــەرا ئـــۆ ئـــەتوو دێـــوت کوشت، گۆتیان چت دەویٚ هەتا لۆت بکەین.

گرێمژی گۆ وەللا ئەگە خوشکیٚ خۆم دەنیٚ..

گۆتیـــان ئەمـــە هـــە ئـــەو تاقـــە خوشـــکەن هێیـــە لـــۆییٚ ئەگـــە بـــەخۆ رازی نەبی ناتدەینیٚ، ئەگە رازیش بوو ئەمە هەر حەفت برا ڕازینە.

وکـــی پرســـیان بـــە خوشـــکیٚ خـــۆ کـــرد گـــۆتی ئەگـــە ئـــەنگۆ ڕازی بـــن ئـــەمیش رازیمـــە. مـــاوە مەســـەلیٚ کـــابرای برینـــدار، ژنیـــان بـــانگ کـــرد، مـــەجبوور بـــوو، مەســـەلیٚ قاقـــەز دزینـــیٚ و کوپـــە زێـــڕی بگێڕتـــۆ.

خەرکەکـــەی نزانـــی نـــە بـــە ئـــاقرێ ژنەکـــەی پێبکـــەنی نـــە لـــۆ حـــارێ کابرای بگرییێ.

گرێمژی دەستێ بوکێ خۆ گرت و گەڕاوە، چلچرای لۆ پاشای برد.

وکـــی پاشـــای زانـــی ژنـــەکی جوانیشـــی دەگـــە خـــۆ هینێیـــا، چلچـــرای وەبیر نەما.

هەســـتا فێرەکـــی رێکبێخـــی و گرێمـــژی لـــەناو ببـــا هـــەتا ژنەکـــەی مارەکاتۆ، پرس و تەکبیری بە دارودەستێ خۆ کردن.

گۆتیان نابی بیکوژی دەنا خەرکن لێ دەرەبیتۆ.

گۆتی ئەدی تەکبیر.

ئێکـــەکی گـــۆ پاشـــام خۆشـــبی بـــانگی کـــە بـــرێ دەبـــی بچـــی گـــەنجێ ســـولەیمانم لـــۆ بینـــی، ئەگـــە هینـــای ســـەت ژنـــی بـــەقوربان بـــی، ئەگـــە نەیهینا ژنێی ماراکەیۆ .

پاشای لە دوو گرێمژی نارد.

گرێمـــژی لـــە فکـــرێ خـــۆ وەیـــەزانی پاشـــای لـــۆ خـــەرات کردنـــێ لـــەدوو ناردیـــە، وکـــی چـــوو پاشـــای بـــە تـــوڕەیی گـــۆتێ دەبـــی گـــەنجێ سولەیمانم لۆ بینی..

گرێمـــژی گـــۆ پاشـــام خـــۆش بـــی ئـــەمن چســـوانم گـــەنجێ ســـولەیمانی چییەو لەکێیە؟!

پاشـــای گــۆ کـــەیفیٚ خۆیتـــت، مانگـــەکت مۆرەتیـــەدەمیٚ ، هینـــات باشـــە نەتهینا لەسەرتەدەم.

گریٚمـــژ چـــۆوە کـــن خـــاریٚ خـــۆ، حارومەســـەلیٚ پاشـــا و گـــەنجیٚ سولەیمانی لۆ گێڕاوە.

سەلیمی گۆ خوارزا ئۆ لۆ هەندێیتی بتفەوتینی.

گرێمژی گۆ ئەمنی پیٚ نافەوتیٚ.

ســـەلیم مـــەجبوور بـــوو دەگـــەری چـــۆوە کـــن پیرەمێـــردی، پیرەمێـــرد زۆر نـــەخۆش و بێتاقـــەت ببـــوو، گۆتیـــە گرێمـــژی بەقســـیٚ مـــامیٚ خـــۆ کـــەی دەســـتیٚ ژنـــیٚ خـــۆ بگـــرەو لێـــرە بـــڕۆ ئـــەو پاشـــێیای تـــەماحی دەژنیٚ کردی.

سەلیمی گۆ: ونیە بام.

گرێمژی گۆتە پیرەمێردی ئەوجارەشم پیٚ بریٚ هەقت نەبی.

پیرەمێـــــردی تاقـــــەتیٚ وێڕاچـــــوونیٚ نـــــەمابوو لـــــۆییٚ ڕێوشـــــوونی پێشاندان.

گرێمـــژ چـــۆوە کـــن ژنـــیٚ خـــۆ گـــۆتی ئـــەمن ســـەفەرەکم هاتیتـــە پـــێش، ئەتو ئاگات لەخۆ بی و چ خەمیٚ منت نەبی.

ژنەکـــە زۆر گریـــاو پـــاڕاوە گـــۆتی مەچـــوو، وکـــی زانـــی هەرەچـــی گـــۆتی دەبـــی دەگـــەخۆم ببـــەی، لـــە مـــاریٚ بـــابم دانـــیٚ. گرێمـــژی گـــۆ ڕێم ئەو ڕیٚ نییە، نتانم دەگەخۆتبەم، بەرا گۆتییٚ زۆرم پێناچی.

گرێمژی بوخچە نانەك هەگرت و كەتەڕێی.

هـــەڕۆیی ڕۆیـــی، مانـــدی بـــوو، لـــەبن دارەكـــی كانییـــەك هـــەبوو بڕەكـــی لـــەویٚ پـــارداوە، كانیەكـــەی جۆگەلـــە ئـــاوەكی لەبـــەرەڕۆیی، كۆمـــەرە مێروەكـــی دیـــت نێیانـــەتانی لـــە جۆگـــەی بپـــەڕنۆ ئەوبـــەری، گرێمـــژی دارەك لۆ دانان مێروەكان بە ئاسانی لەساپەڕینۆ.

سـەرۆكیٚ مێـروان دوو لاقـە مێـرووی دانـیٚ ، گـۆتی لـەكێت ئـیش بەمـە بـوو، لاقـەكان لێـك بخشـینە ئەمەتەگەینـە هـاواریٚ، گرێمـژی لاقـەكان هاویتنە دوڕ باغەریٚ و ڕۆیشت.

بڕەكـــی دی ڕۆیشـــت، دیتـــی فەرخـــە كێشـــكۆكەك لـــەناو دڕیـــان عاســـیٚ بـــووە، دەریهینـــاو هەنـــدەك نـــان و ئـــاوی دایـــیٚ و لەســـە كـــەدە دارەكیـــی دانا و ڕۆیشت.

بابـانیٚ كێشـكەی ئاگـا لیٚ بـوو، بـانگی گرێمـژی كـرد گـۆتی وەرە ئـەو پەڕامووچەت دەمیٚ، بیهاوێیە هەر ئشتەكی شل توندییەكا.

گرێمـژی پـەڕامووچ لیٚ وەگـرت، ئەویشـی هاویشـتە باغـەریٚ. ڕۆیشـت ڕۆیشـت هـەتا گەیشـتە نـاو جەنگەرسـتانەكی، شـەوی بەسـەدا هـات لەترسیٚ دەعباو دڕوجانەوەران چووە سە دارەكی برند.

سـبەینیٚ لـە دەنگـیٚ گریـان و پێكەنینـەكی واگـا هـات. بـەرا بـە چ دەنگـەكی ئەتـەگۆ خـەڕەكان غلۆرەكـەنۆ. وكـی چـاویداییٚ دیتـی دێـوەك دەمـەكی پێكـەنی و دەمەكیشـەگرییٚ، ئاگـای لـە كـەس

نـــەمابوو، لێـــی چـــووە پـــێش دیتـــی ڕسمـــەکی دەدەســـتیدێیا، وکـــی تەماشێ کاتێ لۆیەگریێ، وکی لەبن پێخۆ دانێ پێکەنی.

بڕەکیـــدی لــــە دارێ هاتـــە خـــوارێ و ســـەری بەســـە داگـــرت، وکـــی چـــاوی وە ڕسمەکـــەی کـــەت، ڕسمـــێ کیـــژەکی هەنـــد جـــوان ئەتـــەگۆ حۆرییـــە. گرێمـــژ لـــۆی شـــێت بـــوو، لـــە تـــاوان گـــەنجێ ســـولەیمانی هـــە وەبیر نەما، کەتە فکر و خەیارێ ئەو کیژەی.

خـــۆی لەتۆقـــەرێ دارێ کڕکـــرد هـــەتا هێـــوارێ دێـــو گـــەڕاوە مـــارێ، ســـــەبر ســـــەبر وەدووی ڕاچـــــوو، وکـــــی دێوەکـــــە چـــــووە کـــــونێ ئەشـــکەفتێ، دیتـــی ئـــۆ هـــە ئـــەو کونێیـــە وکـــی پیرەمێـــردی لـــۆ وەســـف کردیە، یەعنی گەنجێ سولەیمانیش هە لەوێیە.

شـــەوێ بـــە هـــەر نەوعـــەکی هـــەبوو خـــۆی گێیانـــدە نـــاو ئەشـــکەفتێ، وکـــی دیتـــی دێـــوێ کیژەکـــەی نـــاو ڕسمـــی دە ئەشـــکەفتێ کردیـــە، گرێمـــژ وکـــی فکـــری کـــردۆ دێوەکـــە گەلـــەك بـــە تـــێن و تاقەتـــە نـــەوێرا خـــۆی لەقـــەرەی دا، خـــۆی لـــە قوژبنـــەکی شـــاردۆ هـــەتا بەرەبـــەری ســـبەینێ، دیتـــی دێـــوێ ســـێ فـــەردە بـــرنج و نیســـك و ماشـــی تێکـــەرکردن و لـــە پـــێش کیژەکـــەی هـــەر ڕێشـــتن و گوشـــەکانی بـــە بـــەتاری فڕەدانـــە پـــێش، بـــەردەکی گـــەورەی بـــەکونێ ئەشـــکەفتێ وەنـــاو ڕۆیـــی، نـــاو ئەشکەفتێ تاریکداهات، چاو چاوی نادیت.

وکی دێو ڕۆیی، گرێمژ هاتە کن کیژەکەی.

کیژەکـــەی زراو چـــوو، بـــەرا وکـــی گرێمـــژی قســـە دەگـــە کـــردن، زانـــی ئـــۆ بەشەرە، خەنی بوو.

گرێمـــژی لـــە کیژەکـــەی پرســـی گـــۆتی ئـــۆ دێـــویَ ئـــەو مـــاش و بـــرنج و نیسکەی لۆ تێکەرکردن؟!

گـــۆتی ئەگـــە بتـــانم هەرســـێکان لێـــك جوداکـــەمۆ ئـــەو بـــەردە لـــەپێش ئەشـــکەفتیَ لاکـــەوی، بـــەرا هـــەتا دنکـــەك لـــە گـــۆڕیَ مـــابی بەردەکـــە نـــاجوولیَ، گـــۆتی ئـــۆ چـــەند ســـارە هـــەموو رۆژیَ ئـــەوە حـــاریَ منـــە.

گرێمـــژی گـــۆ: بـــەرکی هـــەتا هێـــواریَ بتـــانین بەهـــەردووکان لێکیـــان جودا کەینۆ، دەستیان پێکرد.

لـــە تاریکیـــان هیچـــیان نادیـــت، بـــەرا بـــە دەســـتی ئێیـــان ناســـینۆ، بەرەبـــەری هێـــواریَ داهـــات هێشـــتا گەلـــەکیان مـــابوو، زۆریـــش مانـــدی بـــوون، دوایـــیَ گرێمـــژی مێـــرووی وەبیرهـــاتنۆ، لاقـــە مێروەکـــانی لێـــك خشـــاندن، هـــەر هەنـــدەی زانـــی مێـــروو پێیـــا بـــوون، ســـەرۆکیَ مێـــروان گۆ ها گرێمژ چ هاوارە؟

گرێمـــژی گـــۆ ئـــەو کۆمـــەرە مـــاش و بـــرنج و نیســـکە تێکـــەرن لێکیـــان جـــودا کـــەنۆ و هـــەر ئێکـــی بـــە جـــودا بێخنـــە گوشـــەکی، مێروەکـــان لـــیَ وەراران هەنـــدی دەمـــیَ بـــرنج و نیســـك و ماشـــیان لێـــك جـــودا کردنـــۆ، بەرا دەرکیَ ئەشکەفتی هە نەبۆ.

گرێمژی گۆ نابی ئێك دنکیش لەگۆڕیَ بمینیَ.

بــە هـــەموو مێـــروان گـــەڕان دیتیـــان دنکـــە برنجـــەك لـــە نـــاو کەلـــەنێ ئەنگوســـتێ پـــێ کیژەکـــەی مێیـــا، ئەویشـــیان هێخســـتە نـــاو گوشـــی و دەرکـــێ ئەشـــکەفتێ وارا بـــۆوە، کیژەکـــەی گـــەنجێ ســـولویمانی پێشانی گرێمژیدا، دەسندووقەکی داردابوو.

گرێمژی سندووق هەگرت و دەستێ کیژەکەی گرت و هەراتن.

وکـی دێـو گـەڕاوە مـارێ لـە دووری دیتـی دەرکـێ ئەشـکەفتێ کرایتـۆ، بـە غـار چـۆ ژۆرێ وکـی دیتـی نـە کیـژ نـە گـەنجێ سـولویمانی هیچـیان نەماینـــە، شـــێت و هـــاربوو، یێـــك بـــەخۆی هـــاوارەکرد، لـــەو چـــییێیانە دەنگیـــەداوە، وکـــی گرێمـــژ و کیژەکـــەی گـــێ لـــە دەنگـــێ دێـــوێ بـــوو، هەنـــدەی دی پێیـــان بـــەغارێ وەنـــا، دێـــویش بـــە غـــاردان کەتـــە دوویـــان، لـــۆقی هەنـــد درێـــژبوون هـــە فرتکـــەکی هەنـــدی ســـەت شـــەقاوێ وان بـــوو، عاردی دەگە هەرەژاوە.

کیژەکـــە بـــێ تاقـــەت ببـــوو و گرێمـــژیش ســـندوقی وێ بـــوو و دەســـتێ کیژەکەشی گرتبوو، لۆیێ بەرەبەرە دێویان لێ نێزیکەبۆ.

گەیشـــتنە روبـــارەکی گەلـــەك بـــە خـــوڕ، نـــەوێران خـــۆ لێـــدەن، لـــە پشـــتۆش دێـــو بەرەبـــەرە نێزیکـــە بـــۆ، کیژەکـــەی گـــۆ ئەگـــە ببینـــە تـــەیر ئەگەنا تازە حیسابن تەواو.

گرێمـــژ دەگـــە ئـــەو قســـەی پەڕاموچـــێ کێشـــکەی وەبیرهـــاتۆ، لـــە باغـــەرێ ی دەرینـــاو دە روبـــاری هـــەرینا، هـــەتا پـــەڕینۆ، دێـــو گەیشـــتە

نیـــوەی ڕوبـــاری، گرێمـــژی پـــەڕامووچ لـــە ئـــاویّ دەرینـــا، روبـــار وکـــی جاران لێهاتۆ و دێوی دەگەخۆ برد.

گرێمـــژ وکـــی گەیشـــتۆ شـــاریّ خـــۆ، ســـندوقیّ گـــەنجیّ ســـولەیمانی لـــۆ پاشـــای بـــرد، پاشـــا خـــەنی بـــوو. بـــەرا وکـــی زانـــی ژنـــەکی وکـــی حۆریانیشـــی لۆخـــۆ هینـــایتۆ لێـــی وەفێرکـــەتۆ، بـــە دارو دەســـتیّ خـــۆی گۆت ئەوجارەی ئشتەکم پیّ برێن گرێمژی پیّ بچی.

ئێکەکی گۆ پاشام خۆش بی دەعوای جامیّ جەمشیدی لیّ بکە.

پاشای لەدوو گرێمژی ناردۆ گۆتی برۆ جامیّ جەمشیدیم لۆ بینە.

گرێمـــژی گـــۆ پاشـــام خـــۆش بـــی ئـــەمن جـــامیّ جەمشـــیدی لـــەکیّ بیـــنم، ما ئەمنەزانم جامیّ جەمشیدی هە چشە؟

پاشای گۆ یێك مانگت مەجالە، دینی بینە، ناینی لەسەرتەدەم.

دیســـان گرێمـــژ چـــۆوە کـــن خـــاریّ خـــۆ، گـــۆتی خـــارە پاشـــام واز لیّ نایني، دەبی ئەو جارەشم عیلاجەکی لیّ بکەی.

خـــاری گـــۆ گرێمـــژ ئـــۆ جـــاریّ ئێکـــەمو دووەم نیـــە، هەجارەکـــە پاشـــا لەســـەرتەدە، بەقســـیّ خـــاریّ خۆکـــەی دەســـتیّ ژنـــەکانی خـــۆ بگـــرەو لێرە برۆ، پاشای غێیا دەگەتوو خراپە.

گرێمـــژی گـــۆ نتـــانم ئێـــرە بـــەجێبێرم، گۆتیـــە خـــاریّ خـــۆ بـــەس ئەوجارەشم دەگە وەرۆ کن پیرەمێردی..

خاری گرێمژ بردۆ کن پیرەمێردیّ پیتۆر.

وکـــی چـــوون پیرەمێـــرد بـــەروحیٚ وەبـــوو، گۆتیـــە گرێمـــژی ئـــەو پاشـــێیا تەماعی دە ژنەکانی توودا، دەیویٚ بتفەوتینی و ژنانت مارەکاتۆ.

گرێمـــژی گـــۆ عـــیلاجم چـــنە، ئـــۆ دەعوێیـــا جـــامیٚ جەمشـــیدی لیٚ کردیمـــە، پیرەمێـــردی گـــۆ ئـــەمن وا مـــرم بـــەرا وەرە ئـــەو نەینۆکـــەی ببـــە بـــریٚ ئـــۆ جـــامیٚ جەمشـــیدیە، بـــەرا زۆر هەشـــیاری بـــە هـــەرکێی دەو نەینۆکـــەی وەڕامینی، ئەبیتە گورگ و کەفتیار.

گرێمـــژ و خـــاری نـــەینۆك لـــە پیرەمێـــردی وەگـــرت و پەڕۆکـــەکیان بەسەدادا، هێشتا ئەوان لەویٚ بوون وکی پیرەمێرد مرد.

گرێمـــژ دەگـــە خـــاریٚ خـــۆ چـــۆ مـــاریٚ وان، بیســـت ڕۆژەکـــی خـــۆ بزرکـــرد، تـــەکبیریان کـــرد ســـەلیم نـــەینۆکیٚ لـــۆ پاشـــای ببـــا و بـــریٚ گرێمـــژ لـــەڕێی مردیـــە و ئـــەو ئشـــتەی نـــاردیتۆ لۆتـــو بیـــنم، بـــەرا دەبـــی ئەمـــەش ئیـــزن دەی هەتا بچین مەیتی گرێمژی بینینۆ.

وکـــی مـــانگی پێچـــوو، ســـەلیم چـــووە کۆشـــکیٚ پاشـــای ئیزنـــی لـــە پاشـــای وەگـــرت و نەینۆکەکـــەی بەجێهێشـــت، زوو مـــارو منـــدارو خـــزم و کەســـیٚ خۆی بە فێریٚ مەیتیٚ گرێمژی لە شاری بردنە دەریٚ.

لـــەو ســـەریش گرێمـــژی هەنـــدەك بـــرادەری ئـــازای خڕکردبونـــۆ، ئینتیـــزاری ســـەلیمیانەکرد. وکـــی لـــە کۆشـــکیٚ پاشـــای نـــەینۆکیان کـــردۆ هـــەموو وێکـــڕان چـــوونە بـــەر نـــەینۆکیٚ و تێوەڕامـــان، هـــەر ئۆنـــدێیان زانی هەموو بووینە گورگ و یٚ کەفتیار.

وكـــی دڕ و جانـــەوەران كەتنـــە نـــاو ئێـــك، دوێیـــا بەربوونـــە ئـــاوایێ.
گرێمـــژ بـــە خـــۆو بـــەخار و بـــە بـــرادەران هـــاتبوونۆ ئـــاوایێ، دەگـــە خەركی دەستوەكەریان لە پاشاو لە دارودەستەكەی كردن.

هەموویان كوشتن و كەلەشیان دەبن عاردی نان.

ئەجـــە گرێمـــژ چـــوە قەســـرێ پاشـــای، پەڕۆكـــەكی بەســـە نـــەینۆكێ دادا، چوو ئەویشی دەبن عاردی نا.

خـــەركی گۆتیانـــە گرێمـــژی دەبـــی ببیـــە پاشـــێیا مـــە، بـــەرا ئـــەو رازی نەبوو، ئەجە سەلیمیان كردە پاشا.

ئەمیش هاتمۆوە كارەكم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.

## عاجباتی

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە پێغەمبـــەری خۆشەویستتر نەبوو.

ئـــەگێڕنۆ ئـــەرێن جـــارەکی لـــە ئاواییـــەکی مـــارەك منـــدارەکیان بـــوو، ئەتگۆ عاجباتیە، چ وە بەشەران ناچوو.

جەرگـــە فرەنـــادرێ. داکەکـــەی وکـــی منـــدارێ ســـاوا ئـــەیکردە مەلۆتکـــەو شیریەدایێ، بە جوانیی بەخێوەکرد.

لـــەوی عاجبـــاتی تـــر، ئـــەوەبوو، ئـــۆتی ئـــەو مـــارەی ئـــەو منـــدارەبووە، هـــــەموو شـــــەوێ نەفـــــەرەك لـــــەو ئاواییـــــەی لـــــەمارێ لـــــەناوجێ خـــــۆ ئەخورێ.

کـــەس نەیـــەزانی ئـــەو ئشـــتە چـــییە بـــە خـــەرکی ئـــاوایی فێربـــووە، فکریان لۆ چ ناچوو، قەتیان ئشتێ وەه نەدیتبوو.

ئـــەوی لۆخـــۆ زوو هـــەرات و ئـــاوایی بەجێهێشـــت دەربـــازبوو، ئـــەوی مـــابۆ شـــەوێ لەترســـانی خـــەو لێناکـــەت، چـــەندی نۆبەتیانـــەگرت، ئـــەو ئشتە ناکەتەبەرێ، هەموو شەوێش ئێکەك هەرەخورا.

لـــەمارێ ئـــەو منـــدارەش کـــوڕەکی گـــەورێیان هـــەبوو، نـــاوی ئەحمـــەد بـــوو، زۆر ئـــازاو بـــە غـــیرەت بـــوو، شەوانەچـــووە دەرێـــی ئـــاوایێ خـــۆی دائەنووســـــاند، بزانـــــی ئۆچـــــیە دێتـــــە ئـــــاوایی و خەرکییـــــەخوا. شـــەوەکی شـــێرەکی دیـــت، گـــۆتی ئـــۆ کەتەبـــەرێ، دەگـــەری کەتـــە

عـــاردانیٚ، گەلـــەکیان ئێکـــدی بـــەولا و بەولایـــدادا، شـــتاق لەبـــە ئەویـــدی نەبەزی، هەردووك ماندی بوون.

شـــێری گۆتـــە ئەحمـــەدی: بەڕاســـتی ئـــەتوو زۆر پـــارەوانی نـــامویٚ چـــیدیت شـــەڕی دەگەبکـــەم، حەیفـــە ئـــەتوو چـــت لێبـــیٚ، گـــۆتی ئـــەمن ئـــەو نیمـــە ئەویـــەتوەرێی خـــەرك و لێخـــوە، بـــەس هـــا ئـــۆ دوو داوە مـــویٚ خـــۆت دەمـــیٚ ، هـــە وەختـــەکی کەتیـــە تەنگانـــەی ئـــەو دوو داوە موانـــە لێکدە ئەمنت دەهاواریٚ دێم. شێر رۆیی.

چـــەند شـــەوەکی دی پێچـــوو ئـــەوجارەی شـــەپار هـــات، ئەحمـــەدی گـــۆ ئەوجارەی کەتەبەریٚ، دەگەویش کەتە گەوزگەوزانیٚ.

لـــەوی گـــەوزەك لـــەوی گـــەوزەك، کـــەس لەبەکەســـی دانـــەینا، هـــەتا هەردووك ماندی بوون.

شـــەپاری بـــە ئەحمـــەدی گـــۆ بەڕاســـتی ئـــەتوو زۆر پـــارەوانی، ئـــەمن چـــیدی شـــەڕت دەگـــە ناکـــەم، ئـــەمن ئـــەو نیمـــە ئەویـــەتوەرێی خـــەرك و لێخـــوە، بـــەرا هـــا ئـــۆ دوو داوەمـــویٚ خۆتـــدەمیٚ وکـــی کەتیـــە تەنگانـــەی لێکیاندە ئەتگەمە هاواریٚ.

چـــەند شـــەوی دی لـــە دەوروبـــەریٚ ئـــاوایی مـــاوە، چ فایـــدەی نـــەبوو، گـــۆتی بابگـــەڕێمۆ بـــزانم لـــە ئـــاوایی چ بەحســـە، کـــیٚ مێیـــا کـــیٚ خورێیـــا. وکـــی گـــەڕاوە ئـــاوایی، دنیـــا چـــۆل و هـــۆل بـــوو، وێچـــوو کەســـی تـــیٚ

نــەمابی، گــۆتی بابچــم بــزانم لــە مارێمــە چ قــەومێیا، ماینــە یــا ئــەوانیش بارکردیە؟

وکی چۆ ماریێ چ ببینی؟!

دیتــی ئــۆ برێیــا عاجباتیەکــە داکــیێ خــۆ خــوە، لــە تــاوان قــەرەمی شــکان، دەســتی پێداشــۆڕ بوونــۆ، عاجبــاتی کەســی دە ئــاوایێ نەهێشــتبوو، ئــەوجا بــاب و خوشــك و داکــیێ خۆشــی خواردبــوون، بــەس ئەحمــەد و ئــەو بەتــەنیێ مــابوونۆ، ئەحمــەد لــە لێیــاکی برێیــاخۆی بــوو، زگــی پــیێ ســۆتا بیکــوژی، وکــی ئەشــی زانــی داك و بــاب و خوشــك و خــەرکی ئــاوایی خواردیــە، ڕکــی لیێ ئــەبۆ، ئەشــی زانــی ئەگــە نــەیکوژی ئەویشــەخوا، لــۆییێ پڕیــداییێ، ددانــیێ مندارەکــەی وکــی مشــاری بــوون، هەنــدی دەمــیێ بەشــەرییەکردە دوو کــەرتك، ئەگــە ئەحمــەد هەنــدە بــەتێن نــەبا و مندارەکــەش تێــر نــەبا، ئەحمەدیشــی کەرتکەکرد، بەرا ئەحمەدی تانی خۆی لەبە چەنگی دەرینی.

مندارەکــەی ســەرادوو ئەحمــەدی نــا و ئەحمــەدیش بــە هــەموو قــوەتیێ خۆی غارەدا، شێر و شەپاری وەبیرهاتنۆ.

وەلــلا هــە دەگــە بــای غــاریێ مــویێ هــەردووکانی لێکــدا، گــۆتی شــێر بیگرە شەپار پارچەپارچەی کە.

شــێر و شــەپاری لیێ پێیــابوون، بــە هــەردوانیان پــڕدا منــداری و پارچــە پارچێیانکرد.

ئەحمـــەد چـــۆوە مـــاریٚ. وکـــی خەبـــەر براوبـــۆ ئەحمـــەدی عاجباتیەکـــە کوشـــتیە، ســـەبر ســـەبر خەرکەکـــە گـــەڕانۆ ســـە مـــار و حـــاریٚ خـــۆ، ئەحمەدیان کردە براگەوریٚ گوندی و ژنەکیان لۆهینا.

ئەمیش کارەکم دڕا و هیچم پیٚ نەبڕا.

# عەزۆ ترسنۆك

هـــەبوو نـــەبوو پیـــاوەك هـــەبوو نـــاوی عـــەزیز بـــوو، ناوبـــانگی بـــە عـــەزۆ ترســـنۆك دەدووچـــوو بـــوو، لـــە هـــەموو ئشتەکیەترســـا، رۆژەکـــی مشـــکەکی دیـــت، لەترســـانی قـــەرەمێ دەســـت و پێیـــانی شـــکان، خـــۆی لـــە بێـــرێ دا، بێـــر بـــەربۆ وە مشـــکی کـــەت، مشـــك دەمودەســـت تـــۆپی، عـــەزۆ ترســـنۆك وکـــی دیتـــی مشـــکەکە تۆپیـــە، هـــاواری کـــرد وەرە ژنـــێ شـــێرەکم کوشـــت، مەزانـــە لـــە دەرێ دوو کەســـی غەریبـــە گێیـــان لـــە عـــەزیزی بـــوو وکـــی هاواریـــەکرد شـــێرم کوشـــتیە، گـــەڕانۆ مەملەکـــەتێ خـــۆ، چـــوونە ك پاشـــای گۆتیـــان پاشـــام خـــۆش بـــی، ئەمـــە لـــە فلانـــە جێی شێرکوژەکی پێزانین.

لـــەو مەملەکەتـــەی چـــەند ســـارەبوو شـــێرەکی ژیـــان لـــە خـــەرکی تێکدابوو، کەس ناوێرا لێی نێزیك بیتۆ.

پاشای گۆتنێ برۆن بە هەر نەوعەکی بی ئەو شێرکوژەم لۆ بینن.

قاســـید لـــەکن پاشـــای ڕا هاتنـــە مـــارێ عـــەزیزی، گۆتیـــان ئێـــرە مـــارێ عەزیز شێرکوژیە؟!

عەزیزیش لە شەرمان گۆ بەرێ، ئەمن عەزیزم.

گۆتیان پاشای لەدوو ناردی.

عەزیزی زراو چوو، گۆتی پاشای چیش بەمنە!؟

گۆتیان چ نییە، هە حەزێکە پارەوانەکی وکی توو بناسی.

ژنەکــەی بــە عــەزیزی گــۆ مــاخرا دە هــەڕوو خــۆ پاشــا دەعبــا نییــە بتخوا.

وەللا عەزیز ناعیلاج وەگەریان کەت.

وکــی چــوونە ك پاشــای، پاشــا بــە کــەیف و پێکــەنین بــە پــیر عــەزیزی وەچـــوو، عـــەزیزی بەحـــەیاتی خـــۆ ئـــەو مەرحەمەتـــەی لەکـــەس نەدیتبوو.

پاشــای عــەزیز لــە تەنشــتەخۆ دانــا، گــۆتی ئەمــە پارەوانــەکی وکــی توون هێیە و نەنناسیە؟!

عــەزیزی نزانــی نــە گــەمانی پێکــا نــە بەڕاســتیتی. ســەری دەبــەخۆ نــابۆ هیچی ناگۆ.

پاشــای گــۆ عــەزیز مــادام ئــەتوو شــێرکوژەکی هەنــدە بەجــەرگ بــی، ئەمــە چــەند ســارە شــێرەکی ڕێ ئــەو بــاغ و باغاتــەی لێ گرتینــە دەبــی ئەو شێرەش لۆمە بکوژی.

عــەزیزی چــەندی هینــاو بــردی گــۆتی ئــەمن ئــەو پارەوانــە نیمــە ئــەوی ئــەنگۆ تێــی گەیشــتینە، لــە پاشــای وابــی ئــۆ عــەزیز لــە پیــاوەتی ئەوهــە خــۆ بــە لاواز پێشــانەدا، هــەمودەمێ پیــاوێ ئــازاو قارەمــان شــەرمێ کەن بەحسی قارەمانیێ خۆ بکەن.

پاشای گۆ کاك عەزیز ما پارەوانی کووە، ئەگە وکی توو نەبی.

عەزیزی بڕەك خۆ گرخاند.

پاشای گۆ هەنکوە هەر چ بی دەبی ئەو شێرەش لۆمە بکوژی.

عــــەزیزی ویســــت دیســــان درێــــژەی بــــداتێ، پاشــــای خــــۆ لێ تــــووڕەکرد، گۆتی دیارە بەتەمای ئەمرێ من بشکینی.

عەزیزی لەترسان زمان تێك ئارا.

پاشــــای گــــۆ ئێــــك حەفتــــەت مۆرەتیــــەدەمێ، خــــوازانی یــــان شــــێر یــــان ئــــەتوو، دەبــــی یێکــــو لەهــــەردووکان بمــــری. گــــۆتی ئــــەوجا چــــت پێــــدەوێ بخوازەو زوو دەست بە ئیشێ خۆ بکە.

عــــەزیزیان لــــە دیوەخــــانێ بــــردە دەرێ. ســــەر لەشــــکر هاتــــە کــــن عــــەزیزی گۆتی چت دەوێ با لۆت حازر کەین.

عــــەزیزی ئــــەو دەمــــی هەنــــدی برســــی ببــــوو، گــــۆتی ســــەلە نانــــەك و بیست سی هێلکێ کورای.

وەلــــلا تێلەگــــە نانــــەکی ڕشــــاو جۆرکــــە هێلکــــەکی کورێیــــان لــــۆ عــــەزیزی حــــــازرکردن و شــــــێر و خەنجــــــەریان لێ قــــــەیم کــــــردن و بردیانــــــە نــــــاو ئەوجەنگەرستانەی شێرەکەی لێبوو، بەتەنێیان بەجێ هێشت.

عــــەزۆ ترســــنۆك ســــەبر ســــەبر لــــەدوو وان گــــەڕاوە، لــــە پــــێش دەرکــــێ جەنگەرســــــتانێ حــــــەرەس راوەســــــتا بــــــوون، گۆتیــــــان بگــــــەڕێوە نەکوەتگرین ئەتبەینۆ ك پاشای.

لــــە ترســــان گــــەڕاوە ناوجەنگەرســــتانی، چــــووە ســــە دار تــــووەکی برنــــد، دەســــــتی بــــە هێلکــــە خــــواردنێ کــــرد، دە پــــازدە هێلکــــەی کــــورای

خــواردن، پاشــی دەســتی بــەتوو خــواردنێ کــرد، تووشــی ژانــە زگــێ بــوو، ســەرو دری تێکچــوون، هــەناوی بــە هێلکــەی بۆگــەنی ببــوو، لــەو وەختــیش نــەرە نــەڕێ شــێری هــات، عــەزیزی لەترســان تێلــەگێ نــانیی لێ بــەربۆ، لــە شــێری وابــی کەلەشــە حەیوانــە، بــەغار هاتــە بــن داریٚ، خــەریکی بوخچــە نانەکــەی بــوو، عــەزیزی لەســەدارێ دەســت و پێــی شــل بــوون، کەتــە خــوارێ کەتــە ســە ســەرێ شــێری، تونــدی خــۆ دە ڕدێنــێ شــێری گــرت، لەترســان یێــك تێلەگــە گــوی دەبنــەخۆکرد، مەزانــە هەنــدی هێلکــێ کــورا و تــوو خواردبــوون، تووشــی زگچــوونێ ببــوو، بــۆنێ پیســاییێی هەنــد بۆگــەنی بــوو و بەســە دمــو لــووتێ شــێری چــۆڕابۆ، شــێری خــوا خوابــوو، ئــەو کەلەشــەی لەســە ســەرێ خــۆ فــڕەدەو هــەرێ، بــەرا عــەزیزی هەنــد بــە تونــدی خــۆی دە ســەر و ردێنــێ شــێری گرتبــوو، شــێر بــەو هــەموو قــووەتێ خــۆ نــەیتانی عــــەزیزی لــــەکۆرەخۆ کــــاتۆ، هەنــــدی خــــۆ بــــەولاو بــــەولای دادا، بۆنەکەش هەندی گێژکردبوو، شێر کەتە ئەو گۆڕەی.

عــەزیزی وکــی شــێر دیــت هەناســە ســوار و بــێ تاقــەت بــووە، لــە ترســێ روحێ خۆ بە خەنجەران کەتە سە شێری شل و کوتی کرد.

وکــی هەمــەتێ خــۆی دا بــەو نەوعــەی چ بگــەڕێتۆ، وەلــلا لــە کانیــەکی گــەڕا، خــۆی خــاوینکردۆ و جلکــێ خــۆی شوشــتن، وکــی کزربونــۆ دەبــەری کردنــۆ، ســەرێ شــێری لێکــردۆ و لەجەنگــەری هاتــە دەرێ،

وکـــی حەرەســـەکان عـــەزیزیان دیـــت ســـەرێ شـــێری وێیـــە، زوویـــان ســـواری ئەســـپەکی کـــرد و بردیـــانۆ کـــن پاشـــای، پاشـــای باوڕنـــاکرد، کـــوو عـــەزیزی عـــەینی رۆژ تـــانیتی شـــێری بکـــوژی. دەنـــگ و دۆر براوبـــۆ عـــەزیزی شـــێر کوشـــتیە، لـــەنۆ پـــاش خـــەرك بـــەبێ ترســـی لۆخۆچـــتە سەیرانێ ناو باغ و باغاتی و مازی و گروانان.

پاشای گۆ سبەینێ لە پێش چاوێ رەعیەتی عەزیزی خەراتەکەم.

قەســرەك و زێــڕ و پــارەکی باشــی دایــێ، عــەزیزی مــارێ خــۆ هینــا ئــەو شـــارەی، مـــاوەکی پێچـــوو، خەبەریانـــدا پاشـــای گۆتیـــان لەشـــکرێ رۆمێ لەڕێیە دێ مەملەکەتن داگیرکا.

پاشــا هــەر چ ســەر لەشــکر و شــەڕکەری هــەبوون بــانگی کــردن، کــەس نــەوێرا بــەرەو ڕوێ لەشــکرێ رۆمــێ ببتــۆ، گۆتیــان پاشــام خــۆش بــی ئەو شەڕە بە عەزیزی نەبی  بە کەس ناکرێ.

پاشــای لــەدوو عــەزیزی نــارد، گــۆتی عــەزیز ئــۆ لەشــکرێ رۆمــێ لەڕێیــە دێ مەملەکـــەتن داگیرکـــا، بـــەرا ئەمـــە ئەگـــە قارەمانـــەکی وکـــی تـــوون هەبی،  عەیبە هە لێبگەڕێن لە زێش بپەڕیتۆ.

عــەزیزی چــەندی رجــا کــرد گــۆتی پاشــام خــۆش بــی ئــۆ شــەڕە شــەڕ، دەبـــی بـــە تـــەگبیر و پـــیلان بـــی، گـــۆتی ئەمنـــەکی نـــەزان کـــوو ســـەرم لـــەو ئشـــتانە دەرەچـــی، گـــۆتی ئـــەدی ئـــەتو ئـــەو هـــەموو شـــەڕکەر  و سەرلەشکرەت لۆ چنە؟!

پاشـــای گـــۆ: عـــەزیز هـــەنکوه وکـــی جـــاریٚ گـــۆرینیٚ مەکـــە، وەختـــی خـــۆ گرخانـــدنیٚ نییـــە، چـــت پێـــدەویٚ دەعـــوا بکـــە، ئەگـــە شەڕیشـــن لـــۆ ناکەی با لە هەنکۆوه وکی خائین و ترسنۆکان سەرت پەلدەم.

عـــەزیزی فکـــر کـــردۆ گـــۆتی وەختـــی شـــەڕی لۆخـــۆ هـــەردێم. بـــە پاشـــای گۆ ئەسپەکی خورتم لۆ حازرکەن.

پاشای گۆ تەکبیرو پلانیٚ شەڕت چنە؟

گۆتی لۆ ئەو رۆژی لێگەڕیٚ.

وەلـــلا لەشـــکریٚ رۆمیـــان تـــەواو نێزیـــك بـــۆ پاشـــای بـــانگی عـــەزیزی کـــرد، گۆتی ئۆ لەشکر گەیشتە سە زێی کا ئەتوو چت کردیە؟

عـــەزیزی گـــۆ پاشـــام خـــۆش بـــی لـــۆم بـــانگی ســـەر لەشـــکر و شـــەڕکەران کـــەن، پاشـــای بـــانگی سەرلەشـــکران کـــرد، هـــەموو هـــاتن، عـــەزیز رێوشـــونیٚ شـــەڕیی لـــۆ بەحســـکردن، گـــۆتی بـــڕۆن ئـــەنگۆ هـــەموو لـــەو بـــەری زێـــی لـــەڕێزیٚ پێشـــۆ راوەســـتن، ئـــەوانی دی بـــا هـــەموو لەپشتەنگۆ راوەستن، ئەمیش لە پشت هەمانەبم.

ســـەر لەشـــکران گۆتیانـــە پاشـــای ئـــۆ کـــوو شـــەڕ ئـــەوهابی، ئەمـــە دەبـــی لەچـــەند لێیـــان پێشـــەی لـــە لەشـــکری بگـــرین، هـــەیێکی نەوعـــە قسەکیەکرد.

عـــەزیزیش خوتتـــەی ئەوهـــەبوو وکـــی ئـــەوان کەتنـــە شـــەڕی ئـــەو لەپشتۆ لۆ خۆ هەریٚ.

پاشـــاش گۆتـــە عـــەزیزی ئـــەوە چ خوتتـــە نییـــە ئـــەتوو شـــەڕی لـــە زدی لەشکرێ رۆمێ پێبکەی!

عـــەزیزی گـــۆ ئەگـــە ئێکـــی لـــەمن باشـــتر و هێیـــە بـــا ئـــەو ببتـــە ســـەر لەشکر. هەمان مل حیز کرد.

پاشای گۆ عەزیز چارێ وەبکەن.

سەرلەشـــکر هـــەموو چـــوون لـــە رێـــزێ پێشـــۆ ڕاوەســـتان، ئـــەوانی دیـــش لەپشـــتەوان خـــڕ بوونـــۆ، ئەســـپیان لـــۆ عـــەزیزی هینـــا، ئەســـپ بـــە حێیـــاتی دەرێـــی نـــەدیتبوو، وکـــی شـــێتان بـــوو، کـــەس نـــاوێرا لێـــی نێزیـــك بیتـــۆ، بـــە دەکەســـانیان گرتبـــوو، عـــەزیز هـــە نـــەوێرا بچـــتە پـــێش، گـــۆتی لـــۆم لـــە دارەکـــی ببەســـتنۆ، ئەســـپیان لەناوقـــەدێ ڕا لـــە دارتـــووەکی ئەستوور بەستۆ.

لەوبـــەریش لەشـــکرێ رۆمـــێ هاتـــە ســـە زێـــی، ســـەر لەشـــکرێ وان لـــە خـــــوتتێ شـــــەڕی زۆر زیـــــرەك و زۆرزان بـــــوو، هـــــەمووی چـــــەند ســـــەت کەســـەکی دەگـــە دابـــوو، ئـــەوانی دی بـــە فێـــر هەموودابـــەش کردبـــوون، وکـــی هاتـــە پـــێش و بـــە دووربینـــی چـــاویدا لەشـــکرێ بەرامبـــەر دیتـــی لـــە دوو هـــەزار کەســـی زێـــترە، گـــۆتی ئـــۆ لێـــرە دوو هـــەزار کەســـیان هـــەبی، دەبـــی لـــە لێیاکـــانی دی چـــەندیان دانـــابن، بـــڕەك دامـــاو ترســـی لێ غـــارب بـــوو، چـــۆوە بـــن خێمـــەی خـــوتتێ خـــۆ بگـــۆڕی. عـــەزیزیان ســـواری ئەســـپێ کـــرد، ئەســـپ وکـــی زانـــی زەلامـــی ســـواری ســـە پشـــتێ بـــووە،

وكـــی شـــێتانی لێهـــات، عـــەزیزی گـــۆ لـــە ئەســـپێم ببەســـتنۆ، ئەســـپ بـــە هـــەموو قـــوەتیٚ خـــۆ بـــەولاو بەولایـــەجوولا، هـــەتا ئـــەو دارە گـــەورەی لـــە ریشـــارۆكان دەرینـــا، عـــەزیز وەختبـــوو بكەویتـــە خـــواریٚ، لەترســـان یـــەك بـــەخۆی هـــاوارەكرد: كـــوڕە ئـــەی هـــاوار كـــەتم، ئەســـپیٚ وكـــی فڕفڕۆكێـــی بـــەولاو بەولایەســـووڕاند، پـــێش چـــاوی تاریـــك ببـــوو كەســـی نادیـــت، هاواریـــەكرد ئـــەنگۆ لەكێنـــە، ئـــەی هـــاوار كـــەتم. ســـەر لەشـــكرەكانیش وكـــی گێیـــان لـــە دەنگـــیٚ عـــەزیزی بـــوو، وێیـــانزانی هجوومـــە، ئەســـپیٚ خۆیـــان تـــاودا، عەســـكەرەكانیش وكـــی عـــەزیزی كردیانـــە هـــات و هـــاوار، لەوبـــەری لەشـــكریٚ رۆمـــیٚ دەگـــە ئـــەو هـــاتوو هـــاوارەی قـــەرەمیان شـــكان، ســـەر لەشـــكریٚ وان وكـــی هاتـــە دەریٚ گێی لە دەنگیٚ عەزیزی بوو هاواریەكرد راوەستە كەتم..

كوڕە كەتم..

گێـــی لـــەناویٚ خـــۆ بـــوو، مەزانـــە ســـەر لەشـــكریٚ رۆمـــیٚ نـــاوی (كـــەتم) بـــوو، هـــەناوی پســـان، گـــۆتی بـــەخوای دیـــارە هـــەموو ســـڕ و تـــڕیٚ مێیـــان لەكنـــە، دەنـــا كوویـــان زانـــی ئـــەمن ســـەر لەشـــكرم، بـــەخوای ئەوەبی بەڕوحێم بانگەدا.

هـــەر ئۆنـــدەی پێكـــرا ســـواری ئەســـپیٚ خـــۆ بـــی و گـــەوەی بـــداتۆ و هـــەریٚ، هـــەموو لەشكرەكەشـــی وەدوو كـــەت، هـــەتا نەگەیشـــتنۆ وراتـــیٚ خۆ ڕانەوەستان.

عـــەزیزیش ســـەبر ســـەبر پـــەتك و گوریســـی بـــە خەنجـــەرێ بـــڕین و خـــۆی لەسە ئەسپێ فڕەدا. وەللا هەریان گرتۆ.

خەرکەکـــە عـــەزیزیان لەســـە ملێخـــۆ دانـــاو بـــە دۆر کوتـــانێ گـــەڕانۆ پـــێش کۆشـــکێ پاشـــای. پاشـــای وکـــی لـــە دووری گێـــی لـــە دەنگـــێ دۆرێ بـــوو، خـــەنی بـــوو گـــۆتی ئـــۆ کێڕانـــوو بـــردۆ. پاشـــای خـــوتتێ عـــەزیزی زۆر پـــێ مهـــیم بـــوو، گـــۆتی مـــادام هەنـــدە زیرەکـــی و تانیـــت بـــە بـــێ وەی یـــەك قـــەترەخێن بـــرژێ و ببـــەیۆ، دەبـــی ئـــەتوو بکەمـــە وزیـــر. وەلـــلا عـــەزیز بـــوە وزیـــر و ناوبـــانگێ ئـــەو بردنـــەوەی گەیشـــتە هـــەموو مەملەکـــەتان، کـــەس نـــەوێرا جـــارەکی دی تخـــوونی ئـــەو مەملەکەتـــەی کەوی.

عـــەزیز لـــۆ خـــۆ کەتـــە کـــەیف و ســـەفێیاو ئـــەمیش لەوســـەری هـــاتمۆ، کارەکم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.

# ڕەزیل

هـــەبوو نـــەبوو لەشـــارەکی کابرێیـــاکی زۆر ڕەزیـــل هـــەبوو، ئـــەو پیـــاوە دری نـــەدەهات تێـــر بـــەزگیٚ خـــۆ نـــان و ئـــاوێش بخـــوا، وەنـــەبی فـــەقیر بـــی، مـــرك و مـــارەکی زۆری خڕکردبـــۆ، بـــەرا گەلـــەك ڕەزیـــل بـــوو، ژن و منداریٚ خۆشی لەبرسان هیشکۆر کردبوون.

هـــەموو نەوعـــە ئیشـــەکییەکرد، ئەگـــە گۆتبێیـــان لـــە دووریـــیٚ حـــەفت شەو و حەفت رۆژان لە جێیەکی درهەمەکی لێیە، بەپێیانەچوو.

رۆژەکـــی منـــدارەکی نـــەخۆش بـــوو، گۆتیـــان ئەگـــە جـــەرگ و نـــاوەکی لۆ بکڕن و لۆی سۆرکەنۆ بخوە چاکەبی.

ژنەکـــەی گـــۆ پیاویژگـــە دەبـــڕۆ جـــەرگوناوەکی لـــۆ ئـــەو ســـەبیلۆکەی بکڕە.

پیاوەکـــەی گـــۆ باشـــە، چـــووە کـــن قەســـابی گـــۆتی جـــەرگ و نـــاو بەچەندیە؟

قەسابی گۆ بە حەفت درەمانە.

پیاوەکەی گۆ ئۆلۆ هەندە گرانە؟!

کـــابرای قەســـاب ڕەزیلەکـــەی باشەناســـی، گـــۆتی ئـــەرێوەللا لێـــرە گرانـــە بەرا لە شاری بە روبعەکییەکڕی.

کـــابرای ریٚ شـــاری گرتەبـــەر، نیـــو رۆژەڕێیـــی بـــە پێیـــان رۆیـــی هـــەتا گەیشتە شاری.

چووە کن قەسابەکی گۆتی جەرگ و ناو بەچەندیە؟

کابرای قەساب گۆ: بە هەشت درەمانە.

گۆتی: ئەدی لۆ لەگوندی بەمنیان گۆ لە شاری بە پێنج درەمانە؟

کابرای قەساب زانی ئەو پیاوە گەلەك ڕەزیلە و لە گوندی ویستیتیان ماندیی کەن، ئەویش گۆ ئەرێ وەلا، بەرا لێرەنا، شارەك لە پشت ئێرێیە لەوێ بە سێ درەمانە.

کابرای ڕەزیل کەتەڕێی، وکی گەیشتە شاری هێوارەی بەسەدا هات، بە عەجەلە چووە تکانێ قەسابی، بەرا قەپات بوو.

پیاوەکی لێ پێیابوو، بەخێراخۆ لۆ شەوێی دەگە خۆ بردۆ مارێ، ژنێ کابرای وکی زانی مێوانیان هات چوو شیوەکی خۆشی لێنا.

وکی شیویان دانا کابرای ساحێب مار گۆتیە ژنێ خۆ بخۆین ئەجە بکوتین، یا بکوتین ئەجە بخۆین.

ژنەکەی گۆ ئەوڕۆ لەبە خاتری مێوانی ئەخۆین ئەجاکوتین.

کابرای زراو چوو، وەیزانی دەگەویتیان.

ساحێب ماری زانی مێوانەکاترسێ، گۆتی برا ئەتو نانێ خۆ بخۆ ئەجە مەسەلەکەت لۆ گێڕمۆ.

کابرای مێوان تێری نانخوارد، وکی هەموو لەنانی بوونۆ، ژن و پیاوەکە چوونە هۆدەکی دی لەوێ بە خوترمان کەتنە سە قەبرەکی، وکی تێریان کوتاوە گەڕانۆ کن مێوانی.

**مێوانی گۆ پێم نارێن ئۆ ئەنگۆ چوەکرد؟!**

کـــابرای گـــۆ بـــرام چـــت لێبشـــێرمۆ ، ئـــۆ قـــەبرێ مێـــردێ پێشـــی ئـــەو ژنێیـــە، ئـــەو مێـــردە پیـــاوەکی گەلـــەك ڕەزیـــل و قرچـــۆك بـــوو، قـــەت دری ناهـــات پـــارەی لـــۆ مـــار و منـــدارێ خـــۆ ســـەرف کـــە، روحـــی دەگـــە درەمـــــەکی دەهاتـــــە دەرێ، مـــــرك و مـــــارەکی زۆری خڕکردبـــــۆ، بـــــەرا لەبرســـــان تووشـــــی نەخۆشـــــیان بـــــوو و ســـــندانی گەیشـــــتێ، ئـــــەمیش ژنەکـــەم مـــارەکردۆ و هـــەنکوە بـــە پێپانـــە مـــرك و مـــارێ وییـــەخۆین و خـــەلاس نـــابی. لـــۆیێ هـــەموو هێـــواران یـــان پێشـــی نـــانی یـــان پاشـــی نانخواردنێ هەتا دەستن شلەبی قەبریەکوتین.

شـــەوێ کـــابرا دەخـــەوێی دیـــت ئـــۆ لـــەناو قەبریـــە و ژنـــێ وی دەگـــە پیـــــاوەکی بـــــە مـــــەترەقان لێیـــــەدەن و پارەکانیشـــــیان هـــــەموو لـــــە پێشەخۆ هەر رێشتیە و لۆخۆ خەرجەکەن.

کـــابرای ڕەزیـــل ســـبەینێ دەگـــە مەلابانگـــدانێ بەعەجەلـــە ســـواری وراغـــەکی بـــوو و گـــەڕاوە گونـــدێ خـــۆ، زۆری ئشـــت لـــۆ ژن و منـــدارێ خۆ کڕی.

وکـــی چـــۆ مـــارێ ژن و منـــدارەکان گـــۆ ئۆکـــوە ئـــەو هـــەموو ئشـــتەت کڕیە؟!

کابرای گۆ هەتا نەیان خواردیە و نەیان کوتییە با بەخۆ بخۆین.

## گورگ و ڕیوی

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، جـــارەکی شـــێرەك و گورگـــەك و ڕیویـــەك لـــە جەنگەرســـتانەکی گـــەوراژیان، ڕۆژەکـــی ڕیـــوی تووشـــی گورگـــەکی برســـی بـــوو، کـــەلکێ هـــەراتنێی نـــەبوو، گـــورگیش خـــۆی لێ خۆشـــکردبوو بیخـــوا، ڕیـــوی لـــە فـــرت و فێرەکیەگـــەڕا خـــۆ پـــێ قورتـــار کـــا، گۆتیـــە گـــورگی: مـــام گـــورگ وێچـــی لە ڕێیەکی دوور هاتبی و زۆریشت برسی بی؟!

گورگی گۆ: ئۆکوتزانی؟!

گـــۆتی ئـــەتوو لەنیـــەتێ خـــۆ گورگـــەکی گەلـــەك باشـــی لـــۆیێ خـــواش باشت لۆ دینی.

گـــورگی ســـەر لـــە قســـێ ڕیـــوییێ دەرناچـــوو، گـــۆتی: ڕیـــوی قـــەت لـــەوەی باشـــترم لـــۆ نەهاتیـــە، ئـــۆ خـــوا ئـــەتووی لـــۆ ناردیمـــە و لەبەدەستانیشـــم قورتار نابی.

ڕیـــوییێ بـــە پێکـــەنین گـــۆ: مـــام گـــورگ وەرە وەگـــەرم کـــەوە، شـــێری وزیـــرێ دەســـتە راســـتی مردییـــە و ئـــەمنی لـــۆ دوو تـــوو ناردیـــە، وەرە ئەو فرسەتەی لەقیسە خۆ مەدە.

گـــورگی پـــێ بـــڕوا کـــرد، وەگـــە ڕیـــوییێ کـــەت، وکـــی گەیشـــتنە پـــێش قەســـرێ شـــێری، ڕیـــوییێ بـــە گـــورگی گـــۆ: ئـــەتوو لێـــرە ڕاوەســـتە هەتادێمۆ دووت.

گـــــورگی گـــۆ باشـــــە، وەلـــــلا لـــــەویٚ راوەســـــتا چـــــاوەڕیٚ ڕیـــــوێی کرد.

ڕیـــوی چـــووە کـــن شـــێری گـــۆتی پاشـــام خـــۆش بـــی، ئـــۆ گورگـــەکم لـــۆ پێیاکردی لەنۆپاش گۆشتیٚ مەڕیت عایدی وی.

شێری گۆ کاخوە بابیٚ بی بینم!.

ڕیوی گەڕاوە کن گورگی، گۆتی وەرە با بچینە کن شێری.

وکـــی گـــورگی چـــاو وە شـــێری کـــەت زراوی چـــوو، وکـــی شـــێریش چـــاو وەو گورگـــە لـــەڕ و لاوازەی کـــەت دە دریٚ خـــۆی گـــۆ ئـــەو گورگـــە پیســـە کـــو مـــەڕی پـــیٚ دێـــن، بـــەرا پێـــی گـــۆ: لـــەو دەمـــەی هـــەتا ســـبەینیٚ ئـــەو وەختەی دوو مەڕم لیٚ دەوێی.

گورگ وکی هاتە دەریٚ گۆتیە ڕیویێ تووشی چت کردم؟

ڕیـــویٚ گـــۆ لـــەوەی ئاســـانتر نییـــە، دەگـــەمن وەرە بابچـــین دوو مـــەڕان بیـــنین. ڕیـــوی وەپـــێش کـــەت و گـــورگی بـــردە نێزیـــك گونـــدەکی، لـــە دووری مێگەلـــــە مـــــەڕەکی پێشـــــان دا، گـــــۆتی ئەمنەچـــــمە پـــــێش، کســـــۆکەکان ســـــەرادوومنەنێن، ئـــــەتووش بـــــڕۆ دوو مـــــەڕی قـــــەرەو لیٚ بگرە.

وکـــی کســـۆکەکان ســـەریان دەدوو ڕیـــویێ نـــا، لـــەولای گـــورگ چـــوو دوو مـــەڕی قـــەرەوی لێگـــرتن، هـــەتا کســـۆکان زانـــی، گـــورگی هـــەردووک بردن.

ڕێـــوی و گـــورگ لـــەولای گەیشـــتنۆ ئێکـــدی، مـــەڕەکانیان لـــۆ شـــێری بردنـــۆ، شـــێر کەتـــە ســـە مـــەڕەکان هـــەتا تێـــری لێ خـــواردن، ئەجـــە گۆتیە گورگ و ڕیویێ وەرن ئەنگۆش پشێ خۆ بخۆن.

ماوەکیان بەو نەوعەی بردەسەرێ.

ڕۆژەکـــی ڕیـــویێ گۆتـــە شـــێری: پاشـــام خـــۆش بـــی هـــەق وێیـــە، هەنـــدەك قەریەی لۆ جستانێ بکەین.

شـــێریش بـــە گـــورگی گـــۆ دووســـێ مـــەڕی دابەســـتی بینـــە وەبـــی ڕیـــوی بیانکاتە قەریە لۆ جستانێ.

گـــورگی ســـێ چـــار مـــەڕی دابەســـتی هینـــان و تەســـلیمی ڕیـــوێی کـــردن.

ڕیـــوییێش مـــەڕەکانی کردنـــە قەریـــەو دەنـــاو کووپـــەکی گـــەورەی کـــردن، لـــە کەونـــە کـــۆریتێ شـــێریی تەقـــەت کـــرد، بـــەس شـــێر و گـــورگ و ڕیـــویی جێ ئەو کوپە قەرییێیان پێزانی.

شـــەوەکی ڕیـــویێ زۆری حـــەز چـــوە قەریـــەی، گۆتیـــە شـــێری ئـــۆ مـــارێ بـــەرازی منـــدارەکیان بـــووە لـــە دویـــان ناردیمـــە بچـــم نـــاوەکی لێ بنـــێم، شێریش گۆ دەبڕۆ.

ڕیـــوی چـــوە زگ کوپـــە قەریـــەی وکـــی دری لێداکـــەت، ســـەری تەقـــەت کردۆ و هاتۆ.

شێری گۆ ها مام ڕیوی مندارەکەت ناوی چ لێنا؟!

ڕیویێ گۆ: سەرلێسۆك.

شـــێری گـــۆ وەلـــلا بابـــە نـــاوەکی خۆشـــت لێ نێیـــا. (شـــێر دە مەخســـەدێ ڕیـــوییێ نەگەیشـــت، ڕیـــوییێ لـــە کوپـــە قەریەکـــەی، قـــەرییێ سەرێی خواردیە).

پـــاش مـــاوەکی ڕیـــوییێ حـــەزی چـــۆوە قەریـــەی، گۆتیـــە شـــێری ئـــۆ مـــارێ کتکی لەدوو ناردیمە مندارەکیان بووە ئەچم ناوی لێنێم.

شێری گۆ دەبڕۆ..

ڕیـــوی چـــۆوە زگ کوپـــە قەریـــەی و تێـــری لێ خـــوارد، ســـەری تەقـــەت کردۆ و چۆوە.

شێری گۆ ها مام ڕیوی مندارەکەت ناوی چ لێنا؟

ڕیوییێ گۆ: ناوەندۆك.

شێری گۆ ئەو ناوەش گەلەك خۆشە.

چـــەند ڕۆژەکـــی دی پـــێ چـــوون، دیســـان ڕیـــوییێ گۆتـــە شـــێری: ئـــۆ مـــارێ بزنـــێ لـــەدوو ناردیمـــە منـــدارەکیان بـــووە ئەچـــم نـــاوەکی لێ نێم.

شێری گۆ: دە بڕۆ.

ڕیـــوی چـــۆوە زگ کوپـــە قەریـــەی و هـــەمووی ســـاف کـــرد و بنـــێ کـــوپی لێستۆ، سەرێ کوپی وکی جاران داپۆشیۆ و گەڕاوە کن شێری.

شێری گۆ ها ڕیوی ئەوەت ناوی چ لێنا؟

ڕیوییێ گۆ: بن لێسۆك.

شێری گۆ ئۆ ئەتو ئەو ناوە خۆشانە لەکێ دینی.!؟

ڕیوی پێکەنی.

پاش قەدەرەکی جستان داهات و خواردن کم بوو، شێری گۆتە گورگی برۆ هەندەك قەریەن لۆ بینە با بخۆین.

گورگی گۆ باشە. وکی گورگی سەرێ کوپی کردۆ دیتی چی تێنەمێیا، بە غاردان گەڕاوە کن شێری، گۆتی یەك پشکە قەریەش نەمێیا.

شێر تووڕە بوو نەڕاندی گۆتی کێ وێرێیا بچتە زگ کوپە قەریەی؟!

بانگی ڕیوییێیان کرد، ڕیویێ گۆ: مارن کاول بوو..(وەی خۆ پێشاندا کە ئاگای لەچ نییە). شێری گۆ:تەکبیر؟!

ڕیویێ گۆ پاشا شێر، لەمە بترازێ کەس جێ ئەو کوپە قەریەی پێ نزانی، لەمە لەو سێیانە ناچتە دەرێ.

گورگی گۆ مەخسەدت چییە؟!

ڕیویێ گۆ ئەجە مام گورگ لۆ ئەتوو خۆ تەنگاوەکەی؟!

گورگ ترسا، دەوی تێك ئارا، گۆتی وەللا تەنگاو نەبوویمە..

ڕیویێ گۆتە شێری، ئەمن تەکبیرەکم هێیە.

شێری گۆ تەکبیرت چنە؟

ڕیویێ گۆ: وکی ڕۆژ بۆوە هەتاو، هەموەچینە بە ڕۆژێ نووین

وکی هەستاین کێ دۆن دەردا بوو، دیارە ئەوی قەریەکە خواردیە.

گۆتیان باشە.

وەلــلا رۆژەکــی هــەتاو لــەدەرێ بــوو، شــێری گــۆ ئــەوڕۆ هــەتاوی گەرمــە وەرن بــا لەبــە رۆژێ بنــووین، هەرســێك چــوونە بــەر هــەتاوێ، شــێر و گــورگ بــێ تــرس نووســتن، ڕیــوی وکــی دیتــی ئــەوان نوســتینە چــوو هەنــدەك دۆنــی هینــاو لــەبن قــوونێ گــورگی ڕوکــرد و بــەخۆش چــوە بــەر ســیبەرێ لێــی پــارداوە. وکــی دۆنەکــە تافــاوە، قــوون و قــەماغێ گــورگی هــەموو دە دۆنــێ وەرچــوون، ڕیــوی بــەدزی چــوو شــێری واگــا هینا، گۆتی وەرە چاودە بن گورگی.

شــێری وکــی چــاو وەو هــەموو دۆنــەی کــەت ، وەیزانــی ئــۆ گــورگی ئــەو دۆنــە دەردێیــا، یێکســەر کۆرەمســتەکی لەپشــتێ گــورگی داو پشــتی شــکاند، گــورگ نــەیزانی مەســەلە چــیە، لــەتاو هێشــێ پشــتێ خــۆ دەســتی بــە نــووزە نــووزێ کــرد، شــێری چ مــەجال نــەدا و گــورگی پارچە پارچە کرد.

ڕیــویێ قــەت شــێری ئەوهــە تــوڕە نــەدیتبوو، لەترســان هــەرات، هەنــدی غاردا، هەتا لەڕێی پسسا و حەیاتی لێ بڕا.

# شەرتێ پاشای

هەبوو نەبو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

شەوەکی لە دیوەخانێ پاشای بەحس بووە بەحسی خواردنێ خۆش، وکی ئێکی ئەگۆ فلانە خواردن خۆشە، ئێکیدی لەولایەگۆ نەء فلتانە خواردن لەوی خۆشترە.

ئەو شەوی هە بەحسی خواردنان بوو، بەرا پاشای ئەو خواردنانەی هەموو تامکردبوون وکی لە وزیر و دارو دەستێ خۆی گێ لێ بوون.

گۆتیە وزیرێ دەستەڕاست سبەینێ لە مەملەکەتێ بانگی ڕابێرن ئەوی لە خواردنێ خۆشەزانی بابێ.

وەللا سبەی بانگیان ڕاهێشت گۆتیان ئەوی لە خواردنێ خۆشەزانی پاشا خەراتەکی باشییەکا، بەرا ئەگە پاشا خواردنەکەی پێ خۆش نەبی لەسەریەدا.

سبەینێ سێ چار کەس لە پێش دەرکێ قەسرێ پاشای خڕ بوونۆ، وکی ئێ یێکەمیان بردە ژۆرێ، پاشای پێ گۆ خۆ ئەزانی شەرتن کوە!

کابرای گۆ بەرێ پاشام خۆش بی.

گۆتی دەباشە، لە مریشکێ کێندەر خۆشە؟

کابرای گۆ: پیست.

پاشای ئەمر کرد گۆتی بڕۆن پیستێ مریشکێم لۆ حازرکەن.

وکـــی مریشـــکێ ســـۆرکراوێیان لـــۆ پاشـــای هینـــا، پاشـــای پیســـتێ ســـۆرکراوەی تـــام کـــرد، گەلـــەکی پـــێ خـــۆش بـــوو، گـــۆتی خەرەراتـــەکی باشی بکەن.

وکـــی کـــابرا بـــەخۆ و بـــە خـــەراتی گـــەڕاوە ئـــەوانی پـــێش دەرکـــەی گۆتیان ها چ بوو؟!

گـــۆتی وەلـــلا پاشـــای گـــۆ لـــە مریشـــکێ کێنـــدەر خۆشـــە؟ گـــۆتی ئـــەمیش گـــۆ پیســـت، وکـــی پاشـــای پیســـت تـــام کـــرد گـــۆتی وێیـــە و خـــەراتی کردم.

ئەجە کابرای دووەمیان بردە کن پاشای

پاشای گۆ کابرا ئەتو شەرتەکەیەزانی؟

کابرای گۆ بەرێ پاشام خۆش بی

پاشای گۆ لە گای کێندەر خۆشە.

کـــابراش وەیـــزای ئەگـــە بـــرێ پیســـت خەراتیـــەکا، گـــۆتی پاشـــام خـــۆش بی پیست.

پاشای ئەمر کرد گۆتی بڕۆن پیستێ گام لۆ حازرکەن.

وەللا وکی پاشای پیستێ گای تام کرد ، گۆتی لەسەری دەن.

چەندی کابرا پاڕاوە فایدەی نەبوو.

دویَ دەریَ وکـــی کـــابرا تـــاخیر بـــوو ترســـیان لیَ غـــارب بـــوو ، بـــەرا مـــەجالیَ هـــەراتنێیان نـــەبوو، لەبـــەینی خۆیانـــەگۆ، ئەمـــە نەنـــەزانی ئەوهێیە، ئەمە وەنزانی ئەمە بەخۆ ناویَ خواردنەکی خۆشەرێین.

گەردەنیَ خۆیان پێکدی ئازاکرد.

هاتن کابرێیا سێیەمیان برد.

وکی کابرا چووە کن پاشای، پاشای پێگۆ خۆ شەرتەکەیەزانی؟!

کابرای گۆ بەریَ پاشام خۆش بی.

پاشای گۆ لە گای کێندەر خۆشە؟!

کابرای گۆ پاشام خۆش بی کلك.

پاشای ئەمر کرد گۆتی بڕۆن کلکیَ گام لۆ حازر کەن.

وکـــی کلکیـــان لـــۆ پاشـــای هینـــا، تـــامی کـــرد گـــۆتی: خەراتـــەکی باشـــی بکەن.

وکی کابرا چوە دەریَ یێکەك مابوو، گۆتی: ئیَ توو چ بوو برام؟

گـــۆتی: وەلـــلا پاشـــای گـــۆ لـــە گـــای کێنـــدەر خۆشـــە، گـــۆتی ئـــەمیش گـــۆ کلك.

هاتن کابرێیا چارەمیان بردە کن پاشای

پاشای گۆ کوڕم خۆ ئەتووش شەرتەکەیەزانی؟

کابرای گۆ: بەریَ پاشام خۆش بی.

پاشای گۆ لە ماسییێ کێندەر خۆشە؟

کابرای بڕەك فکر کردۆ، نەیزانی نەبرێ پیست نەبرێ کلك

گۆتی پاشام خۆش بی پیست و کلك.

پاشای ئەمرکرد گۆتی بڕۆن پیست و کلکێ ماسیم لۆ حازرکەن.

وکی کلك و پیستێ ماسیان لۆ هینا، هە نەخورا

گۆتی بڕۆن لەسەری دەن.

ئـــــەمیش نـــــەمزانی لـــــە ماســـــییێ کێنـــــدەر خۆشـــــە دەنـــــا ئەچـــــووم.

لەوسەری گەڕامۆ کارەکم دڕاو هیچم پێ نەبڕا.

## پشێمانی

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــە خـــوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبدی درۆزن ڕوو ڕەشتر نەبوو.

جـــارەکی کـــوڕو داکـــەکی گەلـــەك فـــەقیر هـــەبوون، لـــۆ خـــۆ لـــە کۆریتۆکـــەکی ســـەریان وێـــك کردبـــوو، ژنەکـــە نانکـــەرێ خـــەرکی بـــوو و کوڕەکـــەش پارچـــەرە بـــو، بـــەرا چیشـــی نـــاکرد، ڕۆژ تـــا هێـــوارێ دەگـــە منداره هووردکان هه خەریکی کەلا کەلێیانێ و گەمان بوو

ژنەکـــە وکـــی هێـــواران ئەگـــەڕاوە مـــارێ، بـــەرماوێ شـــیوان بـــا، چـــینکە نـــان بـــا، هـــە ئشـــتەکی بیانـــدابایێ ئـــەیبردۆ بـــە خـــۆ و بـــە کـــوڕێ خـــۆ ئێیان خوارد.

ڕۆژەکـــی منـــدارەکان لـــە کـــن کاولـــە خانییـــەکی داڕووخـــای گەلـــەك قەدیم کەلێیانێیانە کرد.

کـــەلێیا کـــوڕێ ژنەکـــەی چـــەلبۆوە، هـــە لـــەدووە چـــوو پێـــی نـــاگیراوە، هەتا کەلابەرد کەتە کونەکی.

وەلـــلا کوڕەکـــە بـــە چـــیلکە دارەکـــی کونەکـــەی بـــڕەك گـــەورەکرد وەبـــی کەلابـــەردێ خـــۆ دەرینـــی، هـــە قـــۆری کـــرد، کەلابـــەردی نـــەدیتۆ، بڕەکـــی دیـــــی هـــــەرکۆری پـــــارەکی زەردی دیتـــــۆ، بڕەکـــــی دی هـــــەرکۆری کەلابـــەردێ خـــۆی لـــە نـــاو خۆرەکـــەی دیتـــۆ، پارەکـــەی دەبـــەریێ خـــۆ نـــا دەدرێ خۆی گۆهێوارێ لۆ داکێ خۆبەمۆ.

گەڕاوە کن منداران، دەستی بەگەمان کردۆ.

هێـواریێ وکـی چـۆ مـاریێ دەسـتی دەبـەریێ خـۆ ڕاکـرد وەبـی پارەکـەی پێشانی داکیێ خۆ دە.

مەزانە بەری کون بووە، پارەکەی لیێ کەتبوو، گەلەك عێدز بوو.

داکەکەی گۆ ها کوڕم ئۆلۆ وهە عێدزی؟!

گـۆتی دایـۆ ئـەوڕۆ لـە کـەلێیانیێ پـارەکی زەردم دیتـۆ، گـۆتم لۆتـوو بینمۆ، بەرا بەریم کوننە لێم کەتییە.

داکەکـەی گـۆتیێ: چـا بـوو لێـت کـەت کـوڕم کـاخوە ئـیێ کـیێ بـووە لێـی کەتیـە. گـۆتییێ ئەگـە ئشـتەکت دیتـۆ ئێکسـەر دەبـەریێ مـەنیێ، بزانـە ئیێ کێیە، وێی دۆ.

کوڕەکـەی گـۆ: دایـۆ خـۆ ئێکـەس نـەبوو!. ئـەمن بـەخۆم دیتبـۆ، ئەجە حارو مەسەلەی هەموو لۆ گێڕاوە.

داکەکەی گۆ: بە کەست نەگۆ!؟

گۆتی ناوەلا بەکەسم نەگۆتیە.

داکەکەی گۆ: جێیەکەی پێزانیۆ؟

گۆتی: ئەدیکو!

داکەکـەی قەندیلۆکـەك و کەچـە بێرەکـی دەسـتداییێ و گۆتیـە کـوڕیێ خـۆ بـا بـڕۆین، وکـی گەیشـتنە کۆریتەکـەی کوڕەکـەی جێیەکـە پێشانی داکیێ خۆ دا.

داکەکـــەی بـــە کەچـــە بێـــرێ عاردەکـــەی هـــەرکۆری. بێـــر وە ئشـــتەکی ڕەق کــــــەت، بڕەکــــــی دەور و پشــــــتەکەی بەدەســــــتی خــــــاوینکردۆ، زارکــــێ کووپـــــەکی لێ وەدەرکــــەت. بڕەکــــی دی خۆرەکـــــە هــــــەرداوە، کووپەکــــە گەلــــەك گــــەورەبوو، ژنەکــــەی وکــــی چــــاودایێ کــــووپ پــــڕی لــــیرێ زێــــڕە. زۆرەترســــا کەســــەکیان ببینــــی، لــــە خۆشــــیانیش بــــاوڕی ناکرد ئەیگۆ دەبی خەون نەبی! ؟

گۆتیـــە کـــوڕێ خـــۆ بـــڕۆ لـــە مـــارێ گوشـــەکی گـــەورە بینـــە، بـــەرا خـــۆش بڕۆ، خۆ گێر نەکەی؟

کوڕەکە بەغار چۆوە مارێ گوشەکی گەورەی هینا.

ژنەکـــەی کوپـــە لـــیرە بـــەتارکردە نـــاو گوشـــی، خـــۆری وەســـە کوپەکـــەی داداوە، گۆتیـــە کـــوڕێ خـــۆ ئـــەتو بێـــر و قەندیلۆکـــەی بینـــۆ، بـــە خۆشـــی گوشـــەکە لـــە پشـــتێ هـــەردا، بـــەرا هەنـــد قـــورس بـــوو پشـــتی دەگـــە دولا ببۆ.

وکـــی چـــوونۆ مـــارێ گۆتیـــە کـــوڕێ خـــۆ لـــەکن کـــەس وەنـــەرێی کووپـــە زێڕن دیتیتۆ.

کوڕەکەی گۆ: لۆ دایۆ ئۆ زێڕن! ؟

داکەکـــەی ســـەرێ زمـــانێ خـــۆ گەســـتۆ، گـــۆتی: کـــوڕم هـــەر چ بـــن، لـــەکن خەرکی ونەرێی؟

گوڕەکەی گۆتە داکێ خۆ: وەنارێم نا.

ئـــەو شـــەوی ژنەکـــەی خـــەو لێنەکـــەت، هـــەتا ســـبەینێ هـــە فکـــری لـــە زێڕەکەیـــەکردۆ، زۆریشەترســـا، وکـــی ســـبەینە داهـــات گۆتیـــە کـــوڕێ خـــۆ: کـــا بـــڕۆ لـــەو مـــارە جیرانـــەی حۆقـــە و تـــەرازووی بینـــە، بـــەس نەرێی لۆ چیتن.

کوڕەکە چوە ماریێ جیرانی گۆتی: داکم واریێ تەرازوون وێ دەن.

ژنێ جیرانی گۆتیێ: داکێ توو تەرازووی لۆ چییە؟

کوڕەکەی گۆ: چسوانم، گۆتی تەرازووی بینە.

ژنـــەجیرانی لـــەفکرێ خـــۆ گـــۆ ئـــەو مـــارە عەشـــتەبێیان نییـــە، دەبـــی چ بـــە تـــەرازوێ بکێشـــی، فکـــری کـــردۆ گـــۆتی بـــا هەنـــدەك بنیشـــتی لـــە بنـــێ تەرازوێ بدەم بزانم چی پێوانووسیێ.

وکـــی کوڕەکـــەی تـــەرازوو لـــۆ داکێخـــۆ بـــردۆ، داکەکـــەی، لـــیرە زێڕەکـــانی پیێ کێشان، ئەجە گۆتیە کوڕێ خۆ ها لۆیان ببۆ.

وکـــی کوڕەکـــەی تـــەرازو بـــردۆ، ژنـــە جیرانـــی چـــاودا بنـــێ تـــەرازوێ دیتـــی لیرەکـــی زێـــڕی پێـــوە، وکـــی چـــاویدا لـــیرە زێڕەکـــەی، دی ئـــەوی دوونـــێ کیـــژێ وی دیتبـــۆ، عەینـــەن ئشـــت بـــوون.(مەزانـــە ئـــەو لـــیرێ دونـــێ لـــە کوڕەکەی کەتبوو، کیژێ وان دیتبۆ)

گۆتی با ڕاوەستم هەتا مێردم دێتۆ.

وەلـــلا وکـــی مێـــردی هـــاتۆ، هـــوورد و درشـــتی لـــۆ گێـــڕاوە، هـــەردوو لیرەکەشی پێشاندان.

کـــابرای بـــەژنیٚ خـــۆ گـــۆ: دەبـــی ئـــەو لیرانـــە گەلـــەك زۆربـــن، ئەگـــەنا تەرازووی لۆ چ بوو؟

ژنەکەی گۆ بابچین لێیان بستینین، کادیٚ لە کێیان دزینە.

کـــابرا توجـــاڕیٚ شـــاری بـــوو، گەلـــەکیش دەرەمەنـــد بـــوو، گۆتیـــە ژنـــیٚ خـــۆ ئەوهـــە نـــابی ژنـــیٚ، خـــەرکن لیٚ تێگـــە و پارەکەشـــن لـــە قیسەچـــی و حێیاشنەچی.

گۆتی ئەدی چ بکەین!؟

کابرای گۆ لە هەمووی باشتر ئەوێیە ئەمن ئەو ژنەی بخوازم.

ژنەکە وکی گێی لە ژنهینانیٚ بوو، خوا خوای بوو وکی خۆ لێبێتۆ

گۆتیـــە مێـــردیٚ خـــۆ: دەلێـــی گـــەڕیٚ.. داهـــیٚ ئێـــك دوو لیرەنـــە یـــان نـــا، خوای لە فەقیرییٚ وی ڕۆنیە.

کـــابرای گـــۆ: ژنـــیٚ ییٚـــك دوو لـــیریٚ چ! مـــادام تـــەرازووی بردیـــە دەبـــی گەلەك زۆر بن.

چەندی ژنیٚ توجاڕیە گۆ ئەوهەنا ئەوهە، فایدەی نەبوو.

توجاڕی گۆ ئەمن ئەو پارانە لە قیسەخۆ نادەم.

توجـــاڕی دەدریٚ خـــۆ گـــۆ، ئـــەمن قـــەتم خێـــر و پیـــاوەتی دەگـــە ئـــەو مـــارەی نـــەبوە، هـــەنکوەش لـــە هیکوبـــەرۆ بچـــمە داخـــوازییٚ، ژنـــە نـــاریٚ ئۆلۆ بەو دەمەی دێتە داخوازێم؟!

توجاری هەموو رۆژیٚ دووسیٚ جاری سەر لەماریٚ ژنەکەیەدا

و ئـــەیگۆ لـــە چـــوو کمـــە هـــەتا لـــۆ و بیـــنم، گۆشـــت و بـــرنج و جلکوبەرگی لۆمندارەکەیەکڕین.

ژنەکـــەی فکـــر نـــەکردۆ توجـــاڕی ئشـــتەك لـــەبن ســـەریە، ئـــەیگۆ ئـــۆ خـــوا دەرکیٚ خێرانی لێکردینۆ.

رۆژەکی توجاڕی گۆتە ژنەکەی دەبی مێردم پیٚ بکەی.

ژنەکـــەی گـــۆ: بـــرام ئـــەتو لـــەکیٚ و ئەمـــە لـــەکیٚ، ئـــەتوو ژنـــەکت هێیـــە ئـــەریٚ پەلکـــە گـــورە، گـــۆتی ئـــۆ ئـــەمیش لـــە ســـە ئـــەو ســـەبیلۆکەی دانیشـــتیمە، دەســـتو پلـــیٚ خـــۆی پێشـــاندا، گـــۆتی ئـــەتو ئـــەو دەســـت و پلە قەرشتیەت لۆ چنە.

کابرای توجار گەلەك زۆرزان بوو، بە قسانی ژن ئیخفال کرد.

ژنەکەی دەدریٚ خۆ گۆ ئۆخوای دەرکیٚ خێران لیٚ کردینۆ.

توجـــاڕی ژن گواســـتۆ، هـــەموو عالـــەمیٚ پـــیٚ عەنتیکـــە بـــوو ئـــۆ کـــوو توجـــــاڕی ئەوژنـــــە هینێیـــــا، چـــــونکە گەلـــــەك نەتەچـــــاو و فـــــەقیر و مارویٚران بوو.

ژنـــیٚ توجـــاڕی گەلـــەك پـــیٚ تـــەنگاو ببـــوو، هـــە ئەیگۆتـــە مێـــردیٚ خـــۆ زووی لیران لیٚ بستینە و تەراقی دە، ئەیگۆ نەخۆ لێت ئاشکراکەم.

ڕۆژەکـــی توجـــاڕی بـــە ژنـــیٚ تـــازە گـــۆ: حـــورمیٚ وای دەنـــا بـــڕەکم لـــیریٚ زێڕ وەمست کەتبان.

ژنەکەی گۆ لۆچتە؟!

توجــاڕی گــۆ: لــە چــین و ماچــینان ئشــتێ گەلــەك جــوان هێیــە بــەرا ئەوان بەلیرێ زێڕ نەبی سەودێیا ناکەن.

ژنەکــەی فکرکــردۆ، دەدرێ خــۆی گــۆ مــا ئــەمن تــازە ئــەو لیرەزێڕانــەم لــۆ چــنە، ئــۆ پیــاوێ منــە، گەلــەکیش دەگــە مــن و کــوڕێ مــن باشــە، گۆتی وەللا هەندەکانی وێدەم.

گۆتیە مێردێ خۆ: ئەدی ئەگە ئەمن هەندەکانت لۆ پێیا بکەم؟!

توجاڕی بە فێر گۆ: ژنێ خێر برێ، لیرە کوو بەتوو پێیا بن!؟

ژنەکەی گۆ بەس برێ بزانم چەندت پێدەوێن؟!

توجــاڕی گــۆ: چــەندی زیــاتر بــی باشــترە، بــەرا ئــەتوو خــۆ مانــدی مەکــە ئەمن بەخۆ پێیاکەم.

ژنەکەی گۆ: هەتا سبەم لەسە راوەستە.

توجــاری بــە پێکــەنین ســەرەك بــادا، یــەعنی باوڕناکــا، ئەجــە گۆتیــە ژنەکــەی، هــە لێگــەڕێ ناچــمە چــین و ماچــینان ئــەمن کــووم در دێ مانگەکی ئەتوو بە جێبێرم.

ژنێ هێڕ و سافیلکە هەندەی دی توجاڕی کەتە بەردرێ.

وکــی کــوڕی لــە دەرێ هــاتۆ داکەکــەی گۆتیــە کــوڕێ خــۆ: کــوڕم بابــت لــۆ توجــاڕەتێ ئەچــتە چــین و ماچــینان، لــەوێش ســەودا بــە لــیرێ زێڕە، دەبی ئەمە لیرێ خۆی وێدەین.

کوڕەکەی گۆ دەبی ئەمیش دەگۆخۆببا.

ژنەکەی گۆ ئەگە حەزت لێبی پێیەرێم با ئەتووش با.

ژن و کوڕەکـــە چـــوونۆ مـــارێ کـــەون، گوشـــێ لیرانیـــان لـــەبن عـــاردی دەرینـــا، ژنەکـــەی گەلـــەکی فـــەقیری دیتبـــوون، لـــۆیێ دەدرێ خۆیـــدا گـــۆ بـــا هەنـــدەك لـــیران بـــەجێ بێـــرم، دنیـــا بـــە هەزانەوعیەســـوڕێ.. یـــەك دوو گۆلمـــە لـــیرەی لـــە جـــێ خـــۆ تەقـــەت کردنـــۆ، ئەویـــدیی هـــەموو لـــۆ توجاڕی بردن.

وکـــی کـــابرای توجـــاڕ ئـــەو هـــەموو لـــیرە زێڕانـــەی دیـــتن لـــە درێ خـــۆ خـــەنی بـــوو، بـــەرا بەژنەکـــەی گـــۆ ئۆنـــدە کمـــە، ئەگـــە زێـــتر هـــەبان بـــاش بوو.

ژنەکەی گۆ: هە ئۆندەنە.

ئەجە توجاڕی گۆ: وەرە بزانم ئەو زێڕانەت لە کێ هینایینە ! ؟

ژنەکەی گۆ ئێخۆیتم خەمت نەبی لە کەسم وەرنەگرتیە.

توجـــاڕی خـــۆ تـــوڕەکرد، گـــۆتی: ئـــەتو ئـــەو هـــەموو زێـــڕەت لـــە کـــێ بـــوو، کاخوە لە کێت دزینە.

ژنەکە زۆر ترسا، گۆتی: بە خوای نەمدزینە.

گـــۆتی ئەگـــە نـــەت دزیـــبن ئـــەتو بـــە کێرکـــەراتیێ ئـــەو هـــەموو لـــیرەت کـــو پێ پێیابی، گۆتی هەنکۆکەت ئەدەمە دەست جەندرمان.

ژنەکـــەی لـــە ترســـان هـــەموو مەســـەلێ کوپـــە زێـــڕی لـــۆ مێـــردێ خـــۆ گێڕاوە.

کابرا هەر ئەو دەمی چوو کاولە خانیەکەی لە ساحێبی کڕی. ساحێبەکە پشتی پێوە نەهێشابوو لە باب و باپیرانی لۆ بەجێ مابوو، هەرزان و تارانی فرۆشتە توجاڕی.

توجار هاتۆ گۆتیە ژن و کوڕەکەی هەنکوە ئەو مەملەکەتەی بەجێنێرن وای لەحارو.

ژن و کوڕەکە لە ترسان بڕو بوجگوڕیان تێکنان و بەدزی ئۆندە لیرێ مێیان بوون دەریان هینان و ڕۆیشتن.

توجار بە فێرێ خانی دروستکردنێ، کاولە خانیەکەی خراکرد و بەکەیفێ خۆی هەرەکۆری. هەندی یێک هۆدەی لیرێ زێڕی لێ دیتنۆ.

توجاڕیش بە خۆ و بەژنێ ئێکەم بە فێرێ توجارەتی، ماریان تێک ناو ئەو مەملەکەتێیان بە جێهێشت.

ڕۆژ هاتن ڕۆژ ڕۆیشتن، نێزیکەی دە ساری پێ چووبوون.

ڕۆژەکی کوڕێ ژنەکەی پیرەمێردەکی فەقیری لێقەومای لە بازاڕی دیت، دەرۆزەیەکرد، زگی پێ سۆتا، لۆ نانێ نیوڕانێ دەگە خۆی بردۆ ماریێ.

وکی داکەکە شیوی هینا، پیاوەکەی ژنەکە ناسیۆ لەشەرمان سەری دەبەخۆ نا، بەرا پیاوەکە سەرو ڕدێن هاتی، پیس و پەڕۆس، چورچ و لۆچ ببوو، ژنەکەش نەیناسیۆ.

پیرەمێردی نەزانی کووی نان خوارد.

کوڕەکـــەی گـــۆ: مـــامۆ ئـــەتوو خـــەرکی کێنـــدەری؟ کـــوڕەك کیـــژەك، کەسەکت نیە؟

گۆتی ناوەللا کەسم نیە.

کوڕەکـــــە تـــــاجیرەکی گەلــــەك گــــەورەبوو لــــەو شــــارەی. گۆتیــــــە پیرەمێــــــردی وەرە لەکنــــــەمن ئیشــــــەکی بکــــــە، گــــــۆتی هــــــۆدە خانیەکیشتەدەمێ .

پیرەمێردی گۆ باشە.

مەزانــــە پیرەمێـــرد لـــــە ئـــیش و کـــاریێ توجـــاڕەتی بـــاش شـــارەزابوو، کوڕەکــــە پیرەمێــــردی کــــەتبوە بـــــە دریێ. ڕۆژەکـــــی پێـــــی گـــــۆ دەبـــــی دەگەرم بێیە کاروانێ.

چــــەندی پیرەمێـــردی گـــۆ تاقـــەتێ ســـــەفەرانم نییــــە، کوڕەکـــەی وازی لێ نەینا گۆتیێ دەبی هە بێی.

وەلـــلا وەڕێ کـــەتن، لـــەو شـــاری لـــۆ ئـــەو شـــاری ، لـــەو مەملەکـــەتی لـــۆ ئەو مەملەکەتی.

ڕۆژەکی ڕێیان کەتۆ مەملەکەتێ خۆ.

چــــەندی پیرەمێـــردی گـــۆ بـــا لێـــرە بـــڕۆین، کوڕەکـــەی گـــۆ مـــامۆ ئەمـــە وەختـــی خـــۆ لێـــرە بـــووین، بـــەرا توجـــاڕێ ئێـــرە شـــار بـــەدەری کـــردین، گۆتی بەرکی ببینمۆ، تۆرێ خۆی لێبکەمۆ.

پیرەمێـــردی گـــۆ: کەســـی مـــامی ئـــەوی چـــوو چـــوو، وەرە بـــابڕۆین، برینێ خۆ مەکولینۆ.

کوڕەکەی گۆ: مامۆ درم ئاوێ ناخواتۆ، هەتا تۆڕێی لێ نەکەمۆ.

پیرەمێـــرد لەترســـان زەرد هەرگـــەڕابوو، نـــەکو ئێکـــەك بیناســـیتۆ، تاقـــەتێ هەراتنێشـــی نـــەمابوو، دەدرێ خـــۆی گـــۆ وکـــی شـــەو داهـــات خۆ درزمۆ و لە جێیەکی خۆشارمۆ هەتا کاروانەڕوا.

کوڕەکـــە وکـــی گەیشـــتە ئـــاوایی پێشـــی هـــەموو ئشـــتی پرســـیارێ توجاڕی کرد.

گۆتیـــانێ ئـــۆ دە ســـارەبی توجـــاڕی ئێـــرە بەجێهێشـــتیە، بـــەرا گۆتیـــان هەنکوە زۆر فەقیر بووە  لە شار و وراتان  وە دەرۆزە کەتیە.

پیرەمێرد زۆرەترسا، ئەیگۆ رۆژێ پێ بچم ئەوڕۆیە.

بەرا کوڕەکە چ فکری لۆ پیرەمێردی نەچوو.

گۆتی ئەدی ژن و ماری، سەروەت و سامانی، چ لێهات؟

گۆتیـــان وەلـــلا وکـــی ئێـــرەی بەجێهێشـــت، لـــەڕێی رووتیـــان کردبـــۆ، چـــل بـــارە زێڕیـــان لێ ســـتاندبوو. ئـــەویش لـــە شـــەرمان ســـەرێ خـــۆی هـــەگرت و نەگەڕاوە ئێرە، لە مەملەکەتان دەستی بەدەرۆزێ کردیە.

کوڕەکـــەی چـــاو لـــە پیرەمێـــردی گێـــڕان، لـــەو نـــاوەی دیـــار نـــەبوو، گۆتیە خورامان، کا پیرەمێرد کێوە چوو؟

گۆتیان وەللا تازە لێرەبوو.

گۆتی بڕۆن بیبیننۆ.

بەینەکی پێچوو پیرەمێردیان هیناوە.

پیرەمێردی سەر دەبەرەخۆ نابوو.

کوڕەکەی شك لێ پێیاکردن، گۆتی مامۆ لۆوهە وەڕز دیاری.

گۆتی کەسی مامی گەلەك مانديمە.

گۆتی هەنکوا چین، قۆناغەکی پێیاکەین، لۆ خۆ لەوێ تێر بسێوە.

کوڕەکە هەمەتی لە پیرەمێردیەدا، بڕەك ڕەنگ و ڕوێ توجاڕیەدا، گۆتیە خورامان گەلەك و ئاگا لە پیرەمێردی بی خۆ بزر نەکا.

خورامان چاوەك هە لەسە پیرەمێردی بوو، لۆ سەراوێشی دەگا چوون.

شەوێ وەختی نوستنێ کوڕەکەی گۆتە خورامان پیرەمێردی بیننە هۆدێ من.

وکی پیرەمێردیان هینا، کوڕەکەی گۆ مامۆ ئەو لا ملەت لۆ ئەوهە داکەتیە ! ؟

پیرەمێردی گۆ: کیهە لامل؟

کوڕەکەی گۆ لێیا ڕاستە.

پیرەمێردی بڕەك مل هەراویتن گۆتی کا چ بەرای نییە.

کوڕەکەی گۆ کاخوە رووتکە با لۆت بڕۆنمێ!

پیرەمێــردی گــۆ: لــەمامی کــەوی بــەو ســەرمێیای نــەوێرم پشــتە ملــێ خۆ رووت کەم، نەخۆشە بم.

کوڕەکــە وەختــی خــۆی پنتکــەکی رەشــی لــە پشــتە ملــێ زڕبــابێ خــۆ دیتبوو، گۆتی مامۆ هەتا نەبینم درم داناکەوی.

چــەندی پیرەمێــردی خــۆ هینــاو بــرد، فایــدەی نــەبوو، کوڕەکــەی پشتە مل بە پیرەمێردی ڕووت کرد، بۆرە پنتك وەدیار کەت.

کوڕەکــە زۆر تــووڕە بــوو، پشــتە ملــێ پیرەمێــردی گــرت، گــۆتی: پــیرە گــەمبۆر، خــوا ییّکــەو نابیتــە دوو، ئەوشــۆ لیّــرەت پارچەپارچــاکەم، بریێ بزانم ئەتوو لۆوهەت لە من و لەداکێ من کرد؟!

پیرەمێرد لەبن دەستانی وکی بیێ ناو ئاوێ ئەلەرزی.

گۆتی ئەمن کرد ئەتوو نەکەی.

گۆتی ئەدی کان ژن و کیژت؟!

گۆتی لێم بزر بووینە.

کوڕەکــەی پشــتە ملــی بــەردا، گــۆتی هــەنکوە بەســەرهاتێ خــۆم بــە تەواوی لۆ بگێڕۆ، بزانم لۆوهەت لێهاتیە؟!

پیرەمێــردی ســەر دەبــەخۆنا، گــۆتی: وکــی ژنــێ مــن گــۆتی ئــەو مــارەی لــیرە بــە تــەرازوێ کێشــاینە، ئەمــە تــەماحین چــووە لیرەکــان، ئــەمن گــۆتم بــا ئــەو ژنــەی بیــنم وەبــی ببمــە ســاحێبی زێڕەکــان. وکــی داکــێ تــوو لیرەکــانی هینــان و جــێ لیرانــی پێشــاندام، ئــەنگۆم دەرکــرد،

چونکە ژنیٚ من بەو شەرتەی رازی ببوو داکیٚ تووبینم، وکی لیرەکانم لیٚ ستاندن تەراقی بدەم، ئەمیش گۆ با هە دەریان کەم نەکوو توشی بەرێیاکم کەن. دوایێ چووم کاولە خانیەکەشم کڕی، هەمووم هەرکۆری سی و نۆ کووپە زێڕی دیشم دیتنۆ، گۆتم با لەو مەملەکەتەی بارکەم وەبی ئاشکرا نەبم. چل بارە هێسترم زێڕ بارکرد و کەتمە ڕێییٚ.

دار و دەستیٚ خۆم لە ڕێییٚ، لێم هەرزۆقینۆ، بە هەزار تکاو رجا نێیان کوشتین، بارە زێڕەکانیان برد و ئەمێیان لەو ساتە گۆڕەی بەجێهێشت.

لەتاوان ئاگام لە خۆ بڕابوو، وکی هەستامۆ، ژن و کیژیشم لەویٚ نەمابوون.

ئۆ دە سارە، بە دەرۆزە لەو شاری لۆ ئەوشاری لەو گوندی لۆ ئەو گوندی لەو مەملەکەتی لۆ ئەو مەملەکەتییەگەڕێم، سەر و سۆراغەکی ژن و کیژیٚ خۆم نەکرد، بەرا وکی ئەتو ئەمنت بردۆ ماریٚ خۆ، ئەمن داکیٚ تووم ناسیۆ، درم بەنگۆ کراوە، هە لۆییٚ لەکنەتوو مامۆ، خوا زانی وازانم کوڕیٚ منی هەندم خۆش دەوێی. بەرا هەند شەرمەزاری خوایمە، شەرممکرد خۆت لیٚ ئاشکراکەم. هەنکوەش ئەتوو چت پێخۆشە دەگەمکەی ئۆ لەبەدەستیٚ توومە حەزێکەی پارچە پارچەم کە، گەردەنت خۆش و ئازابی.

کوڕەکە لەسەحاریٚ خۆ زگی بە پیرەمێردیە سۆتاوە.

پیرەمێـــردی فرمێســـکی لەچـــاوان دەهاتنـــە خـــواریٚ، هـــەرەی گـــۆ خودێیا لێم خۆش بە.

کوڕەکـــەش ئـــاوی دەچـــاوی زابـــوو، نەیـــەزانی چ بـــریٚ، دەدریٚ خـــۆی گـــۆ خوایـــە زۆر شـــوکر، ئـــەوی ئـــەتو بەســـە ئـــەو پیـــاوەت هینێیـــا ئـــەمن بەخێیاریشمدا ناهات.

شـــەویٚ وکـــی نوســـتن کوڕەکـــەی داکـــیٚ خـــۆ دەخـــەویٚ دیـــت. ســـبەینیٚ گۆتیە خورامان کەل و پەلی لە وراغان بارکەن با بگەڕێینۆ.

پیرەمێـــردی وەختـــی خـــۆی وکـــی دەریکـــردن داکـــیٚ وی تـــەراق نـــەدابوو، کوڕەکـــەی دەدریٚ خـــۆی گـــۆ بـــا زڕبـــابیٚ خـــۆش ببـــەمۆ، داخـــوە داکـــم چاریٚ، لێی خۆشەبی یان نا!

وکـــی گەیشـــتنۆ شـــاریٚ خـــۆ، کوڕەکـــە چـــۆ مـــاریٚ، بـــەرا وکـــی دیتـــی کیـــژەك لـــەمارێوان لـــە ك داکـــیٚ ویـــە، بـــە دزی بـــەداکیٚ خـــۆی گـــۆ: ئـــەو کیژە کییە و لێرە چاکە؟

داکەکـــەی گـــۆ. چـــت لیٚ بشـــێرمۆ ڕۆرە، ئـــۆ کیـــژیٚ کـــابرای توجـــاڕە، بـــە ســـەر و ســـۆراغان بـــابیٚ خـــۆی دیتیتـــۆ، پێیـــان گۆتیـــە لەکنـــە تـــوە. ئـــۆ بیست ڕۆژەکەبی لێرێیە.

ئەجـــە کوڕەکـــەش حـــار و مەســـەلیٚ زڕبـــابی هـــەموو لـــۆ داکـــیٚ خـــۆ گێڕاوە.

گوتیشـــی لـــە بـــەخاتری تـــو دەگـــەخۆم هینـــایتۆ کـــاخوە لێـــی خۆشـــەبی یان بیکوژم.

مەزانـــە ژنەکـــە بـــەدر کـــابرای خۆشویســـتبوو وەیزانیبـــوو ئـــەویش ئـــەوی خـــۆش دەویێ، بـــەرا وکـــی زانیشـــی کـــابرا لێـــی بـــەفێر بـــووە خۆشـــییێ ئـــەو دەمـــانی هـــە وەبـــیر بـــوون. گۆتیـــە کـــوڕێ خـــۆ مـــادام تۆبـــەی کردیـــەو پشـــێمانییێ کـــن خوێیـــا، ئـــەمیش لێـــی خۆشـــبووم، گـــەردەنی خـــۆش و ئازابی.

کوڕەکـــە چـــوو پیرەمێـــردی هێنـــاوۆ مـــارێ، وکـــی پیرەمێـــردی چـــاو وەکیـــژێ خـــۆ کـــەتۆ و کیژەکـــەی حـــارو مەســـەلێ خـــۆ و داکـــێ خـــۆی لـــۆ گێڕانـــۆ، کـــوو دزەکـــان گـــەڕابوونۆ، ئەوانیشـــیان دەگـــەخۆ بردبـــوو، بـــەرا دوێیا ئەوان خۆیان لەدەست دزەکان قورتار کردبوو.

پیرەمێردی گۆ ئەدی داکت؟

کیژەکەی گۆ داکم ئۆ دووساریشەبی مردیە.

پیرەمێردی گۆ گەردەنێم ئازاکەن.

هەمانگۆ گەردەنت خۆش و ئازابی.

وەلا پیرەمێردی لە پشێمانیان وەزگی دا.

کوڕەکەش کیژەکەی لە خۆ مارەکرد.

ئەمیش لەوسەری ڕا هاتمۆوە، کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

## شێتۆکە و ئاقرۆکە

هـــەبوو نـــەبوو دوو بـــرا هـــەبوون، شـــێتۆکەو ئاقرۆکـــە، داك و بابیـــان نـــەمابوون، وێکڕانـــەژیان، وەختـــی شـــیناویانداهات ئاقرۆکـــەی گۆتە شێتۆکەی با ئەوڕۆ بچینە ئیشی.

شـــێتۆکەی گـــۆ باشـــە، وەلـــلا وکـــی چـــوونە ســـە زەویـــێ، شـــێتۆکە لـــەباتی یـــاری برێیـــا خـــۆ بکـــا، چـــوو لـــۆ خـــۆ خانیۆکـــەی لـــە خـــۆرێ دروســـتەکردن، ئاقرۆکـــەش بەتـــەنێ عاردیـــەکێرا، لـــە هیکـــۆ دێوەکیـــان لێ پێیـــا بـــوو، ئاقرۆکـــەی گۆتـــە شـــێتۆکەی کـــوڕە هـــەرێ بـــابڕۆین، شـــێتۆکە لـــەجێخۆ نـــەبزفت، چـــەندی هـــاواری کـــرد گـــۆتی کـــوڕە دێـــو هـــات، هـــە خۆشـــی لـــە گوورەنـــەبرد، ئاقرۆکـــەش مـــەجبوور بـــوو بگەڕێتۆ، خۆ شێتۆکەی بەتەنێ بەجێنێیاری.

دێوەکـــە خـــۆی دە ئاقرۆکـــەی کـــرد، ئاقرۆکـــەش خـــۆی دەپـــێ دێـــوێ گـــرت، لـــەوی حەرەکـــەك لـــەوی حەرەکـــەك، ئاقرۆکـــە بەربـــەرە دێـــوی لـــۆلای شـــێتۆکەی بـــرد، گـــۆتی بـــرام وەرە یـــاریم ، بەتـــەنێ دەرەقـــەتی نێیام.

گۆتی مالۆ بەشەڕدێن.

فایـــدەی نـــەبوو، ئاقرۆکـــە پـــارەکی بـــەدێوێ وەنـــا دێـــوێ پێیـــەك وە خانیۆکێ شێتۆکەی کەت لێی خراپ کرد.

شێتۆکەی لێ هەستاوە گۆتی ئۆلۆ خانیێ منت تێکدا؟!

شێتۆکە گەلەك بە تاقەت بوو، یەك بەردی بەسەرێ دێوێ دادا حەیاتی لێ بڕی.

ئاقرۆکە زۆر ترسا گۆتی برام ئۆلۆ کوشتت، هەنکوە داکە دێو بێ هەردوکاننەکوژی، گۆتی هەتا زوە با لێرەبارکەین.

شێتۆکە لۆ دێوەکەیەگریا، ئەیگۆ ئۆداکێمنە.

ئاقرۆکەی گۆ کوڕە هەستە درەنگە هەنکوە داکە دێو دێ.

گۆتی نێیام ئەمن داکێ خۆ بەجێ نێیارم.

گۆتی ئەگە نێی بەجێت دێرم.

گۆتی ڕاوەستێ ئەمیش دێم بەرا داکێ خۆش دەگەرەخۆ دینم، ئاقرۆکەی گۆ برام ئەو فەرخە دیوە داکێ مە نیە.

گۆتی: کو ئۆ هەو نییە؟

ئاقرۆکەی گۆ هاوەللا.

گۆتی وەللا هەوە هەدەیهینم، کەلەشێ دێوێی لە پشتێ کرد، قەدەرەکی رۆیشتن شێتۆکەی هانکە هانك وێکەت، چوون لەبن دارەکی بڕەك بسێنۆ، هەر هەندێیان زانی تەپ و تۆز لە دووری وەدەرکەت، ئاقرۆکەی گۆ برام با بچینەسەدارێ، نەکوو ئەوانە پیاوخراپ بن، شێتۆکەی گۆ ئەمن داکێ خۆ بەجێنێیارم.

گۆتی کوڕە ئەگە پیاو خراپ بن داکێشت ئەبەن.

گۆتی دەباشە داکێخۆش دینمە سە داریٚ.

ئاقرۆکـــەی چ پـــیٚ نـــەما، گـــۆتی باشـــە بـــەس بـــڕەك زووبـــە، وکـــی تەپوتۆزەکـــە نێزیـــك بـــۆوە، دیتیـــان جەماعەتـــە جـــەردەکن لـــە دزیـــیٚ هـــاتینۆ و مـــارو ســـامانەکی زۆریـــان دزیـــە، هـــاتن لـــەبن ئـــەودارەی بسێنۆ، مەنجەرە خواردنیشیان دزی بوون، خواردنیان دانا.

شێتۆکەی گۆ ئەمن برسیتم.

ئاقرۆکـــەی گـــۆ بـــرام وس بـــە بـــا ئاشـــکرا نـــەبین، دوایـــیٚ وکـــی رۆیشـــتن ئەوی بەجێیان هێشت ئەماچینەخۆین.

بڕەك پێچوو، ئەوجارەی شێتۆکەی گۆ میزم دیٚ.

ئاقرۆکـــەی گـــۆ مـــارت خرانـــەبی دەبـــڕەك خـــۆبگرە، وکـــی چـــووینە خـــواریٚ میـــزیٚ بکـــە، گـــۆتی خـــۆم پـــیٚ نـــاگیریٚ، میـــزیٚ خـــۆی کـــرد، ئاقرۆکە زۆرترسا دەدریٚ خۆی گۆ رۆژی پێبچین ئەوڕۆیە.

لـــە خـــواریٚ دزەکـــان پشـــکە میزیـــان وێکـــەتن، گۆتیـــان ئـــاخیر زەمانـــە بزانە کوو بەو رۆژە خۆشەی بارانی لێدیٚ.

پـــاش هەنـــدەکی شـــێتۆکە پشـــتی شـــل ببـــوو، گـــۆتی ئـــۆ داکـــیٚ مـــن نییـــە فڕەیەدەم.

ئاقرۆکەی گۆ بەدی داکیٚ تووە فڕەی نەدەی.

شێتۆکەی گۆ وەللا فڕەیەدەم.

ئاقرۆکەی گۆتی برام دە جارێی فڕە مەدە با ئاشکرانەبین.

شێتۆکەی دێو فڕەدا.

وکـــی دێـــو لـــەناو دزەکـــان وەعـــاردی کـــەت ، هەلابەهـــەلا بـــوو، ڕمبـــژنی ڕۆژە ڕێیـــەکی ڕۆیـــی، دزەکـــان زراورێـــژی بـــوون، گۆتیـــان بـــەخوای دیـــارە خـــوا غـــەزەبی لێگرتینـــە ئـــۆ عاسمـــانیٚ حەفتەمـــە کەتـــە خـــواریٚ، لەترســـان ســـواری ئەســـپان بوونـــۆ و هـــەراتن، مـــارە دزیاریـــەکێیان هەموو لەو گۆڕەی بەجێهێشت.

شـــێتۆکەو ئاقرۆکـــە چـــوونە خـــواریٚ، تێریـــان نـــان خـــوارد، پێشـــی بـــڕۆن ئاقرۆکـــەی توورەگـــە پـــارەکی زێـــڕی داگـــرت، شـــێتۆکەش هەنـــدەك نـــان و کفتـــەی دە تورەگـــەکی کـــردن، کەتنـــە ڕێـــی، ئاقرۆکـــەی دەدریٚ خـــۆ تەکبڕیـــەکردن، بـــەو پـــارەی لـــە شـــاری خانیـــەکی لۆخـــۆبکڕن و کـــارو کەســـابەتەکی پێیـــا بکـــەن، هـــە ڕۆیشـــتن ڕۆیشـــتن، برســـی بـــوون، چـــوونە ســـە کانیـــەکی، شـــێتۆکەی تـــوورەگیٚ کفتـــان کـــردۆ و لـــە پێشـــەخۆی دانـــا، ئاقرۆکـــەی گـــۆ بـــرام ئـــەمیش برسیتم بڕەکیش لەمن بینە پێش.

گۆتی ئەدی ئەتووش تورەگیٚ خۆ ویٚ نیە؟

گۆتی ئاخر تورەگیٚ من پارێیە خۆ خواردن نییە.

شێتۆکەی گۆ ئەجە لۆ لۆخۆت کفتە نانیان؟!

ئاقرۆکـــەی گـــۆ بـــرام ئـــەمیش لـــە تـــوورەگیٚ خـــۆ پارەیەدەمـــە تـــوو خـــۆ بەتەنێم لۆخۆ نەینێیا.

شێتۆکەی گۆ ئەمن پارێ تووم ناوێ.

ئاقرۆکـــەی خـــۆ کرکـــرد هـــەتا شـــێتۆکەی تێـــر خـــوارد، ئەجـــە لەســـە کـــانییێ لێ نووســـت، ئاقرۆکـــە وکـــی تـــورەگێ خـــواردنێی ڕاکێشـــا بـــەرێ خـــۆ، بـــەس هەندوکـــە چـــینکە نـــانی تێمـــابوون، ئۆنـــدی خـــواردن و هەنـــدەك گیـــاوگۆری لـــۆ شـــێتۆکەی دەدوڕ تـــورەگێ نـــا. گەلـــەك مانـــدی بوو، ئەویش لەسە کانییێ خەولێکەت.

وکـــی واگـــا هـــاتن کـــەتنۆ ڕێـــی، گەیشـــتنە ئاواییـــەکی، ئاقرۆکـــە هەنـــدەك هێلکـــە و نـــانی کـــڕین، چـــوونە ســـە کانیـــەکی، هێلکـــەکانی کورانـــدن، شـــێتۆکەی وکـــی تـــوورەگێ خـــۆ رووکـــرد دیتـــی بـــەس خشـــتوخاری تێدا، ئاقرۆکەی گۆ قەیدی نیە برام وەرە دەگەمن نانی بخۆ.

شێتۆکەی گۆ ئۆ ئەو هێلکانەت لەکێ بوون؟

گـــۆتی بـــە پـــارێ نـــاو تـــورەگێ خـــۆم کـــڕی، وکـــی تێریـــان خـــوارد شێتۆکەی گۆ دەبی ئەو پارانە بدەیە میش.

ئاقرۆکەی گۆ ئەمە فەرقن نییە وێکڕان لۆ خۆ خەرجەکەین.

گۆتی ئیللا و بیللا دەبی نیوەی بدەیەمن.

ئاقرۆکـــەش نیـــوەی پـــارانی لـــۆ دە تـــوورەگێ وی کـــردن، هەرکەســـە تورەگێ خۆی لە پشتێ کرد و کەتنۆ رێی.

شـــێتۆکەی پشـــت شـــل بـــوو، هەســـتا بـــەدزی ئاقرۆکـــەی کونـــەکی دە تـــورەگێ خـــۆ کـــرد، ڕێ وڕێ لـــێرەی لـــێ کـــەتن، هـــەتا بـــەتار بـــوو.

گەیشــتنە شــاری، ئاقرۆکــەی گــۆ بــرام بــا بــە پــاریٚ هــەردووکان خانیــەك و تکانــەکی بکــڕین ، لــۆ خــۆ لێــرە بــژین، وەلــلا وکــی شــێتۆکەی تــوورەگیٚ خــۆ وە ئاقرۆکــەی دا یــەك عانــەی تێــدا نــەمابوو، بۆنــدە پــاریٚ مــابوو، کۆریتۆکــەکیان کــڕی، ئاقرۆکــەی گــۆ بــرام ئــۆ هــەموو پارەکــەن بەخانیــدا، دەبــی لــەنۆپاش بچــین ئیشــی بکــەین، ئێــرە شارە بیٚ پارە نتانین بژین.

چــوون لــە ئیشــی بگــەڕێن، کابرێیــاکی گــۆ ئــەنگۆ زانــن گۆلکــان بــەخێو کەن؟

گۆتیان ئەدی کوو!

گــۆتی دەباشــە وەگــەرم کــەون، وەگــەری کــەتن، هــە رۆیشــتن هــەتا گەیشــتنە قەســریٚ پاشــای، هــەرییٚکی کردیانــە عایــدی ســەت گــۆلکی، پاشــای گــۆ ئــەنگۆ ســبەینان ئــەو گۆلکانــە ببەنــە لــەوەڕیٚ هێــوارانیش وکــی دێیــان هیننــۆ، ســەریان دەکــای نــێن هــەتا ســبەینیٚ، بــا قــەرەو بن.

گۆتیان باشە.

ســبەینیٚ هــەر ئێکــی ســەت گــۆلکیٚ خــۆی وەپێشــەخۆ دا لــۆ گــاڕانیٚ، هێــوارێش وکــی هــاتنۆ هەرئێکــەو گــۆلکیٚ خۆیــان بردنــۆ جێخــۆ، ئاقرۆکــەی کــا لــە بــەریٚ گۆلکــان دانــا و چــوو لــە دەریٚ لەســە شــێتۆکەی ڕاوەســتا، وەبــی لــۆ نووســنیٚ بگــەڕێنۆ کــۆریتیٚ خــۆ،

شــێتۆکە هــە نــەهات، بڕەکــی پێچــوو هــە نــەهات، وەلــلا ئاقرۆکــە بــەدوو بڕێیــاخۆ داچــوو، وکیــەبینی ئــۆ شــێتۆکە گۆلــك گۆلــك ســەری لێکــاتۆ و دەناو کایەنێ.

کــوڕە گــۆتی ئۆچــتکردیە مــاخرا ، بــە خــوای پاشــا بزانــی پیســتن کەورەکە.

شێتۆکەی گۆ ئەدی نەیگۆ سەریان دەکای نێن.

گۆتی برام زووبە با لێرە بڕۆین هەتا پاشای نەزانیە.

وەللا لە قەسرێ چوونە دەرێ، شێتۆکەی هە خۆ خافراند،.

ئاقرۆکەی گۆ برام بڕەك خۆش بڕۆ هەتا کەسن وەدونەکەتیە.

بــەو شــەوێیان شــار بەجێهێشــت، ڕۆیشــتن ڕۆیشــتن هــەتا ڕۆژیــان بەســەداهات، گەیشــتنە گونــدێ دێــوان، لــەکن دێــوەکی بوونــە کــارەوان، هــە ئــەو ڕۆژی دێــوێ ئێکــی مێگەلــەکی وێــدان، گــۆتی بــڕۆن بیانلــەوەڕینن، چــوونە ســە گردەکــی هــەموو بنــە گێــوژ بــوون، شــێتۆکەو ئاقرۆکــەش گەلــەکیان برســی بــوو، گۆتیــان باشــە بــا لۆخــۆ گێوژان بخۆین.

شــێتۆکە چــوە ســەدارێ گۆتیــە کــاریلان ئــەمن دارێ ڕاوەشــینم ئــێ پانۆکــە لۆنگــۆ (مەخســەدی پــەلکێ دارێ بــوو)، ئــێ خڕۆکــەش لــۆمن (مەخســەدی گێــوژ بــوون) ، وەلــلا وکــی داری ڕاوەشــاند گێــوژ و پــەلکی لــێ وەریــن، دیتــی کاریلــەکان ئــێ خــڕو پــان،

هەردووکانـــەخۆن! زۆریـــان لێ تووڕەبـــوو، لێیـــان هاتـــە خـــوارێ، بـــە چەقوێ وەناویان کەت شەق و پیلی کردن.

وکـــی ئاقرۆکـــەی چـــاوی وە شـــێتۆکەی کـــەت، چـــوو چـــەقووی لێســـتاند، گـــۆتی ئـــۆ چـــت کردیـــە بـــرام، ئۆلـــۆ ئـــەو کاریلـــە بەســـتەزمانانەت ئەوهـــە کوشـــتینە! گـــۆتی ئـــاخر پێمگۆتینـــە بـــابۆ بـــا ئـــێ خـــڕ لـــۆمن بـــن و ئـــێ پان لۆنگۆبن، ئەوان خڕو پانان وێکڕان هەرەلووشن.

گـــۆتی بـــرام بـــا زوو هـــەرێین هـــەنکوە دێـــو بزانـــی پارچەپارچـــەنەکا, وەلا کاریلەیان بەجێهێشتن و هەراتن.

رۆیشـــتن رۆیشـــتن، گەیشـــتە دووڕیانـــەکی، شـــێتۆکەی گـــۆ ئـــەمن ئەچمەو ڕێیەی.

ئاقرۆکەش گۆ برام بابچینە ئەو ڕێیەی.

گۆتی نا ئەمنەچمە و ڕێیەی.

ئاقرۆکەش مەجبوور بوو گۆتی دەباشە ئەمیش دەگەتوو دێم.

گـــۆتی نـــابی دەگـــەمن بێـــی، ئـــەتوو هـــەڕوە ڕێ خـــۆ ئەمیشەچـــمە ڕێ خـــۆ، ئاقرۆکـــەی گـــۆ بـــرام پشـــێمان بوومـــۆ بـــا وێکـــڕان بچـــینە ئـــەو ڕێیـــەی، شـــێتۆکەی گـــۆ نـــا ئـــەمن پێشـــان ئەوڕێیـــەم دیتـــۆ، ڕێ منـــە لێناگەڕێم ئەتوو بێیە ڕێ من.

ئاقرۆکەی گۆ ئاخر لێك بزرەبین.

شێتۆکەی گۆ ڕێ خۆم نییە؟! لێناگەڕێم بێی.

ئاقرۆکـــە مـــەجبوور بـــوو ڕێیەکـــەی دی هەربـــژێری، بـــەرا پێشـــی لێـــك جـــودا بنـــۆ گۆتیـــە شـــێتۆکەی وەرە بـــا ئەنگوســـتیلان بگۆڕینـــۆ، گـــۆتی ئەگـــە یـــاقووتێ ئەنگوســـتیلەی ســـۆر بـــوو، یـــەعنی دە خەتەردامـــە، ئەگـــە ڕەش بـــوو دیـــارە مردیمـــە، ئاقرۆکـــەی شـــێتۆکە مـــاچ کـــرد و هـــە یێکی بەڕێیەکیدا رۆیشتن.

شـــێتۆکە هـــە ڕۆیـــی ڕۆیـــی گەیشـــتە ڕوبـــارەکی، گـــۆتی وەلا وە باشـــە خـــۆ بشـــۆم، لـــە ناوەنـــدێ ڕوبـــاری بـــوو وکـــی دیتـــی عالەمـــەکی زۆر لـــەو بـــەر ولەوبـــەری ڕوبـــاری پـــەرت و بـــڕاو بووینـــە، لـــۆلای وی شـــۆڕەکەنۆ، ئێکـــەکی لـــە دووری هـــاوار کـــرد گـــۆتی ئـــۆتێهێ، ئیشـــارەتی لـــۆلای وی کرد.

شێتۆکە بەرووت و قووتی ویستی لە ئاوێ بێتە دەرێ و هەرێ.

هـــەر زوو هەنـــدەك زەلامـــی بـــەتێنی گەیشـــتنێ و ڕوی بـــوونێ و لـــە ئاوێیـــان دەرینـــا، چارشـــەوەکیان تێوەرپێچـــا، شـــێتۆکەی نەیـــەزانی مەســـەلە چـــییە، مەزانـــە کـــوڕێ پاشـــای بـــە ئاوێـــدا چـــووبوو، بـــە تەقـــدیرێ خـــوای دیـــارە کوڕەکـــە و شـــێتۆکە یـــەك شـــکل بووینـــە، لـــۆیێ پاشـــاش وکـــی گەیشـــتێ وەیزانـــی شـــێتۆکە کـــوڕێ ویـــە، خـــەنی بـــوون وکی دیتیان کوڕێ پاشای یەعنی شێتۆکە، زندیە.

چـــوونۆ کۆشـــکێ حـــەفت شـــەو و حـــەفت ڕۆژانیـــان کـــردە شـــایی، هـــە ڕۆژێ حەفتا بەرانیان ئەکوشتنۆ و گۆشتەکێیان ئەکردە خێر.

(بـا ئەمـەش جـاریٚ بـە شـیٚتۆکەی بـڕیٚین کـوڕیٚ پاشـای) کـوڕیٚ پاشـای هەسـتان و دانیشـتی وکـی جـاران نـەمابوو، زۆر بـیٚ ئـاقر دیـار بـوو، گۆتیـان ئـۆ ترسـیٚیا، پـاش مـاوەکی دی چـاکەبی، بـەرا کـوڕە هـە وکـی خۆ بوو، نە چاتر و نە خراتر.

پاشـا هـەر چ حـەکیم باشـی هێیـە لـۆی هینـان، سەردەسـتیٚ حـەکیمان گـۆتی پاشـام خـۆش بـی، ئـەو کـوڕە لـە زگمـاکۆ ئەوهێیـە، ئـیٚ ترسـانیٚ نییە.

پاشا توڕە بوو گۆتی مەگەر بەخۆ پیٚشترم نەدیتیە.

بـەو نەوعـەش کـوڕیٚ پاشـای هەچـی گۆتبـای کـەس نـاوێرا بـریٚ بـیٚ ئـاقرە بـا بەقسـیٚی نەکـەین، مـەجبوور بـوون بەقسـیٚیانەکرد، وەیلیٚهـات دارو بـەردی لـەو مەملەکەتـەی بەسـەئێکدادا، خەرکەکـە تـەواو بیٚـزار بـوون، پاشـاش لـە خەفـەتانی وەزگیـدا و مـرد. شـیٚتۆکە بووە پاشا.

ڕۆژەکـی تەماشـیٚ ئەنگوسـتیلەی کـرد دیتـی سـۆر بـووە. ئێکسـەر بـیٚ وەی بەکـەس بـریٚ سـواری ئەسـپیٚ خـۆ بـوو، پێـی بـەغاریٚ وەنـا، چـەند حەرەسـەکی ئاگـا لیٚبـوو ئـەوانیش وەگـەری کـەتن، دوایـیٚش سـەت سـوارەك بەدویانـدا چـوون، شـیٚتۆکە گەیشـتە دووڕیانەکـەی ، بەخـەتیٚ بڕێیـا خـۆ دا چـوو، بـە پرسـیاران ئاقرۆکـەیان دیتـۆ، دیتیـان دە حەپسـیٚ دێیـا و ئـەمریٚ ئیعـدامیٚی لـۆ دەرچـووە، وەلـلا شـیٚتۆکەو

لەشـــــكرەكەی بەســــەر حەپســـــخانێیاندادا، هـــــەركێی لــــەویٚ گیرابــــوو بــــەرەلێیان كــــردن و ئاقرۆكەشـــیان دەگـــــە خـــــۆ بـــــردۆ، شـــــەویٚ لــــە كۆشـــــكیٚ پاشــــــای دوو بـــــەدوو شـــــێتۆكەو ئاقرۆكـــــە دانیشـــــتبوون، ئاقرۆكـــەی بـــە شـــێتۆكەی گـــۆ دەبـــی بـــڕەك دەگـــە ئـــەو خەركـــەی بـــاش بین ئەگەنا دەرنەكەن.

شـــێتۆكەی گـــۆ ئـــەمن حـــەقم بـــە خەركیـــدا نییـــە ئـــەتو چـــا كـــەی بكـــە، ئەمن لۆخۆ دەگە منداران خانیۆكانیٚ كەم.

ئاقرۆكەی گۆ بمكە وزیری دەستەڕاست.

گۆتی ئۆ كردمیٚ.

وزیـــــری دەســـــتە راســـــت زۆر زیـــــرەك و ئـــــاقر بـــــوو، مەملەكـــــەتی لـــــۆ خـــــەركی كـــــردە خۆشـــــترین مەملەكـــــەتیٚ ســـــە دنیێیـــــا. هـــــە خـــــەریكی ئیشـــــیٚ خـــــەركی بـــــوو، پاشـــــاش دەگـــــە منـــــدارۆكان هـــــە خـــــەریكی گەمۆكان بوو.

ئەمیش لەوسەری ڕا هاتمۆوە، كارەكم دڕاو هیچم پیٚ نەبڕا.

## حەفت براو خوشکەك

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن ڕوڕەشـــتر نـــەبوو، ژنـــەك هـــەبوو حـــەفت کـــوڕی هـــەبوون، ئـــەو کوڕانـــە هـــەموو رۆژێ ئەچـــوونە ڕاوێ، بابیـــان نـــەخۆش بـــوو داکیشـــیان زگـــی هـــەبوو، رۆژەکـــی زســـتان بـــوو، کوڕەکـــان لەبـــە بـــەفرو زریـــانێ ڕێیـــان لێ بـــزر بـــوو، هـــەتا وەمـــارێ کـــەتنۆ بابیـــان مردبـــوو، داکیشـــیان لەســـە رۆژو ســـعاتێ خـــۆ بـــوو، کیـــژەکیان بـــوو، ناویـــان لێنـــا فـــاتم، برێیاکـــان گۆتیانـــە داکـــێ خـــۆ ئەماچـــینە کێـــوێ قـــافێ لـــەوێ ئیشـــیەکەین، ئۆنـــدە پـــارەو مـــارێ هێیـــانبوو لـــۆ داکێخۆیـــان بەجێهێشت.

شـــەش حـــەفت ســـاری پێچـــوون داکەکـــە نـــەخۆش بـــوو، ئـــەویش مـــرد و کیژەکـــە بەتـــەنێ مـــاوە، رۆژەکـــی کاروانـــەك هـــات کیـــژەکێیان دەگـــە خـــۆ بـــرد، کیژەکـــە بـــووە چاردەســـاری، کـــوڕێ تـــاجیری خـــۆی لێخۆشـــکردبوو، فـــاتمێ زراو لێچـــووبوو، چـــونکە گەلـــەك دڕو سەرســـەری بـــوو، رۆژەکـــی دەدرێ خـــۆی گـــۆ: خـــۆ داکـــێ مـــن پێیگـــۆتم ئەمن حەفت برام هەنە لە کێوێ قافێ، وەباشە بچمە کنەوان.

هـــە ئـــەو شـــەوی بوخچـــێ جلکـــو بـــەرگێ خـــۆی پێچـــاوە و ســـواری ئەسپەکی بوو و ڕۆیی.

سبەینێ وکی هەستانۆ، ئەولا فاتم ئەولا فاتم، فاتم دیارنەبوو.

کەس نەزانی چوویتە کیهەلای.

فـــاتم بـــە ســـەر و ســـۆراغان کێـــویێ قـــافیێ ی دیتـــۆ، ویێ هەرگـــەڕا، هـــەتا ئەشـــــکەفتەکی دیتـــۆ، وکـــــی چـــووە ژۆریێ، زانـــــی ئـــۆ مـــــاریێ حـــــەفت برێیاکانـــــە، زۆر بەســـــەئێك دا کـــــەتبوو، قـــــاپ و ئامانیـــــان پـــــیس و بـــــە شـــــیو بـــــوون، هـــــەموو مـــــاری وکـــــی گـــــوریێ هەربـــــژارد و ئامانـــــەکانی شوشتن، چوو خۆی لە قوژبنەکی شاردۆ.

هێـــواریێ وکـــی برێیاکـــان هـــاتنۆ دیتیـــان مـــارەکی خـــاوین و بـــژوون، گۆتیان دەبی کیێ هاتبیتە ئێرە ! ؟

کیژەکـــەی خـــۆ لیێ ئاشـــکراکردن، گـــۆتی ئـــەمن خوشـــکێنگۆمە، ئـــەمن فاتمم.

هـــەمان خوشـــکیێ خـــۆ ماچـــکرد گۆتیـــان ماشـــەڵلاً چـــەند گـــەورە بـــووی، گۆتیان ئەدی داك؟ !

فـــاتم گریـــا گـــۆتی داك لـــە مێژەمردیـــە، ئەجـــە بەســـەرهاتیێ خـــۆی هـــەموو لۆ گێڕانۆ.

برێیاکـــــان گۆتیـــــان ئەمـــــە هـــــەموو رۆژیێ ســـــبەینان زوەچـــــینە دەریێ، هێـــواران درەنـــگ دێینـــۆ، دەبـــی ئـــەتوو زۆرت ئاگـــا لـــەخۆبی، گۆتیـــان ئەمە پشیلەکن هێیە ئەوت لەکن بەجێدێرین.

ســـبەینیێ وکـــی رۆیشـــتن گۆتیانـــە خوشـــکیێ خـــۆ، ئـــەو دوو کەشـــکانە بـــەخۆ بخـــۆ، بـــەرا لـــەبیرت نەچـــی ئـــەو کەشـــکەش بـــدە پشـــیلەی، ئەگـــە

نەیـــدەیێ میـــزت لێ بەئاگریداکـــە و لێتـــەکوژینتۆ، لێـــرەش ئـــاگر بـــەتو پێیانابتۆ.

گۆتی باشە خەموو نەبی.

بـــەرە بـــەری نیـــوڕانێ فـــاتم برســـی بـــوو، دوو کەشـــکێ خـــۆی خـــواردن، چـــاوی لـــەولاو لـــەولای گێـــڕا چ پشـــیلە دیـــار نـــەبوو، تێـــری نـــەخواردبوو، دە دریێ خـــۆی گـــۆ هـــەنکوە پشـــیلەی ئشـــتەك لۆخـــۆ پێیاکردیـــە، کەشکێ پشیلەشی خوارد.

پاش بەینەکی پشیلە هاتۆ، گۆتی کا خواردنێ من؟

فـــاتمێ گـــۆ ئـــەتوو چ دیارنـــەبووی ئـــەمیش زۆرم برســـیبوو، پشـــێ تووشم خوارد.

پشـــیلە تـــوڕە بـــوو میـــزی بەئاگریـــدا کـــردو کوژانـــدیۆ، فـــاتم دەبـــوو لـــۆ هێـــوارێ شـــیوێ لـــۆ برێیاکـــان لێنـــێ، لەســـە ئـــاگری مەحتـــەل بـــوو، نـــاعیلاج ئـــەو شـــاخ و داخـــەی گـــەڕا، لـــە دووری ئـــاگرەکی دیـــت، وکـــی نێزیك بۆ دیتی دێوەك لەبە ئاگری دانیشتیە.

دێـــوێ گـــۆ وەرە ئـــاگری ببـــە، وکـــی فـــاتمی لـــێ چـــووە پـــێش گرتـــی، گـــۆتی فـــاتم هـــەر حـــەفت برێیانـــت بکـــوژم، یـــان پـــەنجێ گـــەورەت بمژم؟!

فاتمێ گۆ پەنجێ گەورەم بمژە.

دێو هەموو رۆژێ لەفاتمێ چووە بەر دەرکێ ئەشکەفتێ

ئـــەیگۆ: هـــا فـــاتیێ ئەنگوســـتیێ گـــەورەت بمـــژم، یـــا حـــەفت برێیانـــت بکوژم.

ئەویشەگۆ وەرە ئەنگوستێم بمێژە.

برێیاکان گۆتیانە فاتمێ خوشکم گەلەك بێخێر بووی.

فاتمێ گۆ بڕەك نەخۆشم.

گۆتیان چتە؟!

فاتمێ گۆ چ نییە هە بڕەك بێتاقەتم.

دووسێ رۆژی دی پێچوون فاتمێ رەنگ دەبە نەما،.

برێیاکان گۆتیان خوشکم قسێ بکە، چتە؟

فـــاتمێ گـــۆ چـــوو لـــێ بشـــێرمۆ، ئـــەمن ئـــەوێ رۆژێ کەشـــکێ پشیلێشـــم خـــوارد ئـــەویش ئـــاگری لێ کوژانـــدمۆ، ئـــەمیش چـــووم لـــە ئـــاگری گـــەڕام، تووشـــــی دێـــــوێ بـــــووم، لـــــەو رۆژیـــــوە هـــــەمو ڕژێ دێ وارێ ئەنگوســـــتێ گـــەورەت بمـــژم یـــان حـــەفت برێیانـــت بکـــوژم، ئەمیشـــەرێم ئەنگوســـتێ من بمێژە.

لـــە بـــەینی خـــۆ گۆتیـــان ئەمـــە ئـــەوڕۆ ناچـــینە ئیشـــی، هەســـتان قۆرتـــەکی گـــەورێیان لێـــدا و مافوورەکیـــان لەســـە راهێخســـت، گۆتیـــان وکـــی دێـــو هـــات بـــرێ بـــڕۆ لەســـە مـــافوورێ دانیشـــە هـــەتا دەســـتێ خـــۆ شۆم، برێیاکان خۆیان لەو دەورو بەرەی تەقەت کرد.

دیتیان ئۆ دێو لۆلای ئەشکەفتێ دێ.

هـــات گـــۆتی چـــارێی فـــاتیٚ ئەنگوســـتیٚ گـــەورەت بمـــژم، یـــان حـــەفت برێیانت بکوژم؟

فـــاتمیٚ گـــۆ بـــە قوربانـــت بم ئەنگوســـتیٚ گـــەورەم بمـــژە، بـــەرا دەســـتم بـــە هەویرن هەتا دەستانەشۆم ئەتوو لەسە ئەو مافوورەی دانیشە.

وکی دێو چووە سە مافووریٚ کەتە قۆرتیٚ.

برێیاکـــــان هـــــاتن خۆریـــــان بەســـــە دێوێـــــداکرد و قۆرتیـــــان پڕکـــــردۆ، گۆتیانە خوشکیٚ خۆ ئاگات لیٚ بی ئەو جێیەی تەڕ نەکەی.

فاتمیٚ گۆ باشە.

رۆژەکـــی فـــاتمیٚ کـــۆرەکرد، ئاگـــای لێنـــەبوو ئـــاراوی هـــەموو چـــووە ســـە قۆرتیٚ.

پـــاش بەینـــەکی نێرکـــە پیـــوازەك لـــە ســـە قـــۆرتیٚ شـــین بـــوو، برێیاکـــان وکـــی نێرکـــە پیوازیـــان دیـــت، گۆتیانـــە فـــاتمیٚ خوشـــکم بـــە چ نـــەوعان نێزیکـــی ئـــەو نێرکـــە پیـــوازەی نـــەبی هـــەتا لـــەجێخۆ هیشـــکۆرەبی، دەنـــا هەرکیٚ بخوە ئەبیتە بەراز.

رۆژەکـــی فـــاتمیٚ ئـــاپراغ لێنـــان، پیـــوازی لەبـــە بـــڕا، لـــەبیری چـــووبوو برێیاکـــان گۆتیتیـــان نـــابی ئـــەو پیـــوازەی دەشـــیویٚ کـــەی، چـــوو نێرکـــە پیوازی هوورد کردە ناو ئاپراغان.

هێـــواریٚ وکـــی برێیاکـــان شـــیویٚ خۆیـــان خـــوارد، شـــەویٚ ئێـــك لـــە دوو ئێك بوونە بەراز.

فاتم گەلەك گریا گۆتی چم بەسە برێیا خۆ هینان.

فـــاتمێ فاتمـــان بـــوە شـــوانێ بـــەرازان، ڕۆژ تـــا هێـــوارێ لـــەو شـــاخ و داخەی بەرازیەگێڕان.

ڕۆژەکـــی دارکـــەرەك لـــۆ داران هـــاتبوە نێزیـــك ئەشـــکەفتێ، فـــاتمی دیـــت ڕەوە بـــەرازەکی ئەلـــەوەڕینی، گـــۆتی کیـــژۆرە بـــە خـــۆ و بـــەو ڕەوە بەرازەی لێرە چاکەی؟

فاتمێش بەسەر هاتەکەی لۆ کابرای دارکەر گێڕاوە.

کابرای دارکەر گۆتی ئەگە برێیانت لۆ چاکەمۆ مێردم پێکەی؟

گۆتی ئا.

گـــۆتی دەبـــی ئـــەمن هـــەرییێکی حـــەفت شـــوارکانیان لێـــدەم، بەســـە تـــوو نقەت لێوەبێ، ئەبنە گۆلك،.

فاتمێ گۆ باشە چ قسان ناکەم.

وەلـــلا حـــەفت شـــوارکی بـــە هـــەموو هێـــزو قـــوەتێ خـــۆ لـــەبرێیا گـــەورەدان، برێیاکـــەی لـــە تـــاوان یێـــك بـــەخۆی هـــاوارەکرد، فـــاتمێ دەوێ خـــۆی تونـــد گرتبـــوو، وەبـــی فـــززەی لێـــوەنێ، برێیـــا گـــەورە چـــابۆ، ئەجـــە ئـــەوانی دی یێـــك یێـــك چـــابوونۆ، مـــاوە برێیـــا کچـــکە، وکـــی شـــوارکێ یێکـــەمی لێـــدا برێیـــا کچـــکە هەنـــد بـــە غـــەریبی هـــاوارکرد، فـــاتمێ لـــە تـــاوان ئاگـــا لەخۆنـــەما، گـــۆتی وەی خوشـــکت لـــۆ کـــۆرەبی، وەللا برێیا کچکە بووە گۆلك.

فاتمێ مێرد بە دارکەری کرد، گۆتیێ بەرا توخا لێمگەڕێ با برێیا کچکە بینمۆ کنەخۆ.

کابرای گۆ چ قەیدیە.

برێیاکان وکی جاران ژیانێ خۆیان لە ئەشکەفتێ بەسەبرد و فاتمیش بەخۆ و بە گۆلکێ دەگە دارکەری چوو.

کوڕە دارکەر چەند قۆز و جوان بوو هەندەیدی کەشخە ببوو، کیژەکیش لە گوندی هەبوو ناوی سۆرێ چاوشین بوو ، دەدرێخۆ حەزی لە دارکەریەکرد.

دارکەری گۆ فاتم ئەمنەچمە حەجێ دوو سێ مانگم پێچن ئاگات لەخۆ و لە برارۆکەی بی ، ئشت و تفاقێ سەفەرێی حازر کردن و رۆیشت . سۆرێ وکی زانی وەختی هاتنەوێی داهاتیە چوە مارێ دارکەری و فاتمی لە قوژبنەکی بەستۆوە ، گۆتی هەموو رۆژێ هەندەك نان و ئاوتەدەمێ لێرە خۆکڕکە ئەگەنا هەر هەنکوە گۆلکێت لێ کوژمۆوە . ئەویش خۆی کڕکرد ، سۆرێش جلك و چارۆگێ فاتمێی دەبەکردن .

دارکەر بەخۆو بە کەشیدێ زەرد گەڕاوە ، دوور بە دووری ژنێخۆی لەسە هەیوانێ ئەدیت ، بەرا ئەیگۆ قەت فاتم نیە لە هەیوانێ نێیاتە خوارێ و بەپیرم وەنێیا.

وکی گەیشتۆ مارێ دیتی ژنی لەجێخۆ ناجولێ.

تەماشـــێی کـــردیٚ ژنـــی وە ژنـــیٚ جـــاران ناچـــی ، گـــۆتی ئـــەتو فـــاتمی؟
گۆتی ئەدی هەوم.

گۆتی ئەدی لۆ وەوی ناچی ؟

گۆتی بەدیکو ئەدی ئۆنیە هەوم ، جلك و چارۆگانم نەناسیۆ ؟

گۆتی با بەرا ئەدی لۆ رەنگیٚ چاوت گۆڕێیا ؟

گۆتی هەندی شەوان نەنوم هە چاوم لە دەرکێبی .

گۆتی ئەدی لۆ کەپووت ئەوهە درێژ بوە؟

گۆتی هەندی دەگە گریانیٚ چرمێخۆ بسترِم .

گۆتی ئەدی لۆ ئەنگوستت هەندە درێژ بوینە؟

گـــۆتی هەنـــدی ئەنگوســـتێخۆ راوەشـــینم بـــرێم پیـــاوم ئـــۆتێهیٚ هـــەنکوە دێتۆ، گۆتی ئەدی دەنگت لۆ گڕ بوە؟

گۆتی هەندی بگریێم و هاوارکەم برێم پیاوم لۆ نەهاتۆ .

کـــابرا مـــەجبوربوو باوڕکـــا . ئـــەو رۆژانـــە گـــۆلکیٚ چـــاو لـــە ســـۆریٚ چاوشـــین هـــەرناگرتن و هـــەموو دەمـــیٚ تورِەبـــوو و ئەیبۆڕانـــد ، ســـۆریٚ گۆ بەخوای ئەوەبی ئاشکرامەکا ، تەکبیرەکی لێبکەم باشە .

ئێکـــدوو حەفتـــەی پێچـــوون گـــۆتی زگـــم هێیـــە ، داری لەســـە بـــەردی دانانـــا ، هەروەشـــیەکرد ئـــەیگۆ ژانم ژانـــیٚ کورِانـــە گۆشـــت گۆلکۆکـــەم دەرمانـــە ، کابراشـــەگۆ باشـــە لـــۆت دەیـــنم ، ئەویشـــەگۆ نـــا ئـــیللا گۆشتیٚ ئەو گۆلکەیەخۆم . ئەویشەگۆ ئاخر کوو درت دیٚ .

ئەیگۆ ئەتوو حەقت نەبی.

کـــابرا چـــارەی نـــەما گـــۆتی مـــادام ئـــەو زگـــی بـــە برێیـــاخۆ نەســـۆتێتۆ ئـــەمن چـــبکەم ، چـــەقوی هینـــا لەســـە ملـــیێ گـــۆلکێی دانـــا دەســـتێخۆی کێشاوە.

ژنێش هەرەگۆ ژانم ژانیێ کوڕانە گێچکیێ گۆلکێم دەرمانە.

دیســـــان چـــــەقوی لـــــەملی خشـــــاندۆ نـــــەوێرا ، دەســـــتێخۆی کێشـــــاوە ، ژنێشەگۆت ژانم ژانیێ کوڕانە پێچکیێ خڕم دەرمانە .

ئـــەوجارەی چـــاوێخۆی قوچـــاندن و چـــەقوی لەســـە ملـــیێ گـــۆلکیێ دانـــا و برۆکـــەك دەســـتێخۆی گرانکـــرد پشـــکە خینـــەك لـــە هـــەوکیێ گـــۆلکیێ هـــات و هاواری کرد نەکەی نەمکوژێۆ.

دارکـــەری چـــاوێخۆ هـــەرینان دیتـــی کـــوڕەکی جحێـــری جـــوانی لـــەبن دەستانە ، هەردوکان هەموو قالبەلەرزی.

ژنیێ ویستی هەریێ کوڕەی هاوارکرد بیگرە با هەرنیێ .

ئەویش غاریدایێ و گرتی .

کـــوڕەی هەمووئشـــت لـــۆ دارکـــەری گێـــڕاوە، ئەجـــە چـــوو جـــیێ خوشکێخۆشی پێشانی دارکەریدا.

فاتمیان هینا دەریێ، ئەوی بن بەڕیێ هەموو هاتە سە بەڕیێ.

خوشك و برا و مێرد بێکدی شاد بوونۆ.

سۆریێ چاوشینیشیان لەجیێ فاتمیێ بەستۆوە هەتا پشێمانی بۆوە

ســـــوندی خـــــوارد لـــــەو ئاقـــارەی نـــــەمینێ ئـــــەوجا بـــــەرەلێیان کـــرد و ڕۆیشت.

هەندەی نەبرد فاتمێ مندارەکیش بوو.

دارکـــــەری لـــــەدوو شـــــەش برێیاکانیـــدیش نـــارد چـــاویان بـــە خوارزێیـــاخۆ ڕۆنبیتۆ .

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

## خدری زەمانی

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری نازدارتر نەبوو، پیاوەك هەبوو ناوی خدر بوو، زۆر بە دین و بە تەقوا بوو، خەرکەکە ناویان لێنابوو خدری زەمانی، چونکە ئەو زەمانی کەسی لەوی بە تەقواتری تێدانەبوو، خدری زەمانی چل ساری لە ئەشکەفتەکی خەریکی زکر و عیبادەتێ بوو. ئەو ماوەی ژنی مانگێ جارەکیەچوە کنێ و دەگە خۆی هەندەك زەخیرە لۆ برد.

شەوەکی مەلایکەتەکی هاتە کنێ گۆتی ئەتوو چل سارە زیکر و عیبادەتێ خوایەکەی، بەسسە هەڕۆ مارێ خۆ، بەئەمرێ باری تەعالان سێ مرازانت لۆ حاسرەکەم.

وەللا خدر بەو شەوەی گەڕاوە مارێ.

ژنێ گۆتێ خێرە خدر بەو شەوەی هاتیۆ؟!

خدری حار و مەسەلەی لۆ گێڕانۆ.

ژنێ پێ گۆ وەللا حەق وێیە ئەمن بکەیۆ کیژێ چاردە ساری، وەبی تۆرێ ئەو چل سارەت لۆ بکەمۆ و خزمەتت کەم.

خدری فکر کردۆ گۆتی هەقێ خۆیتی گەلەکم پێوەماندی بووە، گۆتی باشە ژنێ مادامەتوو وەهەت پێباشە هە ئەوشۆ بانگی مەلایکەتیەکەم بابێ ئەومرازەم لۆ حاسر کا.

چوو دوو رکەعات نوێژی کردن.

مەلایکەت پێیا بوو، گۆتی برێ خدر چت هێیە؟

گۆتی وەللا دەمەوێ ژنێم لۆ بکەیۆ چاردەساری.

مەلایکەتی گۆ کەیفێ توە.

وەللا بە ئەمرێ باری تەعالان ژن بۆوە کیژێ چاردەساری.

ژنێ وکی خۆی لەبە نەینۆکێ دیتۆ ئێکسەر لەخۆ گۆڕا، گۆتی توخوا گونەح نییە ئەمن بەو جوانی و جاحێرییەی لەدیار ئەو پیرەمێدەی دانیشم، بە باپیرێ منە شێ.

لۆ سبەینێ لێیدا وەدوو جحێرەکی گوندی کەت و خدری بەجێ هێشت.

دەنگودۆر دەگوندی براو بۆ، خدر گەلەك تووڕە بوو، چوە سە دوگردێ و دوورکەعەت نوێژی کردن.

مەلایکەت هاتۆ گۆتی ها خدر چت هەیە لۆت بکەم؟

گۆتی وەللا دەمەوێ ژنم لۆ بکەیە دێرەکی گڕوو.

مەلایکەتی گۆ کەیفێ توە.

ژن لەباوەشێ کوڕەی بووە دێرێ گڕوو، کوڕەکە هەندی بێز لێبۆ بە بەردانی سەرادوو نا.

دێرەکسۆکێ گڕوو هاتۆ ئاوایی، هەند پیس و بێزەلەت بوو، ئەوی ئەیدیت بە بەردانی لەخۆ وەدوور دێخستۆ.

هەموو قالبی ببوە برین، مێش و مەگەزێ دنێیای لێ وەرارابوون.

چـــۆوە مـــارێ، بەرامبـــەر خـــدری لمـــووزی وەعـــاردی کـــرد و دەســـتی بـــەنووزە نـــووزێ کـــرد، خـــدری وەدەرێیـــەنا، ئـــەو هـــە دەهـــاتۆ، چـــەند رۆژەکـــــی ئەوهـــــەماونۆ، دوایـــــێ خـــــدری زگ پـــــێ ســـــۆتا، چـــــوو دوورکەعەتـــە نوێـــژی دابەســـت، وکـــی لـــەخۆ بـــۆ، مەلایکـــەت هـــات گـــۆتی

برێ خدر ئاخیر مرازت چییە لۆت بکەم؟

گۆتی ئەودێرەم لۆ بکەنۆ پیرەژنێ جاران.

وەللا بە ئەمرێ خوای بۆوە پیرەژنێ جاران.

خدری هەرسێ مراز لە قیس چوون.

بـــەرا پیرەژنـــێش تۆبـــەکی بەهـــەقی کـــرد, هـــەتا مـــردن بـــەخۆ و بەخدری هەر خەریکی عیبادەتی بوون.

## مەحموود پاشا

هەبوونـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

پاشـــێیاك هـــەبوو نـــاوی مـــەحموود بـــوو، بـــەزۆری شـــەوان بـــەتاقی تـــەنێ بـــە دزی لـــە کۆرانـــان ئەســـووڕاوە بزانـــی لـــە مەملەکـــەتی چ بـــەحس و بازاڕە.

شـــەوەکی دیتـــی ســـێ کیـــژ لەبـــەینی خـــۆ قســـانەکەن، گێـــی لـــەناوێ خـــۆ بوو، خۆی لێ دانوساندن.

ئێکـــی گـــۆ ئەگـــە ژنـــێ مەحموودپاشـــای بـــام بـــە هێلکـــەو روونـــەکی ســـەت مێـــوانم لـــۆ وەڕێ کـــردن، دووێ دی گـــۆ بابـــە لەبـــە کیـــژێ ســـۆرێ چاوشـــین. ئـــەوی دی گـــۆ: ئەگـــە ئەمیشـــی هینابـــا بـــە خوریـــەکی مـــافوورەکم لـــۆ دروســـتەکرد ئێـــك بـــەدیوەخانێ، دوێ دی گـــۆ ئـــای لەبـــە کیژێ جۆرای.

ئـــێ ســـێیەم گـــۆ ئەگەرەمیشـــی هینابـــا، بـــە زگـــەکی کـــوڕەك و کیـــژەکم لـــۆ دەینـــان کـــاکۆر زێـــڕ و پەرچـــەم زیـــو، دوێ دی پێکـــەنین گۆتیـــان وای لەبە کیژێ گاوانی.

مەحموودپاشـــا ئـــەو شـــەوی گـــەڕاوە، هـــەتا ســـبەینێ فکـــری لـــە قســـێ کیژەکانـــەکردۆ. وکـــی ســـبەینە داهـــات لـــەدوو جـــۆراو گـــاوان و ســـۆرێ چاوشینی ناردگۆتی دەبی کیژێ خۆم دەنێ.

هەمان گۆ پێشکێش بی.

هەرسێك چوونە سە مار و دیوەخانێ پاشای، سۆرێ چاوشینیش دەگە کیژێ خۆ چوو، چونکە بەتەنێ مابۆ و مێردی مردبوو، پاشای گۆ قەیدی نیە بائەویش بێ.

رۆژەکی پاشا بانگی کیژێ جۆرای کرد، گۆتی مافوورێ دیوەخانێ گۆڕم، لۆ بەخوریەکی مافوورەکی یەك بەدیوەخانێم لۆ دروست ناکەی؟

ژنێی گۆ پاشام خۆش بی ئۆکوو بە خوریەکی مافوورێ ئێك بە دیوەخانێ دروستەکرێ؟!

پاشای خۆ لێکرکرد، دەدرێخۆیدا گۆ باوەبی بزانم ئێ وانی دی چ لێدێ؟!

قەدەرەك پێچوو پاشای لەدوو ژنێ دووەم نارد، کیژێ سۆرێ چاوشین، گۆتی ئەمن لۆ نیوڕانێ سەت نەفەرم دەعوەت کردینە لۆ بە هێلکەو ڕوونەکی هەمان نان نادەی؟!

ژنی پێکەنی گۆتی پاشا ئۆ چت لێ قەومێیا!؟ ئۆ کوو سەت نەفەر بە هێلکەو ڕوونەکی نانەدرێ؟!

پاشای خۆی کرکرد، دەدرێ خۆیدا گۆ بابزانم ئێ کیژێ گاوانی بەچا گا؟!

نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ پێچوون کیژێ گاوانی ژانێ منداربوونێی هاتنێ.

سۆریێ چاوشین گۆتیە پاشای ئەمنیەبمە مامان.

گۆتی: چاك و چێتر.

بووە مامان.

وكـــی دیتـــی كیـــژێ گـــاوانی كـــوڕەك و كیـــژەكی كـــاكۆر زێـــڕ و پەرچـــەم زیـــوی هینـــان، بـــانگی كیـــژێ خـــۆی كـــرد گـــۆتی بابـــانكۆر ئەگـــە زوو چارەكی نەكەین ئەوژنە لەسەرەنگۆ ئەبیتە هەیتە.

وەلا كـــوڕو كیـــژیان دەنـــاو ســـندووقەكی نـــان و بردیـــان بـــە ڕوباریانـــدا راداشـــتن، دوو گوجیلـــە كسۆكیشـــیان هینـــان لـــە كنیـــان دانـــان، ســـۆریێ چاوشـــین خـــۆی گێیانـــدە پاشـــای، خـــۆی زۆر بەخـــەم كردبـــوو، ســـەری دەبەخۆ نابوونۆ.

پاشا تەنگاو بوو، گۆتی خۆ چ نەقەومێیا؟!

سۆریێ كەپو و لێو تێكنابوون.

پاشـــای بـــە تـــوڕەیی گـــۆ لـــۆ قســـێم لـــۆ ناكـــەی؟ چ بـــووە، خـــۆ ژنم نەمردیە؟

ســـۆریێ چاوشـــین گـــۆ: نـــزانم كـــووت قســـێ لۆبكـــەم، كیـــژێ گـــاوانی دوو گوجیلەی هینواینە.

پاشـــا تـــووڕە بـــوو، گـــۆتی بـــڕۆن لەكاولـــە ئاشـــێی فـــڕەدەن و گوجیلەكانی باوێنەبەرێ.

سندووق بە ڕوباریدا چوو..

ئاشـــەوانەكی لەســـە روبـــاری دەراوی چـــاكەكرد، وكـــی ســـندووقی دیـــت، غاریـــداو گرتییـــۆوە، وەیزانـــی قاســـیێ زێـــڕ و زیویـــە. وكـــی بردیـــۆ مـــاریێ و ســـەری كـــردۆ دیتـــی كـــوڕو كیـــژەكی ســـپی ســـپی تێدانـــە، كوڕەكـــە كـــاكۆری زێـــڕو كیژەكـــەش پەرچـــەمی زیـــون، بـــە ژنـــیێ خـــۆی گـــۆ ژنـــیێ بزانـــە خـــوا چـــەند بەروحمـــە، ئەمـــە منـــدارن نـــابن، بـــەرا ئـــەو كیـــژو كـــوڕە جوانەی لۆ ناردینە.

ئاشـــــەوان بـــــەخۆ و بـــــەژنیێ ئەتـــــەگۆ منـــــداریێ خۆیتیـــــان ئـــــەوهێیان بـــــەخێوەكردن، زۆریـــــان خۆشدەویســـــتن، چـــــەندیش فـــــەقیربوون، بـــــەرا دریـــان ناهـــات مـــوەكیش لـــە ســـەریێ منـــدارەكان لێ بكـــەنۆ و بفرۆشـــن. كیـــژو كوڕەكـــە پارچـــەرەبوون، رۆژەكـــی گۆتیـــان ئەمـــە هەنـــدە ســـپی و جـــوانین، پرچـــن ئەوهـــە وەگـــوروازە و زێـــڕ و زیـــون، قـــەت نـــابی منداریێ ئەو ژن و مێردەی بین.

بـە ئاشـەوان و ژنـیێ ئاشـەوانیان گـۆ، بەڕاسـتین پـیێ بـرێن، ئەمـە كـوڕ و كیژێنگۆ نیینە. ئەمەو لەكێ بووە؟!

ئاشـەوان پیـاوەكی بـە در بـوو، نـەیتانی درۆیانیـان دەگـە بكـە، گـۆتی ئەنگۆم لە ڕوباری لەناو سندووقەكی گرتیتۆ.

كـوڕو كیژەكـەی گـۆ ئـەماڕۆین، ئەچـین لـە داك وبـابیێ خـۆ گـەڕێین، بـەرا پێشـی بـڕۆن، بـە ئاشـەوانیان گـۆ وەرە پرچـیێ مـە لـۆ خـۆ بـبڕە،

ببە لە بازاڕی بفرۆشە، ئاشەوانی پرچیٚ هەردووکانی تراشی و چ زێڕو زیوی بەسەری وە نەهێشتن.

کوڕەکە ناوی ئەحمەد بوو و کیژەکەش ناوی حەلیم بوو، هە ڕۆیشتن هەتا شەویان بەسەداهات، لە دووری شۆقیٚ چرا و قەندیلۆکانیان دیت، ئاواییەکی گەلەك گەورەبوو، چوون بە دزی خۆیان لەکادینیٚ مارەکی شاردۆ و هەتا سبەینیٚ نووستن، وکی سبەینە داهات بەناو شاریدا گەڕان، لە کاولە خانیەکی هۆدەکیان لۆخۆ خاوین کردۆ و سەریان بە پووش و چیلکان گرت، زۆریان برسی بوو، چ پارەشیان ویٚ نەبوو، حەلیمیٚ چاو وە یەکدوو داوەمویٚ زێر کەت بەسەریٚ ئەحمەدی وە مابوون، ئاشەوانی لەبە گریانیٚ ئەو داوە موانەی نەدیتبوون، لێیان کردنۆو چوونە بازاڕی فرۆتیان و هەندەك زەخیرێیان پیٚ کڕی، مارەکیان لۆ خۆ دانا، ئەحمەد لەبازاری ئیشیٚ عەمبارییێیەکرد و بەین بەینە مویٚ سەریٚ خۆشیانە فرۆشت هەتا بوونە ساحێب خانی، رۆژەکی ئەحمەد بە عەمباری ئشتی لۆ ماریٚ پاشای بردۆ، هۆدەکیان پێشاندا گۆتیان ئشتەکان بە ئەو هۆدەی، وکی چوو ژنەکی سۆر و سپی لەویٚ دانیشتبوو، ئەحمەدی ئشتەکان دانان، دەگە خۆ شۆڕکردنەویٚ کراوی لەسەری کەتەخواریٚ، لەبەر شۆقیٚ رۆژیٚ سەری وکی زێری بریسکاوە، سۆریٚ چاوشین بانگی کرد گۆتی کاخوە وەرە بزانم ئۆ

چـــت بەســـەری وێیـــە، کوڕەکـــەی زوو کـــراوێ خـــۆ لەســـەری نـــاوۆ و هەراتـــە دەرێ، ژنەکـــە ســـۆرێ چاوشـــین بـــوو، گـــۆتی هـــەبی و نـــەبی ئـــۆ کـــوڕێ کیـــژێ گاوانیـــە، بـــەدزی بەدویداچـــوو، هـــەتا مارەکـــەی دیتـــۆ، رۆژێ پاشـــی ســـۆرێ چاوشـــین خـــۆی کـــردە پیرەژنـــەکی فـــەقیر، جلکـــێ کـــەون و بـــە پنـــی دەبـــەکردن، چـــوە مـــارێ خوشـــك و برێیاکـــەی، لـــە دەرکـــەی دا، حـــەلیمێ دەرکـــە لێ نـــەکردۆ چـــونکە ئەحمـــەدی پـــێ گۆتبوو دەرکەی لەکەس نەکەیۆ.

ســـۆرێ چاوشـــین گـــۆتی ئـــەمن پیرەژنـــەکی فـــەقیر و بـــێ کەســـم، بەقەســـتی گریـــانی هینـــاخۆ و گـــۆتی لـــەو دنیێیـــای کـــەس روحمـــێ بـــەمن ناکـــا، گۆتیـــە حـــەلیمێ ئەگـــە داکـــێ تـــوو بـــام و لـــەکۆرانان ســـوڕابامۆ پێتخـــۆش بـــوو کەســـم دەرکـــەی لێ نـــەکاتۆ، حـــەلیمێ در نـــەرم بـــوو، دەرکـــەی لێکـــردۆ. ســـۆرێ چاوشـــینێ بـــە حـــەلیمێ گـــۆ: ئـــۆ لـــۆ هـــە بەتەنێی، ئەدی ئەتوو کەست نییە؟

حـــەلیمێ گـــۆ بـــەدی ئـــەمن برێیـــاکم هێیـــە، بـــەرا ئـــەو بـــەرۆژ ئەچـــیتە ئیشی.

سۆرێ چاوشین گۆ هەموو رۆژێ ئەتوو ئەوهە بەتەنێ بەجێدێری؟

حەلیمێ گۆ ئەرێ وەللا.

گۆتی ئەجە لە سبەینێ هەتا هێوارێ ئەوهە بەتەنێ وەرز نابی؟

گـــۆتی بـــەدی کـــو وەڕز نـــابم!، گـــۆتی هەنـــدەك جـــار وکـــی شـــێتانم لێدی.

ســـۆریَ چاوشـــین گـــۆ: بـــە خـــوای کیـــژم ناهـــەقت نییـــە، بـــەبرێیاخۆ بـــریَ با بلبلیَ خۆشاوازت لۆ بینی.

حەلیمیَ گۆ بلبلیَ خۆشاواز چییە؟

ســـۆریَ چاوشـــین گـــۆ بـــە چـــل زمانانـــەخینی، لێناگـــەڕیَ دەمـــەکی وەرز بی لۆخۆ ئیسراحەتەکەی.

ســـۆریَ چاوشـــین هەســـتا رۆیـــی، دەدریَ خـــۆی گـــۆ ئـــۆ ئەحمـــەدم فەوتاند.

شـــەویَ وکـــی ئەحمـــەد هـــاتۆ دیتـــی حـــەلیم زۆر عێـــدزە، گـــۆتی ئۆچـــتە خوشکم خۆ نەخۆش نی؟

حـــەلیمیَ گـــۆ نـــاوەللا بـــرام نـــەخۆش نیمـــە، بـــەرا بەتـــەنیَ هەنـــد عێـــدزەبم وکی شێتانم لێدیَ.

ئەحمـــــەدی گـــــۆ دەباشـــــە ئـــــەو دووســـــیَ رۆژانـــــە ناچـــــمە ئیشـــــی لەکنەتووەبم.

حـــەلیمیَ گـــۆ نـــاوەللا بـــرام ئەگـــە ئـــەتوو بلبلـــیَ خۆشـــاواز لـــۆمن پێیاکـــەی ئەمن وەرز نابم.

ئەحمـــەدی گـــۆ باشـــە ئـــەمن ســـبەینیَ لـــەبازڕی بلبلـــیَ خۆشـــاوازت لـــۆ دەینم.

سـبەینێ ئەحمـەد چـووە بـازاڕی لـە بلبلـێ خۆشـاواز گـەڕا، کـەس هـە نەیەزانی بلبلێ خۆشاواز چشە.

پیرەمێردەکـی گۆتـە ئەحمـەدی ئـەتو بلبلـێ خۆشـاوازت لـۆ چـییە؟

گـۆتی وەلـلا خوشـکم بەتـەنێ لەمارێیـە، گـۆتی بلبلـێ خۆشـاوازم لـۆ بینە هەتا وەرز نەبم.

پیرەمێـردی سـەرێ خـۆی بـادا، گـۆتی کـوڕم ئەحمـەد ئـەزانی ئـۆ مەعنای چییە؟

ئەحمەدی گۆ مەعنای چییە؟

گـۆتی کـوڕم بـڕۆ لـۆ خـۆ وێبکـەوە، بزانـە کێتەچـتە کـن خوشـکێ، ئـۆ مـەعنای وێیـە ئـەتوو بـە فەتارەتـەدەن، ئەگـەنا بلبلـێ خۆشـاواز بـە پاشێیان پێیا نەبووە، بە مندارەکی وکی توو کو پێیابی.

ئەحمەدی گۆ ئەگە جێی پێزانی پێم برێ ئەچم.

چـەندی پیرەمێـردی گـۆ کـوڕم ئەگـە بچـی ناگـەڕێیۆ، گـۆتی قەیـدی نیە ئەتوو هەقت نەبی.

ناچـار پیرەمێـردی گـۆ لـە پشـت حەفتاوحـەفت چـییێیان چـۆمەکی لێیـە ئـەو چـۆمە کانییـەکی لێیـە، دەوروبـەری کـانیێ هـەموو بـەرد و دارێ برنـدن، ئـەو بـەرد و دارانـە هـەموو زەلامـن چـووینە بلبلـێ خۆشاوازبگرن، گۆتی کوڕم ئەتووش بچی بەدەردێ وانەچی..

ئەحمەدی گۆ قەیدی نیە لەبەخاتری حەلیمێ خوشکەچم.

پیرەمێردی گۆ دەنا وەرە با پێت بڕێم چ بکەی: گۆتی وکی گەیشتیێ سبەینێ زوو هەڕوو خۆ لەناو داران بشارۆ، بەرەبەری نیوڕانێ بلبلێ خۆشاواز دێتە سەکانیێ، باران دەکانیێ هەردینی، هەتا شل و کوتەبی ئەگریێ، دوایێ باران دەکانیێ هەردینتۆ هەتا شل و کوتەبی پێکەنی، ئەوجا دەست بە بەندانەکا بە چل زمانانەخینی دوایێ ماندیەبی و خەوی لێکەوی، هەتا خەوی لێنەکەوی بە چ نەوعەکی لەجێ خۆ نەجولێی، ئەگەنا بت بینی وکی وانی دی ئەتکاتە دار، بەرا وکی خەوی لێکەت بڕۆ بیگرە، توندی بگرە ئەگەنا لەدەستت بفڕی ئەتکاتە بەرد.

ئەحمەد کەتە ڕێی.

شەو داهات ئەحمەد نەگەڕاوە، سێ ڕۆژی پێچوون، ئەحمەد هە نەگەڕاوە، پیرەژن لە کیژێ پێیا بۆ، گۆتی ئەتوو هێشتا هە بەتەنێی، حەلیم گریا گۆتی ئۆ سێ ڕۆژە برام نەهاتیتۆ، سۆرێ چاوشین دە درێ خۆ خەنی بوو، گۆتی بەخوای دیارە لەدوو بلبلێ خۆشاواز چووە.

بە حەلیمێی گۆ خەمت نەبی دێتۆ، ئەوجا ڕۆیی.

ڕۆژێ پاشی حەلیم چووە بازاڕی سۆراغێ ئەحمەدی بریێاخۆیەکرد، زۆر گەڕا کەس نەزانی لەکێیە، حەلیم گەیشتە پیرەمێردی گۆتی ئەتوو نزانی ئەحمەدی بریێیا من چ خەبەرە؟

پیرەمێردی گۆ ئەتوو خوشکێ ئەحمەدی؟

حەلیمێ گۆ بەرێ.

پیرەمێـــردی گـــۆ کیـــژم چـــت لـــەبن ســـەریە، لـــۆ ســـەرێ ئەحمـــەدی بـــە فەتارەتەدەی؟

حەلیمێ گۆ لۆ وارێی .

پیرەمێـــردی گـــۆ کیـــژم مـــا ئـــەتوو نزانـــی بلبلـــێ خۆشـــاواز بـــە پاشـــێیان پێیـــا نـــەبوە ، کـــو بـــەو کـــوڕە منـــدارەی پێیـــابی، گـــۆتی ئـــەوی چـــووە نەهاتیتۆ.

حەلیمێ گۆ ئەجە ئەحمەد چوو؟

پیرەمێردی گۆ ئەرێ وەللا چوو.

حـــەلیمێ دەســـت بـــە گریـــانێ و لـــەخۆدانێ کـــرد، گـــۆتی هـــەناوم خرابـــی، برێیـــاخۆم فەوتانـــد، بـــە پیرەمێـــردی گـــۆ ئەگـــە ڕێیەکـــەی پێزانـــی پـــێم برێ بەدویداچم.

پیرەمێـــردی گـــۆ کیـــژم ئـــەو فـــەوتا ئـــەتوو خـــۆ مەفەوتینـــە، ئەگـــە کەسیشت نیە وەرە کن مامێ خۆ.

گۆتی ناوەللا هەرەچم.

پیرەمێـــردی گـــۆ ئـــەتووش خوشـــکێ ئـــەو کـــوڕە کەللـــە ڕەقـــەی، چـــی پـــێ نـــەما ئـــەوی بـــە ئەحمـــەدی گۆتبـــوو بـــە حەلیمێشـــی گـــۆ، حـــەلیمیش کەتە ڕێی.

حـــەلیم گەیشـــتە جێیەکـــەی پیرەمێـــردی پـــێ گۆتبـــوو، چـــوو خـــۆی لـــەناو داران شـــاردۆ، بەرەبـــەری نیـــوڕانێ بلبلـــێ خۆشـــاواز هـــات، بـــارێ خـــۆی دەئـــاوێ هـــەرینان، هـــەتا شـــل و کـــوت بـــوو گریـــا، ئەجـــە بـــارێ خـــۆی دیســـان دەئـــاوێ هـــەرینانۆ، ئـــەوجارەی هـــەتا شـــل و کـــوت بـــوو پێکـــەنی، ئەجـــە دەســـتی بەبەنـــدان کـــرد، بەچـــل زمانـــانی خینـــد، دوایـــێ هەســـت و خوســـتی بـــڕا، پرخـــەپرخی وێکـــەت، حـــەلیم سەبرســـەبر لـــۆی چـــوو و خـــۆی هاویشـــتە ســـەرێ بـــە هـــەردوو دەســـتانی تونـــد گـــرت، بلبلـــێ خۆشـــاواز چـــەندی گـــۆ بـــڕەك شـــلترم بگـــرە خنکـــام، حـــەلیمێ زێـــتری لێ تونـــدەکرد، هـــەتا لـــەخۆ چـــوو، ئەوجـــە بـــار و پێـــی بەســـتن و دە دوڕ تورەگـــــەکی نـــــا و دەئـــــاوێی هـــــەرینا، بلبلـــــێ خۆشـــــاواز وەخۆهاتۆ، هەر هاواریەکرد ئەیگۆ دەرم بینە خنکام.

گۆتی پێم برێ ئەو دار و بەردانە کوو بکەمۆ بەشەر؟

گـــۆتی شـــوارکەك لەســـە تـــاتێ ســـە کـــانیێ کەتیـــە، لـــە هـــەر دار و بەردەکی دەی برێی بەنیەتێ وەی ببتۆ بەشەر، ئەبیتۆ بەشەر.

حـــــەلیمێ شـــــوارك دەســـــتدایێ، لـــــە کچـــــکەترین داری دا وەیزانـــــی ئەحمـــەدە، چـــونکە ئەحمـــەد کـــوڕەکی کورتیلـــەو قوتـــە بـــوو، بـــەرا بـــووە پیـــاوەك، پیاوەکـــەی ویســـت بلبلـــێ خۆشـــاواز لـــە حـــەلیمێ بســـتینی، حـــــەلیم زوو دارەکـــــی لێـــــداوە گـــــۆتی بەنیـــــەتێ وەی ببتـــــە دار، پیاوەکەبۆوە دار.

حـــەلیم زۆرەترســـا دیســـان دارەکـــی بکـــاتۆ ئینســـان و بلبلێـــی لـــێ بستینی، بلبلێ دەباغەرێ خۆنا.

ئەجـــە گـــۆتی بـــا ئـــەوجارەی دارێ لـــە هـــەمان درێـــژتر بکـــەمۆ ئینســـان، وەللا وکی کردیێ ئەحمەد دەرچوو، خەنی بوون.

حەلیمێ گۆ ئەحمەد برام با زوو لێرە بڕۆین.

ئەحمـــەدی گـــۆ گونەحـــە بـــا ئـــەو خەرکـــەی بکـــەینۆ بەشـــەر ،یێـــك یێـــك دارو بـــەردەکانی کردنـــۆ بەشـــەر گـــۆتی ئـــەوی لـــۆ بلبلـــێ خۆشـــاواز بێتـــە پـــێش ئەیکـــەمۆ دارو بەحـــەیاتی نایکـــەمۆ بەشـــەر، لەترســـان هـــەئێکی بەلێیاکیدا ڕۆیشتن.

ئەحمـــەد و حـــەلیم گـــەڕانۆ و بلبلـــێ خۆشـــاوازیان بـــردۆ، لـــە ڕێـــی حـــەلیم و ئەحمـــەدی تـــەکبیریان لـــە پیرەژنـــێ کـــرد، گۆتیـــان دیـــارە ئـــۆ دوژمنـــێ مێیـــە، دەنـــگ و دۆر لـــە شـــاری بـــراو بـــۆ گۆتیـــان ئەحمـــەدی بلبلـــێ خۆشـــاواز هینێیـــا، پاشـــای لـــەدوو ئەحمـــەدی نـــارد، حەلیمیشـــی دەگـــە چوو، بلبلێ خۆشاوازیشیان برد.

پاشـــــای بلبلـــــێ خۆشـــــاواز بەکوتـــــەکی لـــــە ئەحمـــــەدی ســـــتاند و دەقەفەزەکی کرد.

بلبلـــێ خۆشـــاواز هـــەتا شـــل و کـــوت بـــوو گریـــا، دوێیـــا هـــەتا شـــل و کـــوت بـــوو پێکـــەنی، هـــەمو خـــەرکی زانـــی بلبلـــێ خۆشـــاواز لـــە کۆشـــکێ پاشایە خینی، هەر بابابوو غاریەدا، دەبە ئێکدیان ئەگێڕا.

هەموو خەرکی مەملەکەتێی لێ خڕ ببۆ.

پاشــی بلبلــێ خۆشــاواز دەســتی بەبەنــدان کــرد، بەچــل زمــانی خینــد، بەســـتەکی بەســـە پاشـــایدا هـــەرگۆ، بـــە هـــەر چـــل زمانیـــەگۆ پاشـــا کسۆکە پاشا کسۆکە.

پاشا زۆر توورە بوو گۆتی ئەو بلبلەی بکوژن.

وزیـــرێ دەستەڕاســـت ئـــاقر بـــوو، گـــۆتی پاشـــام خـــۆش بـــی ئـــەوە تـــەیرە، خـــۆ بەشـــەر نییـــە هـــەتا مەخســـەدی بـــی بێڕێزیـــێ بکـــا، بـــابزانین ئۆلۆ وارێ؟

بلبلـــێ خۆشـــاواز دەسســـتی بەبەنـــدان کـــردۆ بەچـــل زمانانیـــە گـــۆ ئەگـــە پاشا کسۆك نەبی کووژنێ وی دوو گوجیلەیەبن، !

پاشـــا هەنـــدەی دی تـــورە بـــوو، گـــۆتی ئـــۆ کـــێ فێـــرە ئـــەو قســـەقۆڕانەی کردیە؟

دیسان وزیری گۆ پاشام خۆش بی پشیت هەبی.

بلبلـــێ خۆشـــاواز دەســـت بـــە بەســـتان کـــردۆ بـــە چـــل زمانـــان گـــۆتی دەبنـــۆڕنێ بـــزانن چ منـــداری کـــاکۆر زێـــڕو پەرچـــەم زیـــو لـــە نـــاوەخۆ نابیننۆ؟!

هە بابابوو لە دەورو بەرێ خۆ لە مندارەکانەگەڕا.

لە هیکڕا سۆرێ چاوشین پڕیدا حەلیمێ ویستی بیدزی.

حەلیمێ کردە هات و هاوار

لـــەو گەرەزەنگـــەی خـــەرکی ســـۆریێ چاوشـــین گـــرت، حـــەلیمێش ناســـیۆ، لـــە پـــێش چـــاویێ خـــەرکی هـــەموو ئشـــت ئاشـــکرابوو. بلبلـــیێ خۆشـــاواز بـــە نزمـــەکی غـــەریبی ئـــەو هـــەموو عالەمـــەی هینـــا گریـــانیێ، پاشـــاش گریـــا، ئـــاخیری ناردیانـــە دوو کیـــژیێ گـــاوانی لـــە کاولـــە ئاشـــێیان هینـــاوە، خـــەرك لێیەترســـا، بردیـــان جوانیـــان شوشـــت و جلکـــیێ شـــاژنانیان دەبـــەکرد و هینێیانـــە نـــاو عالـــەمیێ و کـــوڕو کیـــژەکێیان وێـــدانۆ، نەیـــەزانی نـــەبگرییێ نـــە پێبکـــەنی، ســـڕە هاتـــە ســـە ســـۆریێ چاوشین، هەموو عالەمیێ گۆ با پارچە پارچە بکریێ.

ئەحمـــەدی گـــۆ نـــاوەللا لـــۆمنی لێگـــەڕێن، هەســـتا لەناوەنـــدیێ بەربەرۆچـــکێی بـــە شـــوارکیێ کـــردە پـــیرەدار و شـــوارکەکەی پارچـــە پارچـــە کـــرد، پاشـــا بـــە ژن و کـــوڕو کیـــژیێ خـــۆ شـــادبۆوە و ســـۆریێ چاوشینیش هەتا لە جیێ خۆ هیشکۆر بوو هە بەداری ماوە،.

ئەمیش هاتمۆ کارەکم دڕاو هیچم پیێ نەبڕا.

## ئەحمەد پارەوان

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە خۆشەویستی نازدارتر نەبوو، کەسیش لە عەبدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو، جارەکی پاشێیاك هەبوو، سێ کوڕی هەبوون، ئێ گەورە ناوی عەزیز بوو، ئێ ناوەنجی ناوی حوسێن بوو، ئێ کچکەش ناوی ئەحمەد بوو، رۆژەکی پاشا لەسەرەمەرگێ هەرسێ کوڕێ خۆی بانگ کردن، گۆتی ئەمنەمرم، تەخت و مرك و مارەکی زۆر و لۆ بەجێدێرم، بەرا ئشتەك هێیە دەموێ پێوبرێم، ئەمن دوژمندارم، لۆییێ وکی دەقەبرونام دەبی نۆبەتێم لێ بگرن.

کوڕەکان گۆتیان باشە.

وەللا وکی پاشا مرد، کوڕەکان بابیان چی پێ گۆتبوون ئەوهێیان کرد، شەوێ یێکەم کوڕێ گەورە، شیر و خەنجەری هەگرتن، گۆتی ئەوشۆ ئەزەچم، چووە سە قەبران، لە دووری چەند شەقاوەکی، خۆی لە پەنێ کێلەکی برند شاردۆ، شەو درەنگ داهات، کەس دیار نەبوو، بۆرژا، چاوی چوونە خەوێ، دەگە خشەخشێ واگاهات، دیتی ئۆ عەزیێیاکی حەفت سەر لۆ کن قەبرێ بابێ وان دێ، لەترسان نەوێرا فزەی بکا، لە پەنێ کێلی خۆی وێك هینا، هەتا عەزیێیاکە بابەکەی لە قەبری دەرینا و تێری لەسە زگی هەرپەڕی، ئەوجا رۆیشت. وکی عەزیا رۆیشت، عەزیز لە پشت

کێلــی هاتــە دەرێ و بــە پەلەپــەل بــابێ خــۆی دەقــەبری نــاوەو خــۆری بەسە داکردۆ، سبەینەی بەسەداهات، گەڕاوە مارێ.

بڕێیاکان گۆتیان ها چ بوو؟!

گۆتی وەللا چش، هەتا سبەینێ دانیشتم چم نەدیت.

شــەوێ دووەم بڕێیــا نــاوەنجی گــۆ ئەوشــۆ بــا ســڕێ مــن بــی، ئــەویش وکــی بڕێیــا گــەورە چــەك و تفــاقێ خــۆی بــرد و چــووە ســە قــەبران، لــە پشــت کێلــەکی بردنــد خــۆی تەقــەت کــرد، شــەو گەیشــتە نیــوەی چ دیــار نــەبوو، چــاوی لەســە یێــك دانــان و دانــەنان, خشەخشــەکی لــە دووری گــێ لێ بــوو، خــۆی لــە پشــت کێلەکــەی وێــك هینــا، خشپەخشــپەکە هــە نێزیکــە بــۆ، هــەتا عەزیێیاکــە هاتــە ســە قــەبرێ بــابێ وی، وکــی شــەوێ پێشــی, مەیتەکــەی دەرینــاو لەســە زگــی هەرپــەڕی، ئــەوجا ڕۆیشــت، وکــی وەدوور کــەتۆ، حوســێن هەنــدی دەمــێ بــابێ خــۆی فــڕەداوە نــاو قــەبری و خــۆری وەســەداوۆ و گــەڕاوە مارێ، بڕێیاکان گۆتیان ئەوشۆ چ هەبوو! ؟ گۆتی وەللا چ نەبوو.

شەوێ سێیەم ئەحمەدی گۆ ئەوشۆ نۆبەتێ منە،.

بڕێیاکان گۆتیان پێی ناوێ بچی، چ لە گۆڕێ نییە.

بەرا ئەحمەدی گۆ هەرەچم.

چــەك و تفــاقی هــەگرتن و ڕۆیــی، چــوو لــە ســە قــەبرێ بــابێ خــۆ دانیشــت، هەویــە شــەوەکی ســامار بــوو. نیوەشــەو داهــات دیتــی ئــۆ

عــــەزیێیاکی گـــەورە لـــە دووری ڕا دیٚ، وکـــی نێزیـــك بـــۆوە، ئەحمـــەد دەنگی دا، ئەتوو کێی ؟

عەزیێیاکــە فریشــقاندی: کــابرا هــەرکێی لاکــۆ لەســە ڕێــی، ئــەمن چیشــم بەکــەس نییــە، دێــم بــڕەك لەســە زگــیٚ پاشــای هەرەپــەڕم و ئەگــەڕێمۆ، ئەحمـــەدی گـــۆتیٚ بـــەڕێخۆدا بگـــەڕێوە ئەگـــەنا ئـــەتکوژم، عـــەزیا هـــە دەهاتـــە پـــێش، ئەحمـــەدیش پێشـــە لێگـــرت، کەتنـــە شـــەڕی، زۆریـــان گەوزگـــەوزانیٚ بێکـــدی کـــرد، عـــەزیای لـــەزۆر جێیـــان ئەحمـــەد برینـــدار کـــرد، بـــەرا ئەحمـــەدیش شـــەش حـــەفت خەنجـــەری باشـــی لـــەوی دابـــوون، ئـــاخیری ئەحمـــەدی خەنجـــەرەك خێورانـــدە چـــاوەکی عـــەزیای، عـــەزیا لـــە تـــاوان دەرپـــەڕی و بـــەغاردان ڕۆیـــی، ئەحمـــەدی کەتە دویٚ، بەو شەوەی لێی بزر بوو.

ئەحمـــەد بـــە عەجەلـــە گـــەڕاوە مـــاریٚ، برێیاکـــانی لەخـــەویٚ هەســـتاندن، حارو مەسەلەکەی لۆ گێڕانۆ.

برێیاکـــان گۆتیـــان دەباشـــە هـــەنکوە عـــەزیا بـــەو برینانـــە ئـــەمری چ پێـــی ناویٚ بەدویدا بچین.

ئەحمەدی گۆتنیٚ  ئەگە دەگەرم نێن بەتەنیٚ ئەگەڕێمۆ.

وکـــی وزیـــر و گزیـــر و خـــورام هـــەموو تێگەیشـــتن، برێیاکـــان لەشـــەرمان وەگـــەری کـــەتن، هـــەتا گـــەڕانۆ ســـە قـــەبران، دنیـــاش تاریـــك و ڕۆن ببوو..

لــــەدوو خینــــێ رۆیشـــــتن، لەپشـــت حـــــەفت چـــــییێیان گەیشـــــتنە سەکونەکی، دیاربوو عەزییێیاکە چووبووە ئەو کونەی.

گۆتیانە برێیا گەورە ئەتوو شۆڕەکەینۆ.

لە شەرمان گۆتی باشە.

وکـــی بڕەکیـــان شـــۆڕ کـــردۆ، هـــاواری کـــرد هـــەرم کێشـــنۆ، وکـــی هـــەریان کێشاوە، گۆتی هەناسەم تەنگ بوو.

وەلـــلا برێیـــا ناوەنجیـــان شـــۆڕکردۆ، ئـــەویش پـــاش هەنـــدەکی هـــاواری کرد کوڕە هەرم کێشنۆ، ئەویشیان هەرکێشاوە.

ئـــەوجارەی ســـڕە هاتـــە ســـە ئەحمـــەدی، گـــۆتی ئەگـــە هاواریشـــم کـــرد هەرم مەکێشنۆ.

گۆتیـــان باشـــە، ئەحمـــەدیان شـــۆڕکردۆ، رۆیـــی رۆیـــی کونەکـــە هـــەر تـــاریکتر و بەســـافترەبوو، لـــە درێ خـــۆی گـــۆ لـــەو کونـــەی شـــەڕ دەگـــە عـــەزیای نـــاکرێ وەباشـــە وکـــی هاتـــە دەرێ بـــە هەرســـێ برێیـــان لێـــی دەیـــن، هـــاواری کـــرد هـــەرم کێشـــنۆ، چـــەندی هـــاواری کـــرد هـــەریان نەکێشـــاوە، هـــەتا گەیشـــتە ژۆرەکـــی گەلـــەك گـــەورەو روونـــاك، دیتـــی عـــەزیا لەســـە ســـەکۆیەکی لێ درێـــژ بـــووە بـــە ســـێ کیژانیەشـــێلن و باوەشـــینیێ لێکـــەن، ئەحمـــەدی زراو چـــوو، بەشـــەوێ لەســـە قـــەبران ئەوهـــە بەباشـــیی نـــەدیتبوو، وکـــی پێـــی گەیشـــتنە عـــاردی، بـــە دزی رۆیی خۆی لە قوژبنەکی شاردۆ، بانگی کیژەکیی کرد.

عەزیا ڕاپەڕی، ئەحمەدیش دەستیدا شیری و لێی ڕاپەڕی.

عــەزیای وکــی ئەحمــەد دیــت شــێت و هــاربوو، گــۆتی ئــەمن ئــەتوم لــە عاسمانــان دەویســت ئــۆ بــەخۆم لــۆ هاتیــە بــن عــاردی، هــە هاتــە پــێش ئەحمــەدی شــیرەك لــە ســەرەکی داو پەڕانــدی، عــەزیا لــەتاو روحــێ خــۆ لەوســەری لــۆ ئەوســەری هەرەبــەزی، ئەحمــەدیش هــەجارێ ســەرەکی ئەپەڕانــد، ئــاخیری ســەرێ گــەورە مــاوە، بــەرا چــاوەکی لێ کۆرەکردبــوو، عــەزیای بــە چــاوەکی هــەموولای بەباشــی نــادیتن، لــۆیێ ئەحمــەد لێــی وەرســوڕاوەو خــۆی هاویتــە ســە ملــی، بــە خەنجــەرانی شل و کوت کرد، عەزیا کەتە گۆڕێ و حەیاتی لەبەر بڕا.

ئــەجا ئەحمــەد لــە هیلاکیــان کەتــە گــۆڕێ و خــەوی لێکــەت، نــەیزانی چــەندی نووســتییە، بــەرا وکــی واگاهــات، دیتــی هەرســێ کیژەکــە ئەیشــێلن و باوەشــینێی لێکــەن، برینــانی وارا کــەن و مەرحــەمێی لــۆ تێهەرەسوون.

ئەحمــەد هەســتاوە گــۆتی دەگــەرەمن وەرن، گــۆتی ئــەنگۆ ســێ کیــژن، ئەمــەش ســێ براینــە، کــوڕە پاشــاینە هــە یێکــە و ئێکــەکو لێ ماراکــەین، ئەحمــەدی گــوریس راکێشــا و بــە کیــژێ گــەورەی گــۆ خــۆ دە گوریســی بگــرە، برێیاکــان گوریســیان هەرکێشــاوە، وکــی کیــژەکێیان دیــت، ئەحمــەدیان هــە وەبــیر نــەما، برێیاکــان لــە بــەینی خۆ لێك گیربوون، ئەویەگۆ لۆمنە ئەویدیەگۆ لۆمنە.

کیژەکـــەی گــۆ، خـــەم و نـــەبی ئەمـــە ســـێ کیـــژین، گوریســـی شـــۆڕکەنۆ بـــا ئەحمـــەد و ئـــەوانی دیـــش بـــێن، گوریســـیان شـــۆڕ کـــردۆ، کیـــژێ کچـــکە گۆتی ئەحمەد ئەتوو بڕۆوە، ئەمە پاشی تو دێن.

ئەحمـــــەدی گـــــۆ نـــــابی، کیـــــژێ نـــــاوەنجیی نـــــارد، وکـــــی ئەویشـــــیان هەرکێشـــــا، دە هەنـــــدی ئـــــێ یەکـــــەم جـــــوان، دیســـــان برێیاکـــــان کردیـــــانۆ شـــــەڕ ئـــــەو ئـــــەیگۆ ئـــــەوە لـــــۆمن ئێـــــدی لۆتـــــو، ئەویدیـــــە گـــــۆ نـــــا ئـــــەتوو پێشتر ئەوەت لۆخۆبرد دەبی ئەوەش لۆمن بی.

کیـــژەکان گۆتیـــان گوریســـی شـــۆڕکەنۆ بـــا ئەحمـــەد بێتـــۆ ئـــەوی ئەمەیـــدا کێ، ئەمە رازینە.

وەلـــلا گوریســـیان شـــۆڕکردۆ، ئـــەوجارەی کیژەکـــەی گـــۆ ئەحمـــەد ئـــیللا دەبی ئەتوو پێشی من بچی.

ئەحمەدی گۆ لۆ؟

گۆتی ئەترسێم برێیاکان ئەتوو هەرنەکێشنۆ.

ئەحمەدی گۆ نا نا ئیشێ وهە ناکەن.

گـــۆتی دەنـــا ئەگـــە هـــەریان نەکێشـــایۆ، لەســـە ئـــەو هـــەردێرەی ڕاوەســـتە هـــەتا دوو بـــزن دێـــن، ئەگـــە کەتیـــە ســـە پشـــتێ بزنـــێ ســـپی، ئـــۆ دەتهینتـــۆ ســـە دنیێیـــا، بـــەرا ئەگـــە کەتیـــە ســـە پشـــتێ بزنـــێ رەش، حەفت تەبەقانتەباتە بن عاردی.

گۆتی ئەتو بڕۆ خەمت نەبی.

کیــژێ کچکەشــی نــارد، وکــی عــەزیز و حوســێنان ئــەو کیــژە دیــت، لــە هــەردووکێ پێشــی جــوانتر بــوو، گۆتیــان بــەخوای ئەحمــەد ئــەوەی لۆخــۆ بــا، لەبــەینی خــۆ رێککــەتن برێیــا گــەورە دوو کیــژێ ئــەوەلی ببــا، لــەباتی هەنــدێ حوســێن کیــژێ کچــکە لۆخۆببــا، گوریســیان لــۆ ئەحمــەدی شــۆڕ کــردۆ، وکــی ئەحمــەدی دەســت تێگــرت، لــە پــێش چــاوێ کیــژەکان بڕەکیــان هەرکێشــاوە، لــە نیــوەی گوریســیان بــەردا و ئەحمــەد بــە گوریســۆ کــەتۆ قــۆرتێ، هــەردوو بــرا کیــژەکانیان بــە زۆر و زۆرداری وەپێشەخۆدان و ئەحمەدیان لەوێ بەجێهێشت.

ئەحمــەدی قــەت ئەوهــەی دەبرێیــا خــۆ ڕانــادیتن، بــەرا قســێ کیژەکــەی وەبــیر هــاتۆ، گــۆتی تــازە چــم بەدەســت وەنــەمێیا، بــا بچــم نۆبــەتێ لــە بزنــان بگــرم، کیژەکــەی کــوو گۆتبــوو، ئەوهــە دەرچــوو، دوو بــزن ئێکــی ســپی و ئێکــی ڕەش لــە دامــەنێ هەردێرەکــەی تێئەپــەڕین، ئەحمــەدی خــۆ لــۆ بزنــێ ســپی هــەردا، بــەرا جێیــی زۆر برنــد بــوو، هــەتا گەیشــە خــوارێ بزنــێ ســپی ڕەت بــوو و کەتەســە پشــی بزنــێ ڕەش، حــەفت تەبــەقانی بــردە بــن عــاردی، ئەحمــەدی در زۆر تونــد بــوو، ڕۆیــی ڕۆیــی گەیشــتە ئاواییــەکی، چــووە مــارەکی بــەس پیرەژنــەکی لێ بوو، گۆتی داپیر گەلەکم تێنیە، ئەگە بادیە ئاوەکم دەیێ؟!

پیرەژنــیش چــووە هــۆدێ پشــتۆ هەنــدەك میــزێ خــۆی لــۆ دەبنــێ بادیێ کرد و دایێ.

ئەحمـــەدی وکـــی خواردیـــۆ گـــۆتی ئـــۆ چ ئـــاوەك بـــوو پـــیرەداك؟ تـــامی گەلەك نەخۆش بوو.

پیرەژنیٚ گۆتیٚ دیارە ئەتوو ئاگات لە مەسەلێ مە نییە ! ؟

ئەحمەدی گۆ مەسەلێ چ داپیر؟ !

پیرەژنـــیٚ گـــۆ چـــت لێ بشـــێرمۆ کـــوڕم، ئـــۆ چـــەند ســـارە لـــە مەملەکـــەتیٚ مـــە عـــەزیێیاك بـــەریٚ ڕوبـــاری لێ گرتینـــە، هـــەموو ڕۆژیٚ دەبـــی کیـــژەکی بـــدەینیٚ بیخـــوا، ئەجـــە هـــەتا کیژەکەیـــەخوا ڕوبـــارن لـــۆ بـــەرەداتۆ، پاشی ئاویٚ گریتۆ، ئۆندە ئاوەش بپشیٚ چ ناکە.

ئەحمەدی گۆ جیٚ ئەو عەزیێیای لەکێندەرە ؟

پیرەژنـــیٚ گـــۆ کـــوڕم ئەگـــە بەتـــەمای بیکـــوژی، واز لـــەو فکـــرو خەیارانـــە بینە، فایدەی نییە، ئەوی چووە نەگەڕایتۆ.

ئەحمەدی گۆ ئەتو پێشانم دە هەقت نەبی.

پیرەژنـــیٚ گـــۆ جەرگۆکـــە، بـــەخوای پێشـــانت نـــادەم، شـــەڕیٚ عـــەزیای کو بەتووەکریٚ ! ؟ ئۆ لەشکریٚ پاشای دەرەقەتی نێیا !

ئەحمـــــەدی گۆتـــــە پیرەژنـــــیٚ هـــــەنکوە پێشـــــانمەدەی یـــــا ســـــەرت پەلدەم؟

پیرەژنیٚ لە ترسان جێی پێشان دا.

ئەحمـــەد چـــوو لەســـە ڕێـــی دانیشـــت هـــەتا کیـــژەك بەوێـــدا هـــات، گـــۆتی خوشکم ئۆ کێواچی؟

کیژەکـە گریـا، گـۆتی مـا نزانـی کێواچـم، ئەچـم ئـەو سـنیە شـیوەی لـۆ عەزیایەبەم، ئەمن و شیوەکەی ئەخوا هەتا بڕەك ئاویٚ بەرداتۆ.

ئەحمەدی گۆ لۆ ئەو سنیەی وەمن نادەی ئەمن لۆی ببەم.

کیژەکەی گۆ: عەزیای پیاو ناوێن،.

گۆتی ئەتوو هەقت نەبی سنییٚ وەمن دە.

کیـــژەش ســـنی وە ئەحمـــەدی دا، ئەحمـــەد یێکســـەر ســـنی لەپێشـــەخۆ دانـــا، دوو ســـێنی لەســـە بـــوون، ئێـــك تـــرش بـــوو ئێکـــیش بـــرنج بـــوو، هەند بە هەشتاوی خوارد سێنیشی لێستنۆ.

کیژەکـــە گەلـــەك پـــاڕاوە گـــۆتی ئـــەتو لـــۆ خـــواردنیٚ عەزیایـــەخۆی، هەنکوە لۆی نەبەم ئاوێن لۆ بەرناداتۆ.

ئەحمـــەد گێـــی نـــەدا قســـیٚ کیژەکـــەی تێـــری خـــوارد، ئـــەجا گۆتیـــە کیژەکـــەی وەرە عـــەزیام پێشـــاندە، وەلـــلا کیژەکـــەی وەگـــەر کـــەت لـــە دووری عـــەزیای پێشـــاندا، ئەحمـــەدی گۆتـــە کیژەکـــەی ئـــەتوو لێـــرە دانیشــە، بــەخۆش لــە عــەزیای چــووە پــێش، عــەزیا وکــی ئەحمــەدی دیــت، هــاربوو، ئێکســەری پــڕ دایــیٚ، هاویتیــە نــاو دەویٚ خــۆ و قــووتی دا، بــەرا ئەحمــەدی شــیریٚ خــۆ بــە هــەردوو دەســتان گرتبــوو، کــوو بــە گــەرویٚ عەزیایــدا چــووە خــواریٚ ئەوهــەی عــەزیا شــەق کــرد، حــەییاتی لــە عــەزیای بــڕی، خینــاو بــە ڕوباریــدا شــۆڕبۆوە نــاو ئــاواییٚ، هــە بابابوو، کوندە و شەربەی لەو خیناوەی پڕەکردن.

کیژەکــە گــەڕاوە ئــاوایێ، داك و بــابی خــەنی بــوون، خەبــەرێ کوشــتنێ عــەزیای دە هــەموو مەملەکــەتی گــەڕا، پاشــای بانگڕاهێشــت، گــۆتی ئەو پارەوانە کێیە بابێتە پێش هەتا بە خەراتانی خەنی کەم.

کــەس نەچــووە پــێش، بــانگی کیــژەکێیان کــرد، گۆتیــان ئــەتوو نەیناسیۆ؟

گــۆتی ئــەمن دەســتەکی بــەخینم لــە پشــتێ دێیــا، پیــاوێ پاشــای لــەناو خــەرکی گــەڕان، ئەحمــەدیان بــە جێدەســتەکەی دیتــۆ و بردیانــە کــن پاشای.

پاشای گۆ لۆ نێیایە پێش هەتا خەنیت کەم؟

ئەحمەدی گۆ پاشام خۆش بی لێرە هیچ بەکەلکە من نێیا.

پاشای گۆ  کیژێ خۆتەدەمێ و لەجێخۆت ئەکەمە پاشا.

ئەحمەدی گۆ پاشایەتی قابیلی تووە و کیژیشم لێ ناوێی.

پاشای گۆ وەعد بی هەرچ برێی لۆتەکەم.

ئەحمــەدی گــۆ پاشــام خــۆش بــی، ئــەمن خــەرکی ســە دنیێیامــە، دەموێ بمنێریۆ سە دنیێیا.

پاشــای گــۆ بریــا گۆتبــات هــەر حــەفت کــوڕێ خــۆ ســەربڕە لــۆم ســەرەبڕی بــەس ئــەو داوییێــات نــەکردبا، گــۆتیێ تخــوبێ مــە هــەتا نیوەی ڕێیە، لەوێڕا کەیفێ خۆیتت.

ئەحمەدی گۆ قەیدی نیە، هەباشە.

وەلـــلا ئەسپەشـــێیان لـــۆ ئەحمـــەدی هینـــاو ســـوار بـــوو، رێـــی حـــەفت مانگـــانی بـــە حـــەفت شـــەو و حـــەفت رۆژان بـــڕی ئەســـپێ ئەحمـــەد لەســـە ڕێیـــەکی دانـــا، گـــۆتی ئەگـــە بەوڕێیـــەی دا بـــڕۆی بـــە حـــەفت مـــانگی دی ئەگـــەیۆ ســـە دنییێـــا، ئەحمـــەد خـــەنی بـــوو، ڕێـــی دا بـــەرێ، ڕۆیـــی ڕۆیـــی گەیشـــتە دارەکـــی گەلـــەك گـــەورە، لـــۆ بـــن دارێ چـــوو، ویســـتی بـــڕەك بســـێتۆ، وکـــی دیتـــی عـــەزییێاك خـــۆی دەدارێ وەرینێیـــا، لەســـە دارێـــش ســـێ چـــار فەرخـــە تـــەیر لـــەناو هێلانـــێ جریوەجریویتیـــان، نـــەیکردە نامـــەردی عـــەزیای پارچـــە پارچـــەکردو گۆشـــتەکەی دا فـــەرخان، ئەوجـــە لـــەبن دارێـــی خـــەو لێکـــەت، هـــە هەنـــدەی زانـــی شـــرق و هـــۆڕ و رەشـــەبێیا، لـــە جـــێ خـــۆ ڕاپـــەڕی دیتـــی تـــەیرەکی هەنـــدی کەرتکـــە شـــاخەکی لـــۆ هێلانەکـــەی دێ، زانـــی ئـــۆ ســـیمرخە و داکـــێ فەرخانـــە، بـــەرا ســـیمرخێ وکـــی ئەحمـــەدی دیـــت، گـــۆتی ئـــۆ ئـــەتووی حـــەفت ســـارە فـــەرخێ منەبـــەی؟ قـــەت تـــازە لەدەســـتەمنت قورتـــار نـــابی، ویســـتی پڕداتـــە ئەحمـــەدی، فـــەرخۆکان کـــردە جریوەجریـــو، گۆتیـــان ئـــۆدە ئـــۆ ئـــەو پیـــاوەی ئەمـــە قورتـــارکرد، دەنـــا عـــەزێیاك وەســـە دارێ هەرەگـــەڕا دەیویســـت بـــێ بنخـــوا، ئهـــێ ئـــەو پیـــاوەی کـــوی پارچـــە پارچـــە کردیـــەو گۆشتەکەی لۆمە هەردێیا!

سیمرخێ گۆ چت دەوێ هەتا لۆت بکەم؟

ئەحمەدی گۆ ئەتوو چت لۆمن پێناکرێ.

گۆتی هەرچت دەتەوێ برێ شەرت بی لۆتەکەم.

ئەحمەدی گۆ دەموێ بمبەیۆ سە دنیێیا.

سیمرخێ گۆت: پەککوو .. بریا حەفت ساری دیشم فەرخە بخورابان بەس ئەوەت نەگۆتبا، گۆتی تازە قسێ خۆم کرد، برۆ خواردنێ حەفت شەو و حەفت رۆژان لۆمن و لۆ خۆ بینە، وەبی وەڕێ کەوین.

ئەحمەد چوو حەفت نێری قەرەوی کوشتنۆ، پشێ فەرخانی دانا، ئەجە حەفت کوندە ئاو و حەفت تەشتەنانی کردنە نووردی و لە پشتێ سیمرخێی بارکردن، بەخۆش سوار بوو، سیمرخ فڕی، هە گۆتبای خواردن پارچە گۆشتەك و نووردیە نانەکی داویشتە دەوی.

رۆژێ شەشەم خواردنیان لێ بڕا، سیمرخێ گۆ خواردن، ئەحمەدی پارچە گۆشتەکی لە بەلەکێ خۆ لێکردۆ دە دەوێ سیمرخێی نا، سیمرخێ لە تامێڕا زانی گۆشتێ قالبێ خۆی لۆ لێکردیتۆ، لەبن زمانێ خۆی دانا و چیدی بەحسی خواردنێی نەکرد، وکی گەیشتە سە دنێیا، ئەحمەد هاتە خوارێ بە سیمرخێی گۆت ئەتوو برۆ ئۆ ئەمن گەیشتمۆ جێی.

سیمرخێ گۆ نا ئەتوو برۆ.

ئەتوو برۆ.

نا ئەتوو بڕۆ.

ئەحمەد مەجبوور بوو بەشلەشل بڕوا.

سیمرخێ بانگی ئەحمەدی کرد، گۆتی لۆ ئەشلی؟

گۆتی چنیە لاقم گۆد بوینە.

گــــۆتی ئەحمـــــەد لەمنەشـــــێریۆ؟ وەرەپـــــێش و دەلینگـــــێ شـــــلواری هەرکـــە، ئەحمـــەدی زانـــی ســـیمرخ دە مەســـەلەکەی گەییـــە ، دەلینگـــی هـــەرکرد و ئـــەویش گۆشـــتەکەی لـــۆ بـــەلاقی وەنـــاوە، ئـــەوجا دەســـتیان دەملێ ئێککرد و ئێکدیان بەجێهێشت.

ئەحمـــەد لـــۆ شـــارێ خـــۆ گـــەڕاوە، بـــەرا کـــەس ئەحمـــەدی ناناســـیۆ، ســـــەرو ردێنــــی هـــاتبوون، بیســـــت ڕۆژەبـــــوو هـــــەتاوی وێ نەکـــــەتبوو، دژوون و لـــەڕولاواز ببـــوو، وکـــی گەیشـــتە شـــاری دیتـــی لـــە هـــەموولێیان دۆرو زوڕنا کوتانە، گۆتی مەسەلە چییە !؟

گۆتیان ئۆ عەزیز و حوسێن ژنێ گوازنۆ.

لـــەناو ڕەعیـــەتێ خـــۆ چـــووە مـــارەکی پێـــی گـــۆتن ئـــەمن ئەحمـــەدم، ئەوانیش چاویان زەق بوون ، کوو ئەدی ئەتوو نەمردی؟!

گـــۆتی نـــاوەللا ئـــۆ لـــە پێشـــەنگۆمە ، بـــەرا مـــادام ناوەکـــە وە ڕۆییـــە بـــا هە وەبی جارێ ئاشکرام مەکەن .

زۆریـــــان خزمـــــەتکرد، هێلکـــــەو قـــــەرییێیان لـــــۆدەڕونی کـــــردن و تێـــــری خـــــوارد، ئاویـــــان لـــــۆ گـــــەرم کـــــرد وچارشـــــەویان دە دەورێ سەرشـــــۆرکێ

گرتنـــۆ، چـــوو خـــۆی جـــوان شوشـــت، قەدەجلکـــەکی جوانیشـــیان لـــۆ پێیـــاکرد، وکـــی بەتـــەواویی ســـاوە، چـــووە نـــاو خـــەرکی و بەســـەرهاتیٚ خۆ و برێیاکانی لۆ گێڕانۆ.

هەموو خەرکی وەگەکەت و بەسە کۆشکێیان دادا.

عـــەزیز و حوســـێنی لەبـــە کـــەیف و ســـەیفیٚ ئاگێیـــان لـــە چ نـــەمابوو، هـــەر هەنـــدێیان زانـــی ئەحمـــەدیان لەسەســـەری راوەســـتێیا، هـــەری کێشـــا شـــیری ســـەریان پەلـــدا، هـــەردووکان خـــۆ هاویشـــتە ســـە پێـــراوان، گۆتیـــان ئەمـــە کـــرد ئـــەتوو نەکـــەی، نەیکوشـــتن بـــەرا هـــەردووکی کردنـــە کـــەنناس و ئـــەدەبخانیٚ مـــارانی پـــیٚ خاوینـــەکردنۆ، کیژەکانیشـــی هەرسێك لە خۆ مارەکردن.

ئەمنیش گەڕامۆوە، کارەکم دڕا، هیچم پیٚ نەبڕا.

# بلبلیٚ خۆشاواز

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو... کـــەس لەعەبدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو...

ئـــەگێڕنۆ ئـــەرێن لەپشـــت حـــەفتاو حـــەفت چـــییێیان مەملەکەتـــەك هـــەبوو، خـــوای نیعمـــەتیٚ خـــۆ بەســـەدا بارانـــدبوون، لەهیچـــیان کـــم نەبوو، هەر چ خۆشییٚ دنییێیا هێیە لەویٚ وەدەستەکەت.

پاشـــێیاکی گەلـــەك چـــاوتێر و نانبـــدەی هـــەبوو، دیوەخـــانی هـــەموودەمیٚ ئـــاوەدان بـــوو، هـــە تاقمـــەك هەرەســـتا، تاقمـــەك دانیشـــت، ئـــەوی چـــووبا کنـــی بـــە هەناســـە ســـاردی ناگـــەڕاوە . لـــە هـــەموو لێیـــاکی خەرکی روو تیٚ کرد.

کـــوڕەکی جـــوان و جـــاحێری هـــەبوو، نـــاوی ئەحمـــەد بـــوو، لەسوارچاکییٚ و پیاوەتییٚ ناوبانگی دە هەموو دنیێیا گەڕابوو.

شـــەوەکی ئەحمـــەد دەگـــە بـــابیٚ خـــۆ لـــە دیوەخـــانیٚ دەگـــە مێوانـــان دانیشـــبوو، پیرەمێردەکـــی ســـەرو ردێـــن ســـپی بـــە قســـەو بەســـەهاتان مەجریســـی گـــەرم کردبـــوو، ئـــەوی دەهـــات هەرناســـتا، دیوەخـــان جـــیٚ ئێك پێی دیکەی لیٚ نابۆ، هەند پڕی خەرك ببوو.

بەســـەهاتیٚ پیرەمێـــردی هەنـــد عەنتیکـــە بـــوون خەرکەکـــە هـــەموو لەبـــە پێکـــەنینیٚ زگیـــان وەژان کـــەتبوو، هەنـــدەك جـــاریش ئـــەو هـــەموو حەشامەتەی هوڕ هوڕەگریاند.

ئـــەوی ئەحمـــەدی دەفکـــرو خێیـــاران نقـــووم کردبـــوو، بەحســـێ کیـــژێ پاشێیا ئەجندان بوو.

نیوەشـــەوێ پاشـــا بـــە خـــۆ و بـــە کـــوڕی لـــە مەجریســـێ هەســـتان، بـــەرا ئەوشـــەوی هـــەتا ســـبەینێ ئەحمـــەدی خـــەو لێ نەکـــەت، فکـــری هـــە لەکن ئەو کیژەی بوو.

عـــادەتێ پاشـــای وهـــەبوو، لـــۆ ســـبەینێ ئـــەو کەســـانەی خەراتـــەکردن وکـــی شـــەوێ رابـــردی لـــە مەجریســـێ بەســـتە و لاوك و بەســـەهاتیان ئەگێڕانۆ.

پیرەمێـــرد بـــە کەیفـــەکی خـــۆش هاتـــە قەســـرێ پاشـــای ، چـــونکی خـــەرکی پـــێ گۆتبـــوو، پاشـــا خەراتـــەکی باشـــتەکا، هـــە لەدەرکـــەی ڕا پیرەمێـــرد گەیشـــتە ئەحمـــەدی، بـــە زمـــانێ شـــیرن بەشـــان و بـــارێ پاشا و شازادەی دا هەرگۆت.

بـــەرا پێشـــی پیرەمێـــرد بگاتـــە کـــن پاشـــای، ئەحمـــەدی ســـەر بـــردە بـــن گێ پیرەمێردی گۆتیێ: کیژێ پاشێیا ئەجندان لەکێندەرە؟

پیرەمێـــرد دە مەخســـەدێ ئەحمـــەدی گەیشـــت، بـــەرا نەیویســـت بەســـەخۆ بینـــی، بەپێکـــەنینی گـــۆتێ: کـــوڕێمن، ئـــەو بەســـەرهاتە زۆر کەونە، ئێ دنیێیا خەون و خەیارانە..

ئەحمـــەدی بـــەو جوابـــەی دری ئـــاوی نـــەخواردۆ، دیســـان لێـــی پرســـیۆ: مرۆ کوەگاتە ئەو دنیێیای؟

پیرەمێـــردی گــۆ: وکـــی ئـــەو مانگێیـــە هـــەتا لـــۆی بچـــی لەبەرتەکشـــێتۆ، بەس ماندی بوونەکێیە.

پیرەمێرد ڕۆیی هەتا گەیشتنە ژۆرێ پاشای.

ئەحمەدی لێ کشاوە.

پاشـــای کیســـەپارەکی بـــاش دا پیرەمێـــردی و وەڕێـــی کـــرد ... هـــەتا هەنکوە کەس لەو خەراتەی زێتری وەرنەگرتبوو.

فکـــرێ کیـــژێ پاشـــێیا ئەجنـــدان خـــەو و خـــۆراکی لـــە ئەحمـــەدی حـــەرامکرد، هـــەموو دەمـــێ فکـــری لـــەو کیژەیـــەکردۆ، ئەحمـــەد بـــەرە بـــەرە لـــە کورتییێـــەدا، شەرمیشـــیەکرد ئـــێ درێ خـــۆ لـــەکن کـــەس بەحســـکە، لەبـــەر وەزعـــێ ئەحمـــەدی، پاشـــاش زەوقـــێ جـــارانی نـــەمابوو، ئەحمـــەد وکـــی جـــاران ناچـــوە بـــەر و دیوەخانـــان . خـــۆی دە هـــۆدەکی چـــۆل نـــابوو. هـــەرچ حـــەکیم و لوقمـــانێ ئـــەو مەملەکەتـــەی هەنە، نێیانزانی ئەحمەدی چ دەردە، کەس چ عیلاج پێ نەکران.

پاشـــا وزیرەکـــی زۆر ئـــاقر و دنیـــا دیتـــەی هـــەبوو، هەرچـــەندە پێشـــتر قســـەی دەگـــە ئەحمـــەدی کردبـــوو، بـــەرا ئەحمـــەدی چ پـــێ نـــەگۆتبوو، چونکی ئەیزانی بە پاشێیاگاتۆ.

وزیـــر چـــووە کـــن پاشـــای گـــۆتیێ: پاشـــام خـــۆش بـــی ئەگـــە ئـــەتو ڕازی بـــی بـــانگی ڕادێـــرم چ حـــەکیم و لوقمـــانێ دنیێیـــا هەنـــە خڕیانەکـــەمۆوە، ئەوی چارەسەریێ شازادەی بکا خەراتەکی باشیەکەین.

پاشــا بــە قســێ وزیــری گەلــەك کــەیف خــۆش بــوو، بــە قســێ وزیــری کــرد، هــەمووی مانگــەکی پــێ نــەبرد حــەکیم و لوقمــانێ هینــد و میســر و چــین وماچــینان گەیینــە مەملەکــەتێ، لــە دیوەخــانێ خڕبوونــۆوە، خوانــەکی گــەورێیان بــە ئــەنواعی تــەعام ڕازانــدۆ، ئــەوی فکــرت لــۆ ناچی لەسە ئەو سفرەی داندرابوو.

پاشــای ئــەو مــاوەی دەگــە قســە و تــەکبیرێ وزیــری ئومێــدەکی دەدرێ زابــۆ، شــەنگ و تاقەتــەکی هــاتبۆوە بــەرێ، هاتــە دیوەخــانێ و دەگــە مێوانــان شــیوەکی باشــی خــوارد، ئــەوجا حەکیمــەکان بــەنۆرە چــوونە دیــار شــازادەی ، لــە نیــوڕانێ هــەتا شــەوێ درەنــگ بــەحس هــە بەحســی نەخۆشــیێ شــازادەی بــوو، کــەس ئشــتەکی وەی وێنــەبوو کــەلکێ عانــەکی هــەبی، پاشــا بەرەبــەرە بێتاقەتــەبوو، یەکــدو حــەکیم مــابوون نۆرەیــان بگــاتێ ، پاشــای ویســتی مەجریســێ بــەجێ بێــری، وزیــری ســەر دەبــن گێــی نــا گــۆتیێ: دەبــی گــێ لەهەمان راگری دەنا لۆمەتەکەن.

ئـاخیر کـەس سـڕە هاتـە سـە حەکیمـەکی میسـرێ، لـە هـەمان کچـکەتر بـــوو، لەدامـــەنێ لـــەکن پێـــراوان دانیشـــتبوو، هەســـتا چـــوە کـــن ئەحمەدی ، هەزوو نەخۆشیەکەی ناسیۆ.

هاتــە دەرێ بــە پاشــای گــۆ: پاشــام خــۆش بــی ئەگــە ئــەتوو هــاریم کەی، ئەمنەتانم شازادەی چاکەمۆ.

گۆتی دەبی دووبەدوو دانیشین، نابی کەس گێی لە قسانن بی.

پاشای ویست یێکسەر هەموو حەکیمان وەدەرێ نیێ، بەرا وزیر زوو وە هانێیای گەیشت، گۆتییێ: دوایێ لە هۆدێ خۆی ببینە.

پاشای مێوان بەجێ هێشتن و گەڕاوە هۆدێ خۆ.

وزیری حەکیمێ میسرێی بردە کن پاشای، حەکیمی بە چاو بە پاشای گۆ با وزیریش بڕوا.

پاشای گۆتیێ قسێ خۆبکە.

حەکیمی بە پاشای گۆ: کوڕێ توو عاشقە.

پاشا زۆر بەو قسەی تووڕەبوو، هاواری کردێ، گۆتییێ هەی حەکیمی گەمژە کەنگی عەشق نەخۆشییە؟! کوڕێ من وەختە بمری، ئەتووش بەحسی عاشقاتییێ لۆمنەکەی!؟

حەکیم بەبێ دەنگی دەستی دا کەلوپەلێ خۆ ، ویستی بڕوا.

وزیری حەکیم ڕاگرت، بە پاشای گۆ: پاشام خۆش بی جارێ با بزانین حەکیمی دەیوێ چ بڕێ ، خۆ هەنکوە ئەمە کەسی باشترن لەبەدەستی نیە، هەیێکەو ئشتەکی گۆت، چشتاقان زەفەر بە نەخۆشیەکەی نەبردیە، با ئەوەش تەجروبە بکەین.

پاشا بەتوڕەیی بە وزیری گۆ: ئەمن تاقەتێ قسەقۆڕم نیە.

وزیری پێگۆ: ئەگە ئەمر کەن ئەمنی دەگەدابم.

پاشای سەر لۆ لەقاند، یەعنی ڕازیمە.

حـــەکیمی ئیـــزن لـــە وزیـــری خواســـت و بـــە تـــەنێ چـــووە کـــن ئەحمـــەدی، تانی ئەحمەدی وەقسە بینی.

ئەحمـــەدی دەردێ دڕێ خـــۆی هـــەموو لـــۆ حـــەکیمی هەرڕێشـــت، هـــە یێکســـەر ئەحمـــەدی فـــەرق کـــرد، گـــۆتی زۆرم برســـییە، حـــەکیم چـــوە کـــن وزیـــری گـــۆتی هەنـــدەك شـــیوێ لـــۆ ئەحمـــەدی بیـــنن، ئـــەرێ برسیتم.

وزیـــر لـــە خۆشـــیان لـــەباتی بـــانگی خورامـــان کـــا، غاریـــدا کـــن پاشـــای پێی گۆ شازادەی داوێیا خواردنێ کردییە.

پاشاش لە خۆشیان بەدەستێ خۆی سنییێ شیوێ برد.

حـــەکیم لێنەگـــەڕا ئەحمـــەد پاشـــای ببینـــی، هـــە لـــەدەرکێی ســـنی لـــە پاشـــای وەگـــرت، گـــۆتیێ ئەترســـێم ئەگـــە ئـــەتوو ببینـــی شـــەرمێ لـــەخۆ بکێشتۆ.

حـــەکیمی ئـــەو شـــەوی هـــەتا ســـبەینێ فکـــری هـــە لـــەکن هەنـــدێ بـــوو کـــوو عیلاجـــێ دەردێ شـــازادەی بکـــا، بۆنـــدە حـــەولێ دابـــووی زانیـــی ئەحمـــەد بـــەبێ ئـــەو عەشـــقەی وەزگـــەدا و دەستیشـــی لێ بـــەر نـــابی، چـــارە نییـــە، دەبـــی فکـــر لـــەوەی بکـــەنۆ کـــو بگەنـــە مەملەکـــەتی ئەجندان و داخوازییێ کیژێ پاشێیا ئەجندان بکەن.

ســـبەینێ هـــەموو ئشـــتی لـــۆ پاشـــای بەحســـکرد، پاشـــا زۆر تـــوڕە بـــوو، گۆتیـــە حـــەکیمی بـــە چ ئـــاقرەکی دەتـــوێ بینێرینـــە مەملەکـــەتێ

ئەجنـــدان؟ ئـــەوان لـــەکێ ئەمـــە لـــەکێ! ؟ گـــۆتیێ لـــەدوو ڕێیـــەکی دیکـــە بگەڕێ!

حـــەکیمی گـــۆ: پاشـــام خـــۆش بـــی چ ڕێـــی دی نینـــە، هـــە دەبـــی شازادە بەو کیژەی بگا، ئەگەنا ئەوە حاریەبی هەتا پێچی.

پاشا مەجبور بوو ئەوی حەکیم برێ وەبکا.

حـــەکیمی بـــە پاشـــای گـــۆ: ئەمـــە لـــە میســـرێ پیرەســـحربازەکن هێیـــە ، بەسەوەتانی بە هانێیان وەبێ.

پاشـــای ئـــەمر کـــرد هەنـــدی گـــاوێ بچـــن ئـــەو ســـحربازەی لـــە میســـرێ بینن. کاروان وەڕێ کەت.

وکـــی گەیشـــتنە جێـــی بـــە ســـەر و ســـۆراغان پـــیرە ســـحربازیان دیتـــۆوە ، بە زەبری پارەو زێڕی تانیان سحربازی ڕازی کەن دەگەریان بێ.

پاشای چاو لەڕێی شل بوون، هە رۆژەکی لەکن بە سارەکی بوو.

ســـحرباز گەیشـــتە جـــێ ، پاشـــا لـــە دیوەخـــانێ بـــو، دەگـــە وەدەرکـــەتنێ ســـــحربازی، کـــــو ســـــەد تـــــەیری گـــــەورە بـــــاران بـــــوکتن نـــــاو ئـــــەو دیوەخانەی ئەوهەی دەنگ داوە، هەمان سام لێ نیشت.

بـــە دوو کەســـــان پیلـــێ ســـــحربازیان گرتبـــــوو و هینێیانـــــە ژۆرێ لـــــە تەنیشـــت پاشـــێیان دانـــا. پیرەمێـــردی چـــەند قســـەك دەگـــە پاشـــای کـــردن، پاشـــا چـــی لێ حـــاری نـــەبوو، بـــانگی حـــەکیمیان کـــرد، ئـــەوی قسێ هەردوولێیان تەرجوماکردۆ.

پاشـــا زۆر بـــە پەلەپـــەل بـــوو، بـــەحس و خواســـێ پاشـــێیا ئەجنـــدان دەگـــە ســـحربازی بکـــاتۆ، بـــەرا حـــەکیمی گـــۆتێ دەبـــی ئـــەو نهێنییـــەی بپارێزی، دەنا تەخت و تاراجت ئەبنە زبر.

پاشـــای لـــە ترســـان ســـەبر گـــرت هـــەتا چـــوونە هـــۆدێ شـــازادەی، پاشـــاو ســـحرباز و حـــەکیم، هـــەتا درەنگـــی شـــەوێ هـــە خـــەریکی تەکبیران بوون، بێ وەی کەس بزانی ئۆ بەحسی چا کەن.

وزیـــر و گزیـــر هـــەمان مـــەراق کردبـــوو، چـــەندی ســـەریان دەینـــا و دەبرد لە چ حاری نابوون.

شـــەوێ لـــە نیـــوەی لادابـــوو ، پاشـــاو شـــازادەو ســـحرباز و حـــەکیم لـــە قەســـرێ چـــوونە دەرێ، خـــەرك هـــەموو دە شـــیرن خـــەوێ دابـــوون، بـــەس وزیـــرێ دەستەراســـت ترســـێ وەی کـــەتبوە درێ نـــەکو ئـــەو ســـحرباز و حەکیمـــە پاشـــای لـــە خشـــتە ببـــەن، یـــان ســـحری لێبکـــەن، دوور بـــەدووری تێیـــان وەڕامـــابوو. بـــە هەرنەوعـــەکی هـــەبوو بـــوو خـــۆی گێیاندە پاشای، گۆتییێ ئەمن زۆرەترسێم.

پاشـــای گـــۆ خـــەمت نـــەبی چ نییـــە بـــەس دەبـــی ئیشـــەکە ســـڕ بـــی، پێشی گۆ هە لێرە ڕاوەستە هەنکوە ئەمیشەگەڕێمۆ.

لـــە ئاقـــاری شـــاری کاولـــە خانییـــەك هـــەبوو، بەشـــەوان کـــەس نـــاوێرا لێـــی نێزیك بیتۆ، خەرکیە گۆ بویتە مارێ ئەجندان.

ئەحمـــەد و ســـــحرباز ســـــواری وراغــــان بـــوون و چــــوونە ئـــەو کاولـــە خانییەی، پاشا و حەکیمیش گەڕانۆ کۆشکی .

وکـــی ئەحمـــەد و ســــحرباز گەیشـــتنە کاولـــە خـــانیێ، هـــەزار مـــەخلوقاتی عەنتیکـــە عــــەنتیکێیان هاتنـــــە بــــەرایێ، هەنـــــدەك زۆر بــــە تــــرس و نەشــــــیرن، هەنــــــدەك زۆر جــــــوان و شــــــیرن، ســــــیمرخەکی رەشـــــی گەورێیان لۆ حازرکرابوو ، هەردووك سواربوون.

ســـیمرخێ لەشـــەقێ بـــاران دا، ئەحمـــەد دە گـــە شـــەققەو هـــەوێیا بـــارانی وەیزانـــی شــــار کـــاول بـــوو، بـــەرا وەختـــی برنـــد بـــوون دیتـــی شـــار هێـــورە. شـــازادەی لەسەپشـــتێ ســـیمرخێ خـــەو لێکـــەت، وکـــی هەســـتا گەیشتبوونە پەڕێ عاسمانێ.

بەچـــاردەورێ خۆیـــدا ڕۆنـــی، قـــەتی جـــێ ئوهـــە خـــۆش لـــە خـــەونێش نـــەدیتبوون، چـــەند ئەجنـــدەکی ســـۆر هـــاتن ئـــەوانیان پەلبەســـت کـــردن، بەعاسمانێـــدا فـــڕین ، لـــە دووری ڕا کۆشـــك و قەســـرەکی برنـــد لەســـە هـــەورەکی ســـپی دیـــاربوو، ســـحربازەکەی بـــە شـــازادەی گـــۆ: ئـــۆ قەســـرێ پاشـــێیا ئەجندانـــە، لـــەوێ بـــەچ نەوعـــەکی نـــەرێی (نـــا) ، هەوەعـــدەکی بـــش دەی پشـــێمان بوونـــەوەی نییـــە، دەبـــی بگەینیـــە جـــێ، هـــە ئشـــتەکی پاشـــاش گـــۆ هـــەر ئـــەوە، بـــەرا ئەگـــە بـــە ئشـــتەکی رازی نـــەبووی دەبـــی برێـــی پاشـــا ســـەرم بـــبڕە پـــێم خۆشـــترە، لـــە وانێیـــە بەقســـێخۆدا بچـــتۆوە، بـــەس دەبـــی ئـــەو قسەشـــت بەراســـتی بـــی،

چـــونکی ئەگـــە نەیهـــەویٚ لـــە قســـیٚ خـــۆ پشـــێمانبیتۆ ئـــۆ ســـەرتەبڕی، لۆییٚ دەبی گەلەك هەشیاری بی.

ئەحمەد هەندەی دیکە تۆقی، بە سحربازی گۆ: بابگەڕێینۆوە.

ســـحرباز پێکـــەنی، بەئەحمـــەدی گـــۆ: ئەگـــە بگـــەڕێینۆوە ئەبینـــە بـــەرد، ئێـــك دوو بووکـــە بـــەردی نیشـــانی ئەحمـــەدی دان لـــەو بـــەرو ئـــەو بـــەری ڕێـــی بـــوون ئـــەوانیش بـــە عەشـــقیٚ کیـــژیٚ پاشـــێیا ئەجنـــدان هاتینـــە و لەترســـان گـــەڕاینۆوە و بووینـــە بـــەرد ، تـــازە هـــیچ مەفـــەر نینـــە دەبـــی هە بچینە کن پاشێیا ئەجندان و پێشی برێین لۆچ هاتینە.

ئەحمـــەد لـــە ڕێـــی، زۆری دیکـــەی لـــەو هەیکەلانـــە دیـــتن. دەنگـــیٚ لێدانیٚ دریی بە ئاشکرا دەهات.

ســـحربازی دیـــت ئەحمـــەد زۆرەترســـیٚ، بـــەرا لـــە زۆر کەســـانیش بـــە جـــەرگ تـــرە، لـــۆییٚ ئـــەویش دە دریٚ خـــۆی حـــەز لێبـــوو ئەحمـــەد بـــە مرازیٚ خۆ بگا.

پێی گۆ: شازادە قسەکت لێپرسم بەراستی جوابم دۆوە.

ئەحمەدی گۆ: بەراستی جوابتەدەمۆ.

سحربازی لیٚ پرسی: هەنکوە ئەتو لە هاتنیٚ پشێمان نی؟!

ئـــەو پرســـیارە و لـــەو نەوعـــە جێیـــەی کـــوو دەرزیـــەکت دە دری ڕاچـــی ئەوهـــە بـــوو، شـــازادەی واگـــا هینـــاوە، ئـــەو دریٚ لەترســـان تـــەپ و هـــۆڕی بـــوو، وکـــی کـــانییٚ بـــەهاریٚ خۆشـــیی تـــیٚ زا، غیرەتـــەکی زۆری

داوە بەرەحمـــەدی، ژیـــانێ خـــۆی بەرامبـــەر گەیشـــتنە درخـــوازێ خـــۆ هـــە بـــە چ نزانـــی، بـــە ســـحربازی گـــۆ: بـــا زوو بگەینـــەجێ چ پشـــێمان نیمە.

ئەحمـــەدی هەســـت کـــرد لـــە جـــێ ئەوترســـەی، بـــەرە بـــەرە هەســـت بـــە خۆشییەکی زۆرترەکا.

گەیشتنە ناوقەسرێ پاشای.

ئەجنـــدان وکـــی دەســـتیان کردنـــۆوە، ئەحمـــەدیان لـــە کـــابرای ســـحرباز جـــودا کـــردۆ، بردیانـــە زێرزەمینـــەکی گەلـــەك قـــۆر، لـــەوێ حـــەوزەکی لێبـــوو، پـــڕی شـــیر بـــوو، ئەحمـــەدیان ســـێ جـــار دە حـــەوزێ هـــەرینا، بڕەکـــــی دی بەقۆرداچـــوون حـــــەوزەکی لێبـــــوو پـــــڕی خـــــین بـــــوو، ئەحمـــەدیان ســـێ جـــار دەحـــەوزێ نقـــووم کـــرد، بڕەکـــی دی شـــۆڕبوونۆ حـــەوزەکی لێبـــوو ئـــاوەکی زۆر ســـافی تێـــدابوو ئەحمـــەدیان هاویشـــتە نـــاوێ، حـــەوز هـــەموو بـــووە کەفـــەکی زەرد ، ئەحمـــەدی دەســـت بـــەهات و هـــاوارێ کـــرد، چـــەند جـــارەکی ویســـتی بێتـــە دەرێ، دەیانهاویشـــتۆ نـــاوێ، هـــەتا لـــەناو حـــەوزێ لەخۆچـــوو، وکـــی وەخـــۆ هـــاتۆ، هـــەر هەنـــدەی زانـــی ئـــۆ لـــە دارەکـــی ئەســـتوور بەســـترایتۆ، رووت و قـــووت، قـــالبی وکـــی شووشـــەی دیـــاربوو، تەماشـــێ دەورو بشـــتێ خـــۆی کـــرد هـــەزار کەســـی زیـــاتر لـــە بەرامبـــەر راوەســـتابوو تەماشـــێیانەکرد، هـــاوارەك لـــە پشـــتۆ هەســـتا، هـــەموو خـــەرك نوشـــتانۆ، زانیـــی ئـــۆ لەبـــەر

هـــاتنیٚ پاشـــێیا ، پاشـــا چـــووە جێیـــەکی برنـــد بەرامبـــەر ئەحمـــەدی.
دارەکـــی کـــورتی دەدەســـتی دابـــوو، پـــەنجا شـــەقاوەك لـــە ئەحمـــەدی
دوور بـــوو، بـــەرا دەســـتی درێـــژکرد، بەدارەکـــەی چـــەنەگیٚ ئەحمـــەدی
برند کرد، پێی گۆ: چاکەی لێرە؟!

ئەحمـــەدی زنـــدەق چـــوو بـــوو، پاشـــای بەدەنگـــەکی برنـــدتر لـــیٚ پرســـی:
چاکەی لێرە!؟

ئەحمـــەدی قســـیٚ ســـحربازی وەبیرهـــاتۆ ، ســـەری برنـــد کـــرد، بـــە بـــیٚ
ترسی جواب داوە: لۆ داخوازییٚ شازادەی هاتیمە.

پاشـــای زۆر بـــەتوڕەیی هـــاوار کـــرد: هـــەی نـــەفام ، پـــێم نـــارێی بـــەچ
ئـــاقرەکی ئـــەو خـــەیارەت کەتیتـــە مێشـــکی؟! ئـــەتو لـــە تـــیریٚ
ئینســـانانی، ئەمـــە لـــە تـــیریٚ ئەجنـــدان! ئـــەتو فکـــرت لەهەنـــدیٚ
نەکردیتۆ!؟

ئەحمـــەد لـــەتاویٚ عەشـــقیٚ خـــۆ دەســـتی بـــەگریانیٚ کـــرد، بـــە پاشـــێیا
ئەجنـــدانی گـــۆ: پاشـــام خـــۆش بـــی، ، ئـــەمیش لـــە مەملەکـــەتیٚ خـــۆ
شـــازادەمە، ئـــەمیش نـــازداریٚ داك و بـــابیٚ خۆمـــە، ئەگـــە ئـــیٚ دریـــم
نـــەبی ئـــەمن کـــوو ئـــەو هـــەموو ڕێیەیـــەبڕم، ئـــۆ کـــوو خـــۆ دەبـــە ئـــەو
هەموو عەزابەیەگرم!

پاشـــــــای گـــــــۆتیٚ: کیـــــــژیٚ منـــــــــت لـــــــــەکیٚ دیتییـــــــــە؟!
ئەحمـــەدی گـــۆ: نـــەم دیتییـــە بـــەس لـــە دەویٚ حـــەقێیاتخوانێم گـــیٚ لـــە

وەسفێ جوانی و نازداریێ و ئاقریێ کیژێ توو بووە، لە فکرو خەیاریێ خۆشدا تێکەری خینێم بووە..

پاشای گوتێ: ئەدی گێت لە سەروەت و سامانێ بابێ وی نەبووە؟

ئەحمەدی گۆ نا ولەللا، قەت فکر و خەیارم لۆ مرك و ماری نەچووە. ئەمن هەموو مرك و ماریێ خۆش لە رێی شازادەی ئەبەخشمۆوە و وکی گەدێیانەژیم.

پاشای لێ پرسی: کووت دەخۆڕادیت پێ باوێیە مەملەکەتێ ئەجندان، لە روحێ خۆ نەترسای؟! ناترسێی جارەکی دی دنیای نەبینیۆوە؟!

ئەحمەدی گۆ: لە رێ شازادێ نازدار سەریشم ببڕی سووم لە سەرێ خۆ نییە.

پاشای هەست بە ئازێییاتیێ و راستگۆییێ ئەحمەدی کرد، دەدرێ خۆی گۆ: ئەوە لۆ ئەو ئیشەی باشە، هەتا هەنکوە کەس لە مەعشەرێ ئەجندان نەیتانیە بیکا، بەری دە ئەحمەدی کردۆ، گۆتی: ئەتوەزانی نەختێ شازادەی چییە!؟

ئەحمەدی جواب داوە : ئەگە روحێ خۆشم بی ئەدەم.

پاشای زۆری کەیف بەو جوابەی هات ،دەدرێ خۆی گۆ : ئەگە تانی.. ئۆ خەونێ سەت ساریم دێتە جێ

ئەگە نەشی تانی ئۆ لەکۆرنەبیتۆ بێ وەی بەخۆی لەناو بەین.

بــە ئەحمــەدیان گــۆ: ئەگــە بلبلــێ خۆشــاواز لــۆ پاشــای بینــی ئــۆ کیــژێ خۆتەداتێ، ئەگە نا دەست لە روحێ خۆ بشۆ.

ئەحمـــەدی هـــەرزوو گـــۆ ئـــەمن ڕازیمـــە، ڕازی بـــوو بچـــتە دوو ســـۆراغێ بلبلێ خۆشاواز، بێ وەی بزانی چ چیە.

لـــۆ شـــەوێ جێیـــان پێشـــانی ئەحمـــەدی دا، گۆتیـــانێ پاشـــای ئـــەمر کردییە ئەگە پێویستت بەچییە هەتا لۆت حازرکەین.

شـــازادێ کیـــژێ پاشـــێیا ئەجنـــدان مەســـەلێ ئەحمـــەدی زانیبـــۆ، زۆری خـــەم لـــۆ خـــواردن، ئـــەیزانی ئـــەویش وکـــی وانـــی دیکـــە لـــەو ڕێیەیـــەمری و بە مرازێ خۆ ناگا.

ئەحمـــەد پـــاش ئـــەوەی داوێیـــا جلکـــانی کـــرد، گـــۆتی: دەمـــوێ شازادەی نازدار ببینم.

حەڕەسان گۆ ئەوە دە دەستەراتێ مە دانیە.

گۆتی لۆم بە پاشای برێن.

گۆتیان : ئەمە نتانین بچینە کن پاشای.

گـــــۆتی خـــــۆ تـــــانن پیرەمێـــــردم لـــــۆ بیـــــنن؟!

گۆتیـــان باشـــە ئـــەوت لـــۆ دیـــنین. پـــاش هەنـــدەکی پیرەمێـــردێ ســـحربازیان هینـــا، دەگـــە ئەحمـــەدی وکـــی کـــوڕو بابـــان دەســـتیان دەملێ ئێکدی کرد.

ئەحمەدی گۆتە حەڕەسان شیوێن لۆ بینن.

بەچاوقوچاندنەکی خوانیان بەخۆشترین تەعامان لۆ ڕازاندنۆ.

وکـــی تێریـــان خـــوارد، ئەحمـــەدی هـــەموو بەســـەرهاتەکەی لـــۆ پیرەمێردی گێڕاوە.

پیرەمێـــرد زۆر بـــە شـــەرتێ پاشـــێیا ئەجنـــدان درتـــەنگ بـــوو، ئـــەیزانی ئۆ مەعنای بە فەتارەتدانێ ئەحمەدیە.

پیرەمێـــردی نســـحەتێ ئەحمـــەدی کـــرد، گـــۆتیێ دەعـــوای ئەســـپە شـێییەکی رەســەن بکــە، دەعوێیــا خــواردنێ شــەش مانگــان لــۆ خــۆو و لــۆ ئەســپان بکــە . ئەجــە ئۆنــدە شــارەزایێ هــەبیوو لــۆی بەحســی ڕێ و بەحســـی ئەوباخچـــەی لـــۆ ئەحمـــەدی کـــرد ئـــەوی بلبلـــێ خۆشـــاوازی لێیە.

ئەحمـــەدی بـــە پیرەســـحربازی گـــۆ تـــەکبیرێ ئەوەشـــی لۆبکـــا کـــوو شازادەی ببینی، گۆتی دنیا مەرگ و مردنە، نەکو بمرم نەیبینم.

پیرەمێـــردی گـــۆ بـــرێ ئەســـپێ بـــەرەکم دەوێ، ئـــەو ئەســـپە ئەســـپێ شازادێیە .

ئەحمـــەدی بـــانگی ســـەرۆکێ حەرەســـان کـــرد، ئـــەوی پیرەمێـــردی پـــێ گۆتبـــوو، ئـــەویش بـــەوانی گـــۆ: ئەســـپێ بـــەرەکی شـــاهانە، خـــواردنێ شــەش مانگــان لــۆ خــۆ و لــۆ وراغــان، پێشــی گــۆتن ئــەو دەگــە تاریــك و ڕۆنی سبەینێ وەڕێ کەوی.

داخـــوازییَ ئەحمـــەدیان گێیاندنـــە پاشـــای، ئـــەویش لـــە ئەســـپەکەی دوودر بـــوو بـــەرا وکـــی بەکیـــژێ خـــۆی گـــۆت، کیژەکـــە رازی بـــوو، خەبەریان داوۆ ئەحمەدی گۆتیان هەموو ئشتێ گۆتیتی حازرە.

پیرەمێـــردی ئـــەو شـــەوی زۆری ئشـــت فێـــری ئەحمـــەدی کـــردن، پێـــی گـــۆ: حەڕســـێ باخچـــێ بلبلـــێ خۆشـــاواز هـــەموو دێـــون، ئەگـــە چـــاویان قوچـــابوو، ئـــۆ واگانـــە ، ئەگـــەر چـــاویان زەق بـــوو ئـــۆ نوســـتینە، مەترســـێ خـــەویان گرانـــە، گەیشـــتیە هـــە دێـــوەکی دوو بـــژانگانیان لـــە هـــــەردوو چـــاوان دەرکێشـــە وکـــی بژانگـــەکانت لێکـــدان دێوەکـــە ئـــەنویتۆوە، لـــەناو باخچـــەکەش ئەگـــە گێـــت لـــەدەنگێ هـــەرکێی بـــوو نـــە جـــواب دۆوە، نـــەئاوڕی لێبـــدۆ دەنـــا لـــەجێ خـــۆ بیـــە بـــەرد، ئەگـــە بلبلـــێ خۆشئاوازیشـــت دیتـــۆ بـــەهیچ نەوعـــەکی دەســـتی لێنـــەدەی دەنـــا لارەبـــی، وکـــی ئیشـــێ خۆشـــت تـــەواو کـــردن، خـــۆ بـــەهیچ مەخافرینـــەو بەکرِی بگەڕێوە.

پاشـــی دوو داوەمـــووی لـــە ڕدێنـــی خـــۆ دەرهینـــان دایـــە ئەحمـــەدی، پێـــی گـــۆ هـــە چ نســـحەتەکی منـــت لەبیرچـــۆ، ئـــەو دوو داوە موانـــە لێکدە، وەبیرت دێتۆوە.

بـــەرە بـــەری ســـبەینێ هێشـــتا دنیـــا تاریـــك بـــوو ئەحمـــەد بـــەخۆ و بـــە پیرەمێـــردی ئامێزیـــان تێکوەرینـــا ، پیرەمێـــردی پـــێ گـــۆ: هـــەتا دێیـــۆ لێرابم.

ئەحمـــەد دەگەحەرەســـان چـــوو ئشـــتێ خـــۆ وەگـــری، شـــەش ئەســـپی بـــەباری وەگـــرتن، ئـــۆ ئـــازووقێ شـــەش مانگـــانی بـــوو لۆخـــۆ و لـــۆ ئەســـــپێ، چـــــوون ئەســـــپێ بـــــەرەکی شـــــاهانەش وەگـــــرن، وکـــــی حەڕەســـــەکە چـــوو ئەســـپێ بینتـــەدەرێ ئەســـپ دەســـتی بەحیلـــەحیلێ کـــرد لـــەجێ خـــۆ غـــەزری، مـــەجبوور بـــوون حەرەســـەکی دی بنێـــرن ئەسپ لۆویشی هە وەکرد.

ئەحمـــەدی زانـــی ئـــەو ماســـتە بـــێ مـــوو نییـــە، گـــۆتی ئەگـــە ڕێمـــدەن بەخۆچم.

گۆتیان باشتریش.

ئەحمـــەد وکـــی نێزیـــك بـــۆ، هەســـتی کـــرد ئێکـــەك لـــەکن ئەســـپێیە، ترســـەکی کەتـــە درێ، هـــە لێـــی چـــوە پـــێش، لـــە هیکـــڕا شـــازادێ کیـــژێ پاشێیا ئەجندان گۆتی: بەسسە ئەحمەد چیدی نێیە پێش.

ئەحەمـــەد وەختبـــوو لەخۆبچـــی، گـــۆتی: توخـــوا بـــەس خـــۆم پێشـــاندە با بت بینم نەکو لەو سەفەرەی نێمۆ.

شازادەش لە ئەحمەدی چێتر نەبوو، گۆتیە ئەحمەدی هەرم گرە!

ئەحمەدی گۆ: ئۆ ئێدرێیتت؟!

گۆتی ئەرێوەلا ئێ ناوەندێ درێیتم.

گـۆتی ئـەمن ئیشـێوهە ناکـەم، ئەچـم وەعـدێ خـۆ بـەجێ دیـنم.. ئەگـە هاتمۆ بە حەراری لۆخۆت دەینم.

شـــازادەی دەســـرۆکەکی ســـۆری دایـــێ گـــۆتییێ لـــەکێ بـــەخۆت یـــان ئەســـپیێ ئەزیەتـــەکو وێکـــەت، ئـــەو دەســـرۆکەی لـــەجێ ژانـــێ ببەســـتە چـــاکوەکاتۆ. جـــارەکی دیکـــە چـــاویان دەچـــاوێ ئێکـــدی نـــانۆ، ئەحمـــەد لەشـــەرمان ســـۆر هەرگـــەڕا و خـــۆی هاویشـــتە ســـە زینـــی ئەســـپیێ و وکی بێیا غارێ دەرپەڕی.

بســـت بەبســـت ئـــەو رێیـــەی ئەناســـیۆ وکـــی پیرەمێـــردی لـــۆ وەســـف کردبوو.

کـــووی پیرەمێـــردی پـــێ گۆتبـــوو، لـــە مەســـافێ هـــەر پـــازدە رۆژ رۆیشـــتنێ ئەســـپەکی بـــە نیـــوە بـــاری ئەبەســـتۆوە، چـــونکە لـــەماوێ ئـــەو پـــازدە رۆژانـــە نیـــوەی بارەکـــەی لێ خواردبـــوو، ئـــەوەش لۆهەنـــدێ بـــوو نیوەکەی دی لۆ گەڕانەوێ هەگری.

زۆری هێســـک و پرووســـکێ ئەســـپ و ئەجنـــدان دیـــتن لـــەو ڕێیـــەی مردبـــوون. ســـێ مانگـــان بـــەو نەوعـــەی رۆیشـــت، بەرەبـــەری هێـــوارەکی لەســـە چـــیێیاکی برنـــد ئـــەو باخچـــەی دیـــت وکـــی بلبلـــێ خۆشـــئاوازی تێـــدێیا، باخچـــە چ باخچـــە لـــە هـــە لێـــاکی تەماشـــێی کـــەی ئەوسەری دیارنییە هەزاری بەر هەزارییە.

دیســـانی دەســـرۆکێ ســـۆر لەســـە درێ خـــۆ دانـــاوۆ، هـــەموو رۆژێ دەجـــاری ئـــەو دەســـرۆکە لـــە ســـەر درێ خۆدانـــا، ئەگـــەنا لـــە غـــەریبیان دریەتەقی.

پێشــی بکــەویتۆ ڕێــی، ئــالیکی لەبــەرێ ئــاخیر ئەســپی دانــاو لۆخۆشــی نانێ هێوارێی خوارد. ئاخیر ئەسپێ باری بوو لەوێ بەستۆوە.

پێشـــی بکـــەویتۆ ڕێـــی دوو داوەموەکـــەی ردێنـــێ پیرەمێـــردی لێکـــدان، وەبـــیری هـــاتۆ کـــە ئەســـپێ خـــۆ لـــە دوریـــێ پێنجســـەد شـــەقاوەکی لـــە تـــــانۆکێ باخچـــــەکەی ببەســـــتیتۆ، لـــــەبن ئـــــەو دارتـــــووەی لێیـــــاکی هیشـــکەو لێیـــاکی تـــەڕە، چـــونکە دێوەکـــان لـــەو دارەیەترســـێن و لێـــی نێزیك نابنۆوە.

وکـــی شـــەو داهـــات، لەســـەخۆ شـــۆڕی کـــردۆ باخچـــێ، ســـەوگورگی ســـــبەینێ پێشـــــی بگاتـــــە باخچـــــەکەی دارتوەکـــــەی دیتـــــۆوەو ئەسپەشێی لێ بەستۆوە، ئالیکەکی زۆریشی لەپێش دانا.

ســـەبر ســـەبرە لـــۆ باخچـــێ وەڕێ کـــەت، دێوەکـــان عادەتیـــان وەبـــوو، بەڕۆژەنووســـتن و بەشـــەوێش ئـــیش و کـــارێ خۆیانـــەکرد، باخچـــەکە زۆری حـــــەڕەس هـــــەبوون، بەرانـــــەکینێ زۆر لەمێـــــژبوو کـــــەس نـــەهاتبوە ئـــەو نـــاوەی، دێوەکـــان زۆر لەســـە حەڕەســـاتییێ بەخـــەم نەبوون.

قەتیشـــیان بـــۆنێ بەشـــەری نـــەکردبوو، لـــۆیێ ئەگـــە بۆنەکەشـــیان لۆچووبا نەیانەزانی کەسەك هاتیە

بەرا بۆنێ ئەجندانیان لەدووری ئەناسیۆ و ئەیانگرتن.

ئەحمەدی دوور بە دووری دێوەکی هەندی کەرتکە شاخەکی دیت

چـــاوی قوچـــا بـــوون ئەچـــو و دەهـــات ، هـــەتا بەرەبـــەری نیـــوڕانیٚ خـــۆی لێدانوســـاند، ئەجـــە دێوەکـــە لـــەبن دارەکـــی لاقـــی لیٚ درێـــژکردن و چاوی زەق بوون، پرخەپرخی رۆژە ڕێیەکەڕۆیشت.

ئەحمـــەدی خـــۆ لەســـە دارەبەســـتیٚ ئـــاودیو کـــرد، چـــووە ســـە ســـەری و دووبـــژانگی لەیـــەك چـــاوی دەرکێشـــان، دێوەکـــە دەگـــە واگـــا هـــات، چـــاوی قـــەپات کـــردن، ئەحمـــەدی خـــۆی شـــاردۆ هـــەردوو بژانگـــەکانی لێکـــدان، ئەوچـــاویٚ بژانگەکـــەی لیٚ دەرکێشـــابوو ئـــەو زەق بـــوو، بـــەرا چاویٚ دیکە هەر واگا بوو.

وەبیری هاتۆ دەبی لەهە چاوەکی بژانگەکی دەربینی.

وکـــی چـــاوە زەقەکـــە ئەکەتـــەلای وی ، لۆنـــاو باخچـــێی غـــارەدا، وکیەســـوڕاوۆ چـــاوە قەپاتەکـــە وەدەرەکـــەت، خـــۆی لـــە پـــەنێیا دارەکیەشـــاردۆ، دێوەکـــە دیســـان مانـــدی بـــوو، خـــەوی لێکـــەتۆوە، ئەحمـــەدی دەســـت بـــەغاریٚ کـــرد، هـــەتا هێـــوارەی لێـــداهات، جولانـــەویٚ دێـــوان ســـەبر ســـەبر زیـــاترەبوو، ئەحمـــەد چـــووە ســـە دارەکـــی برنـــد، لـــە تۆقەریٚ داریٚ خۆی لەبن پەلکان شاردۆ.

شـــەویٚ دووەم بـــوو وکـــی گێـــی لـــە دەنـــگ و ئـــاوازەکی خـــۆش بـــوو، هـــەر جـــارەی بەنەوعەکیەخینـــد، قـــەت برێـــی نزمـــەکی دووبـــارە نـــاکردۆ، یێـــك لێکـــی خۆشـــتربوون، هەنـــدەکان جـــەرگیٚ ئینســـانی پـــڕی خینـــەکرد ئەحمەدیش زۆر غەریبی لۆ حاریٚ خۆ هەستابوو

لە تاوان  چاوی پڕی ئاوبوون، تێر و پڕ گریا.

بـــەرە بـــەری ســـبەینێ دەنگـــێ بلبلـــێ لێ بزربـــوو، لەهـــەمووی نەخۆشـــتر ئـــەوەبوو، بلبلەکـــەش بەشـــەو واگـــا بـــوو و بـــەرۆژ بێدەنگـــەبوو، یـــەك هەفتـــە بـــوو هێشـــتا جـــێ بلبلـــێ خۆشـــاوازی نـــەدیتبۆوە، بـــەرا هەمـــەتێ وەی دابـــوو هـــە دارەکـــی بلبلـــێ خۆشـــاوازی لەســـە هەرنیشـــی، چـــار دێوەچـــنە بـــن ئـــەو دارەی، لـــە هـــەر چـــار لێیـــان پشـــت وە دارەکەیەدەن.

ئـــەوجارەی وکـــی رۆژداهـــات زۆر بـــە هەشـــیاری لـــەباتی چـــاوداتە ســـەر داران، چاویەدا بن داران، بزانی دێو لەبن چ دارەکینە.

سێ رۆژانیشی بەو حارەی بردە سەرێ.

سەرلەســـبەینێ بلبـــل هاتـــە نێزیـــك ئـــەو دارێ ئەحمـــەدی لەســـە بـــوو، چار دێویش هاتن پاریان وەدارەکەی دا،.

ئەحمـــەدی دەســـرۆك لەســـە دری خـــۆ دانـــا، هـــە ئینتیزاریـــەکرد، ئـــەو چەند سعاتەی پێ لەو دەرۆژانە دوور و درێژتر بوو.

خەو بەسە دێوەکاندا باری

ئەحمـــەد ســـەبر ســـەبرۆکە هاتـــە خـــوارێ، لـــۆ لای دێوەکـــان چـــوو، لەپشـــتۆ دەنگـــێ داکـــێ خـــۆی گـــێ لـــێ بـــوو بـــانگی کـــرد، وەخـــت بـــوو ئـــاوڕێ بـــداتۆ، بـــاش بـــوو زوو قســـێ پیرەمێـــردی وەبیرهـــاتۆ، ئەوەشـــی وەبیرهـــاتۆوە کـــە بـــژانگێ چـــاوێ دێوەکـــان دەربینـــی، دێـــوەك لەبـــە

دەرهینـــــانیٚ بـــــژانگان لەخـــــەویٚ هەســـــتا، زوو بژانگـــــەکانی لیٚکـــــدان و دیٚویٚ خەو لیٚکەتۆوە.

ئەحمـــەد چـــووە ســـە داریٚ، قەفەزیشـــی لـــە پشـــتیٚ خـــۆ قـــەیم کردبـــوو، وکی چووە سەداریٚ دیتی لە تۆقەریٚ داریٚ بلبل لەسە کەدەکیە.

هـــەتا ســـەریٚ داریٚ چـــوو بـــەرا نەیـــەزانی کـــوو بیباتـــە نـــاو قەفـــەزیٚ، وەبـــیری هـــاتۆ پیرەمیٚـــردی لـــۆگرتنیٚ قســـەکی پـــیٚ گۆتبـــوو، دوو مـــویٚ ردیٚنـــیٚ پیرەمیٚـــردی دەرهینـــان، پیٚشـــی لیٚکیانـــدە، کـــەدە مـــوەکی لەدەست کەتەخواریٚ، وەخت بوو لە خەفەتان وەزگدە.

دەمـــەکی خـــۆش دامـــا، هەرچـــەندی کـــردی نســـحەتیٚ پیرەمیٚـــردی وەبـــیر نەدەهاتۆ.

هـــە دەو فکـــرو خێیارانـــەدا بـــوو وکـــی بلبلـــیٚ خۆشـــاواز جـــیٚ خـــۆی گـــۆڕی. ئەحمـــــەد لـــــە خۆشـــــیان شاگەشـــــکە بـــــوو، تەکبیرەکـــــەی پیرەمیٚـــردی وەبـــیر هـــاتۆ: وکـــی بلبلـــیٚ خۆشـــاواز ســـیٚ جـــار جـــیٚ خـــۆی گـــۆڕی، ئەگـــە لـــە دووری یێـــك شـــەقاوی قەفـــەزێی لـــۆ دانێـــی و بنـــیٚ قەفەزی بخورینی، بلبلەکە بەنووستیەچیتە ناو قەفەزیٚ.

ئەحمـــەدی تـــانی قەفـــەزیٚ لـــە بلبلـــیٚ خۆشـــاواز نێزیـــك کـــاتۆ، دەرکـــیٚ قەفـــەزێی کـــردۆ و بنـــیٚ قەفـــەزێی خورانـــد، بلبلـــیٚ خۆشـــاواز بەئاســـانی چووە ناو قەفەزیٚ.

ئەحمەد هەوریەکی دەملی دابوو، بەسە قەفەزێی دادا

قەفەزی لە پشتێ قەیمکردۆ و هاتە خوارێ.

دێوەکـــان واگـــا هـــاتن، بـــەغاردان هـــەرجارێ برژانگـــێ دێـــوەکی لێکەخشـــاند هـــەتا هەرچـــاری نوانـــدنۆ، ئەجـــە دەســـرۆکێ شـــازادەی لـــە لاقـــێ راســـتە بەســـت هـــەتا هـــیلاك نـــەبی، بەغاردانەگـــەڕاوە، لـــە ئـــاخیر تـــانۆکی گێـــی لـــەدەنگێ پیرەمێـــردی بـــوو بـــانگی کـــرد، ئەحمـــەد لـــە پەلـــە پـــەلیان ئاگـــای لـــەخۆی نـــەمابوو، ئـــاوڕی داوە بـــەرا زوو خـــۆی وەبیرهـــاتۆ، لاقـــێ راســـتەی دەســـتی پێکـــرد ئـــەبوە بـــەرد، بـــەس وکـــی گەیشـــتە راســـتی دەســـرۆکێ راوەســـتا، ئەحمـــەدی هـــەتا بـــەرەکێ لاقـــێ راســـتەی بـــوە بـــەرد، رۆیشـــتنی زۆر وەزەحمـــەت کـــەت، لـــە لێیاکیـــە ترســـا جـــێ بەردەکـــە بشـــکێ، لـــە لێیـــاکیش دێوەکـــان هـــەموو واگـــا هاتبوون، لەتاو بردنێ بلبلێ خۆشاواز شێت و هارببوون.

ئەحمـــەد بـــە شـــلە شـــل خـــۆی گەیانـــدۆ ئەســـپێ خـــۆ، دێوەکـــان چـــەند شـــەقاوەك مـــابو ئەحمـــەدی بگـــرن، ئەحمـــەدی خـــۆ هاویشـــتە ســـە ئەســـپێ، ئەســـپ لەترســـێ دێـــوان دەرپـــەڕی، دێوەکـــان وکـــی گەیشـــتنە کن دار تویێ، ترسان، لەوێ زیاتر نەهاتنە پێش.

ئەحمـــەدی وکـــی ترســـێ دێـــوان لەســـە نـــەما، دەدرێ خـــۆی گـــۆ بـــا خـــۆ گـــیر نەکـــەم، چـــونکی پیرەمێـــردی پـــێ گۆتبـــوو، هاتنـــەوەش زۆر خەتـــەرە ئەگـــە یێـــك دەققـــەی بخـــافرێ، ئەجنـــدە بلبلـــێ خۆشـــاوازی لێ دزن.

چـــونکه پاشـــا کیـــژێ خـــۆ داتـــه ئـــەو کەســـەی بلبلـــێ خۆشـــاوازی لـــۆ بینی.

ئەحمـــەدی دەســـرۆك لـــە لاقـــێ بـــەرد بەســـت، ژانـــی گەلـــەك زۆر بـــو بـــەرا هەستی کرد بەرەبەرە رەنگێ گۆشتیی دێتۆ بەرێ.

بلبلـــێ خۆشـــاواز واگـــا هـــاتبوو، وکـــی زانیـــی گیرێیـــا زۆر بەخـــەم بـــوو، نـــە ئـــاو نـــە خـــواردنی نـــاخوارد. رۆژەکـــی ئەحمـــەد بلبلـــێ خۆشـــئاوازی دانـــا، زۆری حەول دەگەدا خواردن و ئاوی بداتێ فایدەی نەبوو.

ئەحمـــەدیش لـــە تـــاوان دەســـتی بـــەگریانێ کـــرد، زۆری ڕك لـــەخۆ بـــۆوە، بەدەنگـــەکی گـــەورەی هـــاوار کـــرد ئـــەمن لەبـــە حـــەزێ خـــۆ، وەختـــە هـــەموو حـــەزێ ئـــەو بلبلـــەی لەناوبـــەم، گـــۆتی خوێیـــا پشـــێمانم ، ویســـتی دەســـت بداتـــە بلبلـــێ و دە ئـــامێزێ خـــۆی وەرینـــی، بلبلـــێ لـــە چیرژن دا، وەبیری هاتۆ ئەگە دەست لێدە، لارەبی.

دەرکـــێ قەفـــەزێی کـــردۆ، گۆتیـــە بلبلـــێ خۆشـــئاواز: بـــڕۆ بفـــڕە، بگـــەڕێۆ هێللانـــێ خـــۆ، چ خـــوا قبوورناکـــا ئەمنـــەتوو بـــەقوربانی خـــۆ بکەم.

بلبلـــێ خۆشـــاواز فـــڕی، چـــوو خـــۆی لەســـە دارێ ســـە ســـەرێ ئەحمـــەدی لەناو پەلکان شاردۆ.

ئـــــەوجارەی ئەحمـــــەد لـــــەتاوێ خـــــۆ گریـــــا، وکـــــی شازادەشـــــی وەبیردەهـــاتۆ ئـــاگری تـــێ بـــەرەبوو، بـــەرا درێ خـــۆی بەوەیـــەداوە،

ئـــەیگۆ ئـــەمن لۆعەشـــقیٚ خـــۆ مـــرم، بـــەرا گونـــاحیٚ ئـــەو بەســـتەزمانەی چییە لە پێناویٚ من هێللانە وژیانی لیٚ تێکچی!!

بلبلـــیٚ خۆشـــاواز گێـــی لەهـــەموو قســـان بـــوو، زۆری زگ بـــە ئەحمـــەدی ســـۆتاوە، ئـــەویش دەدریٚ خـــۆی گـــۆ، ئـــەمن ئـــۆتی وەبـــیرم دیٚ لـــەتاویٚ گەیشـــتنە تـــاکیٚ خـــۆ ئـــەخینم، دنیـــا لـــۆمن چ تـــامی نییـــە، چ خـــوا قبوورەکا، ببمە سەبەبکار ئەحمەد بە درخوازیٚ خۆ نەگا!؟

بلبلـــی لـــە چـــریکە دا، قـــەت ئەوهـــە بەجۆشـــی نەخینـــدبوو، بلبلیەخینـــدو ئەحمـــەدەگریا، مـــارو مێـــرو و تـــەیروتاش و حـــەیواناتیٚ ئـــەو نـــاوەی هەموو لەو دوو عاشقانە خڕ ببونۆ، ئەوانیش هوڕ هوڕ ئەگریان.

بلبلـــیٚ خۆشـــاواز هـــاتۆوە نـــاو قەفـــەزیٚ، ئەحمـــەدی زۆر حەولـــدا بیفڕینی، بەرا بلبل ڕازی نەبوو.

ئەجە ئەحمەدی لەترسیٚ ئەجندان خۆ خڕکردۆ و کەتۆوە ڕێی.

مانگـــەك بـــوو بـــەوحارەی بلبـــل و ئەحمـــەد پێکـــوا گریـــان، بگەیشـــتبانە هـــەر جێیـــەکیش، مـــەخلوقاتیٚ ئـــەو جێیـــەش دەگـــە و دوانـــە ئـــەگریان، ئەوگریانـــە هـــەزار دری پـــڕی عەشـــق کـــرد.. مـــاریٚ ئاشـــق وماشـــۆق تێکداران، بلبل و قومری، هەتا بۆقیش ئاشق بوون.

شـــەوەکی ئەحمـــەدی لـــەتاو ژانـــیٚ پێـــی ئاگـــای لـــەخۆ نـــەما، بلبلـــیش هەنـــد گریـــابوو، لـــەناو قەفـــەزیٚ لـــەخۆ چـــووبوو، هەنـــدی برێـــی یێـــك و دوو، لەپشتڕا تیرەك وە پشتیٚ ئەحمەدی کەت.

ئاوڕی داوە بولبول بەقەفەزۆوە بزربببوو..

ئەحمـــەدی لەســـە راســـپاردێ پیرەمێـــردی لـــەبن جلکـــان زرێـــی ئاســـنی دەبـــەرکردبوو، تیرەکـــەی ئاســـن کونکردبـــوو بـــەرا نەگەیشـــتبوە گۆشـــتی، ئـــەولا بلبـــل ئـــەولا بلبـــل، بلبـــل بـــووە پـــارێ بـــەنانی!!

ئەحمـــەد لـــەتاوان وەختبـــوو شـــێت بـــی، تیرەکـــەی لـــە زرێـــی دەرینـــا، دیتـــی تـــیرێ ژەهراوییـــە، ئەگـــە گۆشـــتی برینـــدارکردبا، یێکســـەر حـــەیاتی لەبـــەرەبڕی.. ئەحمـــەد لـــە خەفـــەتان ئێـــك بـــە دەنگـــێ خـــۆی هـــاوارەکرد، بـــانگی بلبلیـــەکرد. هـــەتا گـــەرووی شـــل بـــوو و تێنـــی دەبـــە نـــەما، دەنگـــی کـــەت. زانیـــی ئەجنـــدان بلبـــل لێ دزیـــە و لۆپاشـــێیا ئەجندانیان بردیە.

دەدرێ خـــۆی گـــۆ وەباشـــە زوو خـــۆ بگـــەینمۆوە مەملەکـــەتێ ئەجنـــدان. ئەحمـــەدی بەچـــاردەورێ خـــۆدا نـــۆڕی، نەئەسپەشـــێ دیـــارە و نـــەهیچ. هێشـــتا بیســـت رۆژە ڕێـــی بـــە ئەســـپێ ماینـــە، یـــەعنی دوومانگ رۆیشتنێ بەپێیان.

برســـیی بـــوو، لـــە تـــورەگێ هەنـــدەك خـــواردنی خـــوارد، وەفکـــری هـــاتۆ، پـــاش پێـــنج رۆژ رۆیشـــتنێ ئەســـپێ، ئەســـپەکی بـــاریی بەســـتیتۆ، دەدرێ خۆیـــدا گـــۆت هـــەتا زێـــتر بـــێ تاقـــەت نەبوویمـــە بـــاخۆ بگـــەینمۆ ئەو ئەسپەی.

دوو حەفتان بە پێیان رۆیشت، ئەسپی دیتۆوە

پێش هەموو ئشتی تێری خوارد، ئەجە سوار بوو و کەتە ڕێی...

لــە مەملەکــەتێ ئەجنــدان، خەبــەرێ مردنــێ ئەحمــەدی بــراو بــۆ، بــەرا شــازادەی هــە بــاوڕ نــاکرد ئــەیگۆ هــەتا شــەش مانگەکــە تــەواو نــەبن، باوڕ ناکەم.

ئشــتەکی دیکــە لــە مەملەکــەتێ بــراو بــۆوە، گۆتیــان، ســاردۆنێ کــوڕێ وزیری بلبلێ خۆشاوازی لۆ پاشای هینێیا.

شــازادە لــە خەفــەتان وەختبــوو شــێت بــی، قســەکە راســت بــوو، پاشــای بــانگی شــازادێ کیــژێ خــۆ کــرد، گــۆتیێ کیــژە تاقــانێ بــابێ خــــۆ ، هــــەنکوە درم زۆر خۆشــــە، ســــاردۆنی کــــوڕێ وزیــــری دەستەڕاســت تــانیتی بلبلــێ خۆشــاواز بینــی، رازی نییــە بمــداتێ، هــەتا ئــەتووی لێ مــارە نەکــەم، لــۆیێ دەبــی ئــەتووی بــدەمێ، ئــەزانم ئەتووش لۆ ساردۆنیت پێ خۆشە.

شازادە گریا.

پاشــای پــێ گــۆ: کیــژێ مــن، ئــەزانم ئــۆ لــە خۆشــیان گریانــت دێ..

گــۆتی: لــە ســبەینێوە لەسەرتاســەری مەملەکــەتێ کەینــە بــەزم و شایی.

شــازادەی نــەتانی چ قســان لــە قســێ بــابێ خــۆ بکــا، دەدرێ خــۆی گــۆ شــەرت بــی ئەگــە ئــەو ئیشــە لــۆ ســاردۆنی ســەربگری خــۆ ســۆتینم. بــەداکێ خــۆی گــۆ لــۆی وەبرێتــە پاشــای بــا هــەتا دوو مــانگی دیــش

مـــەجالی بـــدەن ئینتیـــزاری ئەحمـــەدی بکـــا، چـــونکە ئـــەیزانی ســـاردۆن ئـــەو پیـــاوە نییـــە بچـــی بلبلـــێ خۆشـــاواز بینـــی، ئـــەیگۆ: ئـــیللا و بـــیللا لـــە ئەحمـــەدیی دزییـــە، هەنـــدەك جـــاریش لەوەیەترســـا نـــەکو ئەحمەدیشـــی کوشتبی.

داکـــێ شـــازادەی چـــووە کـــن پاشـــای هـــەتا رازی کـــا مانگـــەکی دی لەبـــە دریێ شـــــازادەی مارەکردنەکـــــەی تاخیرکـــــا، ســـــاردۆنی بـــــە پاشـــــای گۆتبـــــوو، کـــــەنگی شـــــازادەم گواســـــتۆ، هـــــەنگی بلبلـــــێ خۆشـــــاوازت ئەدەمێ.

پاشـــای دەویســـت رۆژەك زووتـــر شـــازادەی بگوازنـــۆ، بـــەرا شـــاژنێ بـــە پاشـــای گـــۆ ئـــەتوو ئـــۆ ســـەت ســـار زیـــاترە چـــاوەڕێ بلبلـــی ، بـــەو مانگەش چ نابی.

مانگەکـــەش بەســـە چـــوو، شـــازادەی چ هەنجـــەت نـــەمان، بـــەرا دری خەبەریـــەدا ئەحمـــەد ئەگـــەڕێتۆ. لـــۆییێ گـــۆتی: هـــەتا حـــەفت شـــەو و حـــــەفت رۆژان لـــــە سەرتاســـــەری مەملەکـــــەتێ شـــــایی نەگـــــەڕێ نـــــابی بمگوازنۆ.

پاشـــای ئـــەو داواکارییـــەی شـــازادەی زۆر پـــێ نـــەخۆش بـــوو، بـــەرا پێـــی ئشـــتەکی لایـــق بـــوو، ئـــەو خـــۆ بەگـــەورە زانینـــێ شـــازادەی پـــێ خـــۆش بـــــوو، لـــــۆییێ دەدریێ خـــــۆی گـــــۆ بـــــەو حەفتـــــەش چ نـــــابی.

لەو رۆژیوە حەفت دۆر و حەفت زورنێیان وێکرانە کوتا.

دەنگـــیٚ دۆریٚ لەهـــەموولێیاکی دەهـــات. شـــاریان بـــە گلـــۆپیٚ کەســـك و ســـۆر رازانـــدۆ، هـــەموو رۆژیٚ شـــەربەت و چـــوکلێت بەســـە خـــەرکی ئەبەشراوە.

شـــازادە بـــە لێـــدانیٚ دریٚ خـــۆی وەختەکـــەی حســـابەکرد، رۆژیٚ حەفتـــەم داهـــات، کـــەس ئەحمـــەد وەبـــیر نـــەمابوو، لـــە ئاقـــاریٚ شـــاری پیرەمێـــردی ســـحرباز دەســـتی دەچـــۆکان وەرینـــابون، شـــازادە و پیرەمێـــرد و پاشـــا، هـــەئێکی بەخەمـــەکی داکـــەتبوون، خـــەمیٚ پاشـــای لیٚ هەمان گەورەتر بوو.

پیرەمێـــردی ســـحرباز لـــە دووری چـــاوی وە تـــۆزیٚ کـــەت بـــەرە بـــەرە نێزیکـــەبۆ.. زانیـــی ئەحمـــەدە، چـــوە ســـە ڕێـــی، لێنەگـــەڕا کەســـی ببینـــی. تێریـــان ئـــامێز تێـــك وەرینـــا، ئەحمـــەدی فرمێســـکیٚ چـــاوان هیشـــك کردبـــوو، لاواز و بێتاقـــەت ببـــوو، چ وە ئەحمـــەدیٚ جـــاران ناچوو.

پیرەمێـــرد هـــوورد و درشـــتی لـــۆ گێڕانـــۆ، تـــەکبیری لـــۆ ئەحمـــەدی کـــرد خـــۆ پێشـــانی شـــازادەی بـــدا. بـــەخۆش دوور بـــەدووری تەعقیبیـــەکرد، وەبی خەرك شك نەکا.

ئەحمـــەد جلکـــیٚ ئەجنـــدانی دەبـــەکردن و خـــۆی گێیانـــدە کۆشـــکیٚ پاشـــای، حەڕەســـەکان لێـــی هاتنـــە پـــێش، ئـــەویش کـــو پیرەمێـــردی گۆتبـــوو، ئەوهـــەی پـــیٚ گـــۆتن، شـــازادەی ئشـــتەك لیٚ بـــزر بـــووە، ئەگـــە

ڕێـــی دەنـــێ بـــەخۆی لـــۆ ببـــاتۆ و دەعوێیـــا پـــارەکی زۆری لێکـــا، وەعـــدی دانێ  نیوەی پارەکەی بداتە وان، ئەوانیش زوو ڕازی بوون.

حەڕەسەك بەخۆی دەگە چوو، هەتا گێیاندیانە شازادەی.

شـــازادە زۆر بێتاقـــەت ببـــوو، وکـــی پێیـــان گـــۆت یێکـــەك ئشـــتەکی تـــووی دیتیتـــۆ و لـــۆی هینـــایۆ، گـــۆتی بـــا لۆخـــۆی بـــی، ئـــەمن شـــکم بـــە چ نێیـــا لێم بزربی.

حەڕەسەکە هاتۆوە گۆتی شازادە وارێ با ئشتەکەی لۆخۆبی.

ئەحمـــەدی گـــۆ ئـــاخر ئشـــتەکە بـــەس بەکەلکـــە وی دێ، ڕجێیـــاو لێکـــەم دەمـــوێ بـــی بیـــنم، حەڕەســـی  زۆری حەولـــدا وەدەرێـــی نـــێ، فایـــدەی نـــەبوو، دەنگـــە دەنگیـــان گەیشـــتە شـــازادەی، شـــازادەی بـــانگی حەڕەسی  کرد، گۆتی ئۆ چییە ! ؟

حەڕەســـێ گـــۆ: شـــازادەم خـــۆش بـــی، ئـــۆ ئـــەو کەســـێیە ئـــەوی ئشـــتێ توی دیتیتۆ، ئەرێ ناڕۆم هەتا بەخۆی وێ نەدەمۆوە .

شـــازادەی گـــۆ: ئـــەمن تاقـــەتێ دیتنـــێ کەســـم نییـــە، بـــەس بـــڕۆ ئشتەکەی لێ وەگرەو هەندەك پارەشی بدەنێ.

حەڕەســـەکە هـــاتۆ دەرێ، گۆتیـــە ئەحمـــەدی: بینـــە بـــزانم چـــت وێیـــە، لۆشازادەی بەم، وکی هاتمۆ ئەچین بەخشیشەکتەدەینێ.

ئەحمـــەدی دەســـڕۆك وە حەڕەســـی دا، شـــازادەی وکـــی دەســـڕۆك دیت، وکی شێتانی پڕدێیا، گۆتی ئەوەت لەکێ بوو؟

حـــەڕەس زۆر ترســـا، گـــۆتی شـــازادەم خـــۆش بـــی، ئـــۆ وەو کەســـەی بوو ئەوی لۆی هینایۆوە.

شـــازادەی غـــاردا دەریێ چـــاوی وە ئەحمـــەدی کـــەت، بـــەرا ئەحمـــەد زۆر لاواز و بێتاقـــەت ببـــوو، ســـەرو ردێنـــی زۆر هـــاتبوون، ئەتـــەگۆ دێوانێیە.

شـــازادە شـــك و ناشـــك بوولـــەوەی ئەحمـــەدە یـــان نـــا، بـــانگی کـــردە ژۆریێ، لـــەژۆریێ دوو بـــەدوو دانیشـــتن، ئەحمـــەدی خـــۆ لێ ئاشـــکراکرد ، حارو حیکایەتەکەی هەموو لۆ شازادەی گێڕاوە.

شـــازادە لـــەلێیاکی لەخۆشـــیان پێکـــەنی، لـــەلێیاکی دی لـــۆ چارەڕەشییێ خۆ ئەگریا. شازادەی گۆ ئەچم بە بابێ خۆ رێم.

ئەحمەدی گۆ: نەکەی، ئیش ئەوهە نابی.

گۆتی ئەدی چ بکەین؟!

ئەحمـــەدی گـــۆ: هـــەنکوە ئـــەمنت پێـــرێم، لـــەژۆریێ دووبـــەدوو مـــانۆ، حـــەڕەس و خزمـــەتکارەکان لـــەدەرێ تەعـــەجوبیان مـــابوو، نەیانـــەزانی شـــازادە چیشـــی بـــەو پیـــاوە بـــێ ســـەروبەرێیە، بـــەرا لـــۆ کەس نەبوو بپرسی یان لێ بپێچیتۆ.

ئەحمەد رۆیشت.

هێـــوارێش پاشـــاو وزیـــرو گەورەگـــەورەکان لـــە مەیـــدانێ شـــاری خـــڕ بوونۆ،خـــەرکیش دور بـــەدووری هەرچـــار دەورێ مەیـــدانێیان گرتبـــوو،

دەرزیـــــت هەراویشـــــتبا، وەعـــــاردی ناكـــــەت، هەنـــــدەی عالەمـــــەم لێبوو!!

مـــــەلێیا ئەجنـــدان هـــات شـــازادەو ســـاردۆنیٚ كـــوڕیٚ وزیـــری لێكـــدی مارەكـــا، شـــازادەی گـــۆ: ئـــەمن رازی نـــابم، هـــەتا ســـاردۆن جـــوابیٚ هەندەك پرسیارانم نەداتۆ..

غەربەغـــەرب لـــەناو وزیـــر و لـــەناو خـــەركی پێیـــا بـــوو، بـــابیٚ ســـاردۆنی تـــوڕە بـــوو، گـــۆتی: پاشـــام خـــۆش بـــی، ئـــۆ كـــەنگی وەختـــی ئـــەو ئشتانێیە!؟

پاشـــای گـــۆ: چـــما پرســـیاركردن چـــییە، ئـــۆ تـــازە ئەوانـــە ئەبنـــە ژن و مێرد، با بەكەیفیٚ دریٚ خۆ پرسیاران لێككەن.

وزیرەكـــانی دیـــش ئـــەیانزانی ســـاردۆن كـــوڕەكی چ بێكـــەلك و لمـــووز برنـــدە، گۆتیـــان بـــەركی لمـــووزی دەگوویەچـــەقی، لـــۆییٚ ئـــەوانیش پشتیٚ پاشایان گرت لۆوەی شازادە پرسیاریٚ خۆ بكا.

بابیٚ ساردۆنی بە ساردۆنی گۆ: كوڕم جوابی دۆوە.

شـــازادەی زۆر بـــە نـــەرمی و بـــە ئـــازایی قســـاكردن، هەنـــدەی دیكـــە چـــوە ناو دریٚ خەركی

شـــازادەی گـــۆ: پـــێم خۆشـــە هـــەموو خـــەرك بزانـــی ئـــەمن مێـــرد بـــە چ قارەمانەكییەكـــەم، لـــۆییٚ دەمـــەویٚ ســـاردۆن بەحســـی هینـــانیٚ بلبلـــیٚ خۆشاواز لۆ ئەو خەركەی بكا.

ســـاردۆنی ڕەنگـــەکی هینـــا و رەنگـــەکی بـــرد، ســـۆر هەرگـــەڕا، گـــۆتی: باشـــترین نیشـــانه لـــۆ ئازایـــەتییّمن ئەوێیـــه بلبلـــێ خۆشـــاواز لـــه کنەخۆیتم؟!

وزیـــری بـــابێ ســـاردۆنی و هەنـــدەك کەســـی دی دەســـتیان بـــه چەپرەلێدانێ کرد.

شازادەی گۆ: یەعنی مانگەك زیاترە لە مارێ لەکنە خۆیتت!؟

ساردۆنی بە کەش و فشەکی زۆر گۆ : بەرێ.

شـــازادەی گـــۆ: بـــەو قســـەی بـــی نـــابی لـــەتوو زیـــاتر کـــەس ئـــەو بلبلـــەی دیتبی یان ئەوجێیەی پێ بزانی کە بلبلێ لێ بووە؟!

ســـاردۆن بەحســـابێ خـــۆی ئەحمـــەدی کوشـــتییە، لـــۆیێ بـــە لمـــووزەکی برنـــد گـــۆتی: لـــەمن زیـــاتر کەســـی دی نزانـــی ئـــەو جێیـــە لەکێنـــدەرە، بەرا بابیشم بلبلەکەی لەمارێ دیتییە.

بـــابێ ســـاردۆنی لـــە پـــێش چـــاوێ خـــەرکی گۆتیـــە پاشـــای: ئـــەو پرســـیارە بێ مەعنێیانە چنە شازادە ئێیان کا!؟

شـــازادەی گـــۆ: دەباشـــە مـــادام جـــەنابی وزیـــر، ئـــەتانن بـــەو خەرکـــەی بـــرێن، ئـــەو شـــتە لەکێنـــدەری بلبلـــێ خۆشـــئاوازە ئـــەوی وکـــی یـــاقووتی شۆقێ داتۆ؟!

ســـاردۆن و وزیـــری چـــاویاندا ئێکـــدی، ئشـــتێ وهێیـــان نـــەدیتبوو، وزیـــر تورەبوو، گۆتی: شازادە مەخسەدت لەو پرسیارەی چییە؟!

شـــازادەی زۆر بـــە نـــەرمی گـــۆ: مەخســـەدم ئەوێیـــە ئـــەنگۆ بلبلەکـــەو دیتییە ئەزانن ئەو شتە لەکێندەرە؟!

وزیری بەرێخۆ دە ساردۆنی کرد، گۆتی: ئشتێ وەهەت دیتییە؟

ساردۆنی گۆ: ئشتێ وەهە نییە.

شازادەی بە ساردۆنی گۆ: ئەگە هەبوو؟!

ساردۆنی گۆ: ئشتێ ئەوهە نییە؟!

دەنگـــە دەنـــگ لـــە نـــاو خـــەرکی پێیـــا بـــوو، هـــەراو هۆســـە بەرەبـــەرە زیادیە کرد.

شازادەی گۆ: وارێن هێیە.

ساردۆنی بەتووڕەیی گۆ: کێ وارێ هێیە بابێ..

شـــازادەی گۆتـــە پاشـــای : ئەگـــە پاشـــا ئـــەمر کـــا هەرکەســـەك ئـــەو ئشتەی پێبزانی بێ پێن برێ.

شـــا ئـــەمری کـــرد، چـــەند جاریـــان بانگـــەواز ڕاهێشـــت ، دەنگـــێ کـــەس نەدەهات.

وزیـــری بـــابێ ســـاردۆنی بـــەتوڕەیی گـــۆ: شـــازادە خـــان هیچـــی دیکـــەت مێیا؟!

لـــەو دەمـــی شـــازادەی دیـــت ئـــۆ ئەحمـــەد لـــەناو خـــەرکی بـــە قەڕاپســـتانە دەیـــەوێ خـــۆ نێزیـــك کـــاتۆ، شـــازادەی هـــاوار کـــرد: ئـــۆ کێیـــە دەیـــوێ بێتە پێش؟!

هـــەمان ئـــاوڕ داوە، رێیـــان لـــە پـــێش ئـــەو کەســـەی چـــۆل کـــرد هـــەتا گەیشتە نێزیك، حەڕەسان ئەحمەد بردە کن پاشای.

شـــــازادەی لـــــێ پرســـــی ئـــــەتوەزانی ئـــــەو ئشـــــتە لەکێنـــــدەری بلبلـــــێ خۆشاوازیە وکی یاقووتی بەشۆقە؟!

ئەحمەدی بەبێ دوو دری گۆ: لەسە سینگیتی لەجێ دری.

ساردۆنی بە توڕەیی گۆ: ئشتێوهە نیە.

شازادەی گۆ: کوبزانین وەنیە!؟

ســاردۆنی شــك نــەکرد ئــۆ ئەحمــەد بــی، بــە شــازادەی گــۆ: ئەچــم بلبلــێ خۆشئاواز دینم، ئەگە وەنەبوو، چی دیکەت ئەمینێ؟!

شازادەی گۆ: ناوەللا هیچی دیکەم نییە.بەرا ئەگە هەبوو؟!

ساردۆن بەبێ منەتی گۆ: هەرچی ئەتوو برێی رازیمە..

پاشای ئەمر کرد بچن بلبلێ خۆشئاواز بینن.

ساردۆنی گۆ: بەخۆچم.

پاشای رێ پێدا .

ســـاردۆن لۆهەنـــدێ چـــوو ســـە ســـینگی بنـــۆڕی نـــەکو ئـــەوی نەیـــدیتبی. وکـــی ســـاردۆن گەیشـــتۆ مـــارێ ســـەر ســـینگێ بلبلـــێ خۆشـــاوازی هـــەموو نـــــــۆڕی هیچـــــــی نـــــــەدیتۆ، بـــــــەبێ منـــــــەتی گـــــــەڕاوە. وکـــی ســـاردۆن وەدەرکـــەت، خەرکەکـــە بەرەبـــەرە دەهاتنـــە پـــێش هـــەتا

بلبلـــێ خۆشـــاواز ببیـــنن، ســـاردۆنی بلبـــل پێشـــانی شـــا و شـــازادەو خەرکەکەی دا هیچ ئشتەك دیارنەبوو وکی یاقووتی شۆقێ بداتۆ.

شـــازادەش لـــە ترســـان و لـــە حـــەیفان، بـــەتوڕەیی بـــانگی ئەحمـــەدی کـــرد گـــۆتی: ئـــەتو کێـــی ئـــەرێی ئـــەو ئشـــتە لەســـە ســـینگێ بلبلـــێ خۆشاواز هێیە، خۆ هیچ ئشتەکن نەدیت! ؟

ئەحمـــەدی ســـینگێ خـــۆ رووت کـــرد، زانیـــی ســـاردۆنی نـــەزان دەســـتی لـــە بلبلـــێ دێیـــا و بلبـــل لار بـــووە، زۆر گریـــا، بلبلـــێ ئەحمـــەد ناســـیۆوە، وکـــی جـــاران چـــوو لەســـە درێ ئەحمـــەدی هەرنیشـــت، چـــەندی ویســـتی بخینـــی نـــەیتانی، بـــەرا وکـــی بلبلـــێ خۆشـــئاواز ئەچـــوە ســـەر درێ ئەحمـــەدی دری وکـــی یـــاقووتی بەشـــۆق ئـــەبوو و وکـــی یـــاقووتی ئەبریسکاوە، بەو شەوەش زۆر بە ئاشکرا لە هەمان دیاربوو.

ســـاردۆن شـــکی کـــرد ئـــەو کەســـە ئەحمـــەد بـــی، دەســـتی دا شـــیری ویستی بیکوژی، بەرا حەڕەسان گرتیان.

شازادە لە خۆشیان گریانی ڕاناوەستا.

شـــازادەی بـــەبابێ خـــۆ گـــۆت: بـــا پاشـــای دادپـــەروەر ئـــەمر بـــەو پیـــاوەی بکا بەسەهاتێ خۆ بگێڕیتۆ.

پاشای ئەمر کرد بەسەهاتێ خۆ بگێڕیتۆ.

ئەحمـــەدی هـــەموو بەســـەهاتێ خـــۆی بـــەدوورو درێـــژی گێـــڕاوە، هـــەموو خـــەرك بـــە ئازێیاتیـــا ئەحمـــەدی تەعـــەجوبیان مـــابوو، بـــە زۆری

خەرکەکـــەش لۆیـــەگریان، زۆریشـــیان ڕك لـــە ســـاردۆنی هەســـتابوو چـــونکە ئەوهـــە بـــە نامـــەردی بلبلـــیٚ دزیبـــوو ئەوهـــەش بـــە نـــەزانی بلبلیٚ خۆشاوازی لار کردبوو.

پاشـــا لـــەتاویٚ بلبلـــیٚ خۆشـــاواز وەخـــت بـــوو شـــیٚت بـــی، بـــە ســـاردۆنی گۆ: ئەو بلبلە چاك نەبیتۆ سەرت پەلەدەم.

ئەجا بانگیان ڕاهیٚشت کیٚ ئەزانی ئەو بلبلەی چاککاتۆ؟

پیرەمیٚـــردی ســـحرباز هاتـــە پـــیٚش ، گـــۆتی پاشـــام خـــۆش بـــی ئەمنەزانم به چ چاکەبی!

پاشای هاوار کرد زوو چاکی بکۆوە..!

پیرەمیٚـــردی گـــۆ: پاشـــام خـــۆش بـــی، ئیشـــەکە ئەوهـــە ئاســـان نییـــە.! کـــیٚ دەســـتی لـــە بلبلـــیٚ خۆشـــئاواز دابـــی و لاری کردبـــی، دەبـــی میٚشـــکیٚ وی بدریٚتیٚ ئەوجا دەنگیەگەڕیٚتۆ.

بـــابیٚ ســـاردۆنی زۆر ترســـا، گـــۆتی: پاشـــام خۆشـــبی، ئـــەو پیرەمیٚـــردە راســـت ناکـــا، دەیـــویٚ بـــەو فیٚـــرەی میٚشـــکیٚ ســـاردۆنی بڕیٚـــژی، گـــۆتی: کیٚ واریٚ ئەحمەدی پیٚشتر دەست لیٚ نەدیٚیا؟!!

پاشـــای گـــۆ: ئەمـــە هـــە دەبـــی ســـەریٚ ســـاردۆنی پەلـــدەین، ئەجـــە بـــا پیٚشـــتر میٚشـــکیٚ ســـاردۆنی تەجروبـــە کـــەین، ئەگـــە چـــا نـــەبوو، ئـــەوجا میٚشکیٚ ئەحمەدیەدەینیٚ.

پاشـــای ئـــەمر کـــرد ســـەرێ ســـاردۆنی بپـــەڕینن. ســـاردۆن زۆر پـــاڕاوە و خـــۆی هاویشـــتە ســـە پێـــراوێ پاشـــای، بـــەرا فایـــدەی نـــەبوو، هـــە دەبـــوو مێشکی بدرێتە بلبلێ خۆشاواز وەبی دەنگی بگەڕێتۆ..

کـــەس زگـــی بـــە ســـاردۆنی ناســـۆتاوە، هـــەمان هـــاوارەکرد ئـــۆ جـــەزێیا پیـــاوی نامـــەرد و درۆزنـــە، زوو بیکـــوژن بـــا بلبلـــی خۆشـــاواز دەنگـــی لـــۆ بگەڕێتۆ.

ســـــەرێ ســـــاردۆنیان پەڕانـــــد و هەندووکـــــە مێشـــــکێیان دا بلبلـــــێ خۆشـــاواز، بلبلـــێ دەنـــگ لـــۆ گـــەڕاوە، دەســـتی بـــە خینـــدنێ کـــرد، هەنـــد بەغەریبیەخینـــد، ئەحمـــەد و شـــازادەو هـــەموو خـــەرك تێـــر تێـــر گریـــان.

هـــە لـــەوێ خـــەرکی هـــاوار کـــرد بـــا مـــەلا شـــازادەو ئەحمـــەدی لێـــك مارەکا.

مـــەلا شـــازادەی لـــە ئەحمـــەدی مـــارەکرد، حـــەفت شـــەو و حـــەفت رۆژی دی بەزم و شایی درێژەی کێشا.

پاشـــێیا ئەجنـــدان، بلبلـــێ خۆشـــئاوازی لـــۆ پاشـــێیا (خێـــو) ان نـــارد، چونکە ئەوی تاکێ ئەو بلبلەی هەبوو.

ئـــەویش لـــەباتی ئـــەو بلبلـــەی یێـــك چـــیای زێـــڕی دا پاشـــێیا ئەجنـــدان، بـــەو نەوعـــەی پاشـــێیا ئەجنـــدان بـــووە دەورەمەنـــد تـــرین مـــەخلووقێ دنیێیا، بە ئاواتێ سەت سارێ خۆ گەیی.

بلبلێ خۆشاوازیش بەگەیشتنە تاکێ خۆ زۆر درخۆش بوو.

ئەحمەدیش بە شازادەی گەیشت.

ئەحمـــەد بـــە خـــۆ و بـــە شـــازادەو بـــە پـــیرە ســـحربازی ســـواری ســـیمرخیّ ڕەش بوونۆوە و بەرەو دنییّیا وەڕیّ کەتن.

وکـــی گەیشـــتنۆ مەملەکـــەتیّ خـــۆ، خەرکەکـــە باوڕیـــان نـــاکرد چـــونکە حـــەفت مانگـــەبوو ئەحمـــەد ڕۆیشـــتبوو، خەرکەکـــە وەیـــان زانیبـــوو مردییـــە، لـــەویّش حـــەفت شـــەو و حـــەفت ڕۆژان بـــووە شـــایلۆغان.

حـــەکیم و پـــیرە ســـحربازیش بـــە حوشـــتران بـــارە زیّـــڕ و پارەیـــان دەگـــەرەخۆ بـــردۆ میســـریّ. ئـــەمیش لـــەو ســـەری هـــاتمۆ و کـــارەکم دڕا و هیچم پیّ نەبڕا.

# کەچەر و شلە و چرمن

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، مارەك هەبوو سێ کوڕیان هەبوون، ئێکیان کەچەر بوو، ئێکەك شلە بوو، ئێکیش چرمن بوو. زۆر پیس و بێزەلەت بوون، کەچەری هەموو دەمێ دەستی دەسەری دابوو و ئەیخوراند، شلەش لەتاو لینگ هێشانێ لووشکی داویشتن، چرمنیش سەردەستێ کراس و کورتەکانی لەبە چرمێ شرینگەیان لێوە دەهات.

شەوەکی مارەکە مێوانیان دەهات، بابەکەی بانگی هەرسێك کوڕان کرد گۆتی ئەوشۆ مێوانن دێن، هەندە پیس و پەرۆس مەبن، بە کەچەری گۆ ئەتو کراوێ خۆ لەسەری نێ، بە شلەشی گۆ پێ خۆ دەبنەخۆ نێوە، بە چرمنیشی گۆ کەپوێ خۆ جوان بسترە ئەوجا وەرە مەجریسێ.

کوڕەکان کوو بابیان وەیگۆتبوونێ ئەوهێیان کرد، هاتن لە مەجریسێ دانیشتن، مێوانەکان زۆر دانیشتن، کەچەر ئاگری دەسەری بەربوو، لەتاوان وەخت بوو شێت بی، هەریدا قسان گۆتی هۆباب وەبیرت دێ وکی کراوەکەت لە کوێیێ لۆ کڕیبووم، وکی لەسەرێ خۆم نا کچکە بوو، چەندی ئەو هەم کرد و ئەوهەم لێکرد(بەفێران کراوی لە سەرێ خۆ ئەخشاند) کراوەکەم نەچووە سەری، کەچەری تێر سەرێ خۆخوراند.

ئـــێ چـــرمنیش چـــرمی لــــە کـــەپووی شـــۆڕ ببـــۆ بـــە هەرکێشـــانەوێ دەرەقـــەت نـــەدەهات، ئـــەویش هەریـــدایێ و گـــۆتی، ئـــەدی وکـــی بـــابی تـــــیرو کەوانەکـــــەی لـــــۆ کڕیبـــــووم ..؟! چـــــەندی ســـــێرەمەگرت، کشـــتەکەکە هەنـــد تونـــد بـــوو، هـــەر پێواســـتام رایکێشـــم و شـــلی کـــەمۆ ( بـــەفێران سەردەســـتێ کورتـــەکیی لـــە کـــەپوێ خـــۆ خشـــاند و چـــرمێ خۆی پیێ ستڕیۆ ).

شـــلەش لاقـــی لەبنـــەخۆ تـــەزی بـــوو، عـــەجمانی نـــەمابوو، گـــۆتی ئـــەدی ترتـــڕێ مـــن؟!.. رۆژەکـــی چـــەندی هەنـــدرم لێئـــەدا (پـــێ خـــۆی دەگـــا جولانـــد) ترتـــڕە وەئـــیش نەکـــەت و نەکـــەت. ئـــەویش لاقـــی ئیســـراحەتی کرد.

مێوانـــەکان قســـێ کوڕەکانیـــان پـــێ خـــۆش بـــوون و زۆریـــان پـــێ پێکـــەنین، بابەکـــەش ئـــەیزانی مەســـەلە چـــیە لـــۆیێ ئـــەویش زۆر پێکەنی.

## حەیشێ مەدۆ ی

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

لەگونـــــدەکی دوور، ژن و مێــــردەك هـــــەبوون، زۆر فـــــەقیرو دەســـــتکورت بـــوون، ژنەکـــــە نـــاوی حـــــەیش و پیاوەکــــەش نـــاوی (مــــەدۆ) بـــوو، حەیشـــێ مــــەدۆی لــــە بـــێ ئاقریـــان بــــەناوبانگ بــــوو، ڕۆژەکـــی مــــەدۆی پشـــــێ ڕانکوچــــۆغەرانی مــــەرەز پێیـــاکردبوو، وە حەیشـــــێ ی دا لـــــۆی بباتە کن (جۆرا)ی.

مەدۆی گۆت : حەیشێ خۆ تکانێ جۆرای پێزانی!؟

حەیشـــێ گـــۆت: ئـــەدی کـــو، چـــما هەنـــدە بـــێ ئـــاقرم تکـــانێ جـــۆرای پـــێ نەزانم!!

مـــەدۆی گـــۆت : دەباشـــە.. ســـەلامانی لێبکـــە بـــرێ بـــڕەك زوو لـــۆم تـــەواو کا مەعتەلم.

حەیشـــــێ بوخچـــــێ مـــــەرەزی هـــــەگرت، هـــــەموو بـــــازاڕی گـــــەڕا تکـــــانێ جـــۆرای نـــەدیتۆ، لـــە پشـــت تکانـــەکان قۆرتـــە ئـــاوەك هـــەبوو، لـــەناو گۆمە ئاوەکەی قیڕەقیڕێ بۆقان دەهات

حـــەیش چـــووە ســـە گۆمـــە ئـــاوێ، گـــۆتی ئـــەرێ ئێـــرە تکـــانێ جـــۆرای نییە؟!

بۆقەکی قیڕاند ..

حەیشـــێ گـــۆت : مـــام جـــۆرا مـــەدۆی ســـەلام لێکـــردی، گـــۆتی ئـــەو مـــەرەزەم لـــۆ بچـــنی، بـــەرا مـــام جـــۆرا دەبـــەرت مـــرم دەبـــی زووی لـــۆ تەواو کەی، چی نیە دەبەکا.

قیڕێ بۆقێ هات..

حەیشـــێ بوخچـــەی فـــڕەدا نـــاو ئاوەکـــەی گـــۆتی: لێـــی تێکـــەری ئـــێ خەرکی نەکەن.

دەگـــە بوخچـــە هـــەردانێ بۆقـــەکان بێـــدەنگ بـــوون. حەیشـــێ گـــۆت دەبرێ مام جۆرا کەنگی بێمە دوێ! ؟ سارەکی دی بێم؟

پاش دەمەکی قیرەکی دی هات..

حەیشێ گۆت: مام جۆرا زوو نیە نا، دەستوبردەکی بکە.

ئەوجارە قیڕەکی گەورەتر هات

حەیشـــێ گـــۆت: دەبـــەرت مـــرم مـــام جـــۆرا خـــۆ تـــوڕە مەکـــە قەیـــدی ناکـــا مانگەکی دی دێم.

حـــەیش گـــەڕاوە مـــارێ.. مـــەدۆ وکـــی حەیشـــی دیـــت گـــۆتی: چـــت کـــرد حەیشێ؟!

حەیشـــێ گـــۆت: وەلا بـــە هـــەزا حـــاری ڕازی بـــوو پـــاش مانگـــەکی دی لۆت تەواو کا.

مـــەدۆی گـــۆت: بیبیـــنم بـــەخۆش قســـەکی دەگەرەکـــەم بـــزانم زووتـــر تەواو ناکا.

حەیشـــێ گـــۆت: قەســـەم بـــەخوای هەنـــد تـــوڕە بـــوو گـــۆتی هـــەتا یـــەك مانگی دی بەحسی مەرەزی بکەن هەر ئیشی لێ ناکەم.

مەدۆشەزانی جۆرا بڕەك بێ تەبیعاتە لۆیێ خۆی کڕکرد.

ڕۆژ هـــات و ڕۆژ ڕۆیشـــت، مـــانگ تـــەواو بـــوو، مـــەدۆ چـــووە کـــن مـــام جۆرای، پێی گۆت لۆ مەرەزەکەی هاتیمە..

مام جۆرای گۆ: مەرەزێ چ مەدۆ ؟!!

مەدۆی گۆ : ئەدی پێش مانگەکی بە حەیشێم لۆ نەناردبووی؟!

جۆرای گۆ : وەلا برا چ مەرەزێ توو نەهاتینە کنەمن.

جـــــۆراو مــــــەدۆ بـــــــووە شـــــــەڕیان، تێریـــــان دە مـــــــەدۆی هـــــــەردا، بەچاردەستانیان مەدۆ گەیاندۆ مارێ..

حەیشـــێ وکـــی مـــەدۆی بـــەو نەوعـــەی دیـــت ســـەرو گێلاکـــێ خـــۆی کوتانۆ، گۆتی: هەی هاوار هەیش، مەدۆ ئۆ چت لێ قەومێیا!؟

مـــەدۆی بـــە نـــوزە نـــووز گـــۆ: ئـــەتو بزانـــی حەیشـــێ، دەگـــە جـــۆرای وە دەمـــەقاری هـــاتین، وارێ چ مـــەرەز نەهاتینـــە کنـــە مـــن، ئـــەمیش گـــۆتێ بە حەیشێم لۆ ناردی.. وەلحاسر لێکن گیرکرد.

حـــەیش توڕەبـــوو گـــۆتی: هـــەی دە قـــوڕێی نـــێم .. هـــەی دەهەششـــێی نـــێم .. چـــارۆگی هاویشـــتە سەســـەری، گـــۆتی بـــا لەکنـــەمن وەبـــرێ مـــەرەز نەهاتیـــە. لێیـــدا رۆیشـــت، چـــووە کـــن گۆمـــە ئاوەکـــەی دیتـــی گـــۆم هیشـــك بـــوە، نـــە مـــەرەز دیـــارەو نـــە جـــۆرا، دەســـتی بـــەگریانێ

کــرد، گــۆتی: مــام جــۆرا ئــۆ ئیشــە ئــەتوو دەگەماکــەی! ؟، تێــرو پــڕ و لەمــــەدۆی دێیـــا و هـــەنکوەش بـــارت کردییـــە. لــــە بوخچـــێ مەرەزەیەگـــەڕا.. شیشـــە ئاســـنەکی زەردی دیتـــۆ، بـــڕەك نـــەخش و نیگــاری لەســە بــوون، هــەریگرتۆ، گــۆتی توخــوا ئــۆ ئــەوەت لــەباتی مـــەرەزی لـــۆ بەجێهێشـــتینە؟! فـــڕەی داوە، ویســـتی بـــڕوا، دوایـــێ هەریگرتۆ گۆتی بابەمۆ دەنا مەدۆم باوڕی پێ ناکا.

چــۆوە مــارێ زۆربەخــەم بــوو، گــۆتی: کــوڕە مــەدۆ ئــەو بێدینــەی بــاری کردبوو، ئەو شیشە ئاسنەی لەباتی لۆ بەجێ هێشتینە.

مەدۆی شیشێ ئاسن لێوەرگرت دیتی زێڕە.

گۆتی حەیشێ لەکن کەس بەحس نەکەی.

حەیشێ گۆ ما هەندە بێ ئاقرم بەحسکەم ..

ســبەینێ زوو مــەدۆ چــووە شــاری، بــە حســابێ خــۆ شیشــە زێڕەکــەی بــە پــارەکی زۆر فــرۆت، هەنــدەك ئشــتی لــۆ مــارێ پێکــڕی و پارەکــەی دیکەی هیناوە.

مـــەدۆ گەیشـــتۆ مـــارێ، ئشـــتەکانی پێشـــانی حەیشـــێ دان، هـــەتا حــەیش بــە ئشــتی خــافرا، مــەدۆ بــەدزی چــوو پارەکــەی لــە قوژبنــەکی دە قــۆرتێ نــا..گــۆتی ئەگــە کــەس پرســی ئــەو ئشــتانەو لــەکێ بووینــە، بــرێ مــەدۆی بــرادەرەك لەشــاری هێیــە لەکنــەویی هینایــنە، مــەدۆ دەو قســانە دابــوو، بــەرە بــەرە خــەرکی گونــدی لــەمارێی لــێ خڕبوونــۆ،

ســەرو ســۆراغیٚ شیشــیٚ زەردیــان لــە مەدۆیەپرســی، وکــی ئــەو هــەموو ئشتانەشیان دیتن،  زانیان شیشەکە زێڕ بووە.

کێخوێیــا گونــدیان هاتــە ســە ســەری گــۆتی ئــەمن شیشــە زێــڕیٚ خــۆم دەوێتــۆ، ئــۆ لــە مرکــیٚ منــو دیتیتــۆ، (حەیشــیٚ جێیەکــە پێشــانی خــەرکی دابــوو) مــەدۆی چــەندی ســوند و قورعــانی خــواردن،  کــەس بڕوا  پیٚ نەکرد.

کێخــوای گــۆ: ســبەی ئەچــینە شــاری شیشــەکەت فرۆتیتــە کــیٚ لێــی وەرەگرینۆ.

چــەندی مــەدۆی گــۆ لەدەســتم فرۆتیــە و کــابرای نــەناسمۆ، فایــدەی نــەبوو. ســبەی کێخــواو یەکــدو زەلام  مــەدۆیان بــردە شــاری، وکــی چەرچــیان مــەدۆ دیــت، بەهــەمانیان دەورە لێــدا، گۆتیــان ئــەوڕۆ چــت هینێیا؟!

بــەرا ئــەوان وکــی جەماعــەتیان دەگــە مــەدۆی دیــت زانیــان شیشــیٚ زێڕیــان دەوێتــۆ، جــاریٚ ئــەوی کڕیبــووی هــە زووی خــۆ لــە گــەرەزەنگیٚ کێشــاوە، چــونکە شیشــە زێڕەکــەی زۆر بەهــەرزانی لــە چــنگیٚ مــەدۆی دەرینابوو.

کێخوا چەندی کردی و کۆشا شیشەکەی نەدیتۆ.

بەناچاری گەڕانۆ گوندی.

لەڕێی بە مەدۆیانەگۆت، هەنکوە فرۆتت فرۆتت، پارەکەن وێدۆ.

ئەویشەگۆ: پارەکەم هەموو بەئشت دێیا.

وکـــی گەیشـــتنۆ جێـــی، مـــارێ مـــەدۆیان هـــەموو نـــۆڕی چ پارەیـــان نـــەدیتنۆ، کێخـــوا لـــەڕکان بـــەپێیان وەســـە ئشـــتەکان کـــەت ئـــەوی بـــە پارێ شیشەکەی کڕیبوون.

وکـــی خەرکەکـــە ڕۆیشـــتن، مـــەدۆی بـــانگی حەیشـــێ کـــرد گـــۆتی ئەوهـــەت بەدرێیە ! ؟ سەت جارم پێگۆتی ئاگات لە حەوشێ دەوێ خۆ بی.

ســـبەینێ گـــۆتی حەیشـــێ ئـــەمن هـــەموو قـــالبم گروێیـــا عیلاجـــەکی لـــەخۆ نەکـــەم ئـــەمرم ، ئەزەچـــمە کـــن پیرەژنـــێ گونـــدێ بـــاپیران عیلاجـــەکم لێبکـــا، ئـــەتوو لێرەبـــە ، بـــەرا ئاگـــات لـــە دەرکـــێ بـــی . مـــەدۆ ڕۆیشـــت، دوو ڕۆژی پێچـــوون ، حـــەیش جـــاڕس بـــوو ، بەدوویـــدا چـــوو و دەرکەشـــی لـــە پشـــتێخۆ هـــەردابوو . لـــەڕێی بـــە خـــۆو بـــە مـــەدۆی گەیشتنە ئێکدی ، مەدۆی گۆ ئۆ چاکەی لێرە حەیشێ؟

گۆتی وەڕز بووم وەدووت ڕا هاتم .

گۆتی ئەدی ئەو دەرکە چیە لە سە پشتێت ؟

گۆتی ئەدی ئەتوو نەتگۆت ئاگات لە دەرکەی بی ! .

مـــەدۆی گـــۆ ئـــەدی مـــارت ئەوهـــە بـــەجێ هێشـــتیە ! ئـــەدی قـــۆرتێ پارەی؟

وەکـــی گـــەڕانۆ مـــارێ منـــدارە هورتکـــات مـــار لـــۆ تێکوەردابـــوون و قۆرتێ پارەشیان دیتبۆوە و پارەکەشیان بردبوو.

مــەدۆ گەلــەك تــوڕە بــوو گۆتیــە حەیشــیٚ هەســتە بــڕۆ لێــرەت نــەبینمۆ ، حەیشی بە پارەسوان وەدەرێنا .

حــەیش رۆیشــت لــە کەنــدارەکی شــەوی بەســەداهات و هــە لــەویٚ لــەبن تەڕاشــەکی هــەرتوتکا . لــەو دەمــی حوشــترەك بــەخۆ بــە بــاری لــە کــاروانی دابڕابــوو هاتــە کــن حەیشــیٚ ، لــە برســان ســەرۆکیٚ خــۆی لــیٚ نێزیــك کــردۆ و مرشــە مرشــەکی کــرد . حەیشــیٚ گــۆ ئــۆ مــەدۆی نــاردی ، هەڕوو پێیبریٚ دری شکاندیمە قەت نێیامۆ .

حوشتریٚ دیسان مڕەمڕەك کرد .

حەیشــیٚ گــۆ قەیــدی ناکــە مــام حوشــتر ئــەوجارەش لەبــەر خــاتری تــو دێمۆ . قەڕاستیٚ حوشتریی گرتوو ڕوەو مار بۆوە .

ســەری بەســە مــەدۆی داگــرت ، مــەدۆ توڕەبــوو گــۆتی دەردو بــەرا، نەمگۆ نێیۆوە .

گۆتی لەبە خاتری مام حوشتری هاتیمۆ ئەگەنا چاوت وێناکەتمۆ.

مــەدۆی وکــی حوشــتریٚ بــەبارۆ دیــت، گــۆتی ڕاوەســتیٚ . تەماشــیٚ بــاریٚ حوشــترێی کــرد هــەموو زێــڕ بــوو ، نەیــەزانی لــە خــەنی و خۆشــیان چ بکــا . دەوی وێکناکــەتۆ، بــاریٚ حوشــترێی داگــرت و لــە کەرێی بارکرد.

حوشتریشی لەویٚ بەرەلا کرد.

گۆتی: بڕوبوجگوڕان تێکنیٚ، ئەوشۆ بارەکەین.

حەیشێ گۆ: ئامان پیاویژگە لۆ کێندەر بارکەین؟!

مەدۆ زۆر تووڕە ببوو، گۆتی: لۆ جهەننەمێ..

وکـــی تاریـــك داهـــات، مـــەدۆی بـــەخۆ ئۆنـــدە کەلوپـــەلێ هـــەیانبوو دە بوخچەکی نان و ئەویشی لە کەرێی بارکردن.

حەیشێ گۆت: مەدۆ بەتەمای کێندەری؟!

مەدۆی گۆ لۆخۆ چینە شاری.

حەیشێ گۆت : ئەمن نێیایمە شاری.

مەدۆی گۆ: حورمێ وەختی قسان نیە ئەدی بچینە کێندەر؟!

حەیشێ گۆتێ: ئەچینە گوندێ هەمزاغەی.

گۆتی: وەلا گوندێ هەمزاغەی ببتە بەهەشتیش ناچمێ.

لەوی قسەك .. لەوی قسەك ، لێیان بوە شەڕ.

دوایـــێ مـــەدۆی گـــۆت بـــا خـــەرکن تێنـــەگا.. لەســـە هەنـــدێ ڕێککـــەتن بەکەیفێ کەرێ بکەن، کەرچوە کێندەر ئەوان قسان نەکەن.

مـــــەدۆی حەچچـــە لەکـــەرێ کـــردو بـــەخۆ و بەحەیشـــێش کەتنـــە دوو کەرێ. کەر فێرە ڕێی شاری ببوو، لۆ ڕێ شاری چوو.

هێشـــتا تاریـــك بـــوو وکـــی گەیشـــتنێ. ســـبەینێیان لێـــداهات مـــەدۆ چـــوو هەندەك ئەستوورکە بەڕوونی گەرمی کڕین، تێریان خوارد.

مـــەدۆی لـــەو شـــارەی تکانـــدارەکی برادەربـــوو، هـــەموو جـــارێ ئشـــتی لەویـــەکڕی، چـــووە کنـــی پێـــی گـــۆ : ئـــەمن گونـــدم بەجێهێشـــتییە ،

برادەرەکـــەی پیـــاوەکی گەلـــەك بـــاش بـــوو، لـــۆییٚ مـــەدۆ هـــەموو قســـێ دریٚ خـــۆی لـــۆ کـــردن، تکاندارەکـــەی بەمـــەدۆی گـــۆ: ئـــەو شـــارە لۆتـــوو بـــاش نییـــە، پێـــی گـــۆ: ئـــەمیش پێمخۆشـــە بچـــمە شـــارەکی گـــەورەتر، رێککـــەتن پێکـــوە بچـــنە شـــارەکی گـــەورەتر، لـــەویٚ پێکـــوە تکانـــەکی گـــەورێیان دانـــا، خـــوا ڕســـقەکی زۆری بەســـەدا بارانـــدن، بوونـــە ئێکـــەم دەورەمەندیٚ ئەو شارەی.

حەیش ببوە حەیشەخان، بەرا ئاقری هە ئاقریٚ جاران بوو...

ئەمیش لەوسەری هاتمۆوە، کارەکم دڕا و ، چم پیٚ نەبڕا..

# سۆریێ چاوشین

هـــەبوو نـــەبوو کـــەس لـــەخوای گـــەورەتر نـــەبوو، کـــەس لـــە عەبـــدی درۆزن روو ڕەشتر نەبوو..

جـــارەکی پیـــاوەك هـــەبوو ژنـــی لەســـەمردنێ بوو،کیـــژەکی پارچـــەرە و کـــوڕەکی کچـــکەی هـــەبوو، ژنەکـــە پێشـــی بمـــری بـــە کیـــژێ خـــۆی گـــۆت ئەگـــەرەمن مـــردم بـــەدزی دەســـتێ راســـتەم لێبکـــۆ دەنـــاو پەڕۆکـــەکی کەســـك وەرپێچـــە، بابـــت ژنـــێ دینیتـــۆ، زڕداکـــان کـــەیف بەمنـــداریێ مێـــردی نێیـــا، ئەگـــە بـــابو ویســـتی بەقســـێ زڕداکـــێ لـــێ و دا، ئـــەتو دەستێ منی وێدە بریێ بابۆ بەودارەم لێدە.

وەلـــلا وکـــی داکەکـــە مـــرد پێشـــی بیبەنـــە ســـەقەبران کیژەکـــە بـــەدزی چـــوو دەســـتێ داکـــێ خـــۆی لێکـــردۆ، دەنـــاو پەڕۆکـــەکی وەرپێچـــاو تەقەتی کرد.

ســـۆریێ چاوشـــین ژنـــەکی ســـۆر و ســـپیی چاوشـــین بـــوو، هـــە وکـــی ئـــەو ژنـــە شـــڕ بـــوو، لـــەبنۆ دەســـتی دەگـــە بـــابێ وان تێکـــەر کردبـــوو، هـــەمووی دوومـــانگ بەســـە مردنـــێ ژنەکـــەی تێنەپـــەڕی وکـــی بـــابێ وان سۆریێ چاوشینی هینا.

کیژەکە زۆر گریا گۆتیە بابێ خۆ، جاریێ گەلەك زوو بوو.

بـــەرا بابەکـــەی دری داوە گـــۆتی کیـــژم ئـــەمن لەبـــەرەنگۆ ژنم هینـــایتۆ برات کچکێیەو پێویستی بەداکەکیە

گۆتی ئەمەش پێویستن بە خواردنەکیە بە کۆرەکیە.

قـــەدەرەك پێچـــوو ســـۆریێ چاوشـــین لـــە کیـــژەی وە هەنجـــەت کـــەت، فـــەقیرەی چ زەڕیشـــی لـــۆوی نـــەبوو، بـــەرا هـــەموو رۆژێ لـــەکن بـــابی شـــــکێیاتی لێکـــــرد، رۆژ بـــــەڕۆژی درۆ و بوختـــــانێ خراتـــــر لـــــۆ هەرەبەســـتن، بابەکـــەش بـــە قســـێ زڕداکـــێ تێـــر و پـــڕی لـــە کیـــژێ خـــۆدا، بـــەرا ئۆنـــدەی بـــاش بـــوو بەدەســـتێ داکەکـــەی لێیـــەدا، رۆژ بـــەڕۆژ کیژەکە بەو لێدانەی جوانتر و قەرەوترەبوو.

ســـۆریێ چاوشـــین لـــە حـــەیفانی وەختـــەبوو شـــێت بـــی، رۆژەکـــی گـــۆتی دەبـــا چـــاودەمە ئـــەو دارەی بـــزانم چ ســـڕەکی تێـــدێیا، وەلـــلا وکـــی پـــەڕۆکی لەبـــە هەریچـــکوڕی، دیتـــی دەســـتێ ژنانـــە !.زانـــی دەســـتێ داکـــێ کیژەکێیـــە لـــۆییێ ئەوهـــە پـــێ قـــەرەو و جوانـــەبی، وەلـــلا دەســـتەکەی دەرینـــاو دارەکـــی دەجێنـــا، وکـــی جـــارانی پێچـــاوە و لـــە جـــێ خـــۆی دانـــاوە. وکـــی ئـــەوجارەی بابەکـــە لـــە کیژەکـــەی دا، کیژەکـــە چـــوو دەســـتەکەی بینـــی، بابەکـــەش تێـــر و پـــڕی پـــێ لێـــدا، بـــەرا ئـــەوجارەی دەگـــە لێـــدانێ دری لـــەخۆبۆ، هـــەموو قـــالبی رەش و شـــین بـــوو، رۆژ بـــەرۆژ دەگـــە لێـــدانی ســـیس وپووتـــە بـــوو، کیژەکـــەی دەفکـــرێ خـــۆ گـــۆ ئـــۆ بـــێ ســـەبەب نییـــە، وکـــی دەســـتێ داکـــێ خـــۆی کـــردۆ دیتـــی دەســـتەکە دەراتیـــە و خوترمـــەکی لـــەجێ دانـــدرێیا، زۆر گەڕا دەستەکەی نەدیتۆ، زۆر گریا، بەرا چ فایدەی نەبوو.

سـۆریێ چاوشـین زگـی پـڕ بـوو، فکـری کـردۆ گـۆتی ئەگـەرەمن ئـەو کـوڕەی لـەو مـارەی بێـرم بـابی لەبـەرەوی گەلـەك دەخـەمێ کـوڕێ مندانابی، چـونکە بابەکـەی ئـەو کـوڕە گەلـەك گەلـەك خۆشدەویسـت، قەت بەقسێ سۆریێ چاوشینی لێ نادا.

هەسـتا لـە کـن سـحربازەکی سـحری لێکـرد، بڕکـە گیێـاکی لـۆ دەگـە خـواردنێ دانـا، وکـی کوڕەکـەی گیێاکـە خـوارد، ئێکسـەر بـوە کارۆکـە، خوشـکەکە گەلـەکی لـۆ گریـا، بابەکـەش تێـری لـە کیژەکـەی دا گۆتی لۆ ئاگات لێنەبوو، لۆ لێگەڕای ئەو گیێیای بخوا..

هـەموو رۆژێ خوشـکەکە برێیـا خـۆی دەگـە خـۆ بـردە نـاو دەشـت و دەری دەکۆشـێ خۆیـەنا و گـۆرانیی لـۆ غـەریبیێ خـۆ گـۆتن، هـەردووك تێرتێرەگریـان، کارۆکەکـە گەلـەك قـەرەو و جـوان ببـوو، وکـی سـۆریێ چاوشـین مندارەکـەی بـوو، گۆتیـە مێـردێ خـۆ دەبـی ئـەو کارۆکەم لۆ بکوژیۆ و جەرگەکەی بخۆم.

پیاوەکە گەلەکی گۆت جەرگت لە بازاڕی لۆ کڕم.

سـۆریێ چاوشـین قایـل نـەبوو، گـۆتی دیـارە ئـەتوو ئـەمنت خـۆش ناوێ، بزانە کوڕەکی چەند جوانم لۆ هینێیا سە دنیێیا !.

پیاوەکـەش فکـر کـردۆ گـۆتی تـازە ئـەو کـوڕە چـانابیتۆ، ئـەوە خـوا کـوڕەکی جـوانتری دایمـێ، بـا مـاریێ لـەخۆ تێکنـەدەم، وەلـلا هەسـتا قەسـابی بـانگ کـرد، کیژەکـە زۆری لـەخۆدا و خـۆی پچـکڕاندۆ،

ئـــەیگۆ بـــابۆ بـــەقوربانت بم ئـــەو ئیشـــەی نەکـــەی، بـــەرا فایـــدەی نـــەبوو، کارۆکێیـــان کوشـــتۆ، ســـۆریێ چاوشـــین جەرگەکـــەی خـــوارد، کەســـی دی دەو لە گۆشتی نەدا.

رۆژەکـــی کیژەکـــە لەســـە کـــانییێ مـــاریێ خـــۆ دانیشـــتبوو دەســـتی دەئـــاویێ هـــەردینان و فکـــری لـــە حـــاریێ خـــۆ کـــردۆ، گێـــی لـــە دەنگـــیێ برێیـا خـۆ بـوو، چـەندی چـاوی گێـڕا هیچـی نـەدیت، گـۆتی دیـارە فکـرو خەیارانەکـــەم، دیســـان برێیاکـــەی بـــانگی کـــردۆ، گـــۆتی لێرەمـــە ، لـــە رۆخـــیێ کـــانییێ مـــە، کیژەکـــە گـــۆتی کـــا لـــە کێـــی نـــاتبینم، بۆقـــەك فرتکەکی هەردا، هاتە بەرامبەری گۆتی ئۆتتەمە.

کیژەکـــەی پـــڕدا بـــۆقیێ و تێـــری ماچـــکرد، هـــەردووك هـــەتا هێـــواریێ هـــەرەگریان، بۆقەکـــەی گـــۆ وکـــی قەســـابی کوشـــتمۆوە، خینـــێم فرچـــك کرد و هەندەك کەتە ناو کانییێ، ئەوجارەی بوومە بۆق.

کیژەکەی گۆ قەیناکا، هەزار جار شوکر مادام مای..

بـــۆقی دەنـــاو قۆدیـــەکی نـــا و بردیـــۆ مـــاریێ، هـــەموو رۆژێ بـــەخۆ و بـــە بـــۆقیێ ئەچـــوونە دەشـــت و دەری، ســـۆریێ چاوشـــینیش پێـــی خـــۆش بوو، ماری بەتەنیێ لۆ مابۆوە.

رۆژەکـــی ســـوارەك لەســـە روبـــاری چـــاوی وە کیژەکـــەی کـــەت زۆری پـــیێ جـــوان بـــوو، لێـــی هاتـــە پـــێش گـــۆتی ئـــەمن کـــوڕیێ پاشـــایمە،بەو نەوعەی هاتیمە دەریێ دەمویێ کیژەکی بەدریێ خۆ ببینمۆوە

زۆر گەڕایمە، هەنکوەش ئەتووم کەتیتە دریٚ، پێم رازیەبی؟!

کیژەکــە رەنگــی ســۆر هەرگــەڕا، لــە شــەرمان ســەری دەبــەرەخۆ نــاوە، بۆقەکــە وەجــواب هــات، گــۆتی خوشــکم مێــردی پــیٚ بکــە، ســوارەکەی تەعەجوبی ما، گۆتی ئەو بۆقە کوو قسانەکە؟!

ئــەوجا کیژەکــەی حارومەســەلیٚ خــۆ هــەموو لــۆ کــوڕیٚ پاشــای گێــڕاوە، کوڕەکەی گۆ هەنکواچم باب وزڕداکێت وێکڕانەکوژم.

کیژەکــە زۆر پــاڕاوە گــۆتی ئەگــە وازیــان لیٚ بینــی ئــەمنت مێــردی پێکــەم، کوڕەکــەی گــۆ قەیــدی ناکــە بــەرا نــابی بچــیۆ مــاریٚ، دەبــی دەگە من بێی.

چــەندی ویســتی بچــتۆ، کوڕەکــەی پــەلی بەســتن و بــردی، بــۆقێش پــیٚ خۆش بوو.

شــەویٚ وکــی کیــژ نەگــەڕاوە، ســۆریٚ چاوشــین بــابی لیٚ شــێت و هــارکرد، گــۆتی بزانــە کیــژت کــو بــەرەلا بــوە، خــوا زانــی هــەنکوە لەباغــەریٚ چ بــۆرە پیاوەکیــە؟! ســەت جــارم گــۆتییٚ کیــژت لــۆ بێناموسییٚ چتە دەریٚ.. هەنکوەش کەیفیٚ خۆیتت..

کوڕەکــەی وکــی کیژەکــە بــردۆ کۆشــکیٚ پاشــای، بــانگی کێرکــەرانی کــرد گــۆتی بــڕۆن بــە جــوانیی بشــۆن، جــوانترین جلــك و بــەرگانی دەبەکــەن و بیڕازیننــۆ، کێرکــەرەکان وکــی رازانــدیانۆ بردیــانۆ کــن کوڕیٚ پاشای، کوڕەکە لە خۆشیانی عەجمانی نەما

دەســتی گــرت و بردیــە کــن داکــیٚ خــۆ، هــە ئــەو شــەوی داکەکــەی بــە پاشای گۆ.

پاشــای لــۆ ئــەو کیــژەی پــیٚ خــۆش نــەبوو، بــەرا هــەر ئــەو تاقــە کــوڕەی هەبوو دری نەشکاند.

مــــەلێیان هینــــاو لێکیــــان مــــارە کــــردن، حــــەفت شــــەو و حــــەفت ڕۆژان دۆر و زوڕنــــا کــــوترا، کیژەکــــە کەتــــە خۆشــــیان، پــــاش بەینــــەکی کیژەکــــە هەموو دەمیٚ مات و عێدز دیار بوو.

کــوڕیٚ پاشــای گــۆتی بــەس بــریٚ هــەتا لــۆت جێبەجێکــەم، چــت دەویٚ لەماری دنیاییٚ هەتا لۆت بینم!؟..

کیژەکــەی گــۆ چــت لیٚ بشــێرمۆ، لــە خــەمیٚ بــرا و بــابیٚ خــۆ چ لــەزەتیٚ لە دنییێیا ناکەم.

کوڕەکەی گۆ هیچ خەمت نەبی، بەخۆ چم سۆراغیٚ بابتەکەم.

کــوڕیٚ پاشــای بەجلکــەکی کــەون بــەناو شــاریدا گــەڕاو مــاریٚ کــابرای دیتــۆ، وکــی چــووە ژۆریٚ دیتــی پیــاوەکی کــۆرە دانیشــتیە و ســۆریٚ چاوشینیشــی ناســیۆ هێلکــەو ڕوونیــەخوارد، نــاو بــەناو پەلکــە نانــەکی هیشکیشی کۆ لۆ کسۆکی هەردا، ئەوهەی لۆ پیاوەکەی هەرەدا.

گۆتی سەلامو عەلەیکم.

سۆریٚ چاوشین بەسەریٚ لموزیی جواب داوە.

کوڕەکەی گۆ:مێوانان ڕاناگرن؟

ســـــۆریێ چاوشـــــین گـــۆتی ئەمـــــە جێخـــۆن بەباشـــــی نـــابیتۆ نۆبــــەتیێ مێوانانە.

گـــۆتی هـــــەرەوڕۆم جێـــی کـــەنۆ لەســــە پێـــراوانیش بـــی قەیـــدی نیــــە، ســـبەیەڕۆم، ئەنگوســـتیلەکی زێـــڕی لەدەســـتیێ خـــۆ کـــردۆ دایـــە ســـۆریێ چاوشین، گۆتی هە ئۆندەشم هێیە، ئەگە لێم قبوورکەی.

ســـۆریێ چاوشـــین وکـــی زێڕەکـــەی دیـــت خـــەنی بـــوو، گـــۆتی باشـــە جێتەکـــەمۆ، ئـــەو پیرەکســـۆکەی لـــەدەریێ نـــوینم، دەســـتی لـــۆ مێـــردیێ خۆ درێژکرد.

شـــەویێ ســـۆریێ چاوشـــین جـــیێ کوڕەکـــەی لەتەنشـــتەخۆ ڕێیاخســـت، پیرەمێردیشـــی وەدەرێنـــا، شـــەویێ ســـۆریێ چاوشـــین هـــە لـــە کوڕەکـــەی ئەچـــووە پـــێش، کوڕەکـــەش هـــە لەبەریەکشـــاوە، جێیەکـــەش زۆرتـــەنگ بوو.

کوڕەکـــەی گـــۆ ئـــەتو لـــۆ ئـــەو پـــیرە مێـــردەی ناکێیـــە پـــیرە مـــەڕەك یـــان کسۆکەك هەتا ئەمیش بەحەراری لەخۆت مارەکەم.

ســـــۆریێ چاوشـــــینی گـــــۆ ئەگـــــە ئـــــەتو مـــــارەم کـــــەیۆ، ئـــــەمن سحربازەکیەناسم ئەگە حەزت لێ بی لۆتەکەمە بەراز.

کوڕەکـــەی بـــڕەك دەســـت وەســـەر و ملـــیێ ســـۆریێ چاوشـــین داهینـــان، لـــە خۆشـــیان هـــەموو قســـەی لـــۆ کوڕەکـــەی کـــردن و جـــیێ سحربازیشـــی پێشاندا.

ئەجـــە کوڕەکـــە بـــەفێری ســـەراوێ هاتـــە دەرێ و لـــەدەرێ دەرکـــەی لەســـە ســـۆرێ چاوشـــین قـــەپات کـــرد، پیـــاوە کۆرەکـــەی دەگـــەرەخۆ بـــردۆ قەســـرێ، هـــە بـــەو شـــەوەی لەشـــکری نـــاردە ســـە ســـحربازی و لەمارێیان دەریناو بردیانە کن کوڕێ پاشای.

لـــۆ ســـبەینێ کـــوڕێ پاشـــای باشـــترین حـــەکیم و لوقمـــانێ قەســـرێی بـــانگکردن و عیلاجـــێ چـــاوێ پیرەمێردیـــان کـــرد، سحربازیشـــی ترســـاند ئەگە بۆقەکەی چانەکاتۆ سەری پەلەدا.

لەترسان سحربازی کوڕەکە چاکردۆ.

کیژەکـــەی بـــە کـــوڕێ پاشـــای گـــۆ بزانـــە ســـحری لـــەکێی دی کردیـــە بـــا بچی چاکیان کاتۆ،.

سحربازەکە لەترسان گۆتی باشە.

بـــابو کیـــژو کـــوڕ پێـــك شـــادبوونۆ، زۆر بەخۆشـــی کەتنـــە نـــاو نـــاز و نیعمـــەتێ دنیێیـــا.. ئـــەمیش لەوســـەری هـــاتمۆە، کـــارەکم دڕاو هیچـــم پێ نەبڕا..

# مەلا ڕەژوو

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن روو رەشتر نەبوو.

هەبوو نەبوو ژنەك و پیاوەك هەبوون، لە گوندێ خۆ لەهەموو کەس فەقیرتربوون، هیچ منداریشیان نەبوون، بە تاقی تەنێ لە کاولەخانییەکیەژیان، ژنەکە گەلەك بە ئۆین ودۆراب بوو، دەگە کەس ناحەواوە، لە مارێش هە پرتەپرتی بوو دەگە مێردی.

شەوەکی گۆتییە مێردێ خۆ دەبی لەو گوندەی بارکەین، هەرچەندی پیاوەکەی گۆ ئاخرەمە لەچ جێیان کەسن نینە و چ پارەشن نیە، بچینە هە جێیەکی ماروێرانەبین.

ژنەکە چووە سە کەرێ شەیتانی، ئیلاو بیللا دەبی هە بڕۆین..

پیاوەکە مەجبوور بوو وەدوو قسێ ژنێ کەت، بڕو بوجگوڕیان لە کەرێ بارکردن و دەگە بانگێ سبەینێ کەتنە ڕێی.

هە رۆیشتن.. هە رۆیشتن بەرەبەری هێوارێ شارەکی گەورێیان لێ وەدەرکەت، هەتا گەیشتنێ شەویان بەسە داهات، لێیاندا مارەکی و لێیان مێوان بوون، زۆریان قەدرگرتن و نان و ئاویان لەبەرێ دانان.

وکی تێریان خوارد، ساحێب ماری گۆتنێ ئەنگۆ کوە بەو شەوەی رێو کەتیتە ئەو مەملەکەتەی؟

ژنەکـــەی زوو جـــواب داوە گـــۆتی وەلـــلا بـــەخۆو بـــە مـــەلای بەتـــەمای حەجێینە.

گۆتیان چما ئەنگۆ مارە مەلاشن؟

ژنەکەی گۆ: ئەدی کو.

مارەکـــەی گەلـــەکیان شـــەرم لـــەخۆ کێشـــاوە، گۆتیـــان دەبـــی قســـوورین عافو کەن، ئەمە ئەنگۆن نەناسی.

پیاوەکـــەی گـــۆ: وەلـــلا بـــرا ئـــەنگۆ چ قســـووری و نەبوینـــە، ئەمـــە ئەنگۆن بەو شەوەی نارِوحەت کردیە.

وکـــی مارەکـــەی ویســـتیان هەنـــدەك پرســـیاران لـــە مـــەلای کـــەن، کـــابرای مێـــوان گـــۆ ئەوشـــۆ گەلـــەك ماندینـــە، ئەگـــە ئیـــزن بـــی ئەمـــە بنـــووین باشە..

ســـاحێب مـــاری گـــۆ خەبـــەری تـــی، گۆتیـــە ژنـــێ خـــۆ بـــڕۆ جیـــی لـــۆ مـــەلا و مەلاژنێ ڕێیاخە.

وکـــی چـــوونە بـــن جێیـــان، پیاوەکـــەی خـــۆ لـــەژنێ خـــۆ تـــووڕەکرد، گـــۆتی بەتەمای چ گۆبەندەکم پێ بگێڕی؟!

ژنەکەی گۆ ئەتوو چ خەمت نەبن لۆمن لێگەڕێ..

گەلەك ماندی بوون لۆیێ زوویان خەو لێکەت.

ســـبەینێ هـــەتا ئـــەوان لەخـــەوێ هەســـتان، مارەکـــە پـــڕی عالـــەم ببـــوو، گۆتیان ئەوشۆ ئەمە مەلان مردییە، دەبی ئەتوو ببیە مەلێیا مە..

کـــابرا چـــەندی خـــۆی هینـــاو بـــرد، خـــەرکی واز لێ نـــەینا، ژنەکـــە وەجـــواب هـــات، گـــۆتی: ئـــاخر ئەمـــە کـــوو دەســـت لـــە مـــار و مرکـــێ خـــۆ هەگرین؟!

خەرکەکەی وێکڕا گۆ بابە ئەمەو زێتری وێ دەینۆ.

هـــە لـــەخانییێ، هـــە لـــە وراغـــی و ناومـــاریێ بگـــرە، هـــەتا گاتـــە دەرزیـــێ، هەر چ مەلاژنێ گۆ لۆیان هینان.

کابرا بوە مەلێیا وان، بەرا عەشتەبای لە مەلێیاتییێ نزانی.

وەختـــی نیـــوڕانێ گۆتیانـــە مـــەلای وەرە جەماعـــەتێن لۆبکـــە، مـــەلا نـــا عـــیلاج چـــووە مزگـــەفتێ و لـــە پـــێش خـــەرکی ڕاوەســـتا، نـــەیزانی کـــوو نوێـــژێ دابەســـتی، وەلـــلا لـــە مزگـــەفتێ دەرپەڕیـــە دەرێ، خەرکەکـــەش هەموو لە دوو وی دەرپەڕین.

لۆ مزگەفت نەڕووخا؟

خەرکەکـــەی گـــۆ ئـــەو مـــەلێیا گەلـــەگ بەتـــەقواو بەدینـــە، ئـــۆ کـــووی زانـــی مزگەفتەرووخێ!!

وکـــی مزگـــەفت ڕووخـــا، مـــەلای گـــۆ لـــە نـــۆ پـــاش هەرکـــەس لـــەماریێ خـــۆ نوێژێ بکا، مزگەفتی پێناوێ.

ڕۆژەکـــی پیرەژنـــەك و ژنـــەکی جحێـــر هاتنـــە کـــن مـــەلاژنێ، گۆتیـــان داخوا مەلا نوشتیان نزانی؟!

مەلاژنێ گۆ: بەدی کوو نزانی، نوشتییێ مەلای پێکوییێکن.

پیرەژنـــێ گـــۆ: بکـــە ڕاهـــی خـــوای بەمـــەلای بـــرێ بـــا نوشـــتیەکن لـــۆ بکە، دەنا کیژۆرەم لێ تەراقەدەن.

گۆتی لۆ؟

گۆتی: ئۆ چارسارە مێردی کردیە منداری نابن.

گـــۆتی: خـــەمت نـــەبی، هـــە مـــەلا بێتـــۆ پێیـــەرێم، بـــەرا ئـــەنگۆ پـــارەو مارەو هەنە؟

پیرەژنـــێ گـــۆ: خـــەمێ پـــارەت نـــەبی، خوابکـــە منـــدارەکی وەزگـــی کەوی بە مارێ دنییێیات خەنیەکەم.

وکی مەلا هاتۆ، مەلاژنێ گۆ خوا دەرکێ خێرانی لێکردینۆ.

مەلای گۆ چییە حورمێ چ بووە دیسان؟

مەلاژنێ حارومەسەلێ پیرەژنێ و نوشتییێی لۆ گێڕاوە.

کـــابرای گـــۆ بکـــە خـــاتری ئـــەو خوێیـــای ژنـــێ تووشـــی ئـــەو نەوعـــە ئیشانەم مەکە.

مەلاژنێ گۆ ئەتوو خەمت نەبی لۆمن لێ گەڕێ.

ئەجـــە مـــەلاژن چـــوو هەنـــدەك پارچـــە قاقـــەزی خڕکردنـــۆ و ڕەژووەکیشـــی هینـــا و وە مـــەلای دانـــۆ، گـــۆتی دەوجـــا هەنـــدەك دوعێیانی لۆ بنویسە.

مـــەلای گـــۆ خـــوابتگری ژنـــێ مـــا ئـــەمن چســـوانم بنویســـم .. مـــەلاژنی لـــەکۆر نەگـــەڕا، مـــەلای نـــاعیلاج ئێکـــدو قلـــی بلـــی لەســـە قاقـــەزەکی

کـــردن، وکـــی نوشـــتیانی قـــەد کـــرد، ژنەکـــەش دە پارچـــە پەڕۆکـــەکی کەســـکی وەرپێچـــا، ســـبەینیٚ وکـــی پـــیرەژن هـــاتۆ نوشـــتییەکەی وێـــداوە، پـــاش ئێـــك دوو مانگـــان، ژنەکـــەی منـــدارەك وەزگـــی کـــەت، دەنگودۆر براو بۆ، مەلا نوشتیانەکا و نوشتیشی بێك و بێکن.

ناوبـــانگیٚ مـــەلای گەیشـــتە قەســـریٚ پاشـــای، پاشـــاش ژنـــەکی زۆر جـــوانی هـــەبوو، منـــداری لیٚ نـــابوون، نـــاردی مـــەلێیان هینـــا، گـــۆتی نوشتیەکیش لۆ ژنیٚ من بکە با خوا مندارەکن داتیٚ.

هەچـــەندی مـــەلای گـــۆ پاشـــام خـــۆش بـــی ئشـــتیٚ وهـــە نییـــە، ئـــەمن نوشـــتی و موشـــتیان نـــزانم، پاشـــا تـــوڕە بـــوو، گـــۆتی بـــەخوای نوشـــتیێی لـــۆ نەکـــەی و منـــدارەکی نـــەبی، ســـەرت پەلـــەدەم، مـــەلا زراو ڕێـــژی بـــوو، گـــەڕاوە مـــاریٚ و بەحســـو بازاڕەکـــەی لـــۆ ژنـــیٚ خـــۆگێڕاوە، گـــۆتی ئەتووبی سەرم بە بڕینەدەی.

ژنەکەی گۆ لەمنت نەکەوی مەلا، لۆ وهەت زراو چووە!

وکـــی جـــاران نوشـــتیەکی بـــە ڕەژووی لەســـە پارچـــەقاقەزەکی دروســـت کـــردو دە پەڕۆکـــەکی کەســـکیان دروی، ســـبەینیٚ لـــۆ ژنـــیٚ پاشـــای برد، پاش دووسیٚ مانگان ژنیٚ پاشای حەملی پێیا کرد.

پاشای گۆ کاخوە ئەو نوشتیەم لۆ بینن بزانم چی لیٚ نوسرێیا؟

هەنـــدی گۆتیـــان پاشـــام خـــۆش بـــی نوشـــتی بکرێتـــۆ بـــەتارەبی، پاشـــای گۆ تازە ئەوی کاریٚ خۆ کرد، بەتاریش بیتۆ چنیە.

وەلــلا وکــی نوشــتیی کــردۆ دیتــی پارچــە قاقــەزەکی بــۆری پــیس، بــە ڕەژووی چـــەند قلـــی بلـــی ی لێکرێیـــا، پاشـــا زۆر تـــووڕە بـــوو، گـــۆتی ئەو مەلێیا ملەستوورەم لۆ بانگ کەن.

وکی مەلێیان هینا، مەلا لە ترسان وکی بیێ ناواوێیەلەرزی..

پاشـــای گـــۆتیێ : سەختەچـــی ئـــەتوو ئـــۆ چ نەوعـــە نوشـــتییەکییەکەی؟ ئـــەتوو بـــە هـــەموو ئـــاقریێ خـــۆ، بـــەو فـــرت و فێرانـــە گـــەمان بـــە زیرەکیـــێ منەکەی؟

پاشـــای گـــۆ: ئـــەمن ئشـــتەکی دیـــت دەگەرەکـــەم، مـــەجالی فرتـــو فێرانـــی تێدانییـــە، ئـــۆ وەتـــەرێمیێ، ئەگـــە مـــەلێیاکی سەختەچـــی بـــی، شـــەرت بـــی لـــەپێش چـــاویێ عالـــەمیێ ســـەرتەپەڕینم، ئەگـــە زانیشـــت بـــە مـــاری دنیێیات خەنیەکەم.

ســـبەینیێ لـــە مەیـــدانیێ شـــاری عالـــەمیان خڕکـــردۆ، پاشـــا بـــەخۆش حـــازربوو، بەرامبـــەری خـــەرکی لەســـە کورســـیەکی دانیشـــت، مەلاشـــیان لە لێیاکی دی بەرامبەری خەرکی ڕاگرت.

پاشـــای ئـــەمر کـــرد چـــاویێ مـــەلێیان بـــە پەرۆکـــەکی تونـــد بەســـتنۆ، پاشـــای بـــانگی جـــەللادی کـــرد گـــۆتی لـــە پشـــت ســـەریێ مـــەلای ڕاوەســـتە، ئـــەمن هـــەنکوە ئشـــتەکی لەپشـــتە خـــۆ شـــارمۆوە، ئەگـــە مەلای نەزانی چییە، ئەتوو ئێکسەر سەری پەلدە.

مەلا لەترسان قەرەمی شکان و کەتە سە چۆکان.

جەللادیشی ئۆ لەسەسەری راوەستێیا، هە شیری لە ملیەخشینی.

پاشـــای ئـــەمر کـــرد ئشـــتەکەیان هینـــا، دەســـکە گـــور بـــوو، دەپشتەخۆی نا، گۆتی دەی مەلا بزانم چم لە پشتەخۆ شاردیتۆ؟

مەلای چ جواب نەدانۆ.

پاشـــا تورەبـــوو، هـــاواری کـــرد گـــۆتی ســـێ جـــارت لـــێ پرســـم، ئەگـــە جوابم نەدەیۆ ئەتکوژم..

پاشای جارێ دووەم لێ پرسیۆ.

مەلای چ جواب نەدانۆ.

جـــاری ســـێیەم پاشـــای لێ پرســـی: گـــۆتی ئـــاخیر جارتـــە، مـــەلا چـــم لـــە پشتەخۆ شاردیتۆ ..

مـــەلای وکـــی چ عـــیلاج نـــەما، بـــە هەناســـە ســـاردیی هـــاوار کـــرد: ئـــای گورێ چت لێکردم؟!!( ژنێ مەلای ناوی گور بوو)

لەناو خەرکی بووە کلیلی و چەپرەلێدان.

پاشـــای گـــۆ چـــاوانی بکـــەنۆ.. ئـــەجا ئـــەمری کـــرد ئێـــك بـــارە زێـــڕی بدرێتێ..

ئـــەوجارەش مـــەلا بەســـەلامەتی قورتـــار بـــوو، بـــە خـــۆ و بـــە بـــەبارە زێـــڕی گەڕاوە مارێ.. هەندەی دی ناوبانگی دەرکرد..

ئـــەوجارەی نۆبـــەتێ ژنێـــی بـــوو، ئـــەیگۆ دەبـــی نوشـــتیەکیش لـــۆمن بکەی هەتا مندارەکن بی ..

رۆژهاتن، رۆژ چوون، پاشای دزییەکی گەلەك گەورە لێکرا..

چەندی کردیان دزیان نەدیتۆ.. دارو دەستێ پاشای گۆتیان پاشام خۆشبی ئەتو خۆ هەندە عێدز مەکە، لە دوو مەلایەنێرین، ئەون دزی لۆ بینیتۆ..

پاشای ئەمر کرد، مەلێیان هینا..

پاشای گۆتە مەلای بە خۆ زانی دزیەکی گەورەم لێ کرێیا، دزم لۆ ئەبینیۆ باشە، نابینیۆ ئەشتکوژم و دەستیشت بەسە ژن و مارێداگرم.

مەلا هەندی پاڕاوە فایدەی نەبوو، دەدرێ خۆی گۆ جارێ پێ بچم ئەوجارێیە. وکی چ عیلاجی نەما گۆتی مادام وێیە، دەبی چل رۆژم مۆرەتێ بدەنێ، و چل قازی قەرەویشم لۆ بینن. گۆتیان قەیدی نییە، با چل رۆژت مەجال بی، قازەکانیشیان لۆ بردن. لەناو مەملەکەتێ براو بۆ مەلا بە چل رۆژی دزەکانەبینیتۆ.

وەختی مەلا چۆوە مارێ گۆتی ژنێ ئەمە هەر چل شەون پێکوە مێیا، لۆیێ با ئەو چل شەوەی بەدرێ خۆ رابوێرین، هەموو شەوێ مەلاژن قازەکی لۆ مەلای سۆرەکردۆ و لۆی لەسەر برنجی دانا.

شەوێ یێکەم، دزەك لەسەبانێ مارێ مەلای بە دزی لە کولانکێ گێی دابوە قسێ مەلا و مەلاژنێ بزانی بەحسی چاکەن، مەلا وکی قازێ یێکەمیان خوارد گۆتی ژنێ ئۆ لە چلی یێك.

کــابرای دز وەیزانــی مــەلای ئــەو ئاشــکرا کــرد، بــە هــەراتن گــەڕاوە کــن سەرۆکێ دزان، گۆتی تەواو ئەمن ئاشکرا بووم.

رۆژێ دووەم ســـەرۆکێ دزان ئێکـــی دیکـــەی نـــارد، ئـــەویش وکـــی دزێ پێشــی لــە کــولانکێی گــێ دابــووە قســان، مــەلا وکــی قــازێ دووەمیــان خوارد، گۆتی ژنێ ئۆ لە چلان دوو.

دزە بە هەراتن گەڕاوە گۆتی ئەمیش ئاشکرابووم.

بـــەو نەوعـــەی هەرشـــەوێ دزەك ئەچـــوو وکـــی وانـــی دی بـــە هـــەراتن ئەگەڕاوە ئەیگۆ ئەمیشی ئاشکراکرد.

جەماعەتــە دزەکــە چــل کــەس بــوون، شــەوێ چــلەم هــەموو لەپشــت دەرکــێ مــارێ مــەلای خڕببوونــۆ ، مــەلا وکــی ئــاخیر قــازی خــوارد، گۆتیــە ژنــێ خــۆ: حــورمێ ئــەوە لــە چــلان چــل، دزەکــان هــەمان بــەیێکجاری خــۆ هاویشــە مــارێ مــەلای، دەســتو پــێ مــەلێیان مــاچ کــردن، گۆتیــان بــەس ئاشــکران مەکــە، ئــەوی چــەند ســارە خــڕن کردیتــۆ هەمووتــەدەینێ ، بــەس بــا مــار و منــدارن بــێ بــاب نــەبن، لــەو چــل شــەوەش مــەلاژنێ منــدارەکی کــەتبوە زگــی، لــۆیێ مــەلاژنێ زۆری زگ بــە منــدارێ دزەکــان ســۆتاوە، گــۆتی مــەلا، پاشــا بــەو دزیــەی فــەقیر نــابی، بــەخوای ســەرێ وانــەش هــەمان پەلــەدا، ئەوجــە لەبــە خــاتری خــوای ئاشــکرێیان مەکــە، مــەلاش دەدرێ خــۆی گــۆ ئــۆ ئەوجارەش لەدەست پاشای قورتاربووم،

ئەدی جارەکی دی هەشیێ کێندەر وەسەریێ خۆ بکەم؟

گـــۆتی بــــەخوای رۆژەك هـــەدادیێ ســـــەریێ مـــیش پەلـــدە لـــۆییێ دەگـــە دزەکـــان رێککـــەتن هـــەموو پێکـــوە ئـــەو مەملەکەتـــەی بـــەجێبێڕن و واز لە دزی و ساختەچیەتییێ بینن..

ئەمیش هاتمۆوە، کارەکم دڕا و هیچم پیێ نەبڕا.

## جوانەماین

هەبوو نەبوو پاشێیاك هەبوو چ کوڕی نەبوون، بەرا خوای سێ کیژی ئاقر و جوان دابوونێ، کیژێ گەورە حەزی لە کوڕێ وزیرێ دەستەڕاستەکرد، کیژێ ناوەنجی حەزی لە کوڕێ وزیرێ دەستەچەپەکرد، کیژێ کچکەش چ دۆست نەبوون.

هەموو ڕۆژێ کیژەکان بە فێرێ گەڕانێ لەمارێ ئەچوونە دەرێ، کوڕێ وزیرێ دەستە راست و کوڕێ وزیرێ دەستەچەپیش دەهاتن، لەسە ڕوباری ئەگەیشتنە یێك، خوشکەکان هە یێکی وەگە دۆستێ خۆەکەت، کیژێ کچکەش بەتەنێ لۆخۆ لە دەو ڕوباری ئەسوڕاوە و تەماشێ ئەولاو ئەولێیایەکرد.

ڕۆژەکی دیتی جوانەماینێ وان لە رووخێ ڕوباری هاتیە خۆ بشوە، جوانە ماینێ ئاگا لە کیژێ پاشای نەبوو.

هەر هەندەی زانی جوانەماین بووە کوڕەکی ناسك و نازدار، عەینەن مەلایکەت هەندە سپی و جوان، چوە ناو ڕوباری خۆی شوشت . وکی هاتە دەرێ ، خۆی کردۆ جوانە ماین و ڕۆیشت.

خوشکەکان بانگی خوشکێ کچکێیان کرد گۆتیان وەرە بابچینۆ درەنگە، هەموو ڕۆژێش خوشکە گەورەکان بەخوشکێ کچکێیانەگۆ، لەکن کەس وەنەرێی کوڕێ وزیرانن دیتینە، ئەویشەگۆ باشە. ئەویش ئەوڕۆ چی بەوان نەگۆ.

سـبەش وكـی جـاران بـە فێـرێ گـەڕانێ هـاتنۆ دەرێ، لەسـە ڕوبـاری هەركەسـە بـەلێیاكی داچـوو، كیـژێ كچـكە چـۆوە جـێ دوونـێ، جوانـە مـاین نـەهاتبوو، خـۆی لـە پـەنێ دارەكـی شـاردۆ، دیسـا جوانـە مـاین هـاتۆ، چـووە نـاو ئـاوێ و خـۆی كـردۆ بەشـەر و سـەرێ خـۆی شووشت، ئەجە خۆی كردۆ جوانەماین و ڕۆیشت.

كیـژێ كچـكە ئاشـقی جوانـە مـاینێ بـوو، بـە ڕۆژ هەرەچـووە كـن جوانـە مـاینێ و گەمـەی دەگـەرەكردن، جوانـە مـاینێش ئاگـای لـە چ نەبوو، بەرا ئەویش ئاشقی كیژێ پاشای ببوو.

شـەوەكی پاشـا بـەس بـەخۆ و بـە شـالیاری دانیشـتبوون، بـانگی كـرد گـۆتی هەنـدەك میـوەن لـۆ بیـنن، كیـژێ گـەورە لـەباتی میـوەی سـێ گندۆرەی لۆ پاشای لەسە سنیەكی دانان و لۆی ناردنە ژۆرێ.

پاشـا وكـی گنـدۆرەی بـەو نەوعـەی دیـتن تـوڕە بـوو، بـەرا شـالیار ئـاقر بوو، گۆتی پاشام خۆش بی ئەو گندۆرانە لۆ خواردنێ نینە.

پاشـاش شـالیاری زۆر خۆشدەویسـت، گـۆتی ئـەدی گنـدۆرە لـۆ چنە؟!

شـالیاری گـۆ پاشـا ئـەو سـێ گندۆرانـە سـێ كیـژەكانی توونـە، ئـێ گـەورە تـەواو نـەرم بـووە، ئـێ نـاوەنجی تـەواو وێڕاگەییـە، ئـێ كچـكەش ئـۆ ویڕاگەیشـتیە، ئەوجـە بەمێردیانـدەی باشـە بـا زێـتر نەمینێنۆ.

پاشای قسیٚ شالیاری زۆر پیٚ ماقول بوو، گۆتی باشە هە لە سبەینێوە بانگەوازی ڕابێرن، هەرچ گەنجیٚ ئەو مەملەکەتەی هێیە با لە پێش کۆشکیٚ خڕ بنۆ، ئێکی سێویش وە کیژەکاندەن، هە ئێکی سێویٚ خۆی لەکێدا ئەیدەینە وی.

سبەی بانگەواز لە مەملەکەتی راهێشترا، هەرچ گەنج هەبوو خۆی قۆزەکرد و لۆ پێش کۆشکیٚ پاشایەچوو، کیژیٚ کچکە خۆی گێیاندە جوانە ماینیٚ گۆتی دەبی ئیللا ئەتووش بێیە ناو گەنجان، جوانە ماین بەسە خۆی نەینا، بەرا وکی کیژیٚ پاشای رۆیی دەدریٚ خۆیدا گۆتی دەبابچم، هەنەبی بزانم ئەوانە سێویٚ خۆ لەکێدەن.

ئەو هەموو گەنجە رێك و جوانە لە پێش کۆشکیٚ خڕ ببوونۆ، هەرسیٚ کیژیٚ پاشای هاتن، هەئێکی سێوەکیان وێدان، کیژیٚ گەورە هە زوو سێویٚ خۆی لە کوڕیٚ وزیریٚ دەستەڕاستدا، پاشای زۆری کەیف هات، سڕە هاتە سە کیژیٚ ناوەنجی، ئەویش سێویٚ خۆی راوەشاندە کوڕیٚ وزیریٚ دەستە چەپ، پاشا لۆویشی زۆر پێخۆش بوو، ما کیژیٚ کچکە، چەندی چاوی گێڕان جوانە ماینی نە وکی بەشەر نە وکی جوانەماین لەناو خەرکی نەدیت، هە چاویەگێڕان، خەرکەکە لە خواریٚ هەمان هاوارەکرد، ئەویەگۆ لەمن دە ئەویەگۆ لەمندە، بەرا کیژیٚ پاشای هە چاویەگێڕا،

پاشــای دووســیٚ جــاری بــە نــەرمی گــۆتیٚ ، دەی کیــژم ئــەتووش وکــی خوشــکەکانی خــۆ لــۆ خــۆ لــە کــوڕە وزیرەکــی دە، بــەرا کیژەکــە هــە چاویەگێڕان.

پاشــا تووڕەبــوو، گــۆتی پێمنــارێی لــە کــیٚ گــەڕێی؟ بــە وزیرەکــانی گــۆ کەس مێیا بانگو نەکردبی؟

گۆتیــان نــاوەللا پاشــام خــۆش بــی ئــیٚ شــلەو کۆرەشــن هــەموو هینانیە.

لــەودەمی جوانــە مــاین پێیــا بــوو، کیــژیٚ کچــکە ســێویٚ خــۆی راوەشــاندە جوانــەماینیٚ و ســێوی وێکــەت، کوڕەکــانی دەورو بــەریٚ جوانــە مــاینیٚ کردیانــە هــات و هــاوار ئەویــەگۆ لــۆمنی هاویشــتیە، ئەویــەگۆ نــاوەللا لــۆمنی هاویشــتیە، کــەس بــاوڕ نــەکرد لــۆ جوانــەماینێی هاویشــتبی، گۆتیــان ئــەوە حێــل نــەبوو بــا ئــەو جــارەی باوێتۆ. دیسا سێوی گرتۆ جوانە ماینیٚ و لێیداوە.

دیســا گۆتیــان حێــل نییــە، پاشــای گــۆ کیــژم بــەجوانی ســێویٚ خــۆ بــاویٚ خــوا زانــی ئــەوجارەی وە جوانــە مــاینیٚ بکــەویتۆ ئەتدەمــە جوانە ماینیٚ؟!

دیســا کیــژیٚ کچــکە ســێویٚ خــۆی گرتــۆ جوانــە مــاینیٚ و لێیــدا. پاشــای گــۆ قەســەم بــەخوای دەبــی بتدەمــە جوانــە مــاینیٚ و دەبــی دەگــە جوانە ماینێت دەتەویلیٚ کەن.

چــەندی وزیرەکــان لــە پاشــای پــاڕانۆ گۆتیــان نیشــانەی راســت نییــە، منــدارە، فــام ناکــە.. فایــدەی نــەبوو، پاشــای گــۆ ســوندم خواردیــە و پشێمان نابمۆ.

داك و خوشــکەکان زۆر لــۆ کیــژێ کچــکە گریــان، بــەرا وکــی پاشــای ئەمر کرد، هە ئەو شەوی کیژەکانیان مارەکردن .

کیژێ کچکەشیان بردە تەویلێ جوانە ماینێ.

چــەندی کیژەکــەی گۆتــە جوانــە مــاینێ تــازە ئــەمن ژنــێ توومــە، چــیدی ئینکــاریێ مەکــە ئــەمن ئــەتووم دووجــار لــەناو ڕووبــاری دیتیــە خــۆ کــەیۆ بەشــەر، لــۆیێ ئەمنــەتووم هەربژاردیــە، هــەنکوەش ئەگــە ئــەتوو پێــت خۆشــە لێرامینێینــۆ، ئەگــە حەزیشــت لێــرە نییــە بارەکــەین لــۆ کێنــدەری بتــەوێ، گــۆتی تــازە ئــەمن ژنــێ توومــە ژیــانم دەگەتوو دێیا.

جوانــەماینیش کیــژێ پاشــای زۆرخۆشدەویســت بــەرا حــەزی لێ نــەبو ژیــانی لێ تێکــدەو لــە داك و بــاب و خوشــکانی وەدوور بێخیتــۆ، بــەرا عیلاجــی نــەما، خــۆی لــۆ کــردۆ بەشــەر، گۆتیــە کیــژێ پاشــای، ئــەمن بەخۆ لە تیرێ ئەجندانم، لۆیێم حەز ناکرد خۆت لێ ئاشکراکەم.

کیژەکەی گۆ ئەمن بە هەموو نەوعەکیت پێ ڕازیمە.

جوانەماینێ گۆ بەس دەبی ئۆ سڕ بی لەمەعبەینێ من و توو.

کیژەکەی گۆ باشە.

پاشـــای کیـــژێ کچـــکە زۆر خۆشدەویســـت، لـــەتاوانی نـــەخۆش بـــوو، بـــەرا لێشـــناگەڕا بێتـــۆ کنـــی، هـــەردوو کیـــژ و زاوێیاکـــانیش دەگـــە خوشـــکێ کچـــکەو جوانـــە مـــاینێ گەلـــەك خـــراپ بـــوون، پاشـــا هاتـــە ســـە مردنـــێ، حـــەکیم و لوقمانـــان چ چـــارە پێنـــەکران، بـــەرا ئێـــك هـــات گـــۆتی پاشـــا بـــە شـــیرێ شـــێری چـــاکەبتۆ ئەگـــە هێـــوێن بکـــرێ و بکرێتـــە ماســـت، دەبـــی ماســـتەکەش دە مەشـــکێ شـــێری بـــژێ ئەجـــە پاشـــا بخواتۆ.

بەس گۆتی هەتا حەفتەکی دی لۆی پێیا نەکەن پاشا ئەمری.

پاشـــای حـــەز لێ نـــەبو خـــەرك بزانـــی پاشـــا دۆیـــێ ماســـتێ شـــێری ئـــەخواتۆ، لـــۆیێ بـــە هـــەردوو زاوێیـــا پاشـــای، کـــوڕێ وزیـــری دەستەڕاســـت و کـــوڕێ وزیـــری دەستەچـــەپیان گـــۆ ئـــەوان بـــەخۆ بچـــن شیر و مەشکێ شێری پێیا کەن.

وکـــی کیـــژێ کچـــکەش زانیـــۆ بـــابی بـــە شـــیرێ شـــێری چـــاکەبتۆ، گۆتیـــە مێردێ خۆ دەبی ئەتووش بچی شیر و مەشکێ شێری پێیاکەی.

جوانـــەماینێ گـــۆ مـــا ئـــەمنی لۆچـــییە؟ ئـــەدی ئـــۆ هـــەردوو زاوێیـــادی نەچووینە؟!

کیژەکەی گۆ دەبی ئەتووش بچی نەکو بەوان پێیانەبی؟

جوانـــــە مـــــاینێ گـــــۆ باشـــــە لەبـــــەخاتری توەچـــــم.

جوانـــە مـــاینێ خـــۆ کـــردۆ بەشـــەر و جلکـــێ شـــوانانی دەبـــەکردن، لـــە

ڕێـــی تووشـــی هـــەردوو وەرداش زاوێیـــا خـــۆ بـــوو، بـــەرا ئـــەوان ئـــەویان نەناسی، سەلامی لێکردن، ئەوانیش گۆ: ئەتوو شوانی؟!

جوانەماینێ گۆ: بەرێ ئەمن شوانم، ئەدیەنگۆ؟

چـــاویاندا ئێـــك نێیـــانزانی چ بـــرێن، ئێکـــەکی گـــۆ ئەمـــە حـــەکیمین، لەدوو گژ و گیاو دەرمانیەگەڕێین.

جوانە ماینێ گۆ دەباشە ئەمنەڕۆم چیشوو نینە؟

دیســـان هـــەردووکان چـــاودا ئێـــك گۆتیـــان ئـــەتوو چ دەرەشـــێران پـــێ نزانی؟

جوانەماینێ گۆ بەرێ وەللا ئەمن دەرەشێرەکی پێزانم.

گۆتیان کاخوە لەکێیە بەرکی پێشانن دەی.

گـــۆتی ئەگـــە لـــۆ ڕاوێ و بـــی پێشـــان و نـــادەم گونەحـــە، فەرخۆکـــەی لەبەرن شیریانەداتێ.

هـــــەردوو وەرداش زاوێیاکـــــە دەدرێ خـــــۆ خـــــەنی بـــــوون، گۆتیـــــان ئەوییێـــە ئـــەوی ئەمـــە لێیەگـــەڕێن. گۆتیـــان نـــاوەللا لـــۆ راوێـــن نییـــە، لـــۆ هەندەك شیریتن، لۆ دەرمانی.

جوانــە مــاینێ گــۆ مــادام لــۆ شــیر و بــی قەیــدی نییــە، ئــۆتێهێ لــەو ئەشکەفتێهێ یە.

هەردوو زاوا لۆ ئەشکەفتەکەی چوون

هــە لــە دووری وکــی گێیــان لــە نــەڕێ شــێری بــوو، زنــدەقیان چــوو، لــە دووری هەنـــدەك تیریـــان هاویشـــتنە نـــاو ئەشـــکەفتێ، دەرەشـــێری هـــات و هـــاوار وێکـــەت و لـــە ئەشـــکەفتێ دەرپـــەڕی، وکـــی شـــێت و هـــارانی لێهـــاتبوو، هـــەردوو زاوا لەترســـان ســـواری ئەســـپان بوونـــۆ وکـــی بـــای پێیـــان پێوەنـــاو هـــەراتن. ئیکـــدوو جـــاری دیـــش ویســـتیان نێزیـــك ببنـــۆ بـــەس هەنـــد ترســـنۆك بـــوون نـــەوێران زێـــتر بچـــنە پـــێش، هەنـــدەك تـــیری دیان دەهاویشتنە کونێ ئەشکەفتێ و هەردەهاتن.

ڕۆژێ شەشـــەم بـــوو، هـــەردوو زاوا زۆر تـــەنگاو بـــوون، گۆتیـــان بـــەس ڕۆژەکـــن لـــەپێش مێیـــا، ئەگـــە شـــێر و مەشـــکێ پێیـــا نەکـــەین، لـــە کـــن ژن و لە مەملەکەتیش حێییانەچی و کیژەکانی پاشاشن لەکنەڕۆن.

لەترســـــێ سەرشـــــۆڕیێ غیرەتـــــەکی دیشـــــیان داوەبـــــەرەخۆ، بـــــەرا دەرەشـــێر هەنـــد دڕ و هـــارببوو دیســـان لـــە ترســـان ســـواری ئەســـپان بوونۆ و هەراتن.

جوانــە مــاینێ خــۆ کــردە ئــێ لەمەچــێتر و چــووە نــاو ئەشــکەفتێ، وکــی دیتـــــی تـــــیرەك دە پـــــێ دەرەشـــــێرەکەی ڕاچـــــووە و فەرخـــــەکیش تیرەکـــی وە ســـەری کەتیـــەو مردیـــە، جوانـــە مـــاین تیرەکـــەی لـــەپێ دەرەشـــێری دەرکێشـــا، دەرەشـــێر لـــە تـــاوان ئێـــك بـــەخۆی لـــە هـــاواردا، بـــەس وکـــی تیرەکـــەی لـــە پێـــی هاتـــە دەرێ و خـــین و خیـــزاوی لێ دەر بـــوو، ژانـــی لێ کـــەیی بـــوو و ئیســـڕاحەتی کـــرد، چـــەند ڕۆژ بـــوو لـــەتاو

ژانـــیٚ لاقـــیٚ خـــۆی خـــەو لێنەکـــەتبوو، لـــۆییٚ وکـــی ژانـــی شـــکا خـــەوی لێکەت.

جوانـــــە مـــــاینیٚ دەسمەنجـــــەرە شـــــیرەکی لیٚ دۆشـــــی و فەرخـــــە مردیەکەشـــــی دەگـــــەخۆ بـــــرد، فەرخەکـــــەی گروانـــــد و پیســـــت و شـــــیرەکەی هـــــەگرت، ئەگـــــەڕاوە مـــــاریٚ، لـــــە ڕێـــــی هـــــەردوو وەرداش زاوییاخۆی دیتنۆ، گۆتی ئەریٚ ئەنگۆ حەکیمەکان نینە؟!

گۆتیان بەریٚ وەللا ئەدی ئەتوو شوانەکە نی؟!

گـــۆتی بـــەریٚ وەلـــلا ئـــەمیش شـــوانەکەمە. گـــۆتی هـــا چـــووکرد، شـــیر و پێیانەکرد؟!

گۆتیـــــان نـــــاوەللا چ دەرەشـــــێرن نـــــەدیتن، (شـــــەرمیانکرد بـــــرێن ترســـــنۆکین). وکـــــی دیتیـــــان شـــــوانی مەشـــــکە شـــــێرەك و دەسمەنجـــــەرە شیرەکی وێیە. گۆتیان ئەدی ئەتوو ئۆچیە وێیتت؟!

شوانی گۆ وەلا ئۆ مەشکە شێر و شیریٚ شێریە؟!

هەردوو وەرداش زاوا خەنی بوون، گۆتیان ئۆ لۆ چیتت.

جوانە ماینیٚ گۆ چ ئیشەکی ئەوهەم پیٚ نییە.

گۆتیان بینە ئەمە لێتەکڕین.

جوانە ماینیٚ گۆ نا فرۆشم.

زۆر پـــاڕانۆ گۆتیـــان ئەمـــە زۆرن ئـــیش پێیـــە، نەخۆشـــەکن هیێیـــە ئەگـــە سبەی نەیدەینیٚ ئەمری.

شوانی گۆ باشە ئەودەمێ بەرا شەرتم هێیە.

گۆتیـــان هەرچـــی ئـــەتوەرێی رازیـــن، بـــەس شـــیر و مەشـــکە شـــێرەکەن بدێ.

گۆتی دەبی ئەمن بەخۆ شیرەکەی بدەمە نەخۆشەکەی.

گۆتیان ئەوە هەنابی!

گـــۆتی دەنـــا پێشـــی شـــیر و مەشـــکەکەو بـــدەمێ دەبـــی ئێکـــی مـــۆرەك و لە لاقوونێ بدەم.

گۆتیان مۆرێ چ؟

گـــۆتی ئەگـــە رازی نینـــە کـــەس لەکـــەس، ئـــەنگۆ لـــەڕێ خـــۆ، ئـــەمیش لەڕێ خۆ..

شـــوانەکە بـــڕەك رۆیشـــت، وەرداش زاوێیـــاکی گـــۆ بـــا بیکـــوژین و شـــیر و مەشکەکەی لێ بستینین.

ئەوی دی گۆ کوڕە ئەمە کوو بەو شوانەیەوێرین.

گۆتی ئەدی تەکبیر؟!

گـــۆتی ئەمـــە کـــوڕە وزیـــرین و زاوێیـــا پاشاشـــین، کـــێ قـــوونێ مـــا بینی؟!با هە مۆری لێبدە، مۆرێ شوانەکی ئەوهە چییە؟

لەدوو شوانیان غاردا، گۆتیان کاکە وەرە ئەمە ڕازینە.

شـــوانیش راوەســـتا، ئێکـــی مـــۆری لـــەقوونێ دان و شـــیر و مەشـــکەکەی دانێ.

هـــەردوو كـــوڕە وزيـــر لـــۆ هێـــوارێ گـــەڕانۆ، شـــێريان هێـــوێن كـــرد و دەمەشـــكێيان ژانـــد، پاشـــای دۆيەكـــە خـــواردۆ و ئێكســـەر فـــەرقی كـــرد، دووســـێ رۆژی پێچـــوون پاشـــا تـــەواو چـــابۆ. هـــەردوو زاوێيـــا خـــۆی گەلـــەك لـــەپێش چـــاوی گـــەورەبوون، بـــە ژن و كيـــژەكانی خـــۆی گـــۆ بـــزانن خوشـــكێ كچـــكەو كـــوو خـــۆی خەســـاركرد، چ ئشـــتەكی بـــێ مـــەعناو بـــێ كـــەلكی هەربـــژارد؟ بـــزانن ئـــەو دوو زاوێيانـــە چـــەند ئـــازا وباش بوون.

وزيرەكـــان زۆريـــان كـــەيف بـــە ئيشـــێ كـــوڕێ خـــۆ هـــاتبوو، گۆتيانـــە پاشـــای دەبـــی لـــە خۆشـــيێ چـــاكبوونەوێ تـــوو حافلـــەكی گەورەبكـــەين و هەموو خەركی مەملەكەتێ دەعوەت كەين.

پاشا رازی بوو.

كيـــژێ كچـــكە زۆر در تـــەنگ بـــوو وكـــی زانـــی مێـــردێ خوشـــكەكانی دی شـــێر و مەشـــكيان پێياكرديـــەو مێـــردێ ويـــش بەدەســـت بـــەتاری هاتيتۆ، لە خەمان لەتەويلێ نەدەهاتە دەرێ.

رۆژێ حافلـــەی جوانـــە مـــاينێ خـــۆ كـــردۆ كـــوڕە قۆزەكـــەی نـــاو ڕوبـــاری و جلكـــێ پاشـــێياتيێ ی دەبـــەكردن و جلكـــەكی ژنـــە پاشێيانيشـــی وە ژنێ خۆ دان گۆتی خۆ بگۆڕە با بچينە حافلێ بابێ توو.

كيـــژێ پاشـــای گـــۆ ئـــەمن بـــەچ چـــاو و رووەكـــی بێمـــە حـــافڵی بـــابێ خـــۆ، مێـــردێ خوشـــكەكانی ديـــی شـــێريان لـــۆ بـــابێ مـــن پێيـــاكرد، لەبـــەرەوان

نـــەبا ئـــەمرد، بـــەرا ئـــەمن چـــم کردیـــە بێجگـــە لـــەوەی بـــابم لـــەتاویٚ مـــن نەخۆش ببوو و وەخت بوو بمری.

جوانە ماینیٚ گۆ، لەبەخاتری من وەرە.

کیـــژیٚ پاشـــای وکـــی جوانـــە مـــاینی بـــەو جلکانـــە دیـــت، هەنـــد قـــۆز بـــوو، دەدریٚ خـــۆی گـــۆ هەنـــەبی خوشـــکەکانی دی و خەرکیشـــەزانی مێـــردم چەند قۆزە. گۆتی باشە دێم.

وکـــی جوانـــە مـــاین و کیـــژیٚ پاشـــای بـــەو جلکانـــە چـــوونە نـــاو خـــەرکی، گۆتیـــان دەبـــی ئەوانـــە پاشـــێیا چ مەملەکەتـــەکی بـــن هاتینـــە حـــافلیٚ پاشـــێیامە، هـــەموو خـــەرك لەوبـــەر و لەوبـــەری لەبـــەریان هەســـتان و ڕێیان لۆکردنۆ هەتا گەیشتنە کن پاشای.

پاشـــا قـــەت ئەودووانـــەی نـــەدیتبوون، (فکـــری لـــۆ کیـــژیٚ کچـــکە نەچـــوو) ئەویش گۆتی دەبی ئەوانە پاشێیا کێندەر بن؟

لـــە تەنیشـــتەخۆ جێـــی لـــۆ جوانـــە مـــاینیٚ کـــردۆ و ژنـــیٚ جوانـــە مـــاینێش چوو لە ڕێزیٚ خوشکەکانی خۆ دانیشت.

وکـــی هـــەردوو کـــوڕە وزیـــر هـــاتن بـــەخێرهاتنیٚ مێـــوانی بکـــەن، پاشـــای گۆ ئەوانە زاوێیا منن.

مێـــــوانی گۆتـــــە پاشـــــای دەنـــــا ئەوانـــــە پیـــــاویٚ مـــــنن!.

پاشـــا پێکـــەنی گـــۆتی ئەوانـــە هـــەر لێرەبووینـــەو لـــەچ جێیـــان نەهاتینـــە

ئێکیـــان کـــوڕێ وزیـــرێ دەســـتە راســـتەو ئێـــدیش کـــوڕێ وزیـــرێ دەســـتە چەپە.

مێوانی گۆ ئەمن چ شکم نینە، ئەوانە هەردووك پیاوێ منن.

پاشا دیسان گۆتی کاخوە ئەتوو بەکێ غەرەتی..

وزیـــر و دەورو بەرەکـــە زانیـــان مەســـەلەك لەبـــەینی پاشـــاو مێـــوانێ هێیـــە، پاشـــا و مێـــوان بەرەبـــەرە مشەوەشـــترەبوون، هـــەتا پاشـــا تووڕەبـــوو، بـــانگی هـــەردوو زاوێیاکـــانی کـــرد، گـــۆتی ئـــەنگۆ ئـــەو مێوانەیەناسن؟!

زاوێیاکـــان گۆتیـــان نـــاوەللا پاشـــان خـــۆش بـــی، ئەمـــە ئـــۆ یێکـــەمجارە ئەیبینین.

مێوانەکـــەی بەپێکـــەنین پـــێ گـــۆتن هـــەی بـــێ ســـیفەتینە کـــوو نەمناسنۆ؟

پاشـــا زۆر تورەبـــوو، دەورو بەرەکـــەش هـــەموو زانیـــان پاشـــا تورەبـــووە، کیـــژێ کچـــکە لـــە شـــەرمان و لـــە ڕکـــێ حـــەرەکێ مێـــردێ خـــۆ وەخـــت بـــوو شـــێت بـــی، بـــەرا بەســـەخۆی نـــەینا. دەدرێ خـــۆی گـــۆ بـــا راوەســـتم بـــزانم بەچـــا گـــە، ئەگـــەنا لێـــرە خـــۆ داوێمـــۆ ســـە دەســـت و پـــێ بابێ خۆ و لەو مێردەی پشێمانەبمۆ.

مێـــوانی گـــۆ پاشـــام خـــۆش بـــی ئـــەتوو بـــەخۆ نەخۆشـــی خـــۆ تووڕەمەکە، ئەمن خۆ لەخۆوە وەنارێم.

پاشای گۆ دەلیلت چیە؟

مێــوانی گــۆ پاشــام خــۆش بــی ئــەمن هــەموو پیــاوێ خــۆ مۆرەکــەم، ئەگــە مۆریــان پێــوەبی ئــۆ پیــاوێ مــنن دەبــی وێمــدەیۆ، ئەگــە پیــاوێ من نەبوون، ئەتوو چت پێباشە ئەوهەم دەگەبکە.

زاوێیاکـــان شـــوانیان وەبیرهـــاتۆ، دەدرێ خـــۆ گۆتیـــان رۆژێ رەشـــن ئەوڕۆیە.

پاشــای ئــەمرکرد، گۆتیــە هــەردوو زاوێیــان ئــەو مێوانــە کێنــدەری گــۆ پێشانن دەن با بزانین کێ راستەکا؟

هــەموو خــەرك تێگەیشــت، هــەر بابــابوو لــەجێ خــۆ هەرەســتا و ملــی درێژەکرد وەبی بزانی چ مۆران نابینی؟!

مێوانی گۆ مۆرم لە لاقوونێ داینە؟

وزیــر و کیــژێ پاشــاو دارودەســتێ پاشــای گۆتیــان، پاشــان خــۆش بــی ئــەو مێوانــەی دەرکــە، ئــۆ بەتــەمێیا حییێــا زاوێیانتــەبا، کــوو ئەوهــەی لێ قبوورەکەی؟

پاشــای وکــی دیتــی هــەموو خــەرك تێگەیشــت دەدرێ خــۆی گــۆ تــازە کــار لــەکار تــرازا، هــەدەبی راســتییەکەی ئاشــکراکەین، بــە فکــرێ خــۆی گــۆ ئــەو مێوانــە درۆیانــەکا، وکــی درۆی ئاشــکرابوو، هــەلێرە لــە پــێش چــاوێ خەرکییەکەمــە پەنــد وەبــی جــارەکی دی کــەس نــەوێری ئــەو نــا ماقولیانــە بەرامبــەر پاشــا و زاوێیاکــانی بکــا. گۆتیشــی ئەگــە

زاوێیاکـــانیش لـــەبنۆ پیـــاوێ کەســـەکی دی بـــن، ئـــۆ خیانەتـــەکی گـــەورێیان کردیـــە و دەبـــی بکرێنـــە پەنـــد هـــەتا کەســـی دی فکـــر لـــە خیانەتێ نەکاتۆ.

بـە زاوێیاکـانی گـۆ وەرنــە پــێش، وکـی زاوا هاتنــە پــێش گۆتیــە مێــوانی کا مۆرەکانن پێشاندە.

مێـــوانی لاقـــونێ کـــوڕێ وزیـــری دەســـتە ڕاســـتی رووت کـــردو مـــۆرێ خۆی پێشانی پاشای دا.

پاشـــا لـــە ڕکـــان وکـــی شـــێتانی لێهـــات. بـــانگی زاوێیـــا دووەمـــی کـــرد گـــۆتی کـــا وەرە بیـــژمۆت ئـــەتووش قـــوونێ خـــۆ رووتکـــە، وکـــی رووتـــی کرد ئەویش مۆربە لاقوونی وەبوو.

هەردوو زاوێیان خۆ هاویشتە سە پێ پاشای.

پاشـــای گـــۆ دەبـــی هـــە لێـــرە ســـەرێ هـــەردووکانوو پەلـــدەم، چـــونکە خیانەت و لەمن کردیەو پیاوێ خەرکی دینە؟

هەردووك لەترسان لەخۆمیزتن..

کیژەکان زۆر لەبابێ خۆ پاڕانۆ عەفوویان بکا.

پاشـــا خـــۆی لەکیـــژەکانیش تـــووڕەکرد، گـــۆتی بریـــا ئـــەنگۆش نـــەك جوانە ماین، کەرەك و هەربژاردبا، شەریف تر بوو.

مێـــوانی گـــۆ پاشـــام خـــۆش بـــی ئـــەمن لێناگـــەڕێم ســـەرێ وانـــە پەلـــدەی، ئۆ پیاوێ منن، ئەتو بەچ هەقەکی سەریان پەلەدەی؟

پاشای لە تورەییان چ قسەی لۆ نەهاتن.

لەناو خەرکی دەنگە دەنگ و پستە پست پێیابوو..

مێــوانی گــۆ خەرکینــە ئــەمن جوانــە مــاینم زاوێیــا پاشــایمە، ئــەمیش بێگانــە نیمــە، حــەزم نــاکرد ئــەنگۆش لــەو موشــکیلانە تێبگــەینم، بــەرا پاشــا و ئــەو زاوێیانــە قــەت مــەجالی مــەیان نــەدا راســتییێیان لــۆ بــەحس کەین .

گــۆتی وکــی پاشــا نــەخۆش بــوو، ئــەو دوو زاوێیــا ترســنۆکانە شــەش رۆژ بــوو لــە دەوروبــەرێ بێشــەی شــێری ئەســووڕانۆ نــاوێران بچــنە پــێش و شــێرەکەی بیــنن، بــەرا رۆژێ شەشــەم گــۆتم بــا پاشــا نــەمری چــونکە وەعــدم بــە ژنــێ خــۆ دابــوو، شــێری لــۆ پاشــای پێیابکــەم، شــێر و مەشــکێ شــێرم هینــا، ئــەمزانی لێناگــەڕێن ئەمــە بچــینە کۆشــکێ پاشــای و ئــەو زاوێیانــەش رازی بــوون لاقوونیــان مۆرکــەم بــەس وەبــی بچــنۆ کــن پاشــای و بــڕێن ئەمــە شــێرەکەن پێیاکردیــە، و ڕازی نــەبوون شــوانەك شــێری لــۆ پاشــای ببــا، چــونکە ئــەوان خــەمێ پاشــێیان نەبوو، خەمێ ناوبانگێ خۆیان بوو.

ئــەمیش ئــەوڕۆ ویســتم لــۆ خــەرك و لــۆ پاشــاش رۆن کــەمۆ کــە ئــەمیش زاوێیــاکی بــە وەفــای خــەزوورێ خۆمــە، بــا جوانــە مــاینیش بــام. بــەس ئــــەوان چ رێزیــــان لــــەمن و لــــە کیــــژێ خــــۆ نــــەنا.

گــۆتی ئــەمیش شــازادێ مەملەکــەتێ ئەجنــدان بــووم، بــەرا چــونکە

داکـــم وکینگـــۆ بەشـــەر بـــوو، ئەجنـــدەکان پاشـــێیان لێ خیکـــدام و لـــە مەملەکـــەتێی وەدەرێ نـــام. لـــۆیێ ئـــەمن ئـــەتانم ئینســـان بم ئەشـــتانم ئەجنـــدەبم. هـــەنکوە ئەگـــە پاشـــا بـــە زاوێیـــا خـــۆم قبـــوور بکـــا هـــەتا هـــەتێیا خۆکـــەمۆ بەشـــەر ئەگـــەنا ئەچـــمۆ مەملەکـــەتێ خـــۆ و بـــە یێکجاری خۆکەمۆ ئەجندە.

هـــەموو خـــەرکی لـــە درێ خـــۆ لۆگریـــا، لـــۆیێ هاواریانـــەکرد: لێرەبـــە لێرەبـــە، پاشـــاش زۆری زگ پـــێ ســـۆتاوە، تـــانجێ خـــۆی لەســـەرێ خـــۆ هینـــا خـــوارێ و لەســـــە ســـــەرێ زاوێیـــا کچـــکەی دانـــا و گۆتیـــە خەرکەکـــەی ئـــەمن پیربوویمـــە پێویســـتم بـــە ئیســـڕاحەتێیە، لـــۆیێ ئـــەو زاوێیای لەجێ خۆ کەمە پاشا.

پاشـــێیا نـــوێش لەبـــە خـــاتری ژنـــێ خـــۆ لـــە هـــەردوو وەرداش زاوێیاکـــان خـــۆش بـــوو، ئێکـــی کـــردە وزیـــری دەســـتە راســـت و ئێدیشـــی کـــردە وزیری دەستە چەپ.

ئەمیش هاتمۆوە کارەکم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.

## فەرهەنگۆك

– ئ –

ئارا: تارا.

ئاقوت: یاقوت.

ئامان: قاپ و قاچاغ.

ئەتەگۆ: ئەتوت (ئامرازی لێکچواندن).

ئەجە: ئینجا، ئەوجا.

ئەخێواندیٚ: تێی دەسرەواند.لێی دەدا.

ئەدەبخانە: ئاودەست.

ئەدی کو: ئەی چۆن.

ئەدی لۆ: لەبەرچی، ئەی بۆچی.

ئەز: من.

ئەستری: دڕك.

ئەستڕی: ئەیسڕیەوە.

ئەسکورد: ئەستۆ.

ئەشەد و بیللا: ئەشهەد و بیللا.

ئەگە: ئەگەر.

ئەمیش: منیش.

ئەنگۆ: ئێوە.

**ئەوهەنە: بەم شێوەیەن.**

**ئۆ کێواچن: ئەوە بۆ کوێ دەچن.**

**ئۆ: ئەوە.**

**ئۆتی: لەوەتەی.**

**ئۆتێهیٚ : ئامرازی نیشانەی دوور**

**ئۆدە، ئۆدیٚ: دایە، دایکە.**

**ئۆندە: هێندە.**

**ئۆین و دۆراب: مەکر.**

**ئشتاق: هیچ یەکێکیان، هیچ کامیان.**

**ئێدی: ئەوی تر.**

**ئێقە: یەخە.**

**ئێك: یەك.**

**ئێکدی: یەکتری.**

**ئێکسەر: یەکسەر، دەمودەست.**

**ئێکوئێکە:یەکا و یەکە..**

**– ب –**

**بابانکۆر: بابان وێران.**

**بابۆ: باوکە، بابە.**

**بادی: جام.**

**بالیف:** سەرین، پشتی.

**باوڕکا:** باوەڕبکات.

**بە تێن:** بە هێز.

**بە پێپانە:** بێ حساب، بە دەست کراوەیی.

**بە دزی:** بە نهێنی.

**بە روحێم بانگەدا:** رۆحم دەردێنێ.

**بە کڕی:** بەبێ دەنگی.

**بە هەرەتاوان:**بە خێرایی.

**بە هەشتاوی:**بە پەلە.

**بەتاقی تەنێ:** بە تەنیا، بەتاك و تەنیا.

**بەپیرم وەنێیا:** نایەتە پێشوازیم

**بەپیری وەچوو:** پێشوازیی لێکرد.

**بەحس وبازاڕێ شەوێ:** وردەکاریی روداوەکانی شەو.

**بەحسیانەکەی:** باسیان دەکەی.

**بەر و مەجریس:** کۆڕو کۆبوونەوە.

**بەرا:** بەڵام.

**بەربەڕۆچك:** گۆڕەپان، شوێنی گردبوونەوەی خەڵکی گوند.

**بەرت وەچیە:** ئاگات لەچیە.

**بەرکی:** بەڵکو.

بەروحێ وەبوو:لە سەرەمەرگ بوو.

بەری: بەڕك، گیرفان.

بەسەگۆ: تەنها دەیگوت.

بەچاردەستە: لە زەوی کردنەوەی لاشە لە کاتی هەڵگرتن.

بەچاگە: بە چی دەگات.

بەعەجەلاڕۆیی: بەخێرایی دەڕۆیشت.

بەفێرێ: بە بیانووی.

بەقەستی: بە ئەنقەست، بە درۆ.

بەکار: کاریگەر.

بەکوتەکی: بەزۆر و زۆرداری.

بەلێیاکی: بەلایەکدا.

بەند: بەستە، گۆرانی.

بەهەردوان: بە هەردووکیان.

بەئەو هۆدەی: ببە ئەو ژوورە.

بژوون: پاك، خاوێن

بژێ: بهەژێ.

بڕوبوجگوڕ:جل و پێداویستیی کۆن و بێ بەها.

بستڕم: بسڕمەوە.

بسێنۆ: پشووبدەن.

**بشێرمۆ: بشارمەوە.**

**بکۆریتۆ: بگەڕێ، بنۆڕی.**

**بمێژە: بمژە.**

**بنەبان: کۆتایی ژوور.**

**بنکەوش: بن هەنگڵ**

**بوە پارێ بەنانی: بزر بوو، ون بوو.**

**بوسرمان:موسڵمان.**

**بێجگە: جگە.**

**بێخێر: بێ هێز و لاواز .**

**بیژمۆت: بیژی، زۆڵ.**

**– ت –**

**تار : تاریك، تاڵ**

**تافاوە: توایەوە.**

**تاقی تەنێ: تاك و تەنیا.**

**تانج: تاج.**

**تانۆك: پەرژین.**

**تەشقەرە: بڕ و بیانوو.**

**تفتیلـــك: باڵندەیەکـــە لـــە ژینگـــەی شـــەقلاوە دەژیـــێ، وەك کـــۆتر وایە.**

**تەقەتەکاتۆ:** دایدەپۆشێتەوە.

**تەنگاو:** بە پەلە. سەخڵەت بوون.

**تـــەنکاو:** ئـــەو شـــوێنانەی لـــە ڕوبـــاردا زۆر قـــوڵنین و مـــرۆڤ دەتوانیٚ بەناویاندا بپەڕێتەوە.

**تخوب:** سنور

**تخوون :** نزیك بوونەوە.

**تڕتڕە:** ماتۆڕ.

**ترســـی لیٚ غـــارب بـــوو:** ترســـی لیٚ نیشـــت، ترســـی بەســـەردا زاڵ بوو.

**ترش:** شلە، مەرەگە.

**تکان:** دوکان.

**تۆبز:** کوتەك.

**تۆبیٚ:** تۆ بڵێی.

**توجاڕ:** بازرگان، تاجر.

**تۆرە:** تۆڵە، قەرەبوو.

**تۆقەر:** لوتکە.

**تیٚ وەڕاخوڕین:** قسەی رەق پیٚ گوتن.

**تیتك:** داوە پرچ، تاڵە قژ.

**تیسمار: لە تیلمە باریکتر و بچووکترە. زیاتر لە پێست هەڵدەبێ.**

**تیلمە: پارچە ی باریك و درێژ.**

**تێن: توانا، تاقەت، هێز.**

**تێنی: تینوو.**

**تێی وەڕاخوڕیۆ: تێی خوڕی.**

**– پ –**

**پارەسو : پاڵنان.**

**پارداوە: پاڵکەوت.**

**پارچەرە: هەراش.**

**پەڕێ عاسمانێ: ئەو پەڕی بەرزایی ئاسمان.**

**پەلدا: پەڕاندی، لێکردەوە.**

**پەنگر: پشکۆ.**

**پەنێ: پەنا، پەسیو.**

**پرتەپرت: بۆڵە بۆڵ.**

**پرتك: پشك، بەشێکی بچوك.**

**پش: بەش.**

**پشی: بێن.، هەناسە.**

**پل: پەنجە.**

**پووت:** نابووت.

**پیێ بچی:** بەهۆیەوە لەناو بچێ.

**پیاویژگە:** شێوازی بانگ کردنی مێرد لەلای ژنەکەی.

**پیخلە:** کەسێکی کورتیلە و لاواز.

**پێخۆر:** هەر شتێك لەگەڵ نان بخورێ.

**پێدەوێ:** پێویستە.

**پێچك:** پێ.

**پیل:** شان.

**پێی گۆ:** پێی وت.

**پێیابوو:** پەیدابوو، ئامادەبوو.

**– ج –**

**جاڕس:** وەڕز، قەڵس.

**جارێ گۆرینی:** جاری پێشوو، کاتێکی دیاریکراو لە ڕابردوو.

**جەردە:** ڕێگر.

**جەنگەرستان:** جەنگەڵ، دارستان.

**جستان:** زستان.

**جلەگا:** ئەو پارچە بەڕە یان ئەو قوماشەی بەسەر پشتی گا دادراوە.

- ح -

**حاسرەکەم:** حاصل دەکەم.

**حورمیٚ:**ژنیٚ، ئافرەت.

**حێل نییە:** حساب نییە، قبوولٚ نییە.

- خ -

**خارا:**دەبێ بوو.

**خەنی بوو:** گەشایەوە، دڵخۆش بوو.

**خڕ کردۆ:** کۆی کردەوە.

**خۆ دانوساندن:**خۆ حەشاردان.

**خوترمە:** تۆبز، کوتەك، بۆلێدان بەکاردێت.

**خورام:** کارەکەری پیاو.

**خۆش بڕۆ:** خێرا بڕۆ.

**خۆشوە:** خۆی دەشوات.

**خۆگرخاندن:** خۆ دزینەوەو خۆ گرانکردن.

**خۆکڕکە:** خۆت بێدەنگ بکە.

**خۆی شاردۆ:** خۆی شاردەوە، خۆی حەشاردا.

**خۆی وێك هینا:** خۆی گرمۆڵە کرد.

**خیندی:** خوێندی.

– د –

داهیٚ: ئاخۆ.

دەبە: دەبەر، (دەبەکردن – کردنەبەر).

دەبەکە: بیکە بەرت.

دەبەنیٚ: بیخە پالٚ، بیخە نیٚوان.

دەجە: دەی ئینجا.

دەدوڕنا: خستیە ناو.

دەرەبیتۆ: رادەپەڕیٚ.دەتەقیٚتەوە، دیٚتە قسە.

دەرەشیٚر: دەڵەشیٚر، میٚیەی شیٚر.

دەرکـــــەکی بـــــەخیٚر: سەرچـــــاوەیەکی رزق و رۆزیـــــان دەســــــت بکەویٚ.

دەڕنەگە: گەڕ لیٚ گرتن.

دەگە: لەگەلٚ.

دەعبا: دابە، دڕندە.

دەمۆکە: دەمیٚکی کەم.

دەنگودۆر: دەنگۆ، قسە و باس.

دڕ و جانەوەر: گیانلەبەری دڕندە.

دری لەخۆ بۆ: لە هۆش خۆی چوو.

دڕی: دڕك.

**دمڕاست: دەمڕاست.**

**دمك: دەنووك.**

**دمكدمكانیٚ: شەڕەقسە.**

**دۆر و زوڕنا: دەهۆڵ و زوڕنا.**

**دوڕ: لەناو.**

**دوگرد: بەرماڵ.**

**دۆلكە: سوڕاحی.**

**دۆن: ڕۆن.**

**دیتۆ: دۆزیەوە.**

**دێتۆ: دێتەوە.**

**دیسا: دیسان.**

**دێنەسەریٚ: سەردانی دەکەن، زیارەتی دەکەن.**

**دینیتۆ: دەیهێنێتەوە.**

**– ر –**

**ڕاوەستیٚ: چاوەڕیٚ بکە.**

**ڕەقیاو: کیسەڵ.**

**ڕدێن سپی: ڕیش سپی، زانا، بە ئەزموون.**

**رزی و توری: کەسێکی زۆرپیر و کەنەفت.**

**ڕمبژن: گرمە، دەنگێکی گەورە.**

**روحی دەگە درهەمەکی دێتە دەریٚ: ڕەزیل.**

**ڕۆرە: ڕۆڵە.**

**ڕۆن: ڕوناك.**

**ڕۆنیە: ڕوانییە.**

**ڕوونیشت: دانیشت.**

**ریشارۆك: رەگ و ڕیشە.**

**- ز -**

**زبر: خۆڵ و خاشاك.**

**زەڕ: زیان، کەتن.**

**زەڕکردن: بەخشین.**

**زەلام: پیاوی کەڵەگەت.**

**زەین: سەرنج.**

**زد: دژ.**

**زگی پیٚ نەسۆتێتۆ: بەزەیی پێدا نەیێتەوە.**

**زمانی شکابوو: توانای قسەکردنی نەمابوو.**

**زندەقی چوو: ترسا، زراوی چوو، زراوی ڕژا.**

**زوور: زبر، دڕ.**

**زێتر: زیاتر.**

**زێرزەمین: ژێرزەمین.**

– س –

**سافیلکە: ساویلکە، دڵ ساف.**

**سامار: سامان.**

**سەبیلۆکە: منداڵی ساوا، منداڵی بێ دەسەڵات.**

**سەرخواردن: شتێك ببێتە مایەی مردن و ناخۆشی.**

**سەری خۆ هەگرین: بڕۆین.**

**سەری دەدوونا: ڕاوی نا.**

**سەری دێشی: (ئیدیۆم)پڕ بەپێستە، گونجاوە.**

**سەرینگان: سەری سەرەوەی دانیشتن.**

**سەکسار: مەیمون.**

**سەوگورگ: تاریك و ڕوون.**

**سندانی گەیشتێ: مرد.**

**سنی: خوانچە.**

**سیپەلاك: سی.**

**سیرمە: لەڕ و لاواز (تیلمە پێستی وشك).**

**سێنی: قاپ.**

**سێیاوە: حەساوە، ساوە.**

## – ش –

**شایلۆغان: بەزم و شایی و ئاهەنگ**

**شەپار: بەچکە شێر**

**شەڕ و هەرێیان بوو: شەڕو هەرایان بوو.**

**شەربە: گۆسکە.**

**شەقاو: هەنگاو.**

**شەلۆل: ئافرەتی کارنەزان.**

**شتاق: هیچ کام.**

**شڕ: نەخۆشی زۆر گران، زۆر بێ هێز.**

**شرار: خاوبوونەوە.**

**شرینگە: زۆر تەڕ.**

**شل و کوت: بێ هێز.**

**شلە: شەل.**

**شنگ: شەنگ، هێز.**

**شواڕك: شولك، توولەداری تەڕ.**

**شوون پێ: شوێن پێ.**

**شیو: چێشت.**

**- چ -**

**چ: هیچ، چش.**

**چارشەم: چوارشەممە.**

**چارێ: چ دەڵێ.**

**چاوچاوانێ: چاوبازی.**

**چاوچاوی نادیت: تاریکیی ئەنگوستەچاو.**

**چەتیم: چەتیو، کچی بێ دایك یان بێ باوك.**

**چەلبۆ: کەوتە خولانەوە بەرەو لێژی.**

**چەندی هیناو برد: هەرچەند هەوڵی دا.**

**چرمن: چڵمن.**

**چسوانم: بە چی بزانم.**

**چشە: چ شتێکە.(نزانم چشە: نازانم چ شتێکیشە).**

**چم گۆ: چیم وت.**

**چن لۆکە: چیمان بۆ دەکات.**

**چیش: چ کارێك، چ ئیشێك**

**چیلە : دیواری وشکە بەرد.**

**چیلك: چڵەداری وشك، چیلکەدار.**

**چینکە نان: وردکە نان.**

**- گ -**

**گارەدا: دایخست.**

**گارەگار: مشتومڕ و هات و هاوار.**

**گە، گیَ: جومگە**

**گەرەزەنگە: قەرەباڵغی.**

**گەلەك: زۆر، گەلێك.**

**گەمبۆر: گەواد.**

**گەمە: یاری.**

**گەوە: پێچ.**

**گەیینە: گەیشتنە.**

**گەییۆ:گەیشتەوە.**

**گژنیژی: زبر.**

**گرمت: تۆپەڵە.**

**گروی: گرواندی.**

**گریَ دوور دەرمانە: ئیدیۆمە، بەم واتایەی کە خەڵك شتی دووری لەلا بە بایەخترە.**

**گزیر: دەست و پێوەند.**

**گۆ: وتی.**

**گۆتنیَ: پێی گوتن.**

**گۆد:سڕ، تەزی**

**گوش: گونیە، تەریس.**

**گوگرە: سمێڵ و ڕیشی تازە دەرکەوتوو.**

**گوفەك: شوێنی فڕێدانی خۆڵ و خاشاك.**

**گیٚ: گویٚ.**

**گیر نەبی: دوا نەکەوی.**

**– ع –**

**عاجباتی: شتێکی سەیر، عەجایەب.**

**عاردانیٚ: زۆرانبازی.**

**عەجمان:سەبر، تەحەمول.**

**عەشتەبا: هیچ شتێك.**

**عەنتیکە: سەیر، سەمەرە.**

**عروس: رووس.**

**عێدز: غەمبار.**

**– غ –**

**غەریبە: نامۆ، بێگانە.**

**غەیب بوو: بزربوو.**

**غلۆربوونەوە: خولانەوە بەرەو لێژی.**

**غێیا: نیاز.**

**- ف -**

**فەتارەت: فەوتان.**

**فەقیر سیبەری قوڕسە: خۆشەویست و خوازراو نییە.**

**فەند و فێر: پیلان.**

**فرتك: پاز.**

**فرۆت: فرۆشت.**

**فزە: نقە، ورتە.**

**- ق -**

**قەڕەپەستان: قەرەباڵغییەکی زۆر چڕ.**

**قەرس: قەڵس، جاڕس.**

**قەرشی: قڵیشاو.**

**قەریە: قاورمە.**

**قدیلۆکانێ: ختووکە.**

**قرژن: تێکئالاْو.**

**قرقرتارۆك: قوڕقوڕاگە.**

**قلی بلی: هێڵ و نوسینی تێکەڵ و پێکەڵ.**

**قوژبن: پەنا.**

**قۆرت: چاڵ.**

**قورتار: دەرباز.**

**قوڕنیچك: قوڕنە**

**قوونەبان:پشتەوەی خانوو کە  بانەکەی نزم بێت.**

**– ك –**

**ك : لا، کن،نك.**

**کا: کوا.**

**کادێ: ئاخۆ.**

**کارۆکە: کار، کاریلە.**

**کان: کوان، لە کوێن.**

**کەتم: کەوتم.**

**کەرەکە بەرد: کۆمەڵە بەرد.**

**کەرتك: پارچە، لەت.**

**کەس مێیا: کەس ماوە.**

**کەستەك: سەڵك، تۆپەڵە.**

**کەشەنگ: داهێزران، بێ هێز.**

**کەشکەك:گەنمەکوتا.**

**کەچە: گەندە، بێکەلك.**

**کەلەش: لاشە.**

**کەلوکرۆم: تێکشکاو، شەت و خوار.**

**کتك: پشیلە.**

**کزر: شتێکی تەڕ بە تەواوی وشك نەبوبێتەوە.**

**کسۆك: سەگ.**

**کشتەك: قەیتان.**

**کلیلی: هەلهەلە.**

**کن: لا.**

**کنەوی: لای ئەو.**

**کۆر: خۆشوشتن،جل شوشتن.**

**کورای: کولاو.**

**کوو: چۆن.**

**کێڕان: چەند زوو، چەند بەخێرایی.**

**کێرد: چەقۆی گەورە.**

**کێرکەر: کارەکەری ئافرەت.**

**کێشکە: چۆلەکە.**

**کێل کردۆ: بەرزی کردەوە.**

**کێندەر: کویێ.**

**کیهە: کامە.**

- ل -

لە پەنیٚ: لە پەنا.

لە جێخۆ: لە شوێنی خۆی، لە جێگای خۆی

لە گوورە نەبرد:خۆی لێ بێ ئاگا کرد.

لە مەرز: لەلا.

لە هیکڕا: لەناکاو.

لەبەکەن: داکەنن.

لەپێشتر: نزیکتر.

لەخۆ میزتن: میزیان بە خۆیانداکرد.

لەدوو: بەدوای.

لەساپەڕینۆ: بەسەریدا دەپەڕینەوە.

لەسە: لەسەر.

لەسەر یەك تێل رازانەوە: رازانەوەیەکی پڕ وردەکاری.

لەسەو: لەسەر ئەو

لەقسان: گوایە.

لەقوونەحۆی دانا: لەپاڵ خۆی داینا.

لەقیسەخۆ مەدە: لەکیس خۆتی مەدە.

لەکن: لە نك، لەلا.

لەکۆرەخۆ کاتۆ: لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

**لەمە بترازێ: جگە لە ئێمە.**

**لەمەچێتر: ئەجندە، جنۆکە.**

**لەنۆپاش: لەمەودوا.**

**لەهیك و بەرۆ: لەناکاو.**

**لگبن: خشت.**

**لۆ: بۆ.**

**لۆق: لاقی درێژ.**

**لۆیێ: بۆیە.**

**لێ وەراران: تێیەوە ئالآن، دەوریان لێدا.**

**لیچماو: لینجاو.**

**لێکوپێکی دەرینا: لەبەر یەکدیی هەڵوەشاند.**

**– م –**

**ما: مایەوە.**

**مات: داماو.**

**ماخرا: ماڵ وێران.**

**مەترەق: دەستەدار، بۆ لێدان بەکاردێت.**

**مەعبەین: مابەین، نێوان.**

**مەقری: تاوە.**

**مەیت: تەرم.**

**مژمژە: هەڵوژە.**

**مرك: موڵك، خانوو و زەوی.**

**مست: چنگ.**

**مشوورەت: پرس پێکردن.**

**مێ: مەیێ، نێی.**

**مێیا: ماوە.**

**– ن –**

**نار: ناڵ.**

**نارەنار: ناڵەناڵ.**

**namوێ: نامەوێت.**

**نانوی: ناخەوێت.**

**نانیان وەنانی راناگەیشت: نانیان کەم بوو.**

**ناوەنجی: ناوەڕاست، ناوەند.**

**نەبزفت: نەجولاً.**

**نەتەچاو:نابووت.**

**نەرم و حەلیم: هێمن، لەسەرخۆ.**

**نەزیرۆك: سەرگوزەشتە.**

**نتانی: ناتوانێ.**

**نۆبێ: نۆرەی.**

**نوی: نزم.**

**نوی: نویَ.**

**نێب: ماوە، دەم.**

**- ھ -**

**هاوەللا: نەخێر.**

**هاویتیە: هاویشتیە.**

**هە چ نەبوو: هەر هیچ نەبوو.**

**هە چ هێیە: هەرچیەك هەیە.**

**هە نایینا: هەر نەیدەهێنا.**

**هەرەزۆقیۆ:هەڵئەبەزیەوە.**

**هەرەقۆزتۆ: هەڵئەگەڕێتەوە.**

**هەرەلووشن: دەخۆن.**

**هەرتەزڕینم: دەت دڕێنم.**

**هەرتوتکا: گرمۆڵە بوو.**

**هەرپوچکڕی: دایماڵی.**

**هەڕمێن: ڕەواج.**

**هەڕو: بڕۆ.**

**هەڕۆ: بچۆرەوە، بڕۆرەوە.**

**هەریَ: ڕاکە، غاردە.**

**هەلابەهەلا: پارچە چارچە.**

**هەمەت: دیقەت، سەرنج.**

**هەندی دەمیٚ: دەمودەست.**

**هەندی گاویٚ: هەندی دەمیٚ.**

**هەندی نێبیٚ: بە خێرایی.**

**هەنکوە: ئێستا.**

**هەوك: گەردن.**

**هەویە شەو:مانگەشەو.**

**هۆدە: ژوور.**

**هورتکە: وردیلە، وردە**

**هوردە: وردکە، وردە.**

**هێدمە:شۆك، تاسان.**

**هیشکۆر: وشك.**

**– و –**

**وارابوو: کرایەوە، بەڕەڵا بوو.**

**وارێن: وا دەڵێن.**

**واگاهات: بەخەبەر هات، خەبەری بوەوە.**

**وەبی: بۆ ئەوەی.**

**وەتەرێمیٚ: پێت دەڵێم.**

**وەدەرکەت: بە دیار کەوت.**

**وەدووی ڕاچوو: بەدوایداچوو.**

**وەرابوون: تێی ئالأبوون، دەوریان دابوو.**

**وەرپێچا: پێچایانەوە.**

**وەڕز: بێزار.**

**وەسەنێیا: خستوویەتیە سەر ئاگر.**

**وەگەرم کەوە: لەگەڵم وەرە.**

**وەگوریزە: گروازە، لول.**

**وکی: کاتێك، وەختی.**

**ونیە بام: وانیە باوکم.**

**وێکڕا: بەیەکەوە.**

**– ی –**

**یا: یان، یاخود.**

**یاری: یارمەتی، هاوکاری.**

**یێکوییێك: دەستبەجێ، خێرا کاریگەریی دەردەکەوێ**

## چاپکراوەکانی نووسەر:

- بوخچە ڕقێکی پیرۆز ـ نامیلکە شیعر ١٩٩١.
- شوانە ئازاکە ـ ئۆپەرێتە شیعر ٢٠٠٤.
- لە وەرزی هەنگوین و لە وشکەساڵیی شیلەدا ملوانکە شیعر ٢٠٠٥.
- پەلکەژن ـ کۆ چیرۆک ٢٠١٢.
- ناوگر لە زمانی کوردیدا ـ لێکۆڵینەوە ٢٠١٣.